# باسی کۆتایییەکان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

عەلی حەرب

# باسی کۆتاییبیەکان

کردنەوەکانی بەجیهانیبوون و تەڵەزگەکانی شوناسنامە

وەرگێڕانی:

سەڵاح حەسەن پاڵەوان



کتێب: باسی کۆتاییبیەکان - کردنەوەکانی بەجیهانیبوون و تەڵەزگەکانی شوناسنامە
نووسینی: عەلی حەرب
وەرگێڕانی: سەڵاح حەسەن پاڵەوان
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٩٥
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٦٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

# پێشەکی

## بەجیهانیبوون ڕووداوی سەردەمە

بوونەوەری مرۆیی پابەندە بەتواناکانییەوە بۆ ئەوەی واقیع بگۆڕێ و هەروەها لە ڕووی فیکرو شوناسنامە و کردارو مومارەسەوە، ئەو واقیعەی خۆشی بگۆڕێ کە تیایەتی، ئەویش لەڕێی ئەو نیشانە جۆراوجۆرانەی کە بەهێزو پەیوەندییەکانیەوە دروستی ئەکات، یاخود بەزمان و سیمبولەکانیەوە دیارە، یان کاریگەرە بەکەرەستەو هۆگەلەکانی.

ئەمرۆ لەگەڵ شۆڕشی زانیاریدا تواناو بۆکرانی گەورەو سەرسوڕهێنەر بەڕووی مرۆڤدا ئەکرێتەوە، ئەمەش بەرجەستە ئەبێت لە توانا مەزنەکانی کارتێکردن و کاریگەری. زیادەڕۆییش نییە گەر بڵێین لەگەڵ دیاردەیی بەجیهانیبووندا جیهانێکی نوێ پێکدێ، شانبەشانە لەگەڵ پەیدابوونی مرۆیی نوێ، لە دوورەوەو بەخێرایی ڕووناکی و بیر کاریگەری خۆی ئەکات، بەئەندازەی ئەوەش ڕێگاکانی ڕاگەیاندنی خێرا و هەمەچەشن بەکاردێنێ و یاخود مامەڵە لەگەڵ تۆڕە ئاڵۆزو مەزنەکانی پەیوەندی ئەکات. ئەمە مرۆڤی پەیوەندییە کە مێشکە ماشینییەکان و تەکنیکە ژمارەییەکان بواری ئەوەی بۆ ئەڕەخسێنن کە بەشێوەیەکی گەردوونی بیربکاتەوەو کاربکات بەشێوەیەک کار و بیرکردنەوەکانی کیشوەرو کۆمەڵگا و کولتوورەکان ببڕێت.

بەڵام ئەوەی کە ڕوو ئەدات و پێکدێ بەڕادەی ئەوەی کە سەرسەختی و گرفتە بەو ڕادەیەش تواناو بوارە، بەو مانایەی ئەمە تەنیا بەدەستەوەدانێکی حازر بەدەست نییە، بەڵکو شتێکە هەڵئەهێنجرێ و دەرئەهێنرێ و دائەهێنرێ و دروست ئەکرێ، ئەویش بەخزان بۆ نێو بەردەوامییەکی ئاڵۆزو بەردەوامی چالاکییەکانی خوڵقاندن و هێنانە کایەو یاخود لە کردارەکانی خەرجکردن و گۆڕینەوە. کەواتە ئەو توانایانەی کە بەجیهانیبوون فەراهەمی ئەکات، بەسەرکەوتنە خارقەکانی و گۆڕانکارییە داماڵێنەرەکانی فراوان و هەمەلایەنەیە، ئەویش ئاسۆیەکی نوێ بۆ بوون و ژیان ئەکاتەوە، لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووبونەوەی مەزنی فیکری و تەکنیکی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئاسایش پیکدێنێ، رووی پرسیارە داچڵەکێنەرەکانی ئەکاتە ئەوانەی کە گرنگی بەباری فیکری ئەدەن، بەو پێیەش



ڕووی پرسیارە چارەنووسسازەکانی ئەکاتە تایبەتمەندیە کولتوریەکان.

چۆن جیهان پێکدێ و ئەڕوا بەڕێوە؟ ئایا دەبێ لە سایەی تەقینەوەی تەکنیکی شێوازەکانی ڕاگەیاندندا ڕۆڵی هزرەکان چی بن؟ هەروەها دەبێ لە سەردەمی زانیاری گەردوونیدا ئایندەی شوناسنامە ڕۆشنبیرەکان چۆن بێت؟

لێرەوە دوالیزمی شوناسنامە و بەجیهانیبوون، بووەتە پرسیارو تەوەرەی گفتوگۆ چ لە نێوەندە فیکرییەکان یان لە بازنە سیاسییەکان، چ لە جیهانی ڕۆژئاوا یاخود لەدەرەوەی ئەو جیهانە هەروەک لە جیهانی عەرەبیدا، ئەو شەپۆڵە نووسینانەش شایەدی ئەم قسەیەن کە لە ڕووی کاریگەرییەوە بۆ سەر شوناسنامە و کولتووردا باس لە بەجیهانیبوون ئەکەن. بەم مانایە دوالیزمی شوناسنامە و بەجیهانیبوون بەئەندازەی ئەو کۆسپانەی لە ناخیا هەڵیگرتوون و ئەو ڕێگرانە کە تا ئێستا بەکارئەهێنرێن ڕەتیان دەکاتەوە، هەروەک دووانەی کەلەپوورو مۆدێرنیزم یاخود دووانەی ڕەسەن و هاوچەرخی یاخود تایبەتمەندی و جیهانی. هەر سەردەمەو مەسەلەی خۆی هەیەو هەروەها دۆزینەوەو داهێنانی خۆی هەیە.

## کردنەوەی گەردوونی

جیاوازییەکانی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە خاوەن پرۆژە کولتوورییەکان ئەوانەی بانگەشە بۆ نوێکردنەوەی کلتوور ئەکەن و ئەوانەی داوای ئازادکردنی مرۆڤ ئەکەن یاخود داواکاری گۆڕینی جیهانن، ئەوان مامەڵە کردنیان لەگەڵ نوێگەری بەجیهانیبوونا بەهەموو داگیرکردن و گۆڕینەکانی مامەڵەکردنێکی سلبی و نەفیکردنە، بەو بیانووەی گوایە بەجیهانیبوون بەربەرەڵاکردنی بەها و داگیرکردنی ڕۆشنبیرییەکانەو داوێکە بۆ ڕاوکردنی ڕۆشنبیریەکان و دەسەڵات پەیداکردنە بەسەر گەلان و کۆمەڵگاکان. بەڵام خودی کارەکە بەپێی زمانی ڕووداو و لۆجیکی تێگەیشتن، پەیوەستە بەڕووداو و واقیعە زانستی و تەکنیکییەکانەوە، کودەتایەکی بوونگەری بەرپا ئەکات کە بەرجەستەیە لە بەرهەمهێنانی شمەک لە جۆری نوێ کە ماهییەتێکی هەوایی، گریمانی و تارمایی هەیە، هەردوو جۆرە بەرهەمهێنانە ماتەریالی و مەعریفییەکان وەکو یەک لەسەر ئەو وەستاون. ئەمانە کۆمەڵێ بەرهەمی ئەلیکترۆنین لە بابەتی وێنەو تێکست و ژمارەکان هەروەها ئەو نیشانە ڕووناکییانەی بابەتی شەپۆڵ کە لەسەر شاشەو تۆڕەکاندا بەردەوام بەڕێ ئەکەون.

بەم جۆرە ئێمە باسەکەمان دەربارەی ڕزگارکردنی گەردوونییە، لەگەڵیا ڕەوتی جیهان ئەگۆڕێ تا گەیشتووەتە ئەم حاڵەی ئێستای، چ لەسەردەمی کارگەدا یاخود لە سەردەمی

کێڵگەدا، کاتێ کە مامەڵە کردن لەگەڵ واقیعدا لەڕێی پیشەسازییە ماتەریالییەکانی وەک شمەک و کەرەستە ئەنجام ئەدا یاخود لە ڕێگای بەرهەمە زەینییەکانی وەک ئەفسانەو بڕواکان، نموونە و تیۆرەکانەوە. لەگەڵ چوونە نێو سەردەمی کۆمپیوتەرەوە هەموو مەسەلەکان بەگشتی هەڵدەگەڕێنەوە، مامەڵە کردن لەگەڵ واقیعد ا بەئەدەواتە ماتەریالی و ئامێرە ئایدیۆلۆژییەکانی بەئەنجام ئەگات ئەویش لە ڕێگای دروستکردنی جیهانێکی دیکەی، پیشەسازی کە لە ڕێگای نەسقەکانی زانیاری و سیستەمەکانی ژمارەیی کە بۆشایی سیبرانی تەی ئەکەن واقیع و بەدەستەوەدانەکان ڕێنوێنی ئەکات. ئەمەیە کاریگەریەکانی شۆڕشی زانیاری کە ئێستا بووەتە تەوەری گفتوگۆو جیاوازی. ئەمە یەکەمین واقیعی سەردەم پێک ئەهێنێ بۆ ئەوانەی کە هەوڵ ئەدەن بەجیهانیبوون وەک دیاردەو زاراوە، بخوێننەوە بەڵام خوێندنەوەیەکی چالاک و بەرهەمهێنەرانە.

ئەم کودەتا گەردوونییە ترسناکە کە سیستەمی زانیارییەکان وەک سیستەمێکی بیرکردنەوە و کارکردن و بونیادنان ئەکا بەسیستەمێکی سیستەمەکان لە بەڕێوەبردنی وشە و شتەکانا، یاسای گەمەی بوونگەری ئەگۆڕێ بەڕادەی ئەوەش ڕوخساری ژیان ئەگۆڕێ و شێوەیەکی نوێ بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ ئەخوڵقێنێ. بۆیە ئەو هاوکێشەکان ئەشێوێنێ و ناکۆکی ئەخاتە نێو پەیژەکانی بەهاوە، بەهەمان ڕادەش سەرلەنوێ هەڵدەستێ بەڕێکخستنەوەی ڕۆڵەکان و کارە زۆر گرنگەکان. لەبەرئەوەی زانینەکە بونیادی بەجیهانیبوونە و هەر بەو زانینەش جیهان بەڕێوە ئەچێت، بۆیە لەمڕۆ بەدواوە، ئەو بەپلەی یەکەم خاوەن مۆرکێکی گەردوونیەو، بەپلەی دووەمیش بۆ هەمووان ڕەخساوە تا سوودی لێ ببینن و بەشداری کەن لە دووبارە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی، یاخود لە گواستنەوەو بەکارهێنانی. لەبەر ئەوەی ئەمەش بۆ یەکەمین جار ئەو پێویستییانە ئەخاتە بەردەست بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن لەگەڵ یەکتریدا وەک دوو نێوەند مامەڵە بکەن نەک وەکو ئەوەی بن بەبەرپرسیار بەرامبەر یەکتری و یاخود ببن بەوەکیلی یەکتری. ڕەنگە ئەمەش وای لە ڕۆشنبیران و داواکەران کردبێ کەبترسن و دوودڵ بن، ئەوانەی کە هەمیشە وایان مامەڵە کردووە کە ئەوان دەستەبژێرو پێشڕەون و، مومارەسەی بەرپرسیاری بەسەر شوناسنامە و ڕۆشنبیری، یاخود بەسەر مەعریفەو ڕاستیدا ئەکەن.

لێرەوە جێگای سەرسوڕمان نییە گەر هاتوو هێزو مەزهەبە دژبەیەکەکان چ تەقلیدی بێت یا مۆدێرنیزم، چ ئاینی بێت یا عیلمانی ڕووبەڕووی بەجیهانیبوون ببنەوە. بەتایبەت ئەوەی کە لە فەڕەنساو وڵاتە عەرەبییەکانا ڕوو ئەدات، کە هێرشگەلی زۆر ئەکەنە سەر



بەجیهانیبوون جارێک بەناوی شوناسنامە و ڕۆشنبیری جارێکیش بەناوی ئازادی و سەربەخۆییەوە، یا دروشمێکی زۆر هەڵدەگرن بۆ بەخواکردنی مرۆڤ و بەرۆحکردنی سەردەم و یاخود بەمرۆڤکردنی خواو جیهان و بەجیهانیبوون. ئەویش لە میانەی جیهانێتی ئاینەکان و بەها ڕۆحییەکانی، یاخود لە ڕێی جیهانی مۆدێرنیزو پرنسیپە مرۆییە ڕۆشنگەرییەکانی: ئەمەش بەها و کۆمەڵێ پرنسیپن کە بۆ کۆمەڵێ بت و دروشم گۆڕاون بەهۆی خراپ بەکارهێنانی لە لایەن ئەوانەی خۆیان بەخاوەنی ئەزانن.

## سێیینەی شوناسنامە

بەم جۆرە ئەمڕۆ مرۆڤ خۆی لە نێوان سێ جیهاندا ئەبینێتەوە، هەریەکەیان شوناسنامە و سەنتەری کۆکردنەوەی خۆی هەیە ئەو سێ جیهانەش بریتین لە: یەکەم جیهان جیهانی کۆن بەفێندامێنتێلە ئاینییەکانی و بۆچوونە لاهوتی و غەیبانی یا میتافیزیقییەکانی: دووەم جیهانی نوێیە بەفەلسەفە عیلمانی و بەسەرهاتە عەقلانیەکانییەوە، واتە بەئایدیۆلۆژییە جیهانی و وەهمە مرۆڤخوازییەکانی: جیهانی سێیەم ئەو جیهانەیە کە ئێستا خەریکە پێ ئەگات، واتە جیهانی بەجیهانیبوون بەبۆشاییە سیبرانی و بوارەکانی ڕاگەیاندنیەوە، بەمرۆڤە ژمارەیی و دانیشتوانە گەردوونییەکانیەوە. ئەم سێ جیهانە کە هۆش تیایدا لەگەڵ شوناسنامەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری یەکتری کێش ئەکەن، ئەو سێیینەیە پێکدێنن کە پێی ئەوترێ سێیینەی کۆن و مۆدێرنیزم و پاش مۆدێرنیزم، یاخود بەشێوازێکی نوێتر سێیینەی فیندەمانتێل و جیهانی و بەجیهانیبوون پێکدێنن. یاخود لە بواری عەرەبیدا ئەم سیانە پێیان ئەوترێ بەئیسلامبوون و بەمرۆڤبوون و بەجیهانیبوون.

بەهەرحاڵ پاش چوونە نێو فەزای جیهانی پاش مۆدێرنیزم هیچ بوارێک بۆ گەڕانەوەنامێنێ. جیهانی نوێ سەردەمێکە بەرەو هەڵوەشاندنەوەو شیبوونەوە ئەڕوا بەهەمان ڕادەش قڵیشبوون و تەقینەوەی ئەبینرێ. جیهانی دێرینیش ماوەیەکە تاقەتی لە بونیادکردن و خوڵقاندن چووە. بۆیە ئەمڕۆ نزیککرنەوەی جیهان و مامەڵەکردن لەگەڵیا بەچەمکەکانی نوێگەری و کەرەستەکانی هیچ سوودێکی نابێ، یاخود باشترە وابڵێین هەوڵەکانی تێگەیشتن و بەڕێوەبردنەوەی جیهان بەبەهاوشێوازەکانی جیهانی کۆن هیچ سوودێکی نابێت.

بەم جۆرە ئەو جیهانەی لە سەردەمی بەجیهانیبووندا ئەخوڵقێ، تووشی گۆڕانکاری ئەبێت لەگەڵیا بەهاو تێگەیشتنەکان هەڵئەگەڕێنەوە، پڕۆژەو ئەرکەکان ئەگۆڕێن، بەهەمان

ڕادەش هێز و شێوازو دەزگاکان نوێ ئەبنەوە. لێرەوە لەم ساتەدا بوار بۆ دامەزراندنی سیاسەتی فیکری و مومارەسەی مەعریفی ئەکرێتەوە ئەوەی کە لە جیهانی مۆدێرنیزم و پیشەسازیدا باوبوو لە بابەتی کەرەستەکانی نزیککردنەوە شێوەکانی بەعەقڵکردن و ڕێگاکانی چارەسەرکردن و ئیستراتیژییەکانی مامەڵەکردن هەر هەموو تەجاوز ئەکات.

ئەمەش بۆ یەکێک گەر بەباشی دەربارەی کۆتاییەکان بدوێت مانایەکە لە ماناکانی کۆتایی: کرداریکی مرۆیی نوێ هەیە خەریکە پێ ئەگات، جۆرێکی جیاواز لە مومارەسەکردنی بوون یاخود شێوەیەکی نوێ بۆ ژیان و پەیوەندی بەرجەستە ئەکات، بەپێی ئەو کردارەش بیر ئەکاتەوەو کار بۆ خۆدروستکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی خۆیدا ئەکات، ئەویش لە ڕێگای داهێنانی مەزنی بێ وێنە و بەرهەمهێنانی گونجاو و کاریگەری بوارەکانی تۆڕی تێگەیشتن و پەیوەندی یاخود پێوانەکانی هەڵسەنگاندن و پۆلینکردن، نموونەکانی کار و ڕێکخستن یاخود شێوازەکانی بەڕێوەبردن و تەدبیرکردن. ئەوانەشی، بەبیانووی بەرگریکردن لە شوناسنامە جێگیرەکانیان یاخود دەستبەردارنەبوونی ڕوانینە ئەزەلی و میتافیزیقییەکانیان ئەم وەرچەرخانە نابینن کە شتە چەسپاو و بەدیهییەکانیش ئەگرێتەوە، ئەو کەسانە لە مانای کۆتایی ناگەن و هەروەها نێوەندی ڕوانین نابینن، و دەستبەرداری لاوازی خۆیان نابن و بەئەندازەی ئەوەش کۆتایی فیکری خۆیان و ئامرازەکانی خۆیان ئەنووسنەوە.

بێگومان گەڕانەوە بۆ دواوە بەمەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕابردوودا مومکینە بەو سیفەتەی کە ڕابردوو ڕەسەن و دەستەبژێرییە یاخود نموونەیەکە پەیڕەو ئەکرێت، بەڵام ئەو مامەڵەکردنە لە پێناوی نەزۆکی و بەستەڵەکی و دوورخستنەوەو لابردنە. بۆیە پێش هەموو شتێک لای ئسوولییەت ئەوەیە کە مومارەسە بکرێت لە پێناوی کلۆمدان و گەڕانەوە یاخود لە پێناوی تیرۆرو لە ڕەگا دەرکردن، چ مەسەلەکە پەیوەست بێت بەئسولی کۆن یا نوێیەوە.

لێرەوە ئەتوانین بڵێین چوونە نێو زەمەنی بەجیهانیبوون مانای مامەڵەکردن لەگەڵ بەجیهانیبوون نییە وەک نموونەیەکی نموونەیی یاخود جۆرێکی وێنەکێشراو یا وەک بەهەشتێکی وادەپێدراو. واباشترە وەک تواناو بوارێک یاخود بۆشایی و ئاسۆیەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەوکاتە پرۆسەی بەجیهانیبوون نەفیکردنی ئەتوار و بەدەستەوەدانەکانی پێشینە ناگەیەنێ، بەقەدەر ئەوەی کارکردن لەسەری و گۆڕینی



ئەگەیەنێ بەمەبەستی ئەوەی بتوانرێ لەو بوارو بەشانەی کە ئەکرێنەوەو ئەو ڕێکخراو و دەزگایانەی کە بونیاد ئەنرێن و ئەو ڕۆڵ و ئەرکانەی دائەهێنرێن بخرێتە کار و بەرهەم بهێنرێت.

هەروەک مۆدێرنیزم نەفیکردنی کەلەپوور نییە بەقەدەر ئەوەی خوێندنەوەیەتی، خوێندنەوەیەکی زیندوو و سەردەمانە، هەروەها جیهانێتی نەفیکردنی تایبەتمەندییەکان نییە، بەڵکو بریتییە لەوەی کە تاکەکەس تایبەتمەندییەکانی خۆی بەشێوەیەکی خولقێنەر مومارەسە بکات و سنووری زمان و ڕۆشنبیرییەکان ببڕێت، کەواتە بەجیهانیبوون توانەوەی شوناسنامە ناگەیەنێ، تەنیا لای ئەوانە مانای توانەوەی شوناسنامە ئەگەیەنێت کە خاوەن کلتووری لاوازن و کۆمەڵی بەرگریکردنی سەرنەکەوتووانە لە هەگبەکانیاندایە، ئەو کەسانەی کە لە کاتێکدا دروشمی بەرگری و پارێزگاریکردن بەرز ئەکەنەوە کەچی بەرامبەر بەڕووداوەکان چەکەکانیان فڕێ ئەدەن.

بەڵام بکەری مرۆیی بەرپرسیارو خولقێنەر، داهێنەری تواناکان و بەرهەمهێنەری ڕاستییەکان، بیر لە بەبەجیهانیبوونی شوناسنامەکەی خۆی ئەکاتەوە بۆ ئەوەی بەمەبەستی داهێنان و دەرکەوتن و گەشانەوە مومارەسەی پەیوەندی لەگەڵ بوونی خۆیدا بکات. بۆیە ئەو ناترسێت لەوەی کە ڕوو ئەدات، بەڵکو ئەچێتە نێو مانیفاکتۆری ئەو داهێنانەی بەڕێوەیە بۆ ئەوەی بتوانێ بەشداری لە بەرهەمهێنانی زانینەی گەردوونی بکات و بەشێوەیەکی بەردەوامی و جیهانی و گەردوونی بەڕێوەی بەرێت. لەمە بترازێ قسەکردن لەسەر تەڵەکانی بەجیهانیبوون، بۆ بەرگریکردن لە شوناسنامە، ئەبێ بەتەڵەیەک بۆ شوناسنامە پەککەوتووەکان و کلتوورە تەمەڵەکان ئەتوێتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر تووشی ناتەواوی و هەژاری و پاشەکشێ بن.

ڕەنگە پێویست بەوە نەکات گەر جەخت لەسەر ئەوە بکەین و بڵێین بەجیهانیبوون وەک شۆڕشێکی تەکنیکی لەسەر ئاستی گەردوونی سنوورەکانی نێوان وڵاتانی سڕیوەتەوەو ئاڵوگۆڕی نێوان مرۆڤی بەگشتی کردووە، هەروەها بەجیهانیبوون لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانەوە لەدایک بووەو لەوێشەوە دەرپەڕیوەو بڵاوبووەتەوە. ڕۆژئاوا کە ڕەهبەری کاروانی مرۆیی ئەکات، ئەو دەسپێشخەرە لە خولقاندنی دیاردەکەو بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی. ئەمەش ڕەنگە لەڕووی دارایی و مەعریفەو هێزەوە. ببێتە هۆی زێدەتر خولقاندنی جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان و کۆمەڵگانی دیکە.

گەر ئەمە پشتگوێ بخرێ و ئینکار بکرێت ئەوە کارێکی ساویلکانەیە..بەڵام نابێت بەرەفزکردن یاخود بەچەپڵەلێدان بۆ بەجیهانیبوون ڕووبەڕووی ئەم واقیعە ببینەوە، بەڵکو ئەبێت کۆمەڵێ هاوکێشەی بوونگەری و دەستەواژەی هاوچەرخ داهێنین، تا خاوەنەکانیان بتوانن عەقڵیان بخەنە گەڕ و ڕووی سیاسی ببەخشنە شوناسنامەکانیان و واقیعەکانیان بەڕێوەبەرن، بەشێوەیەک سەروەت و دەستکەوتەکانی سەردەمی خۆیان بۆ کۆمەڵێ وزەی دەوڵەمەند و کۆمەڵێ پرۆژەی بەردار بگۆڕن. ئەمە داوایەکی خەیاڵی نییە. بەڵکو ئەکرێ ئەنجام بدرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرسەختی بەجیهانیبوون و بەجێهێشتنی شوێنە پەراوێزییەکان: ئەوەی بەرامبەر بەکارەکە بەرپرسیارە ئەبێ بەزمانی سەردەم بدوێ و ڕووداوە لە پڕ و واقیعە دیارەکانی بخوێنێتەوە، بەجۆرێک بواری بۆ بڕەخسێ تا سەرسوڕمانییەکانی دەربخات و ڕۆشنبیری خۆی دەوڵەمەند بکات، ئەمیش لە ڕێگای بەشداریکردنێکی چالاک لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مانا و بەها، مەعریفە و دەسەڵات، سامان و هێز.

# ڕەخنەی شوناسنامە

## بەجیهانیبوونی شوناسنامە یاخود دژە داگیرکردن

ئەو دۆزە سەرەکییەی کە دەمەوێ بەشیاوی و ڕەواوی لێرەدا بیخەمە ڕوو[1]، بریتییە لەوەی کە گرفتی شوناسنامەی کلتووری لای ئێمە بەپلەی یەکەم خۆی لە هێزی بەجیهانیبوون و داگیرکردنی ئەمریکیدا حەشار نەداوە، بەڵکو گرفتەکە لای ئەهلی شوناسنامە و پارێزەرانی دەستەبژێرە ڕۆشنبیرییەکەدایە. دەرپەڕینم لە وتەکانمدا، ئەوەی من پێوەی سەرقاڵم، ئەوەی لە مێشکمدایە، بریتییە لە کارکردنم لە بواری ڕەخنەو گرنگیدان بەپیشەسازی فیکرەکان و مومارەسەکردن بەلۆجیکی بەرهەمهێنان و وەرچەرخان. بۆیە من بەزمانی ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕانە نادوێم لەبەر ئەوەی ئەم زمانە زمانی بانگەشەکەرانە لە لاهوتخواز و قەشەو ڕۆشنبیرەکان و، هەروەها ئەوانەشی سەرقاڵی پاراستنی ئسووڵ و بیروباوەڕن یاخود ئەوانەی کە بەرگری لە شوناسنامە و شتە چەسپاوەکان ئەکەن.

ڕەنگە ئەم ئەرکە خەباتگێڕییە پێویست بێت، بەڵام ئەمە لەلای من ئەرکێکی سەرەکی نییە، لایەنی کەم ئەم ئەرکە چالاکی خۆی لەو کارەوە دەستگیر ئەبێت کە من مومارەسەی ئەکەم، وەک کەسێک کە لە مەیدانی فیکرو فەلسەفەدا کار ئەکات ئەرکی سەرەکی ئەوەیە کە بەزمانی تێگەیشتنانە واقیع دەستنیشان بکات، یاخود ڕووداوەکان دارشتنێکی ماقوولانە دارێژێ، یان بەشێوەیەکی عەقڵانی باس لە جیهان بکات، یابەشداری لە دەرخستنی بەها هاوبەشەکان و پێوانە ئاڵوگۆڕییەکان بکات.

منێک کە لەم مونتەڵەقەوە دەرئەپەڕم، ئەمەوێ دووبارە دووالیزمی ڕاڤەکردن و گۆڕین دارێژمەوە. ئێستا چیتر ئەرکەکە هەروەک مارکس وتەنی کارکردن نییە بۆ گۆڕینی جیهان پاش ئەوەی فەیلەسوفەکان کاریان لەسەر ڕاڤەکردنی کرد. هەروەها لە بەرامبەریشدا ڕاڤەکردنی جیهان نییە دوای تێکشکانی هەوڵەکانی گۆڕانکاری هەروەک هەندێک لە ئێمە ئەیلێت بەنموونە لێکۆڵەرەوەی ئینگلیزی بۆل ئەرمرود.

لەبەر ئەوەی هەموو نزیککردنەوەیەکی گرنگ بۆ جیهان بەشداری لە گۆڕینی ئەکات،

(١) بەشداریکردنی لە کۆڕێک لە بارەی (بەجیهانیبوون و پرسیاری شوناسنامە)، یەکێتی نووسەرانی لوبنان، بەیروت، تشرینی دووەم، ١٩٩٨



بەڕادەی ئەوەش لە ڕێی فیکرە داهێنەرەکان و چەمکە تێپەڕەکان دووبارە پێکی ئەهێنێتەوە. نموونەشم لەسەر ئەمە چەمکەکانی وەک بەجیهانیبوون و کۆتایی مێژوو و کۆتایی ڕۆشنبیرییە کە ئەمانە تەنانەت لای ئەوانەش کە کار ئەکەن بۆ ڕەفزکردن و بەرگریکردنیان لەسەر گۆڕەپانی فیکر کاریگەری خۆیان ئەنوێنن و بواری بەکارهێنانی خۆیان ئەخوڵقێنن. ئەمەش ئەرکی هەموو داهێنان و بەرهەمهێنانێکە، چ سیمبولی یاخود ماتەریالی بێت و پەیوەند بێت بەفیکر و زانیارییەکان یاخود بەشمەک و تەکنیکەکان، بەڵام بەشداری لە گۆڕینی واقیع ئەکەن و، بەهەمان ڕادەش بووە بەپێکهێنەری هۆش و بەشێک لە جیهانی ژیان و سەردەمی بژێوی.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە کۆمەڵگا فیکرو تیۆرییەکان بەشێوەیەکی سەرەوەیی یاخود بەعەقڵیەتی دەستەبژێریی ئەیگۆڕن ئەویش لەسەر دەستی کەسێک کە ئەیەوێ بەپێی ڕوانینە موجەڕەدەکانی و نموونە موتڵەقەکانی خۆی مرۆڤ لە قاڵبدات، یاخود لەسەر دەستی دەستەیەک کە ئیدیعای ئەوە ئەکەن ئەوان خاوەنی تیۆری زانستین و ئەتوانن دەست بەسەر یاساکانی کۆمەڵگا بگرن و بیگۆڕن. بەڵام گۆڕانکاری کارێکی ڕۆژانەیەو هەوڵێکی بەردەوام و هێزێکی بێ وێنەیە. ئەمەش کاروانێکی ئاڵۆزو گۆڕانخوازە، لەسەر ئاستێکی بچووککراوەو بەشێوەیەکی نابینیاری، بە ئەنجام ئەگا، بۆ ئەوەی وەرچەرخانە زەبەلاح و بازدانە جۆرییەکان بەرهەم بهێنێ. هەر تاکێک لە بەشەکانی خۆیداو بەفیکرو بەرهەمی خۆی یاخود لە دەوروبەرو کەژوهەوای خۆی و بەپێی ڕێڕەو و هەڵسوکەوتی خۆی بەشداری ئەم پرۆسەیە ئەکا، بەشێوەیەک هەروەک هەندێ لە زانایانی ئەمڕۆ چالاکی ئابووری بکەرە کۆمەڵایەتییەکان ئەشوبهێنن بەکاری پەپوولەو ڕەوشتی مێروولە.

بەم مانایە ئەکرێ بوترێ کۆمەڵگا کەسانێک بەشدارئەبن لە گۆڕینی ئەوانەی هەمیشە ناخزێنە نێو پرۆژەکانی گۆڕانکارییەوە، کەچی کۆمەڵگا خۆی پێچەوانەی حەزو ئارەزووی خاوەن پرۆژەو تیۆرو نموونەکان ئەگۆڕێت. ئەمەش ئەو جیاوازییەیە. ئەوەی بەڕێبازی بالایی و دەستەبژێریی و هەمەلایەنی بیرئەکاتەوە ئەوکەسە ڕووداو و هۆکار و گۆڕانەکان ئەوانەی لە پەراوێز و لە ناوچەکانی خوارەوەو لە جیهانە بچووکەکاندا ڕووئەدەن تووشی سەرسوڕمانی ئەکەن، هەروەها ئەوانەش بەلۆجیکی نموونە و جێبەجێکردن بیرئەکەنەوە، گۆڕانەکانی سەر زەمینەی واقیع تووشی سەرسوڕمانیان ئەکات، لەبەر ئەوەی گۆڕان چالاکییەکە چەمک و عەقڵییەتەکانیش ئەگرێتەوە بەهەمان ڕادەش بونیادو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش.

## جیهان و وەرچەرخاندنەکانی

بەهەرحاڵ گرفتەکە ئێستا گۆڕینی جیهان نییە، لەبەر ئەوەی جیهان بەشێوەیەکی زۆر بەپەلە گۆڕانی بەسەردا دێت، بەشێوەیەک لاف لێدەرانی شۆڕش و گۆڕان لە ڕۆشنبیرە هەڵبژێرەکان پێ دەچێت لەوپەڕی دواکەوتوویی و پارێزگاریدا بن. ئەمڕۆ ئێمە لە ڕووداوەکانی جیهاندا وەرچەرخانی مەزن ئەبینین چ لەسەر ئاستی ڕووداوەکان یاخود لەسەر ئاستی فیکر، هەرلە شۆڕشی زانیارییەوە تا بەجیهانیبوونی ڕامالێنەر، خەریکە زەوی بۆ بازاڕێکی گشتی و یەک بازاڕی ئەگۆڕێ، لە ڕاگەیاندنی جۆراوجۆرەوە بۆ ئەو مێشکە ئەلکترۆنییانەی خەریکن لە ژماردن و مەزەندەکردندا جێی مرۆڤ ئەگرنەوە، لە ئەلفوبێی ژمارەیی کتێبە پەڕاوییەکان بۆ ئەلفوبێی ژمارەیی سەر شاشە ئەلیکترۆنییەکان... ئەمانە هەمووی ڕوداون لەگەڵیاندا دیمەنە گەردوونییەکان ئەگۆڕێن، بەجۆرێک لەگەڵیا جوگرافیای عەقڵە پەیوەندییەکانی هێز ئەگۆڕێ و تاڕادەیەکیش جۆری بژێوی و سیستەمەکانی پەیوەندیش گۆڕانی بەسەردا دێت.

ئەم وەرچەرخانە گەورەیە ڕووی پرسیارکردنی ئەکاتە هەموو کۆمەڵگاکان، چ کۆمەڵگای عەرەبی بێت یاخود ئەوروپی، ڕۆژئاوایی بێت یاخود ڕۆژهەڵاتی، ئیسلامی بێت یاخود مەسیحی.. ئەمە کۆمەڵێ ڕووبەڕووبوونەوەیە شوناسنامە کولتووری و فیکرە مەزنەکان لەگەڵ چوونە نێو سەردەمی بەزانست بوون و بەتەلەفیزێون بوون و بەجیهانیبوون ڕووبەڕووی ئەبنەوە.

لێرەوەیە پرسیارە مەزنەکە:

ئەمڕۆ کێ جیهان دروست ئەکات؟ چۆن پێکدێ و چۆن دروست ئەبێت؟ یان بەشێوەیەکی ئاشکراتر، هێز بەهەرسێ ڕووەکەیەوە، مەعریفی و، سامان و، دەسەڵات چۆن پێکدێت؟

ئەم پرسیارە گرنگییەگی باڵا پێکدێنێ بۆ کۆمەڵگا عەرەبییەکان و هەروەها ئەو کۆمەڵگایانەشی وەکو ئەو تەماهی ئەوەیان هەیە بەشدارییەکی چالاک لە پێکهێنانی دیمەنی جیهانی بکەن، بەڕای من ئەو پرسیارە کلیلێک پێکدێنێ بۆ تێگەیشتنی ئەو ڕووداوانەی کە لە نێوان گەلان و لەسەر شانۆی جیهانیدا ڕووئەدات.

ئەم پرسیارە چیتر تەنیا پرسیارێک نییە بۆ ڕۆشنبیران، لەبەر ئەوەی ئەو ڕووخان و شکاندنانەی کە لە خەون و پڕۆژەکاندا ڕووی دا ئەو وەرچەرخاندنانەشی کە ئێستا لە



بونیادو عەقڵەکاندا ڕووئەدات، شایەدی ئەوە ئەدەن کە ڕۆشنبیرو داواچییەکان چیتر کلیلەکانی ڕاپەڕین و پێشکەوتن و گۆڕینیان بەدەستەوە نییە.

لێرەوە ئەو ڕۆشنبیرەی گرنگی بەمەسەلەی ڕاپەڕین و پێشکەوتن و گەشەپێدان و بیناسازی ئەدات ئەبێ ئەو بازنە خنکێنەرەی کاری ڕۆشنبیری بشکێنێ کە دەیان ساڵە ڕۆشنبیرانی دەستەبژێر کردوویانە بەئادەت تاوەکو بەڕووی هەموو بەش و مەیانانەی کە لەسەر گۆڕەپانە کۆمەڵایەتییەکاندان بکرێنەوە، بەتایبەت ئەو مەیانانەی کە دوورخراونەتەوە، وەک بانک و کۆمپانیا و بازاڕەکانی دراو، یان بیناو پیشەسازی و جیهانی تەکنیکی. کردنەوەی فیکر بەڕووی ئەو شتانەی کە دووری ئەخاتەوە، ڕێگایەکە بۆ دەوڵەمەندکردن و نوێکردنەوەیی. کولتوور بەمانا فراوان و هەمەلایەنییەکەی واتە پیشەسازی ژیان و پێکهێنانی جیهان. جیهان تەنیا ڕۆشنبیرە دەستکارامەکان دروستی ناکەن. بەڵکو ئەو هەموو هێزە چالاکانە دروستی ئەکەن کە تیایدان. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە گۆڕان چالاکییەکی شارستانییە هەموو بەشە بەرهەمهێنەرەکان و هەموو هێزە چالاکەکانی بواری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا تێیدا بەشدار ئەبن.

## هۆش و تێگەیشتن

بێگومان پرسیار زۆرە. گومانی تێدا نییە شوناسنامەی ژیار پرسیاری خۆی هەیەو لەوانەشی ئەکات کە پاسەوانین، ئەوانەشی کە ئەو بەرپرسیارییەیان هەڵگرتووە بۆ ئەوەی بەرگری لێ بکەن بەتایبەت ئەوانەی کە داواچین و خاوەنی پڕۆژەگەلی نەتەوەیی و شارستانین. پرسیاری بنچینەیی پرسیاری فیکرە دەربارەی فیکرەکانی. بۆیە لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: بەری ئەو دەیان ساڵە چییە لە مومارەسەکردنی بەرپرسیاری لە لایەن ڕۆشنبیرو هزرەڤان و هەڵبژێرەکان لەسەر شوناسنامە و نەتەوە؟

بێ هیچ دوودڵییەک لە وەڵامدا ئەڵێم: دەرئەنجامی ئەو بەپرسیارییەش بەرامبەر بەڕووداو و گۆڕانکارییەکان، چ لە ڕووی پەیوەندی بەدەرەوە یاخود لەسەر ئاستی ناوەوە بریتی بووە لە کۆمەڵێ بەرگریکردنی سەرنەکەوتووانەو مومارەسەکردنی نەزۆکانە، ئەمەش وای کردووەو ئێستاش وا ئەکات کە هەڵبژێردەکان لە شۆکێکەوە بچن بۆ شۆکێکی دیکە، لە شۆکی نوێگەرییەوە بۆ شۆکی پاش نوێگەری، یاخود لە تەڵەیەکەوە بچن بۆ تەڵەیەکی دیکە، لە تەڵەی شوناسنامەوە بۆ تەڵەی بەجیهانیبوون.

لەسەر ئاستی دەرەوە پەیوەندی ئەمڕۆ لەگەڵ ڕۆژئاوادا لەڕووی مەعریفەو سامان و

دەسەڵات باشتر نییە لە چەند دە ساڵێک پێش ئێستا. نموونەش لەسەر ئەمە زۆرە: ئەوەی تەماشای پاشەکەوتی کەسەکان و دەسکەوتی تاکەکەسەکان بکات یان لە پێوانەی خوێندنەوەدا یاخود لە دەسکەوتی لێکوڵینەوەی زانستیدا، ئەبینی لە چاو وڵاتانی ڕۆژئاوادا لەسەر ئاستێکی نزمە(٢).

لەسەر زەمینەی واقیع پێویست بەسەلماندن ناکات کەوا ئێمە ئەمڕۆ لەچاو پێشتر لە ڕووی هێزەوە بەرامبەر بەڕۆژئاوا ستربووین. ئەی بۆ وا نییە ئەوەتا ببینە هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکان یان ئابلۆقەدراوە یاخود وێرانەیە یاخود پرۆژەیەکە بۆ وێرانکردن. بەهەر حاڵ وتاری شوناسنامە خۆی شایەدی ئەم حاڵەیە، وتارێکە لە وەسفکردنی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی و شوناسنامەی ڕۆشنبیری عەرەبی پڕە لە زاراوەی داگیرکردن و پێشێلی و ڕامالێن و سڕینەوە.

لەسەر ئاستی ناوخۆشدا بارودۆخەکە ئەوەندە باش نییە. بەوەی کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکان بەهۆی ئەو ململانێ ئایدیۆلۆژی و سیاسییانەی کە بەتیۆرەکانی هۆش و فەلسەفەکانی شوناسنامە و یەقینە دۆگماییە بارکراوەکان تووشی دوو دەرد بوون: هەروەها بۆچوونی نوێنەرایەتیکردنی واقیع و دەستگرتن بەسەر حەقیقەتدا، کە ئەمەش ڕوویەکی تری داگیرکردنی نوێنەرایەتی شوناسنامە و نەتەوەیە، کە لە لایەن دەستەبژێرو دەستەگەلێک ممارەسە ئەکرێت کە خۆیان کردووە بەمیراتگری بەها گشتییەکان، بووەتە هۆی ئەوەی زیاتر ناکۆکی و پارچەپارچەبوون دروست بێت و، بەهەمان ڕادەش ئەمە شاهیدێکە لەسەر نەزۆکی فیکرو لەرزۆکی ئەو هێزەی کە گۆڕینی واقیع و چاککردنی مەرجەکانی بوونی پێ سپێردراوە.

---

(٢) گەر بڕوانینە بواری سینەما وەک نموونە، ئەبینین میسر لە چل و پەنجاکان هەمان ئەو تەکنیکانەی بەکارئەهێنا کە لە هۆلیوّددا بەکار ئەهێنرا. بەڵام ئەمڕۆ خەریکە سەدەی بیستەم بەرەو کۆتایی ئەڕوات، لەم بوارەدا بارودۆخەکە بۆ دواوە گەڕاوەتەوە، هەروەها ئەکتەری گەورە حسێن فەهمی لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا کە پسپۆری ڕاگەیاندن عیمادەدین ئەدیب لەگەڵیا ئەنجامی دابوو لە کاتی بەستنی میهرەجانی سینەمایی نێودەوڵەتی لە قاهیرە ساڵی ١٩٩٨ دانی بەم ڕاستییەدا ناوە. حسێن فەهمی ئەم دواکەوتنە تەکنیکییەی بەشێوەیەکی زیرەکانە خوێندوەتەوە بەوەی کە ئەڵێت: سینەمای عەرەبی ناتوانێ بەبێ بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ هیچ (خەیاڵێک) ی هەبێت، بۆ ئەمەش ئەڵێت تەکنیک نە خەیاڵ ئەکوژێ و نە لە بەهای ڕۆشنبیری کەم ئەکاتەوە، بەڵکو ئەمە مەرجێکە بۆ داهێنان و خولڤاندن لە بواری سینەمادا.



ئەمەش بەری وەهمەکانی میراتگەری و جووتکردنە: ناکۆکییە لەتوپەتکەرەکان و لێکدانە خوێناوی بەسەر گۆڕەپانە جۆربەجۆرەکاندا هەڵ ئەکات و لە مەیانی جیاجیادا وێرانی ئەنێتەوە. جارێک بەناوی نەتەوایەتی و جارێک بەناوی ئیسلامەوە، سەرەڕای ئەو ململانێیە خوێناوییەی نێوان پارتە کۆمۆنیست و گرووپە مارکسییەکاندا لەژێر دروشمەکانی دادپەروەری و سۆسیالیزمدا.

ئەم واقیعە ئابڕووبەرانە داوا ئەکەن کە دووبارە چاو بخشێنین بەمەسەلە و بەشێوازی بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن لەگەڵ شوناسنامەدا، پاش ئەوەی بووە بەنیمچە نەخۆشی و عوسابی توندوتیژ. بەم مانایە ئەوەی پێویستمانە ئەوەیە ئەبێ لە قۆزاخەی شوناسنامە و سەربازگەکانی بیروباوەڕ بێینە دەرێ بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ تایبەتمەندییەکان و بەدەستەوەدانەکانی بوونماندا بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانەو سەربەستانە، زیندوو، کراوە بەڕووی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان بکرێینەوەو مامەڵە بکەین، ئەمەش لە پێناوی هەڵگێڕانەوەی سەرەتاییەکان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی شوناسنامە بەشێوەیەک کە دەرئەنجامێکی زۆر بەهێزو چالاک و ئامادەی هەبێت.

بە ئایدیۆلۆژیکردنی شوناسنامە و هۆش نە لای ئێمەو نە لای کەسانی تر ئەوەندە شیرین و بەتام نەبووە. مرۆڤایەتی نرخێکی زۆر بەرزی لە وێرانی و خوێن، لەدەستدان و چەوسانەوە پێشکەش کردووە و تا ئێستاش پێشکەشی ئەکات، ئەویش بەهۆی ڕاگەیاندنە شوناسنامەییەکان و دەستبەرنەداربوونی سەر بەبوونە ئولفەتییەکان و ئەفسانەییەکان، جا چ شوناسنامەی ئاینی بێت یاخود نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی بێت یاخود سیاسی. ململانێ لە پێناوی شوناسنامەدا ئەم ئامانجانەی هەیە: ئاژاوەی ناوخۆیی و جەنگە وێرانکەرەکان، دەرکردنی گەلان و کۆچی بەبەکۆمەڵ، تۆقاندنی مرۆڤ و ڕیشەکێشکردنی جۆراوجۆر و نەفیکردنی دژ، ئەویش بەعەقڵییەتە فاشیزمی و داخراوو بەستەڵەکەکان.

چاک ئەزانم کە ململانێی نێوان شوناسنامە و بیروباوەڕەکان، ململانێیەکانی ئاستی بەرژەوەندی و پلەوپایە ئەشارێتەوە، هەروەها گەمەکانی هێزو دەسەڵات دائەپۆشێ. بەڵام ململانێ سیاسییە ئاشکراکان لەپێناوی دەسەڵات وەرگرتن، هیچی کەمتر نییە لە توندوتیژی جەنگەکانی نێوان بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژییەکان، بەڵکو یەکەمیان لە چاو ئەوی تریان ئەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژییەکی زیاتر مەسرەفی کەمترە لەسەر شانی کۆمەڵگاکان ئەویش بەهۆی ئەو مۆرکە سیمبولییەی و ئەو مەودا غەیبی و پیرۆزییەی کە هەیەتی.

لێرەدا بەڕای من ئەوانەی لای ئێمە کە لە شوناسنامە و هۆش و ململانێی ئایدیۆلۆژی ئەترسن ئەوەندە بەپەلە نەبن لە بوارەکانی شۆڕشی زانیاری و تەقینەوە تەکنیکی و نێوەندییەکان. ئەکرێ سیستەمەکانی ئایدیۆلۆژی و فەلسەفەکانی مێژوو سەرچاوەیەک بن بۆ هۆشمەندی یاخود ئەداتێک بن بۆ ڕۆشنبیرکردن و ڕووناککردنەوە، بەڵام لە بەرامبەریشدا ڕەنگە ئەداتێ بن بۆ ساختەیی و چەواشەکردن. ، بەتایبەت ناهۆشمەندی وەهم و هەڵخەڵەتاندن ڕۆڵی خۆی هەیە لە پێکهێنانی هۆشمەندی و بڕیارەکانی عەقڵ و بەڕێوەبردنی مێژوو. بۆ ئەوەی بڕوا بەم شتە بێنین ڕەنگە پێویستمان بەئیبن عەرەبی و هیگل و نیتشەو فرۆید نەبێت. ئەوەی بڕوانێتە چارەنووسی تیۆرە گەورەکان و ئەو پڕۆژە بەرفراوانەی کە بەئەفسانەکانی سەربەستی و ئایدیۆلۆژییەکانی دادپەروەری و یەکسانی بونیادنراوە، بۆی دەرئەکەوێت کە ئەوان لە پێکهێنان و بەرپاکردنی ڕژێمە گشتی و ڕژێمە ڕەگەزپەرست و فاشییەکان بەشدارییان کردووە، هەروەها لە پێکهێنانی شوناسنامە داخراو و کۆمەڵگا هەژاربووەکان ڕۆڵی خۆیان هەبووە.

بەهەر حاڵ ئەزموونەکان چ لای خۆمان لە لوبنان یاخود لە وڵاتە عەرەبییەکانی دیکەدا شایەدی لەسەر ئەمە ئەدەن، خەڵکی بەهەموو توێژو چین و بەشەکانی یاخود جەماوەر هەروەک هەڵبژێرەکان پێیان ئەڵێن لە تێگەیشتن و مامەڵەکردنیان لەگەڵ ڕووداوەکان و زیاتر بەحیکمەتتر و خاوەن هۆشتر بوون لەو هەڵبژێرانەی کە ئەرکی هۆشیارکردن و ڕەوشەنکردن و ڕۆشنبیرکردنیان خستبووە سەر ئەستۆی خۆیان لە پێناوی ئەو گۆڕانەی کە بانگەشەیان بۆ ئەکرد. جیاوازییەکەی ئەوەبوو کە گۆڕانکاریەکان پێچەوانەی ئەوە بوو کە ئەوان واتە هەڵبژێرەکان هەوڵیان بۆ داو بیریان لێ کردەوە. ئەمەش جێگای سەرسوڕمان نییە مادامەکی هۆش بەپۆشاکی ناهۆشمەندی پۆشرابێ، عەقڵیش لە ئەفسانەو وەهمەکانی خۆیەوە خۆراک وەربگرێت.

بەم جۆرە ڕۆشنبیرە هەڵبژێرەکان لە ڕووی پەیوەندییان بەشوناسنامەوە بەپێی خۆڕسکی هەڵسوکەوت ئەکەن و بیرئەکەنەوە، یاخود بەپێی بەدەستوتەکەکانی هۆشی ڕاستەوخۆ، بەو مانایەی واپێدەچێ ئەم لە هۆشیا شوناسنامەکەی بێزراوە تا ئەوپەڕی، بەڵام لەسەر حیسابی پیشەسازی چەمک و کاری بەعەقڵکردن و مومارەسەی عاقڵێتی. پێ ئەچێ کارەکە لەم ئاستەدا لە پلەی سفردایە.بەو بەڵگەیەی تائێستا نابینین یەکێک توانیبێتی نوێگەری و داهێنان لە چەمکەکانی شوناسنامە و هۆش و عەقڵانییەتدا بەدی بهێنێ، ئەمە



سەرەڕای گۆڕانکاری لە خودی زاراوەی چەمک خۆی. لێرەوە بەرهەمی هۆش بۆ کاریگەریکردنە سەر ڕووداو و بەسەرهاتەکان بریتی بووە لە بوون بەنێچیری حەزو ئارەزووەکان و خنکاندن لە نێو وەهم و ونکردنی توانا.

سەیر نییە گەر حاڵەکە وابێت. شوناسنامەی بەهێزو چالاک شوناسنامەیەک نییە کەسێک هەیبێت یاخود پێی ببەخشرێت. بوونەوەرێکی میتافیزیکی نییە، بەڵکو بەرهەمی ڕەنج و هەوڵدان و کارکردنە لەسەر بەدەسکەوتە بوونگەرییەکان بەهەموو مەوداکانیەوە، لە پێناو گۆڕینی بۆ کار و دەستکەوتەکان. بریتییە لە پیشەسازی و گۆڕان، بەقەدەر ئەوەش بونیادنان و پێکهێنانە، یاخود باشترە بڵێین، بونیادێکە بەردەوام بونیاد ئەنرێتەوە، بەتایبەت لە کاتی گەیشتن بەقەیرانەکان و کەوتنە نێو بنبەستەکانەوە.

دەرچوون لە بنبەست بەدامەزراندنی پەیوەندییەکی ڕەخنەیی لەگەڵ خودو فیکرەکان ئەبێت، بۆ ڕوودانی بازدانێکی وەها کە هەر بەو بازدانە لە زمانی دروشم و عەقڵیەتی خەیاڵی و لۆجیکی لێسەندنەوە بگەینە زمانی تێگەیشتن و عەقڵیەتی خولقاندن و لۆجیکی ڕووداو و پێکهاتن، بەجۆرێک بوارمان بۆ بڕەخسێ تا بەشداری لە گۆڕینی واقیع و دروستکردنی دیمەنی جیهانی بکەین. ئەمەش پێویستی بەهەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەدەواتە فیکری و قاڵبە مەفهومییانەیە کە نەزۆکی و پەککەوتەیی و لەرزۆکی دروست ئەکەن. ئێمە بەڕێگایەکی سیحری مامەڵە لەگەڵ شوناسنامە ئەکەین، واتە بەعەقڵیەتی بنووسە من عەرەبم و من لوبنانیم، ئەمەش لەسەر زەمینەی واقیع هیچ سوودێکی نابێت، بەڵکو ئەوەی کە سوودی هەیە ئەو شتەیە کە ئێمە بەرهەمی ئەهێنین و ئەنجامی ئەدەین. هەروەها ئێمە لەگەڵ شوناسنامەدا مامەڵەیەکی میتافیزیکی ئەکەین بەو وەسفەی کە شوناسنامە بێ جیاوازی و پارچەپارچەبوون بریتییە لە جوتبوونێک لە نێوان کەسێک و کەسێکی دیکە، لە نێوان مرۆڤ خۆی و خودی خۆی. ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ شوناسنامە بەستەڵەکی بەرهەم ئەهێنێ و ڕێگا لە گەشەکردن ئەگرێت و بەقەدەر ئەوەش سەرکوتکردن و دوورخستنەوەو دابڕان دروست ئەکات.

لە لایەکی دیکەوە نێرسیسییەتێکی بیروباوەڕی هەیە کە بەسەر ڕێبازی مومارەسەکردنی شوناسنامەماندا زاڵە، بانگەشەی (بەمرۆڤبوونی) جیهان و ڕزگارکردنی گەردوونمان بەڕوانینێکی ئیسلامییانەو شەریعەتی ئایینییەوە بۆ ئەڕازێنێتەوە. کەچی لە واقیعدا ئێمە کەلەپوورێک لە ڕوانین و بڕێک زۆر نموونە و حوکم و دابونەریتمان هەیە کە

بەهۆیانەوە بێ توانایین لە بەمرۆڤکردنی پەیوەندییەکانمان لە نێو کۆمەڵگای خۆمان و لە نێوان تایەفەو مەزهەبە کۆنەکاندا، یاخود لە نێوان پارت و ڕێکخراوە مۆدێرنەکاندا، ئەمە سەرەڕای ناتەواویمان لە بەمرۆڤکردنی پەیوەندی نێوان حاکم و مەحکومەکان. بۆیە باشتر وایە پێش هەموو شتێک بۆ بەمرۆڤکردنی کۆمەڵگا و بەهاو پەیوەندییەکانمان کاربکەین.

دواجار، ئێمە بەلۆجیکی پاسکردن و بەرگریکردن لەگەڵ شوناسنامەدا مامەڵە ئەکەین، ئەمەش زیاتر لاوازمان ئەکات و ئەوەشی ئەمانەوێ پارێزگاری لێ بکەین لەدەستی ئەدەین، بەهەمان ئەندازە چوست و چالاکی فیکری و ئەو هێزانەش لەدەست ئەدەین کە بۆ دەسپێشکەری کاریگەرو کاری خولٚقێنەر بەرپای ئەکەین. کەواتە پاراستنی فیکرەکان واتە کوشتنیان. داخراوی شوناسنامەکانیش نیشانەیە بۆ لاوازییان. بەڵام شوناسنامەی بەهێز و گەشاوە توانای بڵاوبوونەوەو فراوانبوونی هەیە، ئەویش لە ڕێگای کاری ڕەخنەگەری کاریگەرەوە کە سەلمێنراوە چەسپاوەکان ئەگرێتەوەو ئەو نموونە و قاڵبانەش ئەشکێنێ، بەقەدەر ئەوەش بەهاو پێوانەکان نوێ ئەکاتەوەو چەمکە تێپەڕە نوێ و فیکرە زیندووە نوێیەکان ئەهێنێتە ئاراوە.

کەواتە توانای ڕەخساو و بەرهەمدار ئەوەیە کە وتاری شوناسنامە بخرێنە ژێر ڕەخنەوە، لە پێناوی ڕزگاربوون لەو ڕێگرانەی کە پەکی وزە ئەخەن و ناتەواوی و پەککەوتەیی دروست ئەکەن. ئەوەش پێویستی بەگۆڕینی مامەڵەکردنەکانمانە لەگەڵ شوناسنامەدا، بەجۆرێک لەگەڵ پرنسیب و جێگیرەکان پەیوەندیەکی پڕجووڵەو گۆڕاو بونیادبنێین، تا ئەو مەودایەمان بۆ بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی ئەوحاڵە بگۆڕین کە تیایداین ئەویش بەبەرهەمهێنانی ڕاستی و خولٚقاندنی ڕووداوەکان. بەم مانایە ئێمە پێویستمان بەبەرگریکردن لە شوناسنامەمان نییە، بەقەدەر ئەوەی پێویستمان بەکاری بەرهەمهێنەرە، بەپێی ئەوکارە تازەبیینەوەو بەقەدەر ئەوەش زیاتر ڕەگمان لەخاکدا بچەقێ.



## بەجیهانیبوونی شوناسنامە

هیچ گومانی تێدا نییە کە ئایدیۆلۆژیا و تیۆرەکانی شوناسنامە بەشدارییان لە ئامادەکردن و هەروەها ڕۆڵیشیان بینیوە لە پێکهێنانی هۆشی بەرگری بۆ دەسەڵات پەیداکردن و دەست بەسەراگرتن. بەڵام خودی خۆی بێ کەڵک کردووەو ڕاستگۆیی و هەنووکەیی خۆی لەدەست داوە، واتە ئەو هێزەی خۆی لەدەست دا واتە هێزی خەیاڵکردنی خولٚقێنەرو تێگەیشتنی تێپەڕو دەستپێشکەری ئیستسنائی. لێرەوە بەرگریکردن لە شوناسنامە بووە بەڕێگرو بنبەست، بەڵکو بووە بەگرفت و دەردیش. ئەمەیە وا پێویست ئەکات کە لەدووانە خنکێنەرەکانی پەیوەست بەمەسەلەی شوناسنامە دەربازبین، وەکو دووانەکانی کەلەپوورو مۆدێرنیزم، تایبەتمەندی و جیهانی.

زۆرمان درێژە بەو قسانەدا کە ئەڵێت: لە توانای مرۆڤدا هەیە کە لە کەلەپووری خۆی دابڕێ یا لە ڕابردوو زاکیرەی خۆی دابڕێت. کەچی خۆی ئەو ڕابردووە بەرەو ئەو حاڵەمان ئەبات کە ئێستا تیاین، یا ئەوەتا ئەو ڕابردووە بەکاربێنین بەبەکارهێنانی بۆ ئیش و دەستکەوتەکان، یاخود ئەوەتا ئەبێ بەرێگرێ دوورمان ئەخاتەوە لە تێگەیشتن لە واقیع و پیشەسازی جیهان. هەروەها هەڵوێستیش بەرامبەر بەمۆدێرنیزمیش هەروایە، هەندێک هەن تا ئێستا وا ئەزانن ئێمە تا ئێستا نەچووینەتە نێو مۆدێرنیزمەوە، کەچی ئێمە هەر لە سەردەمی( ئەڵتەهتاوی) ەوە سەر بەزەمەنی مۆدێرنین، تەنانەت لەو کاتەوەی کە چاپخانە هاتە نێو چیاکانی لوبنان ئێمە لەو کاتەوە سەر بەمۆدێرنیزمین. یا ئەوەتا ئێمە مۆدێرنێکی خولٚقێنەری بەرهەمهێنەرین، یاخود ئەوەتا تەنیا بەکارهێنەرین. گرفتەکەش ئەمەیە. لێرەوە دانانی جیاوازکاری لە نێوان تایبەتمەندی و جیهانی هیچ سوودێکی نییە. لەبەر ئەوەی تەنیا تایبەتمەندییەکان بوونیان هەیە. لەگەڵ یەک جیاوازی ئەویش ئەوەیە کە هەندێک تایبەتمەندی زۆر بەهێز هەن بەداهێنان و خولٚقاندن و بەرهەمهێنانەکانیان خودی خۆیان بەسەر شانۆی نەتەوەکاندا ئەسەپێنن. بەم مانایە یان ئەوەتا ئەبێ ئێمە تایبەتمەندی ڕۆشنبیری داهێنەر بین، واتە جیهانی، یاخود هەر نەبین.

ئەمڕۆش لەگەڵ شۆڕشی تەکنیکی و تەجەلیاتەکانی لە بەجیهانیبوونی ئابووری و

بەزانستکردنی کۆمەڵگاو ژیان بارودۆخمان ئەمەیە: ئێمە لەوە ئەترسین شوناسنامە و هۆش و ڕۆشنبیریمان تووشی ڕووکەشی و داگیرکردن و بڕین بێت. لە کاتێکدا ئەوەی کە ڕووئەدات گەڕانەوەی نییە بۆ دواوە. باشتر وایە ڕووداوەکان بخوێنینەوە، بیخوێنینەوە نەک بەزمانی نەفرەت و نەعلەت، نەک بەزمانی مەزنکردن و گەورەکردن، بەڵکو بەزمانی تێگەیشتن و دەستنیشانکردن، لە پێناوی بەعەقڵبوون و تەگبیر، تا وەڵامی ڕووداوەکان بەنەفیکردن نەدەینەوە، و خێراش دەستخۆشی لێ نەکەین، بەڵکو تێی بگەین و لە دارشتنەوەیدا بەشداری بکەین، واتە بگۆڕدرێ بۆ فیکرەیەکی بەپیت و بەشێکی مەعریفی، یاخود بگۆڕدرێ بۆ بوارێکی بەردەوامی و بازاڕی گۆڕینەوە.

لێرەوە گرفتی شوناسنامەی ڕۆشنبیریمان وەک وابۆی ئەچین و وای لێک ئەدەینەوە لە ڕامالینەکانی بەجیهانیبوون و بەئەمریکابوون نییە، بەڵکو گرفتەکە لەوەدایە ئەوانەی بەرپرسیارن توانای ئەوەیان نییە بەپێی ڕووداو و بەسەرهاتەکان یاخود لە سایەی دۆزینەوە تەکنیکی و گۆڕانکارە مێژووییەکاندا ئەو شوناسنامە ڕۆشنبیرییە دووبارە داهێنن و پێکی بێننەوە، واتە دەستەوەستان و لاوازن لە بەجیهانیکردنی شوناسنامەکەیان و بەزانستکردنی کۆبوونەوەکانیان و بەکۆمپیوتەرکردنی ئابوورییەکانیان و بەعەقڵکردنی سیاسەتەکانیان و بەگەردوونکردنی بیرو زانینەکانیان. ئەمەش ئەو گرفتە سەرەکییەیە کە ئێمە لە دەستی هەڵدێین و: تا ئێستاش نەمانتوانیوە فیکر بخولقێنین و بوارەکان بکەینەوە، یاخود ڕۆڵەکان بگۆڕین ئەرکەکان داهێنین، بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر ئاستە جۆراوجۆرو هەمەچەشنەکان ڕووبەڕووی سەرسەختییەکانی بەجیهانیبوون ببینەوە.

کەواتە گرەوەکە لەوەدایە: لە ڕووی ماناو بژێوییەوە وێنەیەکی نوێ بۆ شوناسنامە نیشان بدەین، ئەبێ دەرهێنەرێکی گەلەک بەهێز و دەوڵەمەند و چالاک بەشداری لە دەرهێنانی ئەویش بکات لە ڕێگای برێک تۆڕی نوێی چەمکەکانی وەک بونیادنان، پێکهێنان، پیشەسازی، بەجیهانیبوون، بەزانستکردن، گەشەپێدان و بەردەوامی، گۆڕینەوەو هەروەها ئەو چەمک و مامەڵانەی کە لە چاو ئایدیۆلۆژییەکانی هۆش و شوناسنامە و عەقلیەتی تەوباوی و لێزەوتکردن و لۆجیکی جووتکردن و پارێزگاری کردن. پلەی یەکەم ئەبەخشنە زمانی تێگەیشتن و عەقلیەتی پەیوەندیخواز و ستراتیژیەتی کردارییانەو گۆڕانکارییانە.

شوناسنامەمان ئەوە نییە کە یادی ئەکەینەوەو پارێزگاری و بەرگری لێ ئەکەین. بەڵکو لە ڕاستیدا ئەوەیە کە بەرهەمی ئەهێنین و بەجوانی ئەنجامی ئەدەین، واتە ئەوەی لە



ڕێگای پەیوەندیمان و گۆڕینەوەمان لەگەڵ کەسانی تردا خۆمانی یاخود لەگەڵ جیهانا دروستی ئەکەین. ئەم جۆرە چەمکە کراوەو گۆڕانکارییەی شوناسنامە لەگەڵ چەمکی شوناسنامەی کولتووری و ئەو شوناسنامەیەی کە کۆمەڵە کەس داهێنەرێتی دژئەبێتەوە، دەیانەوێ ئێمە لە پشتیەوە هەمیشە کەسێکی دیکە بین. ئەمەیە ستراتیژیەتی عەقڵی ئەنترۆپۆلۆژی: حەشرکردنی کەسی دیکە لە غەیری خۆی، بەجۆرێک ئەبێتە هۆی جیاکاری و ڕەگەزپەرستایەتی، یاخود ئەبێتە هۆی دوورخستنەوەو دابڕین، لەگەڵ ئەوەشدا کەسی تر لە داڕشتنی پرۆژەکانی و لە مومارەسەکردنی گەمەکانی لەسەر شانۆی بوونی خۆی خودی خۆی لە خۆی نابێتەوە، بەتایبەت ئەمڕۆ خەریکە بەرژەوەندی گەلان هەموو پێکەوە تێهەڵکێشی یەکتری ئەبن.

گەر لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژییەوە واتە لە ڕووی فرە ڕۆشنبیرییەوە شوناسنامە مەشرووعییەتی خۆی هەبێت، ئەوا لە بواری فیکری و مەعریفی مەشروعیەتی خۆی ون ئەکات، واتە ئەو وتنەی بەرێی ئەخەم و ئەو تێزەی ئەیخەمە ڕوو ئەچێتە قۆزاخەوە. بەم مانایە لەسەرم نییە داخرێم بۆ ئەوەی لە عەقڵمدا بەربەست دروست بکەم لە نێوان دەق و فیکرەکاندا، لە نێوان کارەکانی ئەفلاتون و پێشەکییەکەی ئیبن خەلدون، بۆ نموونە لە نێوان جیاکردنەوەکانی حوکمی ئیبن عەرەبی و تەجەلییاتی عەقڵی هیگڵ، بەڵکو هەوڵ ئەدەم فیکری خۆم بکەم بەشەرع بەسەر هەموو ئەو شتانەی کە گرنگ و سەیرو سوڕهێنەرو نایابن لە بابەتی کار و دەقە مەزنەکان ئەو دەقانەی بەربەستەکانی ڕۆشنبیری و سەردەمەکانی مەعریفە ئەبڕن، بەمەش هەوڵ ئەدەم ڕزگار بم لە گەمەی شوناسنامە و ڕەگەزبەخشین بەزانین و بیرەکان. هەروەک هەندێ لە ئێمە ئەپرسن گەر بەربەستێک هەبێت لەوەی کە ڕێگر بێت لەبەردەم بیرکردنەوەی بەرهەمهێنەرو چالاکدا، واتە ئەو گرفتەی کە من ئەمەوێ دەستنیشانی بکەم، ئەوا بەڕەگەزکردنی فیکرو چەمکەکان یەکێکە لە دیارترین ئەو گرفتانە. مادەم بەم جۆرە تەسکبینییە بیر ئەکەینەوە، ئەوا ناتوانین لە بنبەست ڕزگارمان بێت، بەڵکو کارکردنمان بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو ناتەواوی و هەژارییەیە کە شکایەتی لە دەست ئەکەین، بەهەمان ڕادەش پرۆژە شارستانی و هەوڵەکانی گەشەکردنمان مینرێژ ئەکەین.

بێگومان فیکر لە ئاسماندا ناڕوێ، بەڵکو لە مێشکەوە هەڵدەقوڵێ و لە ڕێگەی پەیوەندی بەستن لەگەڵ کەسانی تردا دێتەبەر و، لەسەر زەمینەی واقیع پێکدێ، واتە بیر بەرهەمی ئەزموونە ئەنتۆلۆژییەکانە. بەم مانایە هەر دەستکەوتێ کە کاری لەسەر ئەکەین

و لێوەی دەرئەپەڕین تایبەتە. بەڵکو هەر ئەزموونێ کە ئەچینە ناواخنی دەگمەنی خۆی هەیە، بەڵام فیکرە بەرهەمهێنەرەکان لەبارەی ئەزموون و دەستکەوتەکان، هەمیشە تایبەتمەندییە کولتووری و چوارچێوە نەتەوەییەکان ڕەت دەکات، بۆ ئەوەی کۆمەڵێ پێوانەی مەعریفی و زمانی تێگەیشتن دروست بکەن تا بواری چاوپێکەوتن لە نێوان خودەکانی بیرکەرەوە بڕەخسێنێ.

لێرەوە ئەوەی بەشێوەیەکی بەرهەمهێنەر بیرئەکاتەوە، هەڵناستێت بەپاسەوانکردنی شوناسنامەکەی و بیروباوەڕەکەی، بەڵکو ئەو کەسە هەڵدەستێ بەگۆڕینی وڵاتەکەی بۆ زەویەک بۆ ڕواندنی فیکرە بەپیتەکانی و یاخود هێنانە دنیای تێگەیشتنە تێپەڕەکانەوە. گەر وا نەکەین ئەوا ڕێگا ئەدەین بەو کەسەی کە سکاڵای داگیرکردن و سەپاندنی هەژموونی لێ ئەکەین بیر لە خۆیی و لە خۆشمان بکاتەوە و زیاتر مومارەسەی داگیرکردن بەسەر عەقڵ و ڕۆشنبیریماندا بکات.

دەرچوون لەم بنبەستە ئەنتۆلۆژییە کە پێوەی ئەناڵێن بەوە ئەبێت، کە ئەبێ دەست بکەین بەهەڵوەشاندنەوەی میکانیزمی بیرکردنەوەمان ئەویش لە پێناوی گۆڕینی شێوەی بوون و جۆری مومارەسەکردنی، بەجۆرێک کە پەیوەندی لەگەڵ مندا لە ڕێگای زاراوەکانی بنەچەو پارێزگاری و ترس نەژێنێتەوە، بەڵکو لە ڕێگای زاراوەکانی دەرچوون و سەرسەختی و داهێنان و بڕین و گۆڕین. ئەو کاتە دروشم خۆبەستنەوە نابێت بەپرنسیپ و ترس نابێت لەونبوون و توانەوەی زاکیرەو شوناسنامە، بەڵکو دروشم ئەبێتە هەڵوەشاندنەوەی بنەچەو دەرچوونی مرۆڤ لە زاکیرەی خۆی، بەشێوەیەک بواری پێ ئەدرێ پەیوەندی خۆی لەگەڵ شوناسنامە و جێگیریەکانی بگۆڕێت لە شێوە داخراوەکەی وەک ناوێکی بێ گیان بۆ شێوەگەلێکی کراوەو پڕ جووڵە، وەک وزەیەک توانای داهێنان و خولڵقاندنی هەبێت، ئەمەش ڕێگایەکە بۆ بونیادنانی پەیوەندی لە گەڵ ئەویتردا، کە لەسەر ئاستی ڕێککەوتن و بڕواهێنان بەیەکتری پێکدێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی سەرەوە ئەوەی پێویستمانە بریتی لە ترسی هێرش نییە، بەڵکو بریتییە لە مومارەسەکردنی دژە داگیرکردن ئەویش لە ڕێگای داهێنانی نموونە و داهێنانی فیکرو بەرهەمهێنانی شمەک و بەڕێوەبردنی زانینەکان بکەین.بەڵام قسەکردن لەسەر هێرشی ڕۆژئاوا بۆ سەر ڕۆشنبیرەکانی دیکە، هەروەک هەندێ لە ڕۆشنبیرە ڕۆژئاواییەکان ئەیڵێن، و ڕۆشنبیرانی وڵاتە عەرەبییەکانیش ئەیقۆزنەوە، ئەوە خۆی هەڵخەڵەتاندنی خودە، چونکە ئەو بۆچوونە وامان لێ ئەکات لەسەر قەناعەتەکانی خۆمان دڵنیابین و پارێزگاری سستی و کشانەوەکانمان بکەین.



ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ڕەخنەگرتنی ڕۆشنبیرێکی گەورەی وەک شۆمسکی لە ڕۆژئاوا و کولتوورەکەی و سیاسەتەکەی بێ سوودە. بەڵام ئەم سوودە بەپلەی یەکەم بۆ ڕۆژئاواییەکان ئەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕەخنەیەی کە شۆمسکی لە سیاسەتی وڵاتەکەی ئەگرێت نیشانەیەکە لە نیشانەکانی زیندوویێتی و هێزی کۆمەڵگای ئەمریکی. بەڵام ئێمە دژ بەڕەخنە ئەوەستینەوە، واتە ئێمە دژی کردنەوەی مەلەفە داخراوەکانین و دژبە بڕینی بەربەستەکان و، دژ بەهەڵوەشاندنەوەی کەرەستە پەککەوت و هەڵوەشاندنەوەی پەیڕەوە ناتەواوەکانین... ئەمەش ئەو جیاوازییەیە کە لای ئێمە ڕوو ئەدات و ئەوەشی لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوادا ڕوو ئەدات. مومارەسەکردنی ڕەخنە لەخۆگرتن لای ئەوان بوار بۆ نوێبوونەوەی ڕۆشنبیری و دەوڵەمەندکردنی مەعریفی ئەڕەخسێنێ، بەهەمان ڕادەش بوار بەگەشەکردنی سامان و دووبارە بونیادنانەوەی هێز ئەدات. لای ئێمە کارەکە بەپێچەوانەوەیە، ئێمە بۆ کەسێک هەلهە لەلێ ئەدەین کە بەرگری لە سستیمان ئەکات و کار بۆ بەردەوامی ناتەواوییەکانمان ئەکات.

چ جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەم دوو هەڵوێستەدا هەیە. کولتووری ئەوان بواریان پێ ئەدات، نەک تەنیا شوناسنامەکەیان بخەنە ژێر ڕەخنەو بەرپرسیارییەوە، بەڵکو بواریان پێ ئەدات بەرگری لە شوناسنامە کولتوورییەکانی دیکەش بکەن. ئەم حاڵەش بواری ڕەخساندووەو تا ئێستاش ئەیڕەخسێنێ بۆ داواچییەکان و ڕۆشنبیران لە عەرەب و موسڵمانەکان کە مەسەلەکانیان بخەنە ڕوو گفتوگۆ لەسەر گرفتەکانیان بکەن و کۆبوونەوەکانیان سازبدەن و شۆڕشەکانیان لەسەر زەوی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بەڕێوەبەرن، ئەو ڕۆژئاوایەی هەر ئەوان بێ وچان بەردەوامن لە ڕەخنەگرتن و هێرشی ئایدیۆلۆژی کردنەسەری، ئەزموونەکانی ئەفغانی و عەبدە تا ئەگاتە ئیمام خومەینی شایەدی لەسەر ئەم قسەیە ئەدەن.

بەڵام کولتووری ئێمە، هەروەک پارێزەران لە ڕەجمکەرانی ڕۆژئاواو شارستانییەکەی مومارەسەی ئەکەن، هیچ بوارێک ناڕەخسێنێ تەنیا مەزنکردنی خودو هێرشکردنە سەر ئەوی تر نەبێت، بەڕەتکردنەوەی هەرچی ئیجابی و پڕ بەهایە بۆ خودی خۆی و ئەوەشی سلبی و ڕووخێنەرە بۆ ڕۆژئاوا. بەڵکو ئێمە بزانین و نەزانین دەست ناپارێزین ئەوەی کە ڕۆژئاوا بەدەستی هێناوە لە دەستکەوت و پاشماوە چاکەکان بیکەین بە هی خۆمان و، ئەوەشی تووشمان ئەبێت و دروستی ئەکەین لە ناتەواوی و ڕێگرو ڕووخاندن بیدەینە پاڵ ڕۆژئاوا، ئەمەش هەڵوێستی داواچییەکانە لە ڕۆشنبیری عەرەبی، ئەوان هەرکاتێک کە

داهێنانێکی ڕۆژئاوا تووشی شۆکی کردبێتن، ڕۆیشتوون لە جیاتی ئەوەی ئەو داهێنانە بۆ داهێنانی بەرهەمێکی نوێ بەکاربێنن، لە ڕۆشنبیری ئیسلامیدا بەدووی بناغەیەک یاخود شێوەیەک لەو داهێنانە گەڕاون. ئەوەش ئەوپەڕی نێرسیسی کولتوورییە سەرەڕای ئەوەش بریتییە لە ساختەیی بوون و شاردنەوەی ڕاستییەکان، ئەمەش ئەبێتە هۆی زیادبوونی لاوازی و ناتەواوی و کەمبوودی و پێشێلکردن.

بەم جۆرە ڕۆژئاواییەکان فیکری نوێی وەک بەجیهانیبوون دائەهێنن، یاخود ئەوان ئەو چەمکانەی کە بەکارئەهێنرێن دووبارە بەشێوەیەکی داهێنەرانە دایانئەهێنێتەوە، هەروەک چۆن لەگەڵ عەقلانی و ڕۆشنگەری و گەشەپێدان و ئازادیدا ئەنجامیان دا، بەڵام ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو زاراوانە بۆ تەنیا زانیاری و ئەیقونات ئەگۆڕین، بەئەندازەی ئەوەش داهێنراوەکان و بەرهەمە شارستانییەکان بۆ داکۆکییە ئایدیۆلۆژییە نەتەوەیی و خولقییەکان ئەگۆڕین. بەکورتی، فیکری زیندوو ئەو فیکرەیە پەیوەندی بەرهەمهێنەرانەی لەگەڵ حەقیقەتدا هەیە، بەقەدەر ئەوەش توانایەکی چالاکی هەیە لە خوێندنەوەی ڕووداوەکان و داڕشتنەوەیان. ئەمەش دانپیاهێنانە بەهێزی ڕاستییەکان لە پێناوی بەشداریکردن لە دروستکردنی ڕووداوەکان. کەواتە ئەوەی بەشێوەیەکی داهێنەرانەو خولقێنەرانە بیرئەکاتەوە، ئەوا ئەو کەسە لە نێو دڵی ڕووداوەکان ئەژی و لەسەر ئاستی ڕووداوەکانە، چونکە گرنگی بەو زانینانە ئەدات کە ڕووی داوەو بەهەمان ڕادەش گرەو لەسەر ئەو ڕووداوانە ئەکات کە ڕووئەدەن. گرەوی منیش ئەوەیە لەو بازنە داخراو و پۆلینکردنە نەزۆکانە دەرچم کە لە ناخی خۆیاندا عەقڵ زیندانی ئەکەن، بۆ ئەوەی فیکرم بخەمە کار بکەم بۆ بڕینی بنمیچ و کونکردنی بەربەستەکان، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی جوگرافیای وڵاتەکەم لە ئێستایی فراوانتر بێت، یاخود بەشێوەیەکی جیهانی مومارەسەی شوناسنامە کولتوورییەکەم بکەم.



# شۆکی بەجیهانیبوون لە وتاری دەستەبژێردا

## ١

### ١- بەجیهانیبوون: هێزو وەرچەرخانەکانی

ماوەیەکی زۆر بوو وتاری کولتووری عەرەبی زاراوەکانی وەک دیموکراتی و عەقلانی و پێشکەوتن و مۆدێرنیزم و گەشەکردنی بەسەردا زاڵ بوو... بەڵام ئێستا زاراوەی (بەجیهانیبوون) کە ماوەیەکی کەمە هاتووەتە نێو بازاڕی بەکارهێنانی فیکری، لەوە ئەچێت لە بازاڕی ڕۆشنبیریدا گەلێ ڕەواجی هەبێت و زۆریش بەکارئەهێنرێ. بەو بەڵگەیەی چاوپێکەوتنێکی فیکری نابینی کە نەبەسترێ بۆ باسکردنی مەسەلەیەک لە مەسەلەکان و بەجیهانیبوون تەوەرەیەک نەبێت لە تەوەرەکانی، ئەمە سەرەڕای ئەو کۆڕو کۆنفراسە یەک بەدوای یەکانەی کە لە پایەتەختە عەرەبییەکان بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان ئەکرێت.

بەم جۆرە بەجیهانیبوون خۆی بەسەر ئەهلی ڕۆشنبیرو فیکردا ئەسەپێنێ، ئەوانەی کە بەڕووکەش کارئەکەن و بەڕادەی ئەوەش لە بارەی مانای زاراوەکەوە ناڕێکن، لەبەرئەوەی بەجیهانیبوون شتێکی ئاسان نییە کە بکرێ بەوردی دیاری بکرێت و دەستنیشان بکرێت، بەڕادەی ئەوە کۆمەڵێک پرۆسەی مێژووی بەیەکداچووە کە بەرجەستە ئەبێت لە جوولانەوەیەکی بێ وێنەی ئاسان و هەنووکەیی و هەمەلایەنی و بەردەوامی زانیاری و فیکرو سامان و شتەکان، تەنانەت جوولانەوەی کەسەکانیش. ئەم بازدانە بازدانێکی شارستانییە خۆی لە بەگشتیکردنی گۆڕینەوە ئابوورییەکان و گۆڕینەوە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان ئەبینێتەوە، بەجۆرێک وا ئەکات کە جیهان بەشێوەیەک یەکگرتوو بێت کە هەرگیز وا یەکگرتوو نەبووبێ، بەوەی کە بازاڕێکە بۆ گۆڕینەوەو بوارێکە بۆ مامەڵەکردن و ئاسۆیەکە بۆ پەیوەندی.

بەپێی ئەم مانایەی بەجیهانیبوون، ئەمڕۆ خۆمان بەرامبەر بەڕووداوێکی گەردوونی ئەبینینەوە لەگەڵیا ئەچینە نێو سەردەمێکی گەردوونی بەئاسۆو بوارەکانییەوە، بەشۆڕش و

وەرچەرخانەکانییەوە. ئەم سەردەمە چوار ناونیشانی گەورەی کردنەوە و داهێنان و توانستەکان و گروپکارییەکان کورتی ئەکەنەوەو، کار لە ژیانی مرۆڤ ئەکەن و دەست بەسەر توانا و چارەنووسیاندا ئەگرێ، ئەو چوار ناونیشانانەش بریتین لە: ئابووری ئەلیکترۆنی و، کۆمەڵگای ڕاگەیاندن و بواری تەلەفزیۆن و بۆشایی سیبرانی. هەمووی ئەم گۆڕانکارییانە بەکاریگەری دوو شۆڕشی تەکنیکی بەئەنجام گەیشتوون ئەو دوو شۆڕشەش بریتین لە: شۆڕشی زانیارییەکان ئەم شۆڕشەش لە ڕێگاکانی ڕاگەیاندنی خێرا بوار بەگواستنەوەی دەسکەوتەکان لە بابەتی وێنە و دەنگ و نامە و سیمبولەکان ئەدات بەخێرایی تیشک لەم سەری زەوییەوە بۆ ئەو سەری زەوی، شۆڕشی دووەم شۆڕشی ژمارەکانە ئەم شۆڕشە بوار بەگۆڕینی هەر دەسکەوتێک ئەدات بۆ بونیادێکی ژمارەیی کە خاوەنی یەک شیفرە ئەبێت. لە هەمان کاتدا بوار ئەڕەخسێنێ کە بڕێکی بێ شومار زانیاری لە بوارێکی بچووکدا بەقەد سەرە دەرزییەک ئەمبار بکرێت. ئەم شۆڕشە تەکنیکییە لە بواری پەیوەندی و گواستنەوە، نێوەندەکانی ئیلغا کردۆتەوەو پەیوەندییەکانی نێوان ناوخۆو دەرەوە، دەرەوەو ناوەوە هەڵئەگێڕێتەوە، بەشێوەیەک لەگەڵیا شوێن ناوخۆیی و دەرەوەیی خۆی ون ئەکات بۆ ئەوەی سیفەتی گەردوونی وەربگرێت، وەک بوارێکی کراوە یاخود خاڵێک بۆ پەخشکردن و پەیوەندی بەردەوام. هەر ئەمەش پاڵی بە(بول فیریلیو) نا کە بڵێت ئێمە ئێستا (کۆتایی جوگرافیا) ئەبینین، لەبەر ئەوەی چیتر شوێنێکی دابڕاو و نیشتمانێکی سەربەخۆ و ڕۆشنبیرییەکی شوورەدار بوونی نییە.

لێرەوە بەئاسانی تەماشاکردن و کورتکردنەوە لە خوێندنەوەی دیاردەی بەجیهانیبوون کارێکی ترسناکە: ئێمە بەرامبەر بە ڕووداوێکین کە دەوڵەمەند و چڕو ئاڵۆزە، ئەمەش وای لێ کردووە کە بەڕووی هەموو ماناو ڕوویەکدا بکرێتەوە، هەروەها توانا و بواری زۆر ئەڕەخسێنێ، بەهەمان ڕادەش هێزی کۆمەڵایەتی نوێ دەرئەخات و بوار بەسەرهەڵدانی پێکهاتە کولتوورییە جیاوازەکان ئەدات. لە ڕاستیدا ئەوەی بەدووی ئەو شتانەدا بڕوات دەربارەی بەجیهانیبوون ئەنووسرێ و ئەگوترێ چ لە ڕۆژنامەکان یاخود لە کۆڕە فیکرییەکان ئەوا دژایەتییەک لە هەڵوێستەکاندا ئەبینێ، ئەمەش بەرجەستەبوونی ئەو جیاوازییەیە کە لە خوێندنەوەو دەستنیشانکردنی بەجیهانیبووندا هەیە.

لە لایەک ئەوانەی خاوەن پرۆژەی کولتوورین لە ڕێگای بەوەهمکردنی شوناسنامە و خەیاڵەکانی دادپەروەری و وەهمەکانی ئازادی، بەڕوانگەی شۆڕشگێڕی خەباتگێڕانە، ئایدیالیزمی خەیاڵییانە بەجیهانیبوون ئەخوێننەوە. ئەم کەسانە بەهەندێ هەڵوێستی لە



پێشینەوە دێنە پێشێ ئەویش بۆ ئەوەی مومارەسەی نەفرەتکردن و بەردەبارانکردنی خۆیان بکەن و، بەزمانی شۆک و ڕووخان بدوێن، ئەمەش بەتایبەت لای زۆربەی ئەو ڕۆشنبیرە عەرەب و فەرەنسییانەئە بینرێ، کە ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکان تووشی سەرسوڕمانی لەپڕیان ئەکات. لەگەڵ ئەم تیمەدا بەجیهانیبوون وا ئەخوێنرێتەوە بەوەی بریتییە لە بەدواچوونی شارستانی و داگیرکردنی کولتووری و سەرمایەداری نوێ و دەسەڵاتی ئەمریکی. هەشیانە بەهۆی کاریگەری چەکدارکردنی فیکر و جەستە و شتەکان ئەوەندە لە هەڵوێستیدا توندڕەون، کە بەجیهانیبووندا لە شێوەیەک لە(مەرگی ڕۆشنبیری) زیاتر هیچی تر نابینن.

لەبەرامبەر ئەم گروپەشدا گروپێکی دیکەش هەن بوون بەدەروێشی بەجیهانیبوون، بەهەمان ڕادەش ئەو وەهمەیان لا هەیە کە گوایە بەجیهانیبوون هەموو گرفتەکانی چارەسەر ئەکات و بەسەر هەموو ئافاتەکاندا سەرئەکەوێت، بەو بیانووەی کە ئیمکانیاتی پەیوەندی و گۆڕینەوە لە نێوان تاک و کۆمەڵگاکان دێنێتە ئاراوە. ئەمانە ئەوەندە زیادەڕۆن و بەهەمان ڕادەش بەو ڕادەیەش واقیع ئاسان ئەکەن، ڕاستە بەجیهانیبوون دۆزەخ نییە بەڵام ئەو بەهەشتە چاوەڕوانکراوەش نییە کە هەموو ئەو هیوایانەی کە پێشتر نە لە سەردەمی ڕزگاریخوازی و نە لە سەردەمی ڕۆشنگەری بەدی نەهاتوون لە لای ئەم بەدی بێت.

واباشترە بەجیهانیبوون بخوێنرێتەوە خوێندنەوەیەکی چالاک بەلۆجیکی نوێگەرییانە و مەودای بوونگەری. ئەم کارەش ئەو کەسانە ئەنجامی ئەدەن کە بەزمانی ڕووداو و لۆجیکی تێگەیشتن مامەڵەی لەگەڵدا ئەکەن، ئەم کەسانە بەهەڵوێستی لە پێشینە ناچنە نێو بەجیهانیبوونەوە بەڵکو هەڵوێستیان پاشان دروست ئەبێت لە میانەی تێگەیشتن لە بەجیهانیبوون و دەستنیشانکردن یاخود پاش لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی مەسەلەکان. ئەمەش پیشەی کەسێکە کە لە مەیدانی فیکر کارئەکات: لە پێناوی وریاکردنەوەی فیکرەکانی واقیع نەفی ناکات، بەڵکو لەبەر ڕۆشنایی ڕووداو و بەسەرهاتەکان دووبارە چاو بەوتنەکانی خۆی ئەخشێنێتەوە، لەبەر ئەوەی پاش ڕووداوی گەورە و کارە ترسناکەکان، شتەکان وەک خۆیان نامێننەوەو، ئەمەش وا لە مرۆڤ ئەکات پەیوەندی خۆی دووبارە لەگەڵ فیکرەکانی خۆی ڕێکوپێک بکاتەوە، بەمەبەستی گۆڕینی پەیوەندی خۆی لەگەڵ واقیعدا.

ئەوەی ئێستا ڕووئەدات، ئەوەیە ئێمە لەگەڵ بەجیهانیبووندا بەتەکنیک و چالاکییەکانی

وەک کۆمپیوتەرو تۆڕ و کامیراکان لە بۆشاییەکەوە بۆ بۆشاییەکی دیکە ئەچین. ئێمە لە بەرهەمهێنانی میکانیکییەوە بەرەو بەرهەمهێنانی ئەلیکترۆنی، لە ماتەریالە قورسەکانەوە بۆ ماتەریالە ناسکەکان، لە کارگێڕی شتەکانەوە بۆ کارگێڕی زانیارییەکان ئەڕۆین، لە زێدەبەهاییەوە بۆ بەهای زێدەتر ئەڕۆین کە بەهۆی بازرگانی ئەلیکترۆنییەوە وە دەست ئەکەوێ. هەروەها لە کاری دەستەوە بۆ کرێکارانی مەعریفە ئەڕۆین ئەوانەی سیمبول و ئەنجامە موجەڕەدەکانی سەر شاشە ئەخوێننەوە. لە هەمووی گرنگتر بۆ ئەلفوبێی پیتەکان ئەلفوبێیەکی دیکە زیادئەکەین کە پێی ئەوترێ ئەلفوبێی ژمارەیی، وا ئەکات کە مەعریفە لەسەر ئاستی خستنەڕووی ژمارەیی بێت نەک لەسەر ئاستی نموونەی پێوانەیی و جۆری سەلماندنی.

دواجار و بەتایبەت لەگەڵ بەجیهانیبووندا ئەو زەمەنە فیعلییەی کە بەخێرایی تیشک ئەڕوا زەمەنی تەقلیدی بە هەرسێ مەوداکەیەوە ڕائەماڵێ، بەم جۆرەش شوێن بەجیهانیبوونی بەسەردا دێت و جیاوازی لە نێوان دەرەوەو ناوەوە نامێنێ، چەند کۆمەڵێکی نوێ پێکدێت، ئەو کۆمەڵانە شوناسنامەکەیان بریتییە لە بازاڕو نیشتمانەکەشیان ئەو شوێنەیە کە بەرهەمە زۆر باشەکانی پێ ئەگات، و ئەو جوگرافیە سیاسیەی کە پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی لەسەر بناغەی مەوداو نێوەندەکان ڕێک ئەخست، لە بەرامبەر بەرژەوەندی پەیوەندیە نوێکاندا پاشەکشە ئەکاو لەڕێگای جەنگی زانیارییە ئەلیکترۆنییەکانەوە لەسەر بناغەی بڕینی سنوورە نەتەوەییەکان دائەمەزرێ.

بەکورتی: لەگەڵ بەجیهانیبووندا لە واقیعی فیعلیی داگیرکراوەوە بۆ واقیعی ئاسمانی ئەڕۆین، واقیعی دەستکردی بێ سنوور،ئەم واقیعەش بواری خەیاڵی سیبرانی ئەیڕەخسێنێ بەخۆی و شۆڕشە ژمارەیی و پێکهاتە ژمارەییە بێ کۆتاییەکەی. بەم جۆرە بەتایبەت بونیادی واقیع ئەگۆڕێ و بەهەمان ڕادەش لە ڕێگای وێنەو ژمارەکانەوە خێرائەکرێت و چڕ ئەکرێتەوەو چەندبارە ئەکرێتەوە.

بەم جۆرە لەگەڵ بەجیهانیبووندا دیمەنی جیهان ئەگۆڕێ لە هەمان کاتدا نەخشەی پەیوەندییەکان لەگەڵ شتەکاندا ئەگۆڕێت، بەجۆرێک واقیعێکی جیهانی نوێ پێکدێ، لەمڕۆ بەدواوە چیتر بواری ئەوە نابێت سنوورەکان بەشێوەیەکی بنبڕو کۆتایی نەخشەی بۆ بکێشرێ، هەروەها شوناسنامەی کولتووری نەرم و هەمەلایەنە دروست ئەبێت، هەروەک لای کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکاندا ئەبینرێ.

بەم مانایە لە پرۆسەی بەجیهانیبووندا لەسەر چەند ئاستێک سنووری کولتوورو



کۆمەڵگاکان ئەبەزێنرێ. یەکەم لەسەر ئاستی باڵادا خۆی لەو بڕە زانیاری و وێنەو بەهاو نموونانەدا ئەبینێتەوە کە لە ڕێگای فرەشێوازەکانی ڕاگەیاندندا بڵاوئەبنەوەو جیهان بۆ یەک سیستەمی گەردوونی و پەیوەندی گشتی ئەگۆڕێ: ئاستی نێوەند خۆی لە بەیەکبوونی بازاڕی دراودا ئەبینێتەوە لە ڕێگای بازرگانی ئەلیکترۆنی لەسەر دەستی کۆمەڵە بەرهەمهێنەرو خاوەن کۆمپانیا فرە نەتەوەکان: ئاستی پایین ئەو ئاستەیە کە خۆی لە جووڵانەوەو هاتوچۆی کەسەکان ئەبینێتەوە ئەو کەسانەی وڵات و کیشوەر و سنوورەکان ئەبەزێنن، ئەم کارەش بەهۆی فراوانبوونی کەرتی گەشتوگوزاری و زیادبوونی کۆچکردن و جووڵانەوەی سەرمایەداران بەکارە پڕ جووڵەکانیان.

## ٢- شوناسنامە: پارێزەران و بەرگریلێکەرانی:

ئایا ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ ئێمە ئەبێت ترسمان لە شوناسنامە ڕۆشنبیرییەکەمان هەبێت بەرامبەر بە بەجیهانیبوونی و هێزەکان، وەک ئەو پەرچدانەوەیەی لای ئێمە ڕوو ئەدات بەتایبەت پەرچدانەوەی خەباتگێڕو لافلێدەران ئەوانەی بەبەرگریکردن لە جیهانێتی و وڵات و مۆدێرنیزم و تایبەتمەندێتی کولتووری بەرەنگاری بەجیهانیبوون ئەبنەوە؟

هەروەک داواچی و بەرگریکەرانی هەڵبژێرەرانی فیکری و خاوەن پرۆژە ئایدیۆلۆژییەکان ئەڵێن، ئایا بەجیهانیبوون بەڕاستی ترسێکی ڕاستەقینەیە بۆ سەر شوناسنامەی ڕۆشنبیری؟

ئەم جۆرە پرسیارانە بەڕای من پرسیارێکی زۆر گرنگتر ئەشارنەوە کە ورووژاندنیان پێویستترە ئەو پرسیارەش ئەمەیە: ئایا تا ئێستا ئەهلی بەرگریکەرو پارێزگاریکەر خاوەنی ئەو مەشرووعییەتە هەن کە تیایدا سەرەڕای مومارەسەکردنی ڕاسپێرێ بەسەر کاروبارەکانی حەقیقەت بەسەر ڕۆشنبیری و شوناسنامە و نەتەوەش ئەو مومارەسەیە بکەن؟

ئەو پرسیارەی ئەکرێ ڕێک بخرێت ئەوەیە کە ئاشکراکردنی ناتەواوی ئەو داوەتچییانەیە لە بەدیهێنانی دروشمەکانی خۆیان کە خستوویانەتە ڕوو، واتە هەڵبژێردراوەکان پاش (رووخاندنی مەرجەعیاتە فیکرییەکان) بۆ پرۆژە شارستانی و سیناریۆ پێشکەوتووەکان، جێبڕوایی و چوستوچالاکی خۆیان لەدەست داوە. ئەوانەشی بەجیدی (دیاردەکانی قەیرانەکە) ئەخوێننەوە دان بەم ڕاستییەدا ئەنێن و بیرئەکەنەوە بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ دەرچوون لەم قەیرانە بدۆزنەوە.

لەمە بترازێ ئەو ناتەواوی پەککەوتەییەی ئێمەی تێداین وەکو خۆی ئەمێنێتەوە.

ئەو خەباتگێڕانەی ژیانی دوورودرێژیان لە خەباتدا لە پێناوی گۆڕینی واقیعی کۆمەڵگاو عەقڵەکان دانا ئەمڕۆ هەر ئەوانەن بەفیکرە یەکلایەنی و عەقڵە داخراوەکانیان ڕووبەڕووی ئەو گۆڕانکارییانە ئەبنەوە، بەهەمان ڕادەش گۆڕانکاری و بەرهەمەکان تووشی شۆکیان ئەکات. شۆڕشگێڕەکان هەروەک خۆیان ئەیانگوت ئەوانەی هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی وڵاتانیان دا بەو سیفەتەی وڵات دەزگای بیروکراتییەو مافی گشتی و ئەرکی گشتی داگیر ئەکات، هەڵدەستن بە لە قاڵبدانی تاکەکان و ملکەچکردن بەکۆمەڵەکان، بەڵکو (لەناوبردنی بوونەوەرەکان)، کەچی ئەمڕۆ هەر ئەوانن خۆیان بۆ ئەو دەوڵەتە ئەگرین و داوائەکەن ئەو دەوڵەتە بەرامبەر هێزی بەجیهانیبوون بپارێزرێ، ئەو هێزەی ماف و سەروەری دەوڵەت پێشێل ئەکات.

نێونەتەوەییەکان ئەوانەی بەتاوانی ڕەگەزپەرستی و فاشیزمی ڕەگەزپەرست بەردەبارانی نەتەوەپەرستەکانیان ئەکردو هەروەها هۆی هەڵگیرساندنی جەنگە وێرانکاریەکانیان ئەخستە سەر شانی ئەوان، هەر ئەوان ئێستا لە لاوازبوون و پارچەپارچەبونی ئەو نەتەوەیە ئەترسن، ئەم ترسەش بەهۆی پرۆسەی بەجیهانیبوون ئەو بەجیهانیبوونەی کە نێرسسیەتی ڕۆشنبیری تێک ئەشکێنێ و بەهەمان ڕادەش ئاسۆیەکی نوێ بەرامبەر بەپەیوەندی نێوان مرۆڤ ئەکاتەوە. لایەنگرانی یەکێتیبوون ئەوانەی بەشەبەنگی یەکبوونەکانیانەوە پارچەپارچەبوون و هەڵوەشاندنەوەیان بەرهەم هێنا و ئەمڕۆش هەر ئەوان نەفرەت لەو بازاڕە ئەکەن کە بوارێک بەرامبەر بەیەکبوون ئەڕەخسێنێ و تیایدا بڕواو ئایدیۆلۆژییەکان بەسەریا سەرئەکەون. چەپڕەوەکان ئەوانەی پێشتر دژ بەو (جیهانێتی)یە بوون کە پێیان وایە ئەو جیهانێتییە شێوەیەکە لە داگیرکردن وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان ئەیگرنە بەر بۆ داگیرکردنی نەتەوەو وڵاتانی دیکە، کەچی هەر ئەو چەپڕەوانە ئەمڕۆ داوای (وێرانکردنی) بەجیهانیبوون ئەکەن لە پێناوی زیندووکرنەوەی جیهانێتی، ئەمەش بەجوانی بەدی ئەکرێت لەلای هەندێ لەو ڕۆشنبیرە فەڕەنسییانەی کە بەپەرۆشن بۆ سەردەمی جیهانێتی، ئەو زەمەنەی کە تێیدا فەڕەنسا مومارەسەی دەست بەسەراگرتنی کولتووری و سەربازی ئەکرد. گەر خۆمان و کەسانی دیکەش هەڵنەخەڵەتێنین ئەمەیە ڕۆڵی جیهانێتی: تایبەتمەندییەکی کولتووری داهێنەرو گەشەکردوانەیە، بەیەکێ لە هەر سێ هێزەکەی خۆی بەسەر گۆڕەپانی جیهاندا ئەسەپێنێ، ئەو سێ هێزەش: سامان و مەعریفەو هێزی پەتی یاخود هەرسێ هێزەکە پێکەوە.



بەڵام پێشکەوتووخوازەکان ئەوانەی کە مۆدێرنیزمی فیکرییان بەقوتابخانە جۆراوجۆرەکانی و تەوژمەکانیەوە وەک فەلسەفەیەکی ئایدیالیزمی و ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداری لەقەڵەم ئەدا، ئەمڕۆ هەر ئەوان ئەیانبینین وەک نقومبوویەکی نێو ئاو خۆیان بەو مۆدێرنیزمەوە ئەگرنەوە کە بەسەرچووە، واتە بەو مۆدێرنیزمەی کاتی خۆی ڕەتیان ئەکردەوە، لە پێناوی دووبارەکردنەوەو لاساییکردنەوە قسەکانی یەکتری دووبارە ئەکەنەوە: چۆن ئەتوانین ڕەخنە لە مۆدێرنیزم بگرین، لە کاتێکا هێشتا مۆدێرنیزمی خۆمان بەرهەم نەهێنراوە؟ بەم جۆرە لەگەڵ مۆدێرنیزمدا مامەڵەیەکی زەمەنی ئەکەن بەوەی کە قۆناغێکی مێژووییە هەر پێویستە پێیدا بڕۆین، بەهەمان ڕادەش مامەڵەکردن لەگەڵیا مامەڵەکردنێکی لاهوتی تەقلیدییە بەو وەسفەی پرنسیپێکی هەڵبژاردە یا نموونەیەکە ئەکرێ پەیڕەو بکرێت بەمەش ئاگایان لەوە نییە کە مۆدێرنیزم هەڵبژاردنێکی فیکرییە جۆرێکە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان و واقیعی ئێستا، بەڵکو هەڵوێستێکە لە حەقیقەت و تیایدا مرۆڤ ئەکەوێتە ژێر ڕەخنەو پشکنین و گەڕان بەدووی لەپێشینە فیکری و قەولە پۆشراوو مومارەسە تاریکییەکان.

مۆدێرنیزم لە شەپۆڵە یەک بەدوای یەکەکانی بەم جۆرە بووە، بریتی بووە لە گومان و پرسیارکردن یاخود ڕەخنەو ئاشکراکردن، هەروەک لای دیکارت ئەیبینین مۆدێرنیزمی فیکری بەکردنەوەی مەلەفە داخراوەکانی عەقلە بەستەڵەکەکان ئاشکراکرد، یان لای کانت کە لەگەڵ ئەودا مۆدێرنیزمی فەلسەفی بوو بەمەفهووم و مومارەسە، بریتیی بوو لە چوستوچالاکی ڕەخنەیی لەگەڵیا توانای نوێ بۆ بیرکردنەوەو کارکردن سەری هەڵدا، یاخود لای نیتشە پاش مۆدێرنیزمی دۆزییەوە بەئابڕووبردنی وەهمەکانی مۆدێرنیزم وجێ پێلەقکردنی پایەو بتەکانی. بەم مانایە هزرڤانی نوێ خۆی پەیوەندییەکی ڕەخنەیی لە گەڵ خودی خۆیدا بەرپا ئەکات بۆ ئەوەی هەمیشە بۆ بیر بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەو دەزگاکانی یاخود بۆ سیستەم و میکانیزمی کارکردنی، بەجۆرێک بواربدات بەئاشکراکردنی شوێنە پەککەوتەکان و بەجێهێشتنی بارەکانی ناتەواوی، ئەویش بەداهێنان و خوڵقاندنی هێزی نوێ بۆ بیرکردنەوەو دەربڕین، ئەمەش مانایەکە لە ماناکانی ڕووناککردنەوە.

دەربارەی دوایین شەپۆڵ، کە پێی وتراوە (پاش مۆدێرنیزم)، هەروەک لای بیرمەندە هاوچەرخەکان ئەوانەی لەسەر ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیزم کاریان کردووە نوێنەرایەتی هەبووە، ئەم تەوژمە بووە بەهۆی پێکهێنانی فەزای عەقڵی نوێ، کە عەقڵانیەتی مۆدێرنیزم ئەبڕێ ئەو عەقڵانیەتەی کە چیتر کەڵکی ئەوەی نەماوە بەکاربهێنرێ بۆ خوێندنەوەی جیهان و

ڕووبەڕووبوونەوەی سەرسەختییەکانی واقیع. بەم جۆرە لەگەڵ تەوژمی ڕەخنەی ئێستادا، بوارگەلێکی زۆر ئەکرێتەوە بەرامبەر هزرڤانەکانی ڕۆژئاوا، بۆ دووبارە داڕشتنەوەی عەقلانییەکان داڕشتنەوەیەکی فراوان و ڕێکوپێکتر، بەجۆرێک بوار بڕەخسێنێ تا مەوداگەلی نوێتر بۆ پەیوەندی و گۆڕینەوە بخولقێت . هەروەها ئەم شەپۆڵە ڕەخنەییە بەرامبەر بەڕۆشنبیرەکانی دەرەوەی گۆڕەپانی ڕۆژئاوا ئەو دەرگایانە ئەکاتەوە کە داخراوبوون، بەهەمان ڕادەش لە عەقڵیەتی نموونەیی و پاشکۆیی ڕەهایان ئەکات، ئەمەش لە ڕێگای ڕەخنەی کاریگەرەوە بواریان بۆ ئەڕەخسێنێ تا شوێنەوارە پاشکۆیەکان بەجێبهێڵن بۆ ئەوەی بەشداری لە پیشەسازی دیمەنی فیکری بکەن بەبێ گوێدانە تایبەتمەندییە ڕۆشنبیرییەکان و، بخزێنە نێو گفتوگۆی زیندوو بەپیتەکانی گرفتی بوونگەری ئەوانەی جێی گرنگی مرۆڤی هاوچەرخن.

بەم مانایە ئێمە لە دواین شەپۆڵیەوە خزاوینەتە نێو واقیعی ئێستاو، خزاوینەتە نێو جیهانی هاوچەرخمانەوە، جا چ ئەو واقیعە ناوبنێین (بەجیهانیبوون) یان (پاش مۆدێرنیزم)، یان ئەوەتا مومارەسەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێستاماندا بەشێوەیەکی سلبی و پەراوێزی و نەزۆک بکەین، یاخود بەپێچەوانەوە: بەشێوەیەکی بەرهەمهێنەرو، دەوڵەمەندو سامان‌دار، یاخود بەشێوەیەکی هەنووکەیی و چالاک، بۆ ئەوەی ئەوەی ڕووئەدات بیری لێ بکەینەوەو لەدروستکردنەوەی ڕووداوەکان بەشداری بکەین هەروەها بەو ڕووداوە بتوانین ئەو شتە دروست بکەین کە کردارو کاریگەرە، بۆ ئەوەی بەشداری لە دروستکردنی ڕووداوەکانی بکەین و لەسەر شانۆکەشی ئامادەبین. بەڵام ئەوانەی چاوەڕوانی بەدیهاتنی مۆدیرنیزمن بۆ ئەوەی پاشان دەستکەن بەڕەخنەگرتن لێی، ئەوا ئەو کەسانە بەدووی مۆدێرنیزمدان ڕائەکەن بەڵام مۆدێرنیزم هەمیشە گوڕیان ئەداتەوە، ئەوان ئەوەندە بەلۆجیکی ئسووڵی و دواکەوتووانە بیرئەکەنەوە بەپێی پێوانەی مۆدێرنیزم کۆن بووە. ئەوەی ئەمە ئەکات لەو شتە ناگات کە ئەیلێ، ئەو کەسە بەهەمان ڕادەش بەرەو پاش ئەکشێتەوە، شایەدی ناتەواوی خۆیەتی و دووبارە پەراوێزی خۆی بەرهەم ئەهێنێتەوە.

بەم جۆرە هەمووان بەگەڕانەوە بۆ دواوە دوژمنایەتی تەکنیکەکانی بەجیهانیبوون و پرۆسەکان و هێزە چالاک و کارکەرەکانی لە دووبارە پێکهێنانەوەی جیهان ئەکەین، بەمەش ئەو دراوە بەکارئەهێنن کە چیتر سەرف نابێت، ئەمانیش وەکو ئەو کەسانەی کە داوا ئەکەن کە لە کارگەوە بگەڕێنەوە بۆ کێڵگە، یاخود واز لە چاپخانە بهێنرێ بەگەڕانەوە



بۆ زەمەنی لەبەرنووسینەوە، یاخود بەکارهێنانی چەکی سپی دژ بەچەکی ئەتۆمی میکانیکی. خۆ گومانیش لەوەدا نییە کە ئەوان خۆیان لە ئایندەدا لەگەڵ (بەجیهانیبوون)دان دژ بەوەی کە ڕووئەدات و پێکدێ لەو برە شەپۆڵ و کردنەوەو دەستکەوتنانە، چونکە ئەوان تەنیا بەفیکری پاشەکشانە نەبێ ناتوانن بیربکەنەوە. هەر ئەمەش بەتەنیا لەرزۆکی هەڵوێستی ئەوان و پەراوێزی ڕۆڵی ئەوان و هەژاری فیکرەکانیان دەرئەخات.

لەمانە لە هەمووان سەیروسەمەرەتر ئەو کەسانەن کە لای ئێمە بەو پەڕی دەنگیانەوە هاوار ئەکەن ئەڵێن: ڕۆشنبیری دوا مەتەرێزە بۆ بەرگریکردن، بۆیە ئەبێ بەرگری لێ بکەین تا هەرەس نەهێنێ. گەر ڕۆشنبیری (واتە وەهمەکانیان دەربارەی ڕۆشنبیری) ئەوەندە قایمە وەک خۆیان ئەڵێن، ئەوا ئەو هەموو داگیرکردنانە ڕووی نەئەدا ئەوەی کە لەوتنە بەردەوامەکان و نەفرەت و کردنەکانیان لەبارەی داگیرکردنی ڕۆشنبیرییەوە گلەیی لێ ئەکەن. ئەمەش قسەکردنێکە شایەدی لەسەر ئەوە ئەدات شایەدی لەسەر ساویلکەیی و بەهەمان ئەندازەش لەسەر نەزانین، خۆی ڕۆشنبیری زیندوو گەشەکردوو تازەخواز، توانای بڵاوبوونەوەو فراوانبوونەوەی هەیە. ئەمەش سیفەتی بیری بەپیت و کارە فیکرییە نایابەکانە. ئەم بیرە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ئەڕوا بۆ ئەوەی لە زەوییەکی دیکەدا نیشتەجێ بێت. نموونەی زیندوو لەم بارەیەشەوە ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەن کە ئێستا لە زۆر لە وڵاتانی ئەوروپیدا ئەگیرێ بۆ یادکردنەوەی بیری ئیبن ڕوشدو یاخود بۆ بەرهەمی ئیبن عەرەبی.

ئەمەش ئەو جیاوازە ئابڕووبەرەیە: لە کاتێکدا لە لایەک تێکستە عەرەبییە نووسراوەکان گۆڕەپانی فیکری جیهانی داگیرئەکەن، کەچی (دەستەبژێرەکان)ی لای ئێمە، سەرقاڵن بەقسەکردن لەسەر داگیرکردن و، بەعەقڵیەتی پارێزگاری و ئیرادەی بەرگریکردن کەلەپچە کراون. ئەنجامیش: پارێزگاریکردنێکی ناتەواوو بەرگریکردنێکی فاشیلانە و وتنگەلێکی لەرزۆکە کە ڕۆشنبیری گەیاندۆتە حاڵەتێک هەرچی ئەو شتانەی کە ئەیلێ و ئەو ڕۆڵ و ئەرکانەی ئەیبینێ کاریگەری و ڕاستگۆییان لە دەست داوە.

لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆشنبیران تا ئەم کاتەش وەک نوێنەری کاروباری گشتی و مەسەلەکانی خەڵکی مامەڵە ئەکەن، بەو حیسابەی ئەوان کۆمەڵێکی دەستەبژێر و پێشکەوتوو ڕووناککەرەوەن، ئەرکی داڕشتنی ئەرکە مێژوویی و پرۆژە شارستانییەکانیان پێ سپێردراوە. ئەمەش جیاوازییەکی تری ئاشکرایە، کە تەعبیر لە ساویلکەیی فیکری و

نێرسسیەتی ڕۆشنبیری ئەكات، سەرەڕای تەعبیركردن لە وەهمە ئایدیۆلۆژییەكان.

لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیر ئێستا لەچاو كاركەرانی بەشەكانی تری وەک پیاوانی نێوەندو ئەندازیارانی كۆمپیوتەر و خاوەن بانک و سەرمایەدارەكان و یاریزانانی تۆپی پێ و ئەو كەسانەی دیكەش كە لە بواری كارەكانی خۆیان مومارەسەی زیندوویێتی فیكری خۆیان ئەكەن ئامادەیی و كاریگەری كەمترە لەسەر شانۆدا، بۆ ئەوەی بەشداری لە پیشەسازی ژیانی عەرەبی بكەن، ئەویش بەسوودوەرگرتن لە شۆڕش و كردنەوەكان و ئەو داهێنانانەی كە جیهانی هاوچەرخی پێ پێک دێ. بەڵام ڕۆشنبیر كە لە بناغەدا دەسەڵاتی ئەهلی بیر پێک دێنێ، ئەو لەگەڵ ئەوەیدا كە واز لە ئەركی داهێنان و خوڵقاندنی فیكری نوێ و فیكرە تێپەڕەكان دێنێ، بەهەمان ڕادەش كار بۆ ئەوە ئەكات تا پاسەوانی وتنەكانی خۆی بكات و بۆ ئەوەش كار ئەكات تا پارێزگاری ناتەواوی و پەككەوتەیی خۆی بكات، ئەمەش وای لێ ئەكات بەفیكری خۆی واقیع بۆ تەنیا كۆمەڵێ خەیاڵ و كۆمەڵێ خەیاڵ و تەوتەم و نموونە بگۆڕێ. بەڵام ئەوكەسەی بەشێوەیەكی بەرهەمهێنەرو چالاک بیرئەكاتەوە، ئەوە لە ڕێگای چەمک و زانین، ژمارەو ئاماژە، ئەدات و شمەكەوە، دووبارە دنیا دروست ئەكاتەوە.

ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ كە قەیرانی شوناسنامەی عەرەبی لەڕووی كولتووری و كۆمەڵایەتییەوە لەوەدا خۆی حەشارنەداوە كە لە دەرەوە هێرش ئەكرێتە سەری، بەڕادەی ئەوەی گرفتەكە لای ئەو هەڵبژێرەرو خاوەن پرۆژە ئایدیۆلۆژیانەیە كە پارێزەرین و بەرگری لێ ئەكەن، ئەوانەی كە توانایان نییە لە ڕێگای مومارەسەكردنی برین و فراوانكاری ڕاستییەكان دروست بكەن و واقیعەكان بەرهەم بێنن. ئەمەش وا پێویست ئەكات لەسەر داواچییەكان ئەوانەی بیر لە هەڵگرتنی خەم و پەژارەكانی خەڵكی ئەكەن كە سیاسەتی فیكری خۆیان بگۆڕن و دووبارەش چاو بەتۆڕگەلی ئەو چەمكانەدا بخشێنێتەوە ئەوانەی بۆ خوێندنەوەی واقیع و ڕووداوەكان بەكاریان ئەهێنن. یەكەم شت كە پێویستە دووبارە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە چەمكی (دەستەبژێر)ییە ئەو چەمكەی كە بووە بەزاراوەیەكی ساختەو دواكەوتوو، بەتایبەت پاش دۆڕاندنی (دەستەبژێر) لە ئەركە مەعریفییەكانی لە لایەک و لە لایەكی ترەوە لە خەباتە شۆڕشگێڕییە گۆڕانكارییەكانی. ئەمە لە سەردەمی جیهانیدا بەم جۆرە بوو، ئەی لە سەردەمی بەجیهانیبووندا چۆن ئەبێت؟؟

بە دووبارە گەڕانەوە بۆ مەسەلەی بەجیهانیبوون وا باشە بەڕوونكردنەوەی سێ خاڵ كۆتایی بە وتەكەمان بهێنین ئەو سێ خاڵەش بریتین لە:



١- یەكەم مامەڵەكردن لەگەڵ بەجیهانیبووندا لە ڕێگای تاكفیكری و عەقڵی ئایدیۆلۆژی ئاسانكردنەوە یاخود بەلۆجیكی بەڵگەنامەیی تەتابوقی هیچ سوودێكی نییە. لەبەرئەوەی ئەم جۆرە مامەڵەكردنە بەدژی خاوەنەكەی ئەكەوێتەوە، چ ئەوانەی لەگەڵ بەجیهانیبوونن یاخود دژین. بڕوا یەقینییەكان و ئایدیۆلۆژییە داخراو و تیۆرە تەوباوییەكان لە وەهم و درۆ زیاتر لەهەڵەو جیاوازی زیاتر لە ئابڕووچوون و پێشێلكردن زیاتر هیچی تر بەرهەم ناهێنن، جا ئیتر مەسەلەكە لە بارەی سەرمایەدارییەوە بێت یاخود سۆسیالیستی، لە بارەی بڕوا ئاینییەكانەوە بێت یاخود ئایدیۆلۆژییە فەلسەفییەكانەوە، لەبارەی بەجیهانیبوون یان پێش بەجیهانیبوون یان بەجیهانیبوون و پاش بەجیهانیبوون بێت. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ كە ناكرێ بەو پێوانەو نموونە و دروشمە بەسەرچووەكان ڕووبەڕووی ئەو گۆڕانكارییانە ببینەوە كە ڕووئەدات. گۆڕانكاری پەیوەندییەكانمان بەهەموو شتێكەوە ئەبەستێتەوە: بەشوناسنامە و ڕۆشنبیرییەوە، بەدەوڵەت و دەسەڵاتەوە، بەمەعریفەو سامانەوە، بەئازادی و دیموكراسییەوە. ئەو بوارەشی كە كراوەتەوە ئەوەیە ئەبێ كار بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم چەمكانە بكرێت بەجۆرێک بوار بۆ ڕستنی پەیوەندی و بەستنەوەی نوێ لەگەڵ كەسانی ترو جیهان و شتەكاندا بڕەخسێنێ.

٢- دووەم گەرچی بەجیهانیبوون بۆ ئەوە كار ئەكات تا جیهان لە ڕووی شارستانییەوە بكات بەیەک جیهان ئەویش بەهۆی تەكنیكە نوێیەكانیەوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ كە بەجیهانیبوون جیهان لە ڕووی كولتوورییەوە ئەكات بەیەک و كۆنترۆڵی هەموو تایبەتمەندییە كولتوورییەكان ئەكات. مادامەكی مرۆڤ بیرئەكاتەوە ئەدوێ و یاخود ئاماژە ئەكات و خەیاڵ ئەكات، ئەوا ئەو لەڕێگای كارە داهێنەرەكانی و خوڵقاندنە ڕەسەنەكانیەوە بەتەنیا كار ئەكات. بەم مانایە كولتوور تەنانەت لە نێو خودی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش كە ئەو خۆی هێزی بەجیهانیبوون ئەنێرێتە دەرەوە نابێتە كولتوورێكی سەرتاپاگیری یەكخواز، بەڵكو دەروازەیەكی والاو كراوە دەبێت لە ڕووی فرەبوونی مەعریفی و جیاوازی دەلالی و فرەچەشنی مرۆیی خوڵقێنەر.

٣- سێیەم ڕەخنەگرتن لە دەستەبژێر مانای چەپڵە لێدان بۆ بەجیهانیبوون نییە. لەبەر ئەوەی بەجیهانیبوون لە كۆتاییدا وەک هەر ڕووداوێک سلبیات و ترسناكی خۆی هەیە. وەک ئەزانین و پێوەی ئەناڵێین كە كۆمەڵگای پیشەسازی بووەتە هۆی پیسكردنی ژینگە، هەروەک هەندێ لەوانەی كە دیاردەی بەجیهانیبوون شیئەكەنەوە ئەبینن كە

کۆمەڵگای میدیایی بێکاری و کۆکردنەوەی سامان بەرهەم دێنێ. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئیمکانی ئەوە هەیە ئەو واقیع و پرۆسەو هێزانەی کە ڕوو ئەدەن و بە بەجیهانیبوونەوە پەیوەستن نەفی بکرێنەوە. ئەوەی ئەکرێ ئەوەیە مرۆڤ ئەتوانێ لە ڕووداوەکان بەشداری بکات بۆ ئەوەی ئەو کارانەو بەرهەمانەی کە ئەنجامی ئەدات ببێ بەهێزێک لە هێزەکانی بەجیهانیبوون. بەم مانایە بەجیهانیبوون بوارێکی کراوەیە، واتە ڕووداوێکە کاریگەرییەکەی لەسەر ئەوە وەستاوە چۆن مامەڵەی لەگەڵ بەجیهانیبووندا بکرێت، مامەڵەکردن لە ڕووی خوێندنەوە و دەستنیشانکردن، تەگبیرکردن و عەقڵ بەکارهێنان لەگەڵیاو، بەکاربردن و گۆڕینی.

کەسی بیرزیندوو، داهێنەرو نوێخواز، بەرامبەر بەڕووداوەکان چۆک دانادا و خۆی بەدەستەوە نادا، بەڵکو ئەو جیهانێکی فیکری ئەخولقێنێ. ئەو بارودۆخەش ئەگۆڕێ کە تیایەتی، هەروەها پەیوەندی خۆی لەگەڵ واقیعدا ئەگۆڕێ، بەهەمان ڕادەش عەقڵی خۆی و تێگەیشتنەکانی خۆی ئەگۆڕێ. بەجۆرێک بواری پێ ئەدات بیر لەو شتانە بکاتەوە کە بیرکردنەوە دەربارەیان قەدەغە بوو، یاخود ئەو شتانە بکات کە توانای کردنی نەبوو. بەڵام قسەکردن بەزاری ڕووخان و عەقڵیەتی پارێزگەرانە ئەنجامەکەی داگیرکردنی زیاتر و پاشکۆی زیاترو ناتەوایی زیاترە.



# شۆکی بەجیهانیبوون لە وتاری دەستەبژێرەکاندا

## ٢

### ١- گۆڕانی دیمەنە جیهانییەکان

بەجیهانیبوون بەمانا ئاشکراکەی واتە ئاڵوگۆڕی بەگشتیکراو لەسەر ئاستی جیهانی. ئەشکرێ ئەم پێناسەیە هەڵبگێڕدرێتەوە بەوەی بووترێ بەجیهانیبوون واتە بەگشتیکردنی گۆڕینە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان لەسەر ئاستی گۆی زەوی. بەجیهانیبوون پرۆسەی جووڵانەوەی شت و بیرو کەسەکانە بەشێوەیەک کە پێشتر نەبووە و بەشێوەیەکی بەردەوام و بەربڵاو.

ئەم دیاردە گەردوونییە یاخود بازدانە شارستانییە لە ئەنجامی شۆڕشی زانیاری و تەقینەوە تەکنیکییەکانی بواری پەیوەندی ڕووی دا، بەجۆرێک بواری ڕەخسان بۆ گواستنەوەی خێراو یەکسەری دەستکەوتە ناماتەریالییەکان لە بابەتی وێنەو پەیام و سیمبول و تێکستەکان بەخێرایی تیشک و بەردەوامی ئەم کارەش لەڕێگای ئاڵوگۆڕپێکردنی بەهاوکێشە ژمارەییەکان. ئەمەش گۆڕانکارییەکی لە دیمەنی جیهاندا بەدی هێنا، لەگەڵیا نەخشەی پەیوەندییەکان لەگەڵ شتەکان و بوونەوەرەکان، زەمەن و شوێن، ئابووری و بەرهەمهێنان، کۆمەڵگاو دەسەڵات، زاکیرەو شوناسنامە، مەعریفەو ڕۆشنبیری گۆڕا. شایەدیش بۆ ئەمە ئەو چەمکە نوێیانەن کە لەو وتارانەدا بەکارئەهێنرێ کە بە ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوە، یاخود بەوانە و شیکردنەوە، سەرەڕای ڕەخنە و هەڵسەنگاندن باس لە بەجیهانیبوون ئەکەن. بۆنموونە دیارترین ئەو چەمکانە بریتین لە: بەجیهانیبوونی زەمەن، گەردوونێتی شوێن، بەسیمبولبوونی کار، کرێکارانی مەعریفە، یەکێتی بازاڕ، بازرگانی ئەلیکترۆنی، زێدەبەهایی، پەلە ڕێگاکانی میدیا، شۆڕشی ژمارەیی، خەیاڵە سیبرانییەکان، شاری جیهانی، بازاڕی نەزەر، میدیا، بەجیهانیبوونی من، ڕەتکردنی شوناسنامەکان، تێکەڵبوونی جیهانی و ناوخۆیی.

بێگومان گەورەترین و ترسناکترین ڕووداو ئەو کودەتایە بوو کە لە نێوان زەمەن و شوێندا

ڕووی دا بەشێوەیەک لەگەڵ خۆیدا چوارچێوەی هۆش و بونیادی درکپێکراو و نێوەندەکانی بیرو شێوازەکانی مەعریفەی گۆڕی. مەبەستیش لەمە دەستبەسەراگرتنی زەمەنی فیعلی بوو بەسەر زەمەنی تەقلیدی، بێگومان لە ڕێگای گواستنەوەی یەکسەری بەدەستەوەدان و وەرگێڕانی دیجیتاڵی زانیارییەکان، واتە دەستبەسەراگرتنی ئەو زەمەنەی کە خێرایەکەی وەک تیشکە بەسەر ئەو زەمەنە ناوخۆییە تایبەتییانەی کە تایبەتن بەگەل و کولتوور یا تایبەتن بەوڵات و کۆمەڵگاکان.

ئەم کودەتایە، لە نێوان پەیوەندی زەمەن و شوێندا، لە پێکهاتنی بۆشاییەکی نوێ بۆ کۆنترۆڵکردن و پەیوەندی و چاوەدێریدا بەرجەستە ئەبێت، ئەو بۆشاییەش بۆشایی سیبرانییە کە پەیوەندی مرۆڤ لە هەموو ئاست و مەودایەکدا لەگەڵ جیهانا ئەشێوێنێ. یەکەم پەیوەندی لەگەڵ ماتەریالدا دەگۆڕێت ئەو ماتەریالەی کە ئەداتێکی میکانیکی یاخود هێزێکی گەرم بوو بۆ ئەوە ئەگۆڕێت کە ببێت بەشێوازێکی ڕاگەیاندنی خاوەن بونیادی ئەلیکترۆنی هەوایی. هەروەها لەدوایشدا پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا ئەگۆڕێت کە خێرا ئەکرێتەوە و گەورە ئەکرێتەوە لەرێگای شۆڕشی ژمارەیی کە زمان و تێکست و زانیارییەکان ئەگۆڕێ بۆ ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە بەدوای یەکداهاتنی ژمارەو پیتی بێ کۆتایی. بەمجۆرە لە جیهانی سیبرانی کە جیهانێکی ئەگەری و لەبڕیی بێ سنوورە هەموو شتێک یا بەدەستەوەدانێک یاخود بوونەوەرێ لێکچوویەکی ژمارەیی یا ئەڵتەرناتیڤێکی سەرژمێری ئەبێت. ئەمە دەقێکی مەزنە کە واقیع لە ڕێگای شاشەو کۆمپیوتەرەکانەوە چەندبارە ئەکاتەوە بەڕادەی ئەوەش پیتەکان و وشەکان جێگای تێکستە کۆنەکان ئەگرنەوە.

شاشە لەوە دەرئەچێت کە تەنیا ئامێرێک بێت بۆ نیشاندان لە تاکێکەوە بۆ کۆ، ئەمەش حاڵی تەلەفزیۆن و کتێب و ڕۆژنامەیە، بەڵکو ئەمە تاقە ڕۆژنامەیەکە، بەستنەوەی بەو شاشانەی کە وەک خۆیەتی لە لایەک و بەستنەوەی بەتەکنیکەکانی دیکەی وەک کۆمپیوتەر و تەلەفۆن و فاکس لەلایەکی ترەوە، ئەبێتە هۆی کردنەوەی بواری بینراوی لەسەر ئاستێکی بۆشایی سیبرانی، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە کاتێکدا لە ژوورەکەی خۆی بەرامبەر بەشاشەیەک دانیشتووە جیهان دێتە بندەستی، بەجۆرێک بواری بۆ ئەوە ئەڕەخسێ بەهەموو جێگایەکدا بخولێتەوە ئەو جێگایەی کە ناوخۆیی خۆی لە دەست ئەدات و گەردوونیەتی خۆی وەرئەگرێت.

هەروەها بەستنەوەی شاشە بەکامیرا زیندووەکانەوە ئەو کامیرانەی ئەکرێ لە جێگا و گۆڕەپانە گشتییەکان دانرێت، ئەبێتە هۆی کورتکردنەوەی ماوەکان و بەشێوەیەکیش ئەبێتە



هۆی بەگشتیکردنی چاوەدێری، ئەمەش لە بواری بینیاری جیهانی مەزندا بەرجەستە ئەبێت، ئەوەش (بازاڕێکە بۆ بینین)، ئامادەگی گشتی هەیە، جیهان وا لێ دەکات بەردەوام و لەوپەڕی ئاشکرابووندا بێت، هەروەک بۆل فیریلیو لە شیکردنەوە تیژەکانی دەربارەی دیاردەی بەجیهانیبوون ئاشکرای ئەکات. بەمجۆرە شاشە ئەبێتە چاوێکی پێکهاتەیی هەر لە چاوی مێش ئەچێت کە مرۆڤ ئیرەیی پێ دەبات، بەهۆی ئەو توانا مەزنەی هەیەتی بۆ بینینی چەند مەوداویی. ئەمەش بەجیهانیبوونی خەیاڵە لە ڕێگای مەزنکردنی بواری بینیاریی و فراوانکردنی ئاسۆی دەستکردی.

هەموو ئەمانە بەواتای گۆڕینی پەیوەندی لەگەڵ بوونەوەرو حەقیقەت و بیر. حەقیقەت چیتر ئەو حەقیقەتە نییە کە ئەماناسی و لە پێناوی جێبەجێکردنیدا نوێنەرایەتیمان ئەکرد، بەڵکو حەقیقەت ئەو نموونە و مۆدێلانەیە کە ئەیخولقێنین و پێکەوەی ئەبەستینەوە یاخود ئەو شتەیە کە لە وەهما دروستی ئەکەین. هەروەها پەیوەندی لەگەڵ بوونەوەردا ئەگۆڕێ، بەو ڕادەیەش هەوایی و سیمبولی و موجەڕەد و ژمارەیی جێگای پیتە  خوێندراو و دیاردە هەستپێکراوەکان و شێوە مەلموس و دەستنیشانکراوەکان ئەگرێتەوە.

هەروەها لەگەڵ نێوەندە نوێیەکاندا مومارەسە فیکرییەکانیش ئەگۆڕێن. هەر تەکنیکەو کاریگەری خۆی بەسەر فیکرەوە هەیە، لێرەوە بیرکردنەوە لە سەردەمی تەلەفزیۆن جیاوازی هەیە لەگەڵ بیرکردنەوە لە سەردەمی چاپ و لەبەرنووسینەوەو بەدەم گێڕانەوە. ئەمڕۆ ئەگەر لەگەڵ تەکنەلۆژیای زانیاری و تەکنیکە ئەلیکترۆنییەکانی تایبەت بەدەسکەوتە هەواییە نیمچە ماتەریالییەکانیش ڕۆڵی فیکر بەمجۆرەیە. ئەی کەواتە بارەکە چۆن ئەبێت کاتێ کە نێوەندەکان خۆیان وەک کۆمپیوتەر و مێشکە دەستکردەکان بۆ ئەنجامدانی هەندێ پرۆسەگەلی زەینید جێگای عەقڵ یگرنەوە!.

ئەم گۆڕانکارییە مەزنانە گۆڕانێک لە خودی ڕۆشنبیریدا بەدی دێنن، چیتر لەگەڵ تەکنیکە نوێیەکانی زانیاری کولتووریدا ئەوە نابێ کە هەبووە. تۆڕەکان مۆرکی گەردوونی ئەبەخشنە بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری، هەروەها کۆمپیوتەرەکان مەودایی لەجیاتیدانان ئەبەنە نێو ئەم بەرهەمهێنانەوە، ئەویش بەهۆی خەیاڵی سیبرانییەوە، ئەو خەیاڵەی کە لەسەر پێکهاتەی ژمارەیی و پێکهاتەی چەندایەتییە دیاری نەکراوەکان بونیادنراون. بەمجۆرە ئێمە لەگەڵ کۆمپیوتەرو تۆڕەکان، بەرامبەر بەئامارێکی گەورەی زانیارین و لە هەمان کاتیشدا بریتییە لە کۆمەڵێ جیهانی پڕ تواناو ئیمکانیات بۆ ڕێکخستن و پێکهێنان. بەمجۆرە کولتووری ئەبێ بە بەجیهانیبوون بەڕادەی ئەوەش ئەبێ بەکولتووری

سیبرانی کراوە، واتە ئەبێتە زانیاریخوازی گریمانی، بەهەمان ڕادەش ئەبێ بەگەردوونی جیهانی.

گۆڕینی کولتووری واتە گۆڕانی پەیوەندی لەگەڵ مەعریفەو کار. مەعریفە ئەگۆڕێ بەهەمان ڕادەش خستنەڕووی ژمارەیی جێگای نوێنەرایەتی پێوانەیی ئەگرێتەوە، بە هەمان ڕادەش داهێنانی نموونە ژمارەییە کراوەکان بەڕووی جیهانی هەوایی بێ کۆتایی جێگای ئەو نموونانە ئەگرنەوە کە لەسەر بناغەی نوێنەریکردن و پێوانەو سەلماندن و بونیادنانی کۆنتێکستە پتەوەکان بونیادنراون.

تا چ ڕادەیەک مەعریفە بگۆڕێ بەهەمان ڕادەش خودی کار ئەگۆڕێ ئەمەش لە چەمکی کرێکارانی مەعریفەدا بۆت بەرجەستە ئەبێت. لەگەڵ سیستەمە نوێیەکانی پەیوەندی بەبێ مەعریفە کارکردن مەحاڵە، واتە بێ بەکارهێنانی سیمبول و نیشانەکان یان بێ خوێندنەوەی ئەلیکترۆنی بەدەستەوەدانە موجەڕەدەکانی سەر شاشە. ئەم کارکردنە کارکردنێکی نا ماتەریالییە، یاخود دەسەڵاتێکی ناماتەریالی تەکنیکە نوێیەکانە. دوابەدوای ئەمە گۆڕانی پەیوەندی لەگەڵ ساماندا بەدوادا دێت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ بازرگانی ئەلیکترۆنیدا، زێدەبایی دروست ئەبێت ئەنجامی ئەو زێدەباییەش کۆبوونەوەی سامان و چەندبارەبوونی سامان بەشێوەیەکی بێ وێنەیە، سامانەکانی بیل گیتس شایەدی ئەم قسەیەن کە چۆن سامانەکەی بەشێوەیەک زیاد ئەکات کە تەسەور ناکرێت ، واتە سامانەکەی زیادئەکات بەڕادەی قەبارەی کۆمپیوتەرەکان بۆ ئەمبارکردنی زانیاری و بەڕادەی خێرایی ڕێگاکانی ڕاگەیاندن لە گواستنەوە خێراکاندا.

بەرامبەر هەموو ئەمانەش و لە هەمان کاتیشدا گۆڕانکاری لەسەر ئاستی شار و کۆمەڵگا بەدی دێت، هەروەها گۆڕانکاریش لەسەر ئاستی سیاسەت و دەسەڵات و دیموکراتیش. شار بەشوێنەکانیەوە. شوێنیش لەگەڵ تەکنیکە ئەلیکترۆنییەکان نەخشەکەی گۆڕاوە، بەجۆرێک بوار بۆ دروستکردنی شارێکی جیهانی ئەڕەخسێنێ کە داماڵراوە لە شوێنەوارە ئەقلیمییەکەی خۆی، شارێکی خەیاڵی خاوەن پایەتەخت نییە، لەبەر ئەوەی لەهەموو شوێنێکە. بواری تەلەفزیۆنی پەیوەندی لەگەڵ دیموکراسیدا ئەگۆڕێ، بەهەمان ڕادە پیشەسازی ڕای گشتی زیاتر پشت بەوێنەو زانینە ئەبەستێت تا کتێب و ڕۆژنامە یاخود پارت  وساندیکاکان. یەکێتی بازاڕ بوار بەخوڵقاندنی نێوەندێکی جیهانی ئەڕەخسێنێ کە لەچەندین کۆمەڵیی نوێ پێکدێ، ئەو نێوەندەش وڵاتەکەی سەرزەمینەو ئاسمانەکەی سیبرانییە، واتە بەرهەمە سیمبولەکانی ئەو بازاڕە لە تێکست و ژمارەو زانیاری پێکدێ.



ئەو بازاڕە هێزێکی نوێیە دەست بەسەر هەموو بازاڕی دراوەکان و تۆڕەکانی پەیوەندی ئەگرێت ئەوانەی سنووری نێوان کیشوەرو کۆمەڵگاکان ئەبڕن، بەجۆرێک بەسەر دەسەڵاتی وڵاتی نیشتمانی و دەزگا ئەقلیمییەکانا سەرئەکەوێ. بەجیهانیبوونی زەمەن دووبارە بواری سیاسی وێنە ئەکێشێتەوە نەک لەسەر بناغەی جوگرافیای سیاسی ئەو جوگرافیایەی کە تا ئێستا پەیوەندی نێوان وڵاتان و گەلان ڕێک ئەخات، بەڵکو لە ژێر سایەی سیستەمی گەردوونی پەیوەندی بەردەوام و گۆڕینەوەی هەمەلایەنی، کە تێیدا زەوی بۆ یەک جێگا ئەگۆڕێ، بەهەمان ڕادەش شوێنە ناوخۆیەکان بەڕووی شوێنە دەرەکییەکان ئەکرێنەوە، بۆ ئەوەی ببن بەجێگایەکی هەمیشە بۆ پەیوەندی و لێوەدەرچوون. بەمجۆرەش ناوخۆو دەرەوە تێکەڵی یەکتری ئەبن، بەهەمان ڕادەش سیاسەتی دەرەوە ئەبێ بەڕوویەکی دیکەی سیاسەتی ناوخۆ.

بەمجۆرە لە دوو ئاستدا جیهان بەجیهانیبوونی بەسەردادێت: یەکەم لەسەر ئاستی سەرەوە بەجیهانیبوونەکە لەسەر دەستی گروپەکانی بەرهەمهێنەر و ئەوانەی دەسەڵاتیان بەسەر بازاڕەکانا هەیە ڕووئەدات، دووەم لەسەر ئاستی خواریشەوە بەجیهانیبوون ڕوو ئەدات بەهۆی زیادبوونی پیشەسازی گەشتوگوزارو کۆچکردن و بازرگانی و سەرمایەداران و کرێکارانی سەر ڕێگاو ئەوانەی لە بواری کارە پڕجووڵەکاندا کارئەکەن. ئەمەش لە لایەک ئەبێتە هۆی دەرچوون لە وڵاتی نەتەوەیی و لەلایەکی دیکەشەوە گورزێکە بەر کۆمەڵگا داخراوەکان ئەکەوێت.

ئەم بەجیهانیبوونە بەهۆی تۆڕ و بازاڕو کۆچکردنەکان بەجیهانیبوونی شوناسنامە و کۆمەڵگا و نیشتمانە، کە ئەکرێ بووترێ ئەم فاکتەرانە گەلێ بەهێزترو لە پێشترن لە بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژییەکان. لە لایەک ئەم کارە بەرهەمی شێوازە خێراکانی ڕاگەیاندنە، لە لایەکی دیکەشەوە بەرهەمی خێرایی جووڵەی کەسەکانە و بەرهەمی ئەو خێرایانەیە کە ڕوو ئەدەن لە گواستنەوە ی نێوان کیشوەرەکان،  بەخوڵقاندنی واقیعێکی بێ سنوور و بێ کۆتایی، واقعێکی بنبڕی بێ شوناسنامەی جیاکاری، ڕوخساری ژیان لەسەر زەوی ئەگۆڕێ. بەمجۆرە ڕووی دەرەوەی شوێن ئەبێتە ڕوویەکی دیکەی نەرم و نیانی شوناسنامەکان. ئەمەش شوناسنامە ئەخاتە بەردەم پرسیارەوە، ئەویش بەکردنەوەی بەڕووی فرە جێگایی و فرە جیهانی و فرە سەربەبوونی. بەمجۆرە لەم ئانوساتەدا و لە بەرامبەر کۆمپانیا فرە نەتەوەکاندا بوار بۆ پێکهاتنی شوناسنامە فرە سەربەبووەکان ئەکرێتەوە.

ئێمە بەرامبەر بەگۆڕانێکی گەردوونین لەگەڵیا خودی بونیادی واقیع ئەگۆڕێت، ئەمەش

لە بەجیهانیبوون و پێکهاتەکانی و تەجەلیاتەکانیدا بەرجەستە ئەبێت. ئەم گۆڕانکارییە لە نەخشەی جیهان و لۆجیکی شتەکان، بزوێنەرەکانی گەشەکردن و جۆرەکانی ڕێکخستن و، سیستەمەکانی بەیەکگەیشتن و جۆرەکانی زانیاری ئەگرێتەوە، هەروەها نموونەکانی فیکردنەوەو پێوانەکانی کارکردن، شێوازەکانی مەعریفەو سەرچاوەکانی سامانیش ئەگرێتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا بەجیهانیبوون واز لەوە ئەهێنێ تەنیا بریتی بێت لە چالاکی ئابووری یاخود بەرگێکی نوێی مەزهەبی لیبرالی و بڕواکانی سەرمایەداری بێت بۆ ئەوەی بەو جۆرە بخوێنرێتەوە کە بریتییە لە پرۆسەیەکی شارستانی ئاڵۆز یان وەرچەرخاندنێکی مێژوویی مەزن، لەگەڵیا ڕێبازێکی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع و، هەروەها جۆرێکی جیاواز بۆ مومارەسەکردنی بوونی تاکەکەسی و بوونی کۆمەڵ سەرهەڵئەدات.

لێرەوە بەجیهانیبوون لە یەک کاتدا ترسناکی و گرنگێتی هەیە، بەتایبەت لە سەر ئاستە سیاسی و ئابوورییەکانی. لەوەدا ترسناکی هەیە گەر بەلۆجیکی ئسووڵی و تەقلیدی بەسەرچوو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و گرنگێتیشی لەوەدایە کە ئیمکانیاتی نوێ فەراهەم ئەکات، ئەویش گەر هاتوو لەگەڵیا مامەڵەکردنمان وەک ڕووداوێک بوو کە ئەبێت بەعەقڵ لێی بگەین و تەدبیری بکەین بۆ ئەوەی لە دروستکردنی بەشداربین.

## ٢- لەرزۆکی خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژی

لە وتاری کولتووری بانگەشەکەران و پارێزەراندا چۆن پێشوازی لە بەجیهانیبوون ئەکرێت؟ لە وتاری ڕۆشنبیریدا بەجیهانیبوون ئەخوێنرێتەوە بەڵام خوێندنەوەیەکی خولْقێنەری ئایدیالیزمانە یاخود خوێندنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی خەباتگێڕانە لە ڕێگای دوولایەنەی من و تۆ یان خێرو شەڕ، ئەویش لە ڕێگای وەهمەکانی شوناسنامە و وەهمەکانی ئازادی و خەیاڵەکانی دادپەروەری و یەکسانی. ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەت لە لای ڕۆشنبیرە عەرەب و فەرەنسییەکانا ئەیبینین ئەوانەی بەزمانی شۆک و ڕووخان و تووڕەیی و نەفرەتەوە باس لەبەجیهانیبوون ئەکەن.

خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژی خوێندنەوەیەکی یەک لایەنەیە لەسەر بناغەی سووککردنەوەو کورتکردنەوە بونیاد ئەنرێت، بەوەی بەجیهانیبوون بەتەعبیرەکانی چەقبەستن و دەسەلات بەسەرداگرتن و بازاڕو شمەک و ئیمپریالیزم و سەرمایەداری، یاخود پێشێلکردن و بەزۆر داگیرکردن و گرتن و ڕامالێن چەندەها نموونەی دیکە لەم بابەتە ئەخوێندرێتەوە:



نموونەی یەکەم: ئەم نموونەیە (سادق جەلال ئەلعەزم) پێشکەشی ئەکات، ئەو تەنیا لە بەجیهانیبووندا ڕووە ئابوورییەکەی و ڕووە ئایدیۆلۆژییە سەرمایەدارییەکەی ئەبینێ. کەچی ئەلعەزم هەوڵ ئەدات لە مارکسیزمی خۆی دەرچێت بەقەولی خۆی: ئێستا (تێگەیشتن لە جیهان و ڕاڤەکردنی) پێویستە، پاش هەرەسی ئەو هەوڵانەی کە دای بۆ گۆڕینی، ئەو نەیتوانی لە جیهان بگات تەنیا بەزمانی مارکسی تەقلیدی نەبێت، لێرەوە ئەو لە بەجیهانیبووندا تەنیا هەولێ بە(بەسەرمایەداریکردنی) جیهانی لەسەر ئاستێکی بەربلاو و بەشێوەیەکی قووڵ ئەبینێ.

نموونەی دووەم: ئەم نموونەیە لای سۆسیۆلۆژی فەڕەنسی بیاربۆردیۆ ئەبینین، خوێندنەوەکانی مەودایەکی سۆسیۆلۆژییان بەسەردا زاڵە، ئەمەش لەو هەڵوێستەیدا بەرجەستە ئەبێت کە بەرامبەر بەتەلەفزیۆن و بەجیهانیبوون هەیەتی. بۆردیۆ پاش بەشداریکردنێکی سەرنەکەوتووانەی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی دۆڕاودا بەتووڕەیی چووە دەرەوە، بۆ ئەوەی ڕایگەیەنێ کە تەلەفزیۆن ئامێرێک نییە بۆ پەیوەندی بەڕادەی ئەوەی ئامێرێکی ترسناکە بۆ سانسۆرو دەسەڵات و شاردنەوە. بەڵام هەر ئەو زاتە لە بەجیهانیبووندا تەنیا (لیبرالییەکی نوێ)ی دڕندە زیاتر هیچی تری تیادا نابینێ، بەڕای ئەو بەجیهانیبوون بەپێی لۆجیکی داریونی هەڵبژاردەیی لەسەر بناغەی ململانێ و دژەبەرایەتی بونیادنراوە، بەهەمان ڕادەش ئەو چوارچێوەیە وێران ئەکات کە دەوڵەت و پارت و سانديکاو خێزان و هەموو دەستەو کۆبوونەوە تەقلیدییەکان نوێنەرایەتی ئەکەن وێران کردنێت بەشێوەیەکی مەنهەجی پیادە ئەکرێت، کە پارێزگاری هاوسەنگی ئەکات و لە نێو کۆمەڵگاکاندا هاوکاری دەستەبەر ئەکا.. ئەمەش ئەو دوو ڕووەیە کە بۆردیۆ لە هەڵوێستی بەرامبەر بەبەجیهانیبووندا دەری ئەبڕێت. لەبەر ئەوەی ستوونەکانی شیکردنەوەی سۆسیۆلۆژی لای بۆردیۆ ئەوەیە کە کۆمەڵگا کێڵگەیەکە بۆ ململانێ و بونیادێکە بۆ جیاکاری، ڕێبازی ئەم شیکردنەوەشی ڕەخنەگرتنە لە دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بەهەموو ئاستە جیاوازەکانیەوە بەوەی کە ئەم دەزگایانە کۆمەڵێ دەسەڵاتی سیمبولی و ماددین بۆ دەستبەسەراگرتن. ئەمەش ئەو بۆچوونەیە کە دەربارەی دەوڵەت هەیەتی ئەو پێی وایە دەوڵەت دەزگایەکی بیرۆکرۆکراتییەو دەست بەسەر باری گشتیدا دەگرێ، بەڕادەی ئەوەش دەوڵەت بەئەداتێک ئەزانێ بۆ لەقاڵبدان و ئاساییکردنەوەو خۆشەکردن و هێنانە ژێربار، بەڵکو بۆردێو هەڵوێستی خۆی دەرئەبڕێ لە ڕەخنەگرتن لەبارەی دەوڵەتەوە بێ هیچ سڵکردنەوەیەک ئەویش بەنیشاندانی سەرسوڕمانی خۆی بەرامبەر بەتێکستێکی تۆماس

بیرنارد کە تیایدا ئەڵێت دەوڵەت دەزگایەکە بۆ (تەفروتووناکردنی بوونەوەرەکان).
بەمجۆرە بۆردیو بەشێک لە ژیانی زانستی خۆی بۆ تەفروتووناکردنی ئەو چەمکانە تەرخان کرد کە تایبەتن بەچوارچێوەی کۆمەڵگاکان، لەسەرووی هەمووشیانەوە چەمکی دەوڵەت، کەچی ئەو ئێستا خۆی بەدەوڵەتەوە هەڵواسیوە بەو سیفەتەی دەوڵەت زامنکەری بەرژەوەندی گشتیەو یان پارچە دارێکە بۆ ڕزگاربوون لە شەپۆڵی بەجیهانیبوون. ئەمەش دەرئەنجامی هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی زانای فەرەنسییە: کورتکردنەوەی بەجیهانیبوون و گەڕانەوە بۆ دواوە، واتە نەفیکردنی ئەوەی کە ڕووئەدات بۆ ڕزگارکردنی ڕوانینە ئەزەلییەکانی لەبارەی دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی.

هەروەها ئەم ڕاستییەش بەسەر ئینیاسۆ ڕامونیەشدا ئەسەپێ کە ئەو سەرنووسەری گۆڤاری (لۆمۆند دیبلۆماتیک)ە گۆڤارێکی مانگانەی جیهانییە، فرامۆنیە پێی وایە بەجیهانیبوون لە ڕێگای بەیەککردنی بازاڕو هەوڵەکانی بۆ بەشتکردنی فیکرو جەستەو شتەکان بریتیە لە دەسەڵاتی (فیکری یەکلایەنی)، (ڕووخاندنی بونیادی کۆمەڵایەتی)، (گەندەڵکردنی نموونەی دیموکراتی)، یاخود(تەفروتووناکردنی داهێنانی کولتووری)یە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا جیاوازییەکە. فرامونیە بەو جۆرە بەجیهانیبوون ئەخوێنێتەوە کە گوایە یەکلایەنی فیکرییە، کەچی مامەڵەی یەکلایەنی لەگەڵدا ئەکات، ئەو تەنیا سلبیاتەکان و ئاسۆکانی ئەبینێ. بەوجۆرە وەسفی مەرگی ڕۆشنبیریمان بۆئەکات بەگۆڕینی بۆ شمەک، داواش ئەکات (چەکی ئەو شمەکانە لە بازاڕدا دامالْری) کەچی ئەو بێ وچان کار بۆ ئەوە ئەکات ڕۆژنامەکەی لە ڕێگای تۆڕەکانەوە بخاتە بازاڕەوە. جارێکی تر ئەمەیە دەرئەنجامی خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژی: بەئاسانکردن و هەڵخەڵەتاندن و شاردنەوە.

لێرەوە ئەڕۆم بۆ دوا نموونە کە محەمەد عابید ئەلجابری پێشکەشمان ئەکات لە بارەی خوێندنەوەی بۆ بەجیهانیبوون، کۆڕەکانی نموونەیەکن لەم بارەیەوە (١٠ ئەتروحە دەربارەی بەجیهانیبوون و شوناسنامەی کولتووری). لە موحازەرەیەکدا ڕووبەڕووی وتارێکی پڕ لە گوزارشتی وەها ئەبینەوە کە گوزارشت لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەجیهانیبوون ئەکات لە پێناوی کورتکردنەوەو نەفیکردن و دابڕین، بەو وەسفەی گوایە بەجیهانیبوون دیاردەیەکی سلبییەو ئەنجامێکی ترسناکی بەسەر نەتەوەو شوناسنامە و نیشتمان و دەوڵەتەوە هەیە. لەو تەعبیرانەش: دەست بەسەراگرتن و دەسەڵات، بەدواکەوتنی شارستانی، پێشێلکردن و جێبەجێکردن، ڕفاندن و ڕێنوێنیکردن، ماتەڵکردن وتەشویش خستنەسەر، هەڵبژاردن و لەناوچوون، داگیرکردن و ڕامالّین.. خوێندنەوەی ئەلجابری نموونەی خوێندنەوەیەکی



ئایدیۆلۆژییە کە مەودایەکی ئەنترۆپۆلۆژی زاڵە بەسەریا، واتە لە سەرچاوەی بەرگریکردن لە شوناسنامەی کولتوورییەوە مامەڵە لەگەڵ بەجیهانیبووندا ئەکات.

بێگومان ئەلجابری باس لەتوانای بێ سنووری ئەو بەجیهانیبوونە ئەکات کە خۆی لە بەکارهێنانی زانست و تەکنیکەکانیدا ئەبینێتەوە، بەڵام ئەمە تاقە سیفەتی بەجیهانیبوون نییە، بەڵکو ئەم سیفەتە بەشێوەیەکی گشتی سیفەتی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنە. ئەم داوایەش لەسەردەمی سەلامە موساوە لە وڵاتانی عەرەبی گوێمانی پێ ئەزرنگێتەوە. بەمجۆرە ئەلجابری پێمان ناڵێت ئەو ئیمکانیاتانە چین ئەم دیاردە گەردوونییە مۆدێرنەی لێ پێک دێت، لەبەر ئەوەی ئەو دیاردەیەی زاڵە بەسەر بیرکردنەوەیدا بریتییە لە ئیرادەی بەرگریکردن و هەڵچوون، نەک ئیرادەی دۆزینەوەو کردنەوە. لەبەر ئەوەی فەرەنسییەکان لە هەڵوێستیان بەرامبەر بە بەجیهانیبوون وەک ئێمەیان لێهاتووە، ئەوانیش لە بەجیهانیبووندا تەنیا دەسەڵات و دەستبەسەراگرتنی ئەمریکی ئەبینن، بۆیە ئەلجابری بانگەشەی دانانی هاوبەشیی عەرەبی ئەورووپی لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری ئەکات، بۆ ئەوەی بەجیهانیبوونێکی دیکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەجیهانیبوونە زەبەلاحەکەی ئەمریکی دامەزرێنێ، بەڵام ئەبێت ئەو بەجیهانیبوونە پاڵپشت بێت بەدیموکراتی و عەقلانییەت.

ئەمە چ شتێکی نوێی تێدایە؟ بێگومان هیچ شتێکی نوێی تێدا نییە تەنیا دووبارەکردنەوەی ئەو دروشمانە نەبێت کە ئەکەونە سەر زەوی بێ ئەوەی بۆ ئیمکانیاتی بەپیت و کاریگەر بۆ بیرکردنەوەو کارکردن بگۆڕێن. لەمەش گرنگتر خوێندنەوەی بەجیهانیبوون بەزمانی شوناسنامە و لۆجیکی داگیرکردن، خاڵی نابێت لە ساویلکەیی و هەڵخەڵەتاندن. لەبەر ئەوەی ئەوانەی باسی لە داگیرکردنی ڕۆشنبیریمان بۆ ئەکەن، لەوە بێ ئاگان کە ڕۆشنبیری زیندوو تازەبووەوە، گەشەکردوو کاریگەر لە تواناکانی نوێبوونەوەو و فراوانبوون و بڕیندا خۆی ئەبینێتەوە، لە پێناوی خولْقاندن و داهێنان و بەرهەمهێنان و ئەفراندن. وەک ئاگاداربین ئەمەیە ڕۆشنبیری خولْقێنەرو بەرهەمهێنەر: ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە کردنەوەو دۆزینەوەیە، لە داهێنان و بەرهەمە تەکنیکی و مەعریفیی یاخود یاسایی و دەزگاخوازی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ڕەنگ ئەداتەوە.

ئێمە لێرە بەرامبەر خوێندنەوەیەکی خەیاڵین بۆ بەجیهانیبوون، کە لەسەر نەفیکردنی ڕووداوەکان و ئینکارکردنی بەرهەمەکان بونیادنراوە. ئەوەشی واقیعەکان نەفی بکات ڕووداوەکان پێشی ئەکەون و تووشی شۆکی ئەکەن، بەهەمان ڕادەش هەر ئەو ڕووداوانە

ئەیخەنە پەراوێزەوەو ڕایئەماڵن. ئەمە چارەنووسی ئەو ڕۆشنبیرییەیە کە بەڕێبازێکی ئایدیۆلۆژی تەوباویی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان ئەکات: ئەم کەسانە لە شۆکێکەوە بۆ شۆکێکی تر ئەڕۆن، لە ئابڵوقەیەکەوە بۆ ئابڵوقەیەکی تر. لەشۆکی مۆدێرنیزمەوە بۆ شۆکی پاش مۆدێرنیزم، لە ئابڵوقەی ئسووڵییەوە بۆ ئابڵوقەی بەجیهانیبوون.

خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژی خوێندنەوەیەکی دواکەوتوانەیە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی خوێندنەوەی ئایدێۆلۆژی مومارەسە ئەکەن ئەوان بەبۆچوونی لە پێشینە حوکم بەسەر دیاردەیی بەجیهانیبووندا ئەدەن. ئەوان لەگەڵ کۆمەڵگای پیشەسازین دژ بەکۆمەڵگای میدیایین، ئەوان لەگەڵ پەرتووکن بەڵام دژ بەتەلەفزیۆنن، لەگەڵ دەوڵەتن بەڵام دژ بەفرە کۆمپانییەکانن. بەکورتی ئەوان داوای گەڕانەوە بۆ جیهانییەت ئەکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەجیهانیبوون. ئەمەش لە ئەمڕۆدا بنبەستی ڕۆشنبیری پێشکەوتنخوازە. ئەو ئەیەوێ پێشکەوێ بەڵام لەگەڕانەوە زیاتر هیچی دیکە نازانێ، هەمیشە بەسەر ڕووداوەکاندا باز ئەدات، هەروەها ڕووداوەکان و پێشکەوتنەکان لەبەرچاوناگرێت، ئەمەش ئیشوکارێتی: لە پێشا لەگەڵ سۆسیالیستدا بوو دژبە سەرمایەداری، ئێستا لەگەڵ سەرمایەداری و سۆسیالیستە پێکەوە، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی بەجیهانیبوون نەفرەتباران بکات ئەو بەجیهانیبوونەی کە بووە بەئەهریمەنێکی نوێ، بەبڕوای ئەو بەجیهانیبوونە کە ئەیەوێ دەست بەسەر ئایدیۆلۆژیادا بگرێت، ئەو بەڕێبازی ئایدیۆلۆژی نەبێت ناتوانێت بیر بکاتەوە. بۆیە لە ئایندەدا ئەو خۆی ئەچێتە پاڵ بەجیهانیبوون دژ بەو گۆڕانکارییانەی کە ڕەنگە ڕووبدات و ئەو ئیمکاناتانەی ڕەنگە دروست بێت.

بەگشتی خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژی خوێندنەوەیەکی لەرزۆکەو بەڵگەیە لەسەر ناتەواوی خاوەنەکەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرامبەر بەبەجیهانیبوون، بەهەمان ڕادەش بۆ خوێندنەوەیان ئەو زاراوانە بەکاردێنن کە کۆن بوون و بوون بەکۆمەڵێ دروشمی بەتاڵ و دەربڕینی بەتاڵ ئەوانەی لەسەر زەمینەی واقیع تەنیا مین ئەچێنن، هەروەک ئەو زاراوانەی لە وتاری کواتووریدا دا دەربارەی عەقلانیەت و دیموکراتی یاخود دەربارەی سەربەستی و دادپەروەری و شوناسنامە و کولتوور بەکارئەهێنرێت. ئەمە ئەو هەولانەیە کە ڕۆشنبیری دەستەبژێر بۆ هەڵگەڕانەوەی واقیع بەپێی نموونە و پێوانەو بەڵگەکانی خۆی ئەیدات. دەرئەنجامەکەشی هەڵگەڕانەوەو هەستکردن بەموفاجەئەو شۆکە، هەروەک چۆن ئبناسیۆ ڕامونیە باس لە کاریگەرییەکانی شۆڕشی ڕاگەیاندن ئەکات بەسەر سیاسەت و ڕۆشنبیری



و شوناسنامە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمە سەرەرای سەرنەکەوتن لە بەرگریکردن بەرامبەر بەداگیرکردن و پێشێلکردن. گەر ئەو کولتوورەی کە بەرگری لێ ئەکەن بەرامبەر بەهێرشی بەجیهانیبوون و بەئەمریکیبوون ئەوەندە بەهێزە، ئەوا ئەو داگیرکردنە ڕووی نەدەدا کە ئەوان باسی لێوەئەکەن. یاخود بەشێوەیەکی تەواو دیاریکراو گەر ڕۆشنبیری عەرەبی وەک ئەڵێن دوا سەنگەری بەرگریکردن لە شوناسنامە و زاکیرەو نەتەوەو زەمین بێت، ئەوا ئەو هەموو پێشێلکردنە ڕووی نەدەدا کە ئەمڕۆ خۆیان لە وتارو بەیاننامەکانیان نەفرەتی لێ ئەکەن. لێرەوە باسکردنی داگیرکردن، تەنیا بریتییە لە دەستبەردارنەبوونی سستیمان و بەرگری کردنمان لە ناتەواویمان، هەروەک چۆن مومارەسەی پەیوەندی لەگەڵ شوناسنامەی کولتووریمان ئەکەین. ئەمەش گەواهی لەسەر بنبەستی ئەنتۆلۆژیمان ئەدەن، کە ئەشکرێ بەهەڵگێڕانەوەی پرنسیبەکان بتوانین لێی دەربازبین، واتە بەدەرچوون لە عەقڵیەتی پارێزگاری، هەروەها ڕەخنەگرتن لە شوناسنامە و داماڵین و هەڵوەشاندنەوەو ڕووتکردنەوەی، ئەمەش لە پێناوی داهێنانی تواناگەلی بوونگەری ئەوتۆ کە بتوانین لەڕێگایەوە ئەو بارودۆخەی تێیداین بیگۆڕین، بەهەمان ڕادەش یاسای گەمەکە لە نێوان خۆمان و ئەوان بگۆڕین.

## ٣- ئیمکاناتەکانی بەجیهانیبوون و کاریگەرییەکانی

بەجیهانیبوون وەک واقعێک کە تیایدا ئەژین، لەگەڵیا جۆری ژیان ئەگۆڕێ، بەجیهانیبوون پێویستی بەیەکێکە بەزمانی تێگەیشتن بیخوێنێتەوە. گەر تەکنیکەکانی پەیوەندی و تەکنۆلۆژییەکانی زانیاری پەیوەندیمان لەگەڵ شوناسنامە و مەعریفەو پەروەردەو سیاسەتا نەگۆڕێ، کەواتە وا باشە دووبارە چاو بەتۆڕی تێگەیشتنەکان بخشێنینەوە، ئەوانەی کە لە خوێندنەوەی جیهان و تێگەیشتن لە واقیعدا بەکاریان ئەهێنین. بەم مانایە بەجیهانیبوون تەنیا ئایدیۆلۆژییەک نییە کە بکرێ نەفی کرێتەوە هەروەها تەنیا دیاردەیەک نییە بۆ بەئەمریکیبوون ئەبێ بەرگری لێ بکرێت، بەڵکو بەجیهانیبوون دەستکەوتێکی بوونگەرییە ئەکرێ بگۆڕدرێت ئەویش بەکارکردن لەسەر فیکرەکان هەروەها کارکردن بۆ گۆڕینی یاخود دووبارە داهێنانەوەی بۆ ڕستنی پەیوەندییە نوێکان لەگەڵ ڕاستیدا. بەمجۆرە ئەو وەزعەی کە تیایداین ئەگۆڕێ و هەروەها واقیعیش ئەگۆڕیت، بەهەمان ڕادەش بەشداری لە بەرهەمهێنانی ڕاستییەکان و خولقاندنی واقیعەکان ئەکەین. تەنیا ئەمەشە بوارمان پێ ئەدات تا لە دروستکردنی ڕووداوەکان بەشداربین، ئەویش لە ڕێگای

دارِشتنەوەی ڕووداوەکان بەزمانێکی پڕ لە تێگەیشتن زمانێکی جیاوازو نوێ و، داهێنراوو خولقێنراو. بەشێوازێکی دیکە: بەجیهانیبوون بەبوونە مۆدیرنیزمییەکەی و مەودا بوونگەرییەکەیەوە، کۆمەڵێ ئاسۆو چەند بوارێک ئەکاتەوە بەشداری لە دروستکردنی مەیدان و بوارەکان ئەکات و، چاوەڕوانی کەسێکیش ئەکات بۆ کۆمەڵێ ئیمکاناتی فیعلی لە مەیدانی مومارەسەکردندا بیگۆڕێت.

بازاڕ بوار بۆ کاری یەکگرتوویی عەرەبی ئەخولقێنێ، ئەو بازاڕە یەکگرتووەی کە داواچییەکانی یەکگرتن و پارێزەرانی و ئەوانەشی تیۆریزەیان بۆ ئەکرد بۆ مومارەسەکردنی ئەو یەکێتییەو پاراستنی. لە دروستکردنیدا سەرنەکەوتن، ئەو بازاڕەش ڕقی لەوان نابێتەوە کە شوناسنامە ئەپارێزن و لە بەها ڕۆشنبیرییەکان ئەترسن. شارستانی عەرەبی شارستانی بازاڕبوو ئەمەش وای لێ کرد بەدرێژایی سەدەکان ڕووی پێشەوەی کاری شارستانی بێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەو بواری نوێیی بۆ مرۆڤ کردەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ یەکتری بکەن و یەکتری بناسن، گۆڕینەوە و کارلێکەری لەگەڵ یەکتری بکەن. کرێکارانی مەعریفە ئەم چەمکە نوێیە ئابڕووی داگیرکردنی دەستەبژێرەکان ئەکات بۆ مەعریفەو و بەرپرسیارییان بەسەر حەقیقەتەوە و هەروەها وا ئەکات دووانەی جەماوەرو دەستەبژێر تێکبشکێنێ، بەجۆرێک بوار بۆ خەڵکی ئەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی دەستەبژێری ڕووناککەرو هۆشمەند ڕزگاریان بێت. ئەویش بەڕاوەستانیان لە مامەڵەکردن لەگەڵیانا وەکو جەماوەرێک پێویستی بەهۆشمەندی و ڕێڕووناککردنەوە هەیە، واتە وەک مێگەلێ، مامەڵەکردن لەگەڵیان وەک ئەوەی ئەوان سەر بەو بەشە چالاک و بەرهەمهێنەرەی کۆمەڵن. لەلایەکی دیکەوە بەجیهانیبوونی مرۆڤ لە ڕێگای تۆڕ و شێوازەکانی ڕاگەیاندن پەنجەرە لە ڕووی ڕزرگاربوون ئەکاتەوە، ڕزرگاربوون لە سەربازگەکانی بیروباوەڕو بەندیخانەکانی شوناسنامە داخراوەکان. شێوازەکانی ڕاگەیاندن گۆڕانکارییەک لە مومارەسەکردنی دەسەڵات دروست ئەکەن ئەویش بەکەمکردنەوەی مۆرکە ستوونی و بەدوایەکداهاتن و سەرکوتکردنەکەی و، بەرامبەر ئەمەش زیادکردنی مۆرکە ئاسۆیی و هاوکاری و گفتوگۆییەکەی. بەگشتی، شۆڕشە زانیاری و دیجیتاڵییەکان، کە بەشدارن لە بەجیهانیبوونی جیهان، کۆمەڵێ ئیمکانیاتی مەزن پێشکەش ئەکەن بۆ گۆڕینی ژیان،بەهەمان ڕادەش وا ئەکەن هەموو شێوەیەکی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤدا مومکین بێت. بەمانایەکی دیکە ئەمە ڕووداوێکی ترسناکە کاریگەری زەمین لەرزەی بەسەر مرۆڤەوە هەیە، هەروەک چۆن دۆزینەوەی چاپ و بەرپابوونی پیشەسازی و



دۆزینەوەی فڕۆکە هەیبوو. ئەوانەشی ئەمە نابینن، وەک ئەوانەن کە ئەڵێن ئەو هەموو دۆزینەوە و داهێنانانە دەوڵەمەندی نەکردین. گومانی تێدانییە کە بەجیهانیبوون سلبیات و ترسناکی خۆی هەیە. ئەمیش وەک هەر ڕووداوێکی گەورەو کودەتایەکی ترسناک ڕووداوو شێواندن و سلبیاتی خۆی هەیە. ئەو ڕووخاندنانە کە لەم دواییەدا لە بازاڕەکانی دراوی هەندێ لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا ڕوویان دا چی بوون تەنیا بەڵگەبوون لەسەر ئەوەی کە ئابووری ناسک مۆرکێکی گەلێ لەرزۆک و ڕێبڕی هەیە. بەبڕی کۆبوونەوەی سامان لە سەردەمی بەجیهانیبووندا بێکاری پەیدا ئەبێت، تا ئەو ڕادەیەش کە ڤیریلیۆ ئەڵێت: لەگەڵ سیستەمی هەنووکەیی شتەکاندا خودی بێکاری نابێت بە گرفت، بەڵکو بێکاری چارەسەرێکە بۆ بنبەستێکانی ئەم سیستەمە، واتە بێکاری گرفتی گرفتەکانە.

ئەمەش دەرئەنجامی هەر داهێنانێکی تەکنیکی یاخود گەشەکردنی شارستانی یاخود دۆزینەوەی زانستییە. گەشەکردن لە بواری ئەندازەی بۆماوەییدا بوار بەرامبەر بەلەبەرگرتنەوەو ئەنجامە ترسناکەکانی ئەکاتەوە. ئەو جیهانە پیشەسازییەی کە تەنانەت لە ئەمریکاش لە هەڵوەشاندنەوەو ڕووخانیی ئەترسن، بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی پیسکردنی ژینگەو وماڵوێرانییە مسۆگەرەکان. ئەو جیهانخوازییەی کە هەندێ لە عەرەب و فەڕەنسییەکان بۆی بەپەرۆشن، لە داگیرکردنی سەربازی و کردنەوە فیکرییەکان زیاتر هیچی تر نەبوون، من و نەوەکانی سەردەمی خۆم لە لوبنانییەکان بەرەیێکین لەبەرەکانی ئەو جیهانخوازییەی کولتوورییە. من وەک خودی خۆم دژ بەوە نیم، بەڵکو من سوپاسگوزاری ئەو سودفەیەم کە فێری زمانی فەڕەنسی کردم، چونکە بەهۆی ئەو فەڕەنسییەوە من ڕۆشنبیری و زانستم زیادی کردووە. ئەو مۆدێرنیزمەی کە ڕۆشنبیرە عەرەبەکان زۆر بەساویلکەیی و گێلی داوای جێبەجێکردنی ئەکەن و هەروەها لەوە ئەترسن کە پاش مۆدیرنیزم کاریگەری بۆ سەری هەبێت، ئەو مۆدێرنیزمە تا ئێستا ئێمە لە پەراوێزیداین و یاخود لەدوایداین و، ڕەنگە وا بێت کە بتوانین لە دروستکردنی جیهان و کێشانی نەخشەی ئایندە بکەین بەشداری ئەویش بەڕەخنەگرتن لە جیهانی مۆدێرنیزم و جیهانی پیشەسازی. ئەو وڵاتانەی کە بۆردیۆ بەرگرییان لێ ئەکات بوون بەکۆمەڵێ بیرۆکراتی تەمەن درێژ و کۆمەڵێ دیکتاتۆری سەربازی. واباشترە ڕەهبەری وڵاتان لە جیاتی ئەوەی ببن بەسەرکردەی پەیمان و سەرکردەی جەنگەکان هەروەک ئێستا ڕوودەدات واباشە ببن بەسەرۆکی بازاڕەکان و سەرۆکی کۆمەڵە ئابوورییەکان. لە چاکییەکانی

بەجیهانیبوون ئەوەیە کە پرۆسەی بڵاوکردنەوەو بەگشتیکردنی زانیاری لە چنگی وڵاتە سەرکوتکەرەکان دەرئەچێت ئەو دەوڵەتەی کە چیتر توانای ئەوەیان نەماوە لەقاڵبدان و لەقوتوودان و چەواشەکردن بەسەر گەلەکەی خۆیدا مومارەسە بکات. ئەزانم کارەکە ئەوەندە میسالی نییە. لەیەکدانی شوناسنامەکان و ململانێ لەسەر وڵاتان و زەوی هەر بەردەوامە بێ پشوودان. ئیسرائیلی هەن جەنگ بەرپائەکەن بەهۆی تونێلێ ژێر مزگەوتێک، ئیسلامیش هەن ئەو نووسەرە ئیسلامە سەرئەبڕن کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئەواندا ناگونجێت. بەڵام ئەم شێوە عەقڵە داخراو و شوناسنامە ڕەگەزپەرستانە لە جەنگ و ماڵوێرانی و وێرانکردن زیاتر هیچی تر لەگەڵ خۆیاندا ناهێنن. بەڵام ئەو ململانێی ئایدیۆلۆژییەی کە ئەلجابری لە بەرامبەر بەجیهانیبوون و بەئەمریکیبوون لێی ئەترسێت، بڕوا ناکەم ئەوەندەی بەدەست هێنابێت بۆ ڕاپەڕاندن و پێشکەوتن و نوێکردنەوەی جیهانی عەرەبی. بەڵکو بارودۆخەکە لەسەر دەستی داواچییەکان و خاوەن پرۆژە ئایدیۆلۆژییەکان بەرەو دواوە ڕۆیشتووە. سادەترین نموونەش دەربارەی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە یەکێتی عەرەبی ئەو کەسانە تێکیان دا کە تیۆریان بۆداناو بانگەشەیان بۆکرد نەک دوژمنەکانی.

## ٤- شوناسنامەی ڕۆشنبیری و تەڵەزگەکانی

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەگەم بەشوناسنامەی ڕۆشنبیری کە تەوەرەی قسەکەمە: ئایا هەروەک ئەڵێن بەجیهانیبوون ترسێکە بۆ سەر شوناسنامە؟

ئەم پرسیارە پرسیارێکی گرنگتر و لەپێشتر دەربارەی گرنگێتی شوناسنامەی کولتووری دێنێتە ئاراوە. لەم بارەیەوە منیش وەکو هەندێ لە کولتوورناسان ئەو وتەیە دووبارە ناکەمەوە کە دەڵێ کولتوور سیستەمی داخراوی بڕواکانە، بەڵکو ئەڵێم کولتوور دەزگایەکە بۆ بەرهەمهێنانی مانا، هەڵدەستێ بەشاردنەوەی ئەو شتانەی لەسەر بناغەی بێمانایی بونیادنراون. هەروەها بەلۆجیکی ئسوولی وێنەیی مامەڵە لەگەڵدا ناکەم بەو سیفەتەی ماهییەتێکی بێگەردو بناغەیەکی جێگیرە، بەڵکو بەو سیفەتە مامەڵەی لەگەڵدا ئەکەم کە پێک هاتەکانی ئەو بەشانەن کە لێی ئەبنەوە، یاخود پێکهاتەیەکە لەپێناوی موتوربەکردن و دووڕەگکاری دووبارە پێکئەهێنرێتەوە، یاخود مانایەکە لە پێناوی گۆڕین و سەرفکردن پێشێل ئەکرێت. دواجار ئەڵێم من بەرێبازی ئەلجابری مامەڵەی لەگەڵ کولتوور ناکەم بەو سیفەتەی لە پێکهاتەیەکی دووتوخمەی بەهاو سیمبول و وێنەو بیرەوەری و دەربڕین و ڕوانینەکان پێکهاتووە. بەڵکو وا تەماشای ئەکەم جیهانێکە لە ڕوانین و نموونەکان و یان



جیهانێکە لە بەها و هەڵوێست یاخود چەمک و پێوەرەکان. ئەم جیهانە پڕ لە ماناو دەلالات و پەیوەندییەکان جیهانێکی هاوچەشن نییە، بەڵکو شانەیەکن لە جیاوازی و جیاکاری، لەسەر بناغەی بەیەکگەیاندن و لەیەک دوورخستنەوە بونیاد نراون، ئەمانەش خاڵی نین لە فرەیی و دژایەتی، لە مەرجەعیات و پرۆژەکان، هەروەک ئەو ناکۆکییەی لە کۆندا لە نێوان مەئموون و ئیبن حەنبەل، فارابی و غەزالی، ئیبن ڕوشدو فەقیەکانی سەردەمی خۆی، یاخود لە نێوان ئیبن ڕوشد خۆیی و ئیبن عەرەبیدا. هەبووە. یان ئەو ناکۆکییە نوێیانەی کە بەرقەرار بووە لە نێوان محەمەد عەبدەو عەمامەدارەکانی سەردەمی خۆی، یاخود لە نێوان تەها حوسەین و شێخەکانی ئەزهەر، یا لە نێوان حەسەن حەنەفی و یەحیا ئیسماعیل، لە نێوان جەلال ئەمین و جابر عسفوور و، محمود ئەمین ئەلعالیم و سەید یاسین، حیکمەتیار و تاڵیبان.

بۆ ئەوەی لە نێو وەهمەکانی دەربارەی مانای کولتووری نقوم نەبین، وای ئەبینم کە ڕۆشنبیری لە کۆتاییدا لە تێکست و وتارو، دەزگاو پرۆژەکان، یاخود لە هەڵسوکەوت و مومارەسەکاندا ڕەنگ ئەداتەوە. گەر مەبەست لە تێکست بێت ئەوا ترسی ناوێت لەبەر ئەوەی تێکست بریتییە لە ڕەوائیعێکی زیندوو، کەس ناتوانێ بەسەریا زاڵ بێت، بەڵکو سەرمایەکی سیمبولی پێک دێنێ لەسەرمانە بزانین چۆن مامەڵەی لەگەڵدا ئەکەین و ئەیگۆڕین و ئاڵشتی ئەکەین بۆ بەها مەعریفی و ئیستاتیکییەکان، ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەزموونە بوونگەری و ئەو گرەوانە بۆ بەشداریکردن لە دروستکردنی ڕووداو و فیکری سەر گۆڕەپانە نێونەتەوەییەکان.

گەر مەبەستیش لە شوناسنامەی ڕۆشنبیری ئەو سیستەمی بیروباوەڕخوازانەی پارتە ئیسلامییەکان بێت ئەوانەی کە مومارەسەی بەرپرسیاری بەسەر شەریعەت و ڕاستییەوە ئەکەن، بەکاری تۆقاندن و لەڕەگادەرکردن مامەڵە ئەکەن هەروەک ئەو کارانەی لە جەزائیرو میسر ڕووئەدات، وەک گەڕاندنەوەی ئافرەت بۆ حوجرەو سەرپۆش پاش سەد ساڵ لە ئازادی و سەروەری لە ئەفغانستان، یاخود تاوانبارکردنی هەرکەسێک کە پێچەوانەی بڕوای ئەوان کارکات بەکرێگیراوی هەروەک لە ئێران ڕووئەدات، یاخود بەرزکردنەوەی قورئان و هەڕەشەکردن بەچەکی کافری دژ بەهەر کەسێک هەروەک لەم دواییە دەربارەی مەسەلەی ژن و ژنخوازی لە لایەن دەزگا ئاینییەکانەوە لە لوبنان ڕوویان دا، ئەوان ئەیانەوێ دەست بەسەر ڕۆح و جەستەکاندا بگرن، گەر مەبەست ئەمەش بێت، ئەوەی کە بەجیهانیبوون ئەیکات گەلێ بەسوودو باشترە، چونکە دەسەڵاتی بازاڕ پێوانەکانی گواستنەوەی پوول و

پارە و فیکرو زانیارییەکان و خەڵکی، بوارکردنەوەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو شوناسنامە بەستەڵەکانە، بەجۆرێک بەشداری لە شکاندنی نێرسیسیەتی ڕۆشنبیری و ڕەواندنەوەی ئەو وەهمانە ئەکات کە پەیوەستن بەپاقژکردنەوەی ڕەسەن و سازگارکردنی شوناسنامە و بەیەکبوونی بیروباوەڕ. گەر تەکنیکە زانیارییەکان بوار ڕەخساندن بێت لەسەر پرنسیپێکی نوێ بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ، کە تیایدا ناوخۆیی و جیهانی تێکەڵ ئەبن و، هیواکەش ئەوەیە بوارێکی جیهانی بڕەخسێ، تیایدا دوانەی من و ئەو هەڵوەشێتەوەو و دوبارەش چاو بەچەمکەکانی (ئێمە) و (ئەوان) بخشێنرێتەوە، هەروەها سنوورە جێگیرەکانی نێوان ناسنامە داخراوەکان درزی تێ ئەکەوێ و، بەجۆرێک لە هەموو جێگایەک جیاوازی ببینرێ، بەڕادەی ئەوەی کە جێگا ببێتە جێگایەکی جیهانی و زەمەنیش زەمەنێکی گەردوونی، واتە بەڕادەی ئەوەش شوێنە ناوخۆییەکان ئەبنە جێگایەکی ئاشکراو پونتێک بۆ پەیوەندی لە هەموو ساتێک و لەهەموو ئانێکدا. ئەمانەش باشییەکانی بەجیهانیبوونن: شوناسنامەکان ئەگۆڕێت ئەو شوناسنامانەی کە کۆمەڵێ سەربازگەی بیروباوەڕو کۆمەڵێ مەتەرێزی ڕەگەزپەرستی و جەنگی ئاینی پیرۆزن بۆ پێگەیەک بۆ گۆڕان و گۆڕینەوە، یاخود کەشێک بۆ پیتاندن و کارلێکردن، یاخود بوارێک بۆ بەیەکگەیشتنی نامۆو جیاواز لەگەڵ یەکتری. تەنیا تاکی داهێنەری تاکوتەنیا لە تاکێتی خۆیدا گەردوونییە. تەنیای جیاوازە بەشێوەیەکی خوڵقێنەر لەگەڵ جیاوازێکی دیکە یەکتری ئەبیننەوە. بەڵام ئەو دووانەی کە بەتەواوی لەیەکتری ئەچن، ئەو دووانە هەمیشە خۆ لەیەکتری دوورئەخەنەوە، بەڕادەی ئەوەش یەک بۆ ئەوی تر ئەیەوێ دەقاودەق لەو بچێت یاخود ببێ بەئامێری ئەو.

گەر مەبەست لە شوناسنامەی کولتووری ئەو ئاستە ئایدیۆلۆژییانە بێت کە لە کولتووری عەرەبیدا باڵا دەستن وەک نەتەوەپەرست و ئیسلامی و مارکسیزم و لیبرالییەکان، ئەوا ئەم تەوژمانە، پاش هەرەسی پڕۆژە فیکرییەکانیان لە بەئەنجامدانی ئەرکە جۆراوجۆرە مەعریفی و خەباتگێڕی و گۆڕانکاریدا گەیشتە نێو تەڵەزگەی خۆیان. یەکەم لە بواری ئەرکی مەعریفیدا نەیانتوانی زانینێک دەربارەی جیهان وکۆمەڵگا بەرهەم بێنن، بەڵکو هەمیشە بەرامبەر بەو ڕووداوانەی لەسەر زەمینەی واقیعدا ڕوویان ئەدا و پێک ئەهاتن لە سەرسوڕمانی زیاتر هیچی دیکەی بەنسیب نەدەبوو؛ دووەم لە ڕووی ئەرکە خەباتگێڕییەکانیدا سەلماندی کە توانای ئەوەی نییە بەرگری لە شوناسنامە و نەتەوەو زاکیرە بکات، گەواهیشمان لەسەر ئەمە ئەو زۆربڵێیانەیە کە دەربارەی داگیرکردنی



کولتووری بەزمانی شکایەت و گریانەوە ئەیلێتەوە؛ سێیەم لەرووی ئەرکی گۆڕانکارییەوە هەرەسی بەدەست هێنا لەگۆڕینی واقیعی عەرەبیدا، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا عەرەبییەکان خۆیان گۆڕان و هەر ئەشگۆڕێن، نەک بەپێی ئەو سیناریۆو نموونانەی کە لە لای ناسیۆنالیست و ئیسلامیزم و مارکسیزمەکان ئەیبینین. ئەمەش بەواتای ئەوەی کە قەیرانی کولتووری عەرەبی لە خودی کولتوورە ئایدیۆلۆژییەکەیدا خۆی حەشارداوە، قەیرانی ئەم کولتوورەش بەئاشکرا لە عەقڵ و فیکرایە، نەک لە عەقڵی کەسانی ڕابردوودا و ئەوانەی لەپێشوودا هەبوون کە داهێنەر و خوڵقێنەربوون بەڵکو قەیرانەکە لە عەقڵی ئێمەی هاوچەرخدایە.

جیهان لە ئێستا دا بەفیکر و میکانیزم و چالاکییە نوێیەکان ئەگۆڕێت لەگەڵیدا هەرسێ پەیوەندییەکەی نێوان ڕەگەزەکانی سێ هێزەکەی زانین و دەسەڵات و سامان ڕێک ئەخرێتەوە، بەجۆرێک سەردەمی پیشەسازی و مۆدێرنیزم و عەقڵانی کلاسیکی تێ ئەپەڕێنێ. فیکری زیندوو پەیوەندێکی بەرهەمهێنەرە لەگەڵ حەقیقەتدا. بەڕادەی ئەوەش توانایەکی پڕ لە چالاکی لە خوێندنەوەی ڕووداوەکان و دارشتنەوەیدا هەیە. ئەمە دانپیانانێکە بەهێزی ڕاستی لە پێناوی بەشداریکردن لە دروستکردنی ڕووداوەکان.

بەڵێ بەجیهانیبوون شوناسنامە تووشی شۆک ئەکات بەڕادەی ئەوەش لە ڕوانین و بڕواو بەهاو ڕاکان تێکدانێک و شێواوییەک دروست ئەکات. بەڵام ناکرێ بەنەفیکردنی ئەوەی کە ڕووئەدات ڕووبەڕووی ئەم حەقیقەتە ببینەوە ئەمەش لە پێناوی بەرگریکردن لەو چەمکانەی کە تواناو هێزی کارتێکردن و کاریگەرییان نەماوەو چیتر بەرگەی ئەو گۆڕانکارییانە ناگرن کە بەسەر ڕووداو و فیکرەکاندا دێت. چیتر عەقڵانیەتی دیکارت و لیبرالیی فۆلتێرو ڕۆشنگەری کانت و پێشکەوتنخوازی مارکس و ئیستراتیژیەتی کلاوزفیتز و ئابوورییەکانی کینز و دیموکراسی شەرشل و دیگۆل، سەرەڕای نەتەوەیی نەتەوەخوازەکان و ئیسلامی ئیسلامییەکان و مارکسیزمی مارکسییەکانی لای ئێمە بەکەڵکی جیهان خوێندنەوە و تەدبیرکردنی گرفتەکان نایەن. ئەم ئیشە پێویستی بەتۆڕێک چەمکی نوێ هەیە، یاخود پێویستی بەسیستەمێکی جیاوازی پێوانەیە. لێرەوە گرفتەکە لە واقیعدا نییە، بەڵکو لە ڕوانین و وێنە و وەهمەکانمانە. واتە واقیع بۆ کۆمەڵێ نموونە ئەگوێزینەوە کە جێبەجێکردنیان مەحاڵە.

## ٥- گرەوەکانی فیکر

لەگەڵ ئەمەشدا چ لە ئاستی جیهانی و چ لە ئاستی عەرەبی لە مەسەلەی شوناسنامەدا ئەوەندە ڕەشبین نیم.

لەسەر ئاستی جیهانی، گەر بەجیهانیبوون لەڕووی نموونەی شارستانییەوە بۆ ئەوە کاری کردبێت کە جیهان بکات بەیەک جیهان، واتە لە ڕووی شێوازەکانی ژیان و تەکنیکەکانی پەیوەندی و بازاڕی دراوەوە، ئەوا ناکرێت لەڕووی شوناسنامە کولتوورییەکەوە واتە لەڕووی ڕژێمی ماناو سیستەمی بەهاوە جیهان بکرێت بەیەک جیهان، لەبەر ئەوەی مادامەکی مرۆڤ بیرئەکاتەوە و دائەهێنێ، هیچ گومانی تێدا نییە کەسێکی تەنیایە.

هەروەها لەسەر ئاستی عەرەبی ڕەشبین نیم، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا عەرەبییەکان بەشداری لە دروستکردنی ژیان ئەکەن بەهەمموو بەشە جۆراوجۆرەکانی، بەسوود وەرگرتن لەو بەرهەم و داهێنانانەی کە جیهان لە بوارەکانی زانیاری و تەکنیکەکان بەخۆیەوە ئەیبینێ، هەروەک ئەمەش لە مەیدانەکانی بانک و بازرگانی و پیشەسازی و ڕۆژنامەگەری و بیناسازی و تەلەفزیۆن و وەرزشیدا بەدەرئەکەوێ. ئەمەی ئێستا ڕووئەدا لەگەڵیدا ئەوە دەرئەکەوێت کە دەستەبژێرە ڕۆشنبیرییەکان ئەوانەی مومارەسەی بەرپرسیاری خۆیان لەسەر نەتەوەو شوناسنامە و حەقیقەت ئەکرد، ئەوان لەهەمموو بەشەکانی دیکە لە ڕووی فیکرو پێوانەکانیان دواکەوتووترن. ئەمەش وا لە ڕۆشنبیر ئەکات کە ڕەخنە لە خۆی و ئەرکەکانی خۆی بگرێت پاش ئەوەی کە ڕۆڵی بەسەرچوو گەیشتە کۆتایی، ئەوەشی ئەمە بەباشی بیخوێنێتەو ئەوەش مانای (مەرگی ڕۆشنبیر)ە: گۆڕینی وێنەی خۆی لەبارەی خۆیەوە بۆ دووبارەکردنەوەی ڕۆڵی خۆی سەرلەنوێ، تاوەکو گرفت و مەسەلەکانی نەتەوەو گرفتەکانی کۆمەڵگاو هەمومەکانی خەڵکی بۆ خۆراکی ئایدیۆلۆژی نەگۆڕێت کە ڕۆشنبیران لە خەباتە دۆڕاوەکانیاندا سکی خۆیانی پێ تێر بکەن. ئەمەش ئەو گرەوەیە: کە بەزمانی شۆک باسی بڕینی ڕۆشنبیری نەکەین، بەڵکو مومارەسەی پەیوەندیمان لەگەڵ شوناسنامەی ڕۆشنبیریمان بەشێوەیەکی سنووربڕی ڕۆشنبیری ئەنجام بدەین، هەروەها نیشتمانەکانمان بۆ زەوی داهێنان و بەرهەمەم هێنان بگۆڕین.

دیاردەی بەجیهانیبوون لەسەر ئەوە وەستاوە کە بە چ ڕێبازێ مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان ئەکرێت هەروەها چۆن بەڕێوەبردنی فیکر ئەکرێ، واتە بەجیهانیبوون لەبەردەم ئەزموونی چۆنیەتی خوێندنەوەیەتی، خوێندنەوەیەکی بەپیت و چوست و چالاک، خوێندنەوەی



بەفیکری پێکهاتەیی و بەعەقڵی پەیوەندیداری گۆڕینەوە، واتە بەلۆجیکی گۆڕانخوازی و بەرهەمهێنەر کە بوار بۆ خولقاندنی ڕووداو و ئامادەبوون لەسەر شانۆ ئەدات. ئەمەش ئەو گرەوەیە: لە پێناو خولقاندن و بەرهەمهێنان یاخود لە پێناو بەلێشاوی و گەشانەوە. بیر بکەینەوە بۆ ئەوەی ئامادەبین و بخزێینە نێو پیشەسازی ئایندەوە.

دوا وتە: بەجیهانیبوون تەنیا موڵکی ئەمریکییەکان نییە هەروەها بەتەنیا ئەوانیش دایاننەهێناوە، بەڵکو ئەمە کۆمەڵێ ڕووداوەو بریتییە لە کۆمەڵێ بەرهەم و ئیمکانیاتی دانراو کە هەموو مرۆڤایەتی لە وێنەکێشانی بەشدارن. لەگەڵ بەجیهانیبووندا گومانی تێدا نییە شوناسنامە کولتوورییەکان چیتر ئەوە نین کە هەبوون. بەڵکو ژیانی مرۆڤ خۆی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چ لەڕووی پەیژەکانی بەها و پێوانەکانی جوانکاری، یان لەڕووی شێوازەکانی مەعریفەو سەرچاوەکانی سامان، یاخود لەڕووی سیستەمی ماناو پەیوەندییەکانی کۆنترۆڵکردن. لێرەشدا پارێزگاریکردن ئامادەیی نییە، تەنیا لە ونکردنی پارێزگاریکردنی ئەوە نەبێت کە ئەمانەوێ پارێزگاری بکەین یاخود دروینەوەی وەهم و جیاوازی و ئابڕووچوونەکان. بۆ ئەوەی دووبارە شوناسنامەمان داهێنینەوە وا باشترە بە زمانی تێگەیشتن و لۆجیک و خولقاندن و بەرهەمهێنان بیربکەینەوە، بەجۆرێک مرۆڤایەتیمانی پێ پێک بهێنینەوە. مرۆڤایەتی کلاسیکیمان، بەکۆن و نوێیەوە پێدەچێ بێ توانایە لە خوێندنەوەی گۆڕانکارییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی سەرسەختییەکان. ئەمەش مانای پێویستیمان بەبوونی مرۆڤایەتییەکی نوێیە کە لەگەڵ خۆیدا ئیمکانیاتی نوێ دەستەبەر بکات، چ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ترسەکان یاخود دانانی سنوورێک بۆ ناکۆکییەکان، یا بۆ چاککردنی مەرجەکانی ژیان، یا بۆ فراوانکردنی بوارەکانی بەیەکگەیشتن و هاوکاری نێوان مرۆڤ. ئەمەش ئەرکی ئەو کرێکارانەیە کە لە بواری فیکرو زانیندا کارئەکەن، نەک نەفرەت و بەردەباران کردن، پیاهەڵدان و مەزنکردن، بەڵکو دووبارە بیرکردنەوە لە سیستەمی بیرو بەها و ئەنجامەکانی، بەمەبەستی دووبارە پێکهێنانی جیهانێک. ئەمەش ئەرکێکە پێویستی بە سیاسەتێکی فیکری نوێیە، لەگەڵ فیکرەکاندا مامەڵەیەکی ئسوولییانە و نموونەییانە ناکات یان وەکو ئەسڵ و شتە پیرۆزەکان مامەڵە ناکات، بەڵکو بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا ئەکات کە بریتییە لە (کۆمەڵێ تۆڕی گۆڕانکاری) بەپێی ئەو تۆڕانە ئەگۆڕێین و ئەیگۆڕین، بەو ڕادەیەش لەگەڵ واقیع و ڕووداوەکان پەیوەندییەکی گۆڕاو ئەچنین. ئەوەشی لەسەر ئاستی جیهان ڕووئەدات ئەو جیهانەی کە ئەبێ بە بەجیهانیبوون، ئەمڕۆ نە دۆزەخەو نە بەهەشت، بەڵکو دووبارە

خوڵقاندنەوەی شتەکانە ئەو شتانەی کە لەگەڵ دیاردەی بەجیهانیبووندا چیتر ئەوە نین کە هەبوون. با ڕووداوەکان بخوێنینەوە، بۆ ئەوەی بەشداری لە پرۆسەی خوڵقاندن بکەین، ئەمەش ئەبێتە هۆی فراوانکردنی ئاسۆی بوون و دەوڵەمەندکردنی ئیمکانییەتەکانی ژیان.

**سەرچاوەکان**


١- محمد عابد الجابري، العولمة والهوية الثقافية، عشر اطروحات، مجلة (المستقبل العربي)، شباط ١٩٩٨.

٢- السيد يسين، في مفهوم العولمة، مجلة (المستقبل العربي)، المصدر السابق.

٣- صادق جلال العظم، ما هي العولمة؟ مجلة (الطريق) العدد الرابع، ١٩٩٧.

٤- ريجيس دوبرية، محاضرات في علم الأعلام العام، الميديولوجيا، ترجمة فواد شاهين وجورجيت حداد، دار الطليعة، بيروت ١٩٩٦.

٥- جابر عصفور، آفاق العصر، دارالمدى، دمشق، ١٩٩٧.

٦-بيل غيتس، المعلوماتية بعد الانترنيت، طريق المستقبل، ترجمة عبدالسلام رُضوان، عالم المعرفة، العدد ٢٣١ اذار ١٩٩٨.

٧-بيار بورديو

أ- عقول علمية، القسم الرابع، ولادة الحقل البيروقراطي، منشورات سوي، باريس، ١٩٩٤.

ب- ماهية الليبرالية الجديدة، صحيفة (لوموند الحقل ديبلوماتيك) اذار ١٩٩٨.

٨- بول فيريليو

أ- السرعة والحرب والفيديو، المجلة الأدبية الفرنسية raireéMagazine Litt العدد ٣٣٧، تشرين ١٩٩٥.

ب- عالم في غاية الانكشاف، (لوموند ديبلوماتيك)، آب ١٩٩٧.

ج- العين للعين، أو انهيار اليور، (لوموند ديبلوماتيك)، آذار ١٩٩٨.

٩- جويل دي روسناي، فرنسا والعالم السبراني، (لوموند ديبلوماتيك)، آب ١٩٩٧.

١٠- إيناسيو رامونية

أ- جغرافية الفوضي، منشورات غاليلية، ١٩٩٧، وهو كتاب حول العولمة والثقافة السيبرانية والفوضي الديمقراطية.

ب- تحولات العالم، افتتاحية(لوموند ديبلوماتيك)، تشرين الاول، ١٩٩٧.

ج- فساد المثال الديموقراطي، (لوموند ديبلوماتيك)، أيار ١٩٩٧.

١١- ميخائيل ولزر، ما بعد الحداثة، المجلة الادبية الفرنسية، العدد ٣٦٣، آذار ١٩٩٨.

١٢- إيف ميشو، الهويات المرنة، مجلة (الثقافة العالمية)، آب ١٩٩٧.




# شوناسنامە لە نێوان سێبینەی بەئیسلامبوون و بەمرۆڤبوون و بەجیهانیبوون

## ڕەخنەگرتن لە ڕوانینی ئیسلام لە ڕووی فیقهی و فەلسەفییەوە

### چەمکێکی تێپەڕ

تا ئێستا چەمکی بەجیهانیبوون کاریگەری خۆی بەئەنجام ئەگەیەنێ و لەنێوەندە فیکری و لەگۆڕەپانە ڕۆشنبیرییەکاندا دەنگدانەوەی خۆی بەجێ دێڵێ، جا ئەمە چ لە جیهانی ڕۆژئاوا بێت کە لەوێدا لەدایک بووەو سەری هەڵداوە یاخود لای ئێمە لە لوبنان و لە جیهانی عەرەبی، ئەم زاراوەیە لە لایەن ڕۆشنبیرو نووسەران بەکارئەهێنرێ و یەک بەدوای یەک پەرچدانەوە دەربارەی ڕووئەدات جا ئیتر چ لە ڕووی سلبییەوە بێت وەک بەردەباران کردن و نەفرەت لێکردن یاخود لە ڕووی ئیجابییەوە بێت وەک چەندبارەکردنەوە و سوپاسگوزاری، یاخود لە پێناوی تێگەیشتن و دەستنیشانکردن و ڕاڤەکردنی زاراوەکە و شیکردنەوەی دیاردەکە. ئەمەش سیفەتی هەموو زاراوەیەکی تێپەڕو ناوازەیە، ئەم جۆرە زاراوانە دەرگای وتووێژ ئەخەنە سەرپشت و ئەبنە جێگای گرنگی پێدان، بەڕادەی ئەوەش ڕاڤەکردن و خوێندنەوە هەڵدەگرن یاخود بەو ڕادەیەش مەوداو ڕووبەر ئەخوڵقێنن.

گەر من بێ هیچ بۆنەیەک و بێ هیچ ڕوویەک ڕووم کردبێتە بابەتی بەجیهانیبوون ئەوا لێرەدا ڕووی تێ ئەکەم و باسی ئەکەم لە ڕووی پەیوەندییەوە لەگەڵ ڕوانینی ئیسلامی، بەهەمان ڕادەش لە ڕووی پەیوەندییەکەوە باسی ئەکەم کە ئەویش پەیوەندی جیهانی و تەوژمی مرۆڤایەتی. لەبەر ئەوەی زۆر لەو داواچی و لێکۆڵەرەوانەی کە ڕەخنە لە بەجیهانیبوون و ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا ئەگرن، ئەوان ئەم کارە ئەکەن، لە ڕوانگەی داوایان بۆ بەمرۆڤکردنی بەجیهانیبوون(٣) یاخود بۆ بەرۆحکردنی ڕۆژئاوا، لە ڕێگای ڕوانینی مرۆیی

(٣) ئاماژە بەوە دەکەم ئەم کۆمەڵە زاراوەی کە لە خوارەوە ئەیانخەمە ڕوو بریتین لە کۆمەڵێ زاراوە هەر هەموویان لە وتارێکی ئیمام شێخ موحەمەد مەهدی شەمسەدین، سەرۆکی ئەنجومەنی ئیسلامی شیعی لە لوبنان هاتووە دەربارەی ئیسلام و بەجیهانیبوون، کە لە ڕۆژنامەی (النهار)ی بەیروتی بەچوار زنجیرە لە مێژووی ٨ و ٩ و ١٠ و ١١ ی تەموزی ١٩٩٨ بڵاوبۆتەوە ئەو زاراوانەش =

بۆ جیهان یان لە ڕێگای هێزی ڕۆحی ئیسلامی، هەشیانە داوا ئەکەن کەوا ئەم بەجیهانیبوونەی کە ئێستا هەیە بۆ بەجیهانیبوونی ئیسلامی بگۆڕدرێ کە لە ناخی پەیامە مرۆڤایەتییەکەیەوە هەڵقوڵاوە، ئەو پەیامەی کە خاوەنی جیهانییەکی بێ وێنەیە(٤).

ئەو پرسیارەی کە بەمێشکدا دێت بریتییە لە: ئایا بەڕاستی ئێمە خاوەن ڕوانینی مرۆیین، یان بەلای کەمەوە ئێمە توانای بەمرۆڤکردنی ڕۆژئاوامان هەیە ئەو ڕۆژئاوایەی کە ئێمە خۆمان ڕوانین و نموونە و مەبەست و مومارەسەکانی تاوانبار ئەکەین بەماتەریالی و

---

= بریتین لە: تاکایەتی مرۆڤ، سڕینەوەی تەواوی ڕۆشنبیرییەکان، مسۆگەرکردنی شمەکە ماتەریالی و تێرکردنی چێژ، سەپاندنی ڕوانینی ڕۆژئاوایی بەسەر خێزان و ئافرەت و پەیوەندییە سێکسییەکان، مرۆڤایەتی بەجیهانیبوون لە ناخی بڕوای ئاینیدا داکوتراوە، بەمرۆڤبوونی بەجیهانیبوون، بەجیهانیبوونی چاکەو بڕوا، ڕوانینی مرۆیی بۆ جیهان، ڕزگارکردنی مرۆڤ لەسەر بناغەی ڕوانینی ئیسلامی بۆ جیهان، پاشکەوتنی هەوڵ و ڕۆحی داهێنان، پرنسیپی بەرۆحکردن و بەهای مرۆیی، هێزی ڕۆحی شارستانیتی ئیسلامی، جیهانی واتە ڕێزگرتنی ئەویتر بەپێی پرنسیپی تەعاروفی قورئانی.

(٤) هەروەها ئاماژەش بەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەکەم کە هەر هەموویان بریتین لە کۆمەڵێ دروشم و چەمک کە لە هەرسێ بەشی وتارەکەی دکتۆر ئەبا یەعروب ئەلمەرزوقی هاتووە کە ئەمیش یەکێکە لە داوەچی و بیرکەرەوە ئیسلامییەکان، مامۆستای فەلسەفەیە لە زانکۆی تونس وتارەکانی بریتین لە یەکەمیان: ئەڵتەرناتیفی بەجیهانیبوونی بەمافیابوو چییە؟ لە گۆڤاری "الفكر العربي المعاصر" ژمارە ١٠٤-١٠٥ بەهاری ١٩٩٨ بڵاوکراوەتەوە وتاری دووەم بریتییە لە: ڕۆحیانەتی بەدوای یەکداهاتوو، تایبەتمەندی و مەرجەکانی. ئەمەش لە گۆڤاری (اسلامية المعرفة) ساڵی چوارەم ژمارە ١٣ هاوینی ١٩٩٨ بڵاوبۆتەوە: سێیەم وتارێ بریتییە لە (تەگەرەکانی ڕێنیسانسی عەرەبی و کۆمیدییە تیۆرییەکانی) گۆڤاری" دراسات عربية"، ژمارە ٧٨ ساڵی ٣٤، ئایار و حوزەیران ١٩٩٨: پەیامی شارستانییەتی ئیسلامی بۆ مرۆڤایەتی خاوەن جیهانی تاکو تەنیا، بەجیهانیبوونی پێش مێژوو، بەجیهانیبوونی سەردەمی ئیسلامی، بەجیهانیبوونی بەبیابانکردن و شەڕخوازی، بەجیهانیبوونی تیرۆرکردنی ڕۆح، هەڵگەڕانەوەی ڕۆحی، مافیای ڕۆح و ماتەریالی، ڕابردوو تەنیا هەوڵێکی نەزۆکە بۆ بەدیهێنانی بەهای شۆڕشگێڕی ئیسلامی، ئەوەی لە مێژووی ئیسلامدا ڕووی داوە بەپێچەوانەی سروشتی پەیامەکەیەتی، ئیسلام نموونەیەکی باڵایە جارێک جێبەجێ نەبووە، نموونەی ئیسلامی مەبەستێکە بۆ تەحقیقکردن لە ئایندەدا، دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر گەردوون و بیناسازیدا، ڕزگارکردنی گەردوون و مرۆڤ لەسەر بناغەی ڕوحانیەتی ئیسلامی، ڕەهبەری خوڵقێنەرو پەیامی تاکایەتی کۆتایی، کارتەواوکردن لەگەڵ ڕابردووی ئەهلی، ئازادکردنی مرۆڤی عەرەبی و مرۆڤی ئیسلام مەرجەکانی ئامادەن لە پرۆژە ڕیفۆرمیستەکانی ئیبن تەیمیەو ئیبن خەلدون...



ڕەگەزپەرستی و بەربەرییەت و یا بە بەبیابانکردن و وێرانکردن و شەڕخوازی پەتی، یاخود داواکانمان تەنیا بریتین لە پروپاگەندەی فیکری و لە واقیع و نووسینەکان هیچ نموونەیەک لەبارەوە نییە؟ بە پرسیارێکی زۆر نزیک لە چەمکی خۆیەوە، ئایا ئێمە بەڕاستی ئەو توانایەمان تێدایە وانەی مرۆڤایەتی بەڕۆژئاوا بڵێینەوە یاخود ئەبێت ئێمە لە ڕۆژئاواوە فێربین و سوود لە ئەزموونو داهێنانەکانیان وەرگرین؟

با ئەو بانگەشانە بخەینە ژێر پشکنینەوە ئەوانەی بۆ بەمرۆڤکردن و بەڕۆحکردن بەرزیان ئەکەینەوە، ئەویش بەبەرزکردنەوەی بۆ ئەزموونە زیندوو و ئەنتۆلۆژییەکان. بوار زۆرن هەر لە ئاسایشی خۆراکی تا پیشەسازی جەنگ، لە فیقهی ئافرەتەوە تا پەیوەندی نێوان هۆز و مەزهەبەکان، لە ئارەزووی وروژاندن و تاکەکانەوە تاکو پرۆژەکانی یەکبوون و کارەکانی بەیەککردن، لە میکانیزمەی فیکرکردنەوەو لۆجیکی ماناوە بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتان و بەسیاسەتکردنی ئارەزووەکان، لە مومارەسەکردنی شوناسنامە و تایبەتمەندییەوە بۆ ڕێبازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەویتری جیاواز، لە ڕوانینی حەقیقەت و واقیعەوە بۆ مامەڵەکانی ماف و سیستەمی بەرژەوەندییەکان... هەموو ئەمانە کۆمەڵێ مەیدان و بوارگەلن ئەکرێ دەربارەی مرۆڤایەتیمان ئەو مرۆڤایەتییەی کە شانازی پێوە ئەکەین نموونە و شتی زیندوویان لێوە هەڵهێنجین و ئەمانەوێ بەپێی ئەوەش مرۆڤایەتی ڕۆژئاوا لە ماددیەت و تاکڕەوێتی و دڕندەیی و بەربەرییەتی دەربکەین.

## شەریعەتی چێژ

با لە مەسەلەی ئافرەتەوە دەست پێ بکەین. هێرش ئەکەینە سەر کۆڕو کۆبوونەوە جیهانییەکان ئەوانەی گرنگی بەمەسەلەی مافی ئافرەت ئەدەن، بەو بیانووەی گوایە هێزی بەجیهانیبوون هەوڵ ئەدات ڕوانینی خۆیمان دەربارەی خێزان و پەروەردەو ئافرەت و پەیوەندییە سێکسییەکان بەسەردا بسەپێنێ. لە بەرامبەریشدا ئێمە بەرگری لە فیقهی باوی ئافرەت ئەکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەوڵانەی بۆ گۆڕینی هاوکێشە جێگیرەکان ئەدرێن، بەمەبەستی دووبارە دابەشکردنەوەی پرنسیب و دەسەڵات و پلەوپایەکان. کەچی ئەو کارەی لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی بەرهەمدارەو مومکینە ئەوەیە کە کار بکەین بۆ هەڵوەشاندنەوەی نموونەکانمان ئەو نموونانەی لەسەر ئاستی ڕوانین و شیکردنەوەدا هەمانن، هەروەها دووبارە چاوخشاندن بەو پرنسیبانەی کە لە هەڵسەنگاندن و پۆلینکردن بەکاریان ئەهێنین، ئەویش بەمەبەستی ڕزگارکردنی فیقهە لەو فەرهەنگەی کە هەیەتی ئەوەی لەگەڵ

ڕوانینی مرۆیی هاوچەرخدا ناگونجێ. ئێمە ئەزانین چەمکەکانی وەک نەفەقەو چێژو مارەیی و کرێ و بەجێهێشتن و لێدان، هەروەها ئەو دەستەواژە شەرعییانەی دیکەش کە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو ڕێک ئەخەن، هەر هەموویان ئەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی مولّکایەتی و کۆمەلّگای باوکسالاری بەتریرکی.

بەمجۆرە ئێمە ڕەخنە لە ڕوانینی ڕۆژئاوا ئەگرین و هێرش ئەکەینە سەر بەجیهانیبوون گوایە بریتییە لە بەئەمریکاکردنی جیهان، کەچی خۆمان ئەزانین پیاو لە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گەر بیەوێ لە ژنەکەی جودابێتەوە، ئەو مالّ و سامانەی هەیەتی ئەبێ نیوەی بدات بە ژنەکە، یاخود بەپێچەوانەوە، ئەمەش بەحوکمی پرنسیپی هاوسەرێتی تەواوی نێوانیان لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا. بەلاّم لای ئێمە لە توانای پیاودا هەیە ژنێک بەسەر ژنەکەی بێنێ و ژیانی لێ بکات بەدۆزەخ، یاخود تەلاّقی بدات، پاش ئەوەی ئەو مارەییەی کە ئەیکەوێت ئەیداتێ، وەک ئەو کرێیەی کە ئەدرێت بەکرێکار و بەکرێگیراو لە کاتی دەرکردنی لە کاردا.

هەروەها لەم بارەیەوە نموونەیەکی دیکەش هەیە کە تا ئێستاش ڕووداوەکەی لە مێشکدا جێگیرە: ئەوەی لە لوبنان ڕووی دا لەبارەی پرۆژەی هاوسەری مەدەنی، دەستەبژێریی ئەبوو تووڕەی کردینایە، بۆ بەرگریکردن لە دەسەلاّت و بەرپرسیاریمان بەرامبەر بەعەقلّ و جەستە. کەچی ئەکرا زانایانی فیقه و شەرع بەسەربەستییەوە ئەوە ڕاگەیەنن کە: ئەوەی ئەیەوێ بەکاری بێنێ ئەمەیە ڕێبازمان بۆ هاوسەرێتی. ئەوەشی ئەمەی ناوێ ئەوە سەربەستە و ئازادە بێ ئەوەی هیچ گرژییەک یاخود هەڕەشەدانێک دروست بێت و چەکی کافربوون و هەلّگەڕانەوە بەڕوویدا بەرز بکرێتەوە، ئەمانەش کۆمەلّێ زاراوەی کۆنن عەقلّیەتی دادگاکانی پشکنینمان وەبیر ئەهێنێتەوە، هەروەها لەگەلّ مرۆڤایەتی مرۆڤ لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا ناگونجێت. بەمجۆرە ئێمە بەوە ڕازی نابین تاک کە هاوولاّتی ئەم ولاّتەیە ئەو سیستەم و دەسەلاّتەی کە خۆی هەلّیئەبژێرێت بۆی بگەڕێتەوە، بەلّکو ئەمانەوێ ئەو کەسە داگیربکەین و فیکرو بڕیارەکانی لێ بسەنینەوە. سەرەڕای ئەمەش ئێمە داوای بەمرۆڤبوونی جیهان ئەکەین، بەلاّم باشتر وایە کار بۆ بەمرۆڤکردنی ڕوانینە فیقهییەکان بکەین، بۆ ئەوەی لە پاشماوەکانی کۆیلەیاتی ئازاد بکەین.



## کۆمەلّگای نەداری و هەژاری

قسەکردن لەسەر ئافرەت بەرەو قسەکردنمان ئەبات لەسەر چێژ. ئێمە شارستانی ئەورووپی بەوە تاوانبار ئەکەین کە لە (دابینکردنی چێژی ماددی) زیاتر هیچی پێشکەش بەمرۆڤایەتی نەکردووە. هەندێ لە ئەهلی ئیسلام ئەوانەی سەرۆکی نموونەکانن خۆیان ئەهلی چێژن. چێژیش ئەم ئادەتە سێکسییە گوماناوییە کە خودی عومەری کوڕی خەتاب لە ١٤ سەدەی پێش ئێستاوە قەدەغەی کردووە ئەوانەشی کە مومارەسەیان کردووە سزایانی داوە، هەندێک لە ئێمە تا ئێستا لەسەر شاشەکان بانگەشە بۆ مومارەسەکردنی ئەو چێژە ئەکەن و بەرگریشی لێ ئەکەن، کەچی ئەم کارە بۆ خۆی بریندارکردنی کەرامەتی ئافرەتە، بەهەمان ڕادەش وەک جەستەیە مامەلّەی لەگەلّدا ئەکرێت کە قابیلی بەکرێدان و یاخود ئامێرێکە لە بۆ ڕابواردن زیاتر بۆ هیچی دیکە نییە.

قسەکردن لەسەر ڕابواردن و تێرکردنی حەزەکان، ڕامانئەکێشی بەرەو قسەکردن لەسەر برسێتی کەوا هەندێ ناوچەی جیهانی ئیسلامی گرتۆتەوە بۆ ئەوەی هەڕەشە لە ئاسایشی خۆراکی بکات. ئێمە ڕۆژئاوا تاوانبار ئەکەین گوایە تەنیا کارئەکات بۆ گەشەدان بەو شێوازانەی کە بەرەو (تێرکردنی حەزەکان) ئەڕوات، ئەوەش لەبیر ئەکەین کە گرنگترین ئەو گرفتانەی کە زۆربەی کۆمەلّگا عەرەبی و ئیسلامییەکان پێوەی ئەنالّێن دابینکردنی پێویستی خۆراک و پۆشاک و خانووە بۆ دەیان ملیۆن لە دانیشتوانەکانیان. نموونەی گەلێ ئاشکراو دیار لەم بارەیەوە هەن. لە سودان مندالاّن بەبەرچاوی کەسوکاریانەوە لەبرسانا ئەمرن ئەو کەسوکارەی کە ئەوەندە بێ هێز بوون بەهۆی برسێتییەوە توانای ناشتنی ئەو مندالاّنەی خۆشیان نییە. کەچی لای ئێمەش کەسانێک هەن سەرقالّی گەڕانن بەدوای سیستەمێک بۆ خۆپاراستن لە زۆرخۆراکی تووش نەبوون بەزیانەکانی ئینتەلا. بێگومان گەر ئەو کەسانە هەلّوێستە مرۆییەکانیان و خواناسی و ویژدان ڕێگایان پێ بدا وەک مەسیح و عەلی کوری ئەبو تالیب و عومەری کوڕی خەتاب و ئەبی زەری غەفاری و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، ئەوا هیچ نەبوایە خۆیان لەوە دوور ئەخستەوە کە لەو خوانە گشتی و ئەو پێشبڕکێیانەی نێوان هۆزو مەزهەبەکان ئامادەبن یان لە بونیادنانی مزگەوت و تەکیەکان ڕائەوەستان، بۆ ئەوەی گرنگی بەبرسییەکان بدەن، لەڕوانگەی مرۆییەوە کە پێویست بەبرایەتی نێوان ڕۆلّەکانی ئادەم ئەکات ناچێتە عەقلّەوە کۆمەلّێک ژیانی خۆشگوزەرانی بژین و ئەوانی دیکەش لە ڕۆخی مەرگ بن، یاخود پارە بۆ

خزمەتگوزارییەکان سەرف بکرێت، تەنانەت گەر بونیادنی مزگەوتیش بێت. گرنگیدان بەمرۆڤ و بەگیانلەبەران لە پێشترو ئەرکترە. بەمجۆرە خواپەرستی، یاخود لە پێشتر بڵێین پەرستنی حەزو ئارەزوو شەهوەتی دەسەڵات و پلەوپایە دوورمان ئەخاتەوە لە مومارەسەکردنی ئەرکە مرۆییەکانمان.

بۆیە هیچ سوودێکی نییە گەر داوای بەمرۆڤبوونی شارستانی ڕۆژئاوا بکەین یاخود باسی ڕۆحێتی شارستانییەکەمان بکەین، بەڵکو لەپێشتر ئەوەیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان مۆرکی بەمرۆڤبوونی پێ ببەخشین، نەک بگەڕێینەوە بۆ شێوە کۆنەکان، بەڵکو نموونەی نوێ داهێنین بۆ هاوکاری و یارمەتی یەکتریدان. ڕۆژئاواییەکان بیری (گونجاندن و شیان)یان داهێنا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و برسێتییەکان. ئێمە لەم بوارەدا چیمان داهێناوە؟ ئەمەیە مەرجکردنەکە: یا ئەوەتا شێوازگەل و دەستپێشکەری نوێمان چنگ بکەوێ بۆ هاوکاری و یارمەتیدان. یاخود بەتەئکیدکردنە سەر بەها مەعنەوی و ڕۆحانییەکان و هیچی تر، ئەوەش دراوێکی کۆنەو پێویستی بەکەسێکە بتوانێ سەرفی بکات و بەدەستپێشکەرییە ڕەوشتییەکانی بیگۆڕێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئاسایشی خۆراک بەشدار بێت.

## پیشەسازی مەرگ

قسەکردن لەسەر ئاسایشی خۆراکی ئەمانباتە سەر باسی ئاسایشی سەربازی. ئێمە ڕۆژئاواو نموونەکەی بەهۆکاری وێرانی و خراپەکاری تاوانبار ئەکەین، بۆ ئەوەی بەرگری لە ڕەگەزایەتی ڕوانینمان و مرۆڤایەتی نموونەکانمان بکەین. بەڵام گەر بڕوانینە دەوروبەرمان ئەبینین پیشەسازی مەرگ پیشەی ئێمەیە. ئێمە لە وێرانکردنی خۆمان زیاتر هیچ نازانین، جارێک بەناوی نەتەوایەتییەوە، جارێک بەناوی ئیسلامەوە، ئەوەی کە ڕووی دا و تا ئێستاش هەندێ لە داگیرکردنەکانمان و مومارەسە تیرۆریستەکان و قەسابخانە بەکۆمەڵەکانمان لەسەر زەوی زۆربەی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان ڕووئەدات. لەو نموونە زیندووانەیە لەم بارەیە، زۆر کەس لە براو ڕۆڵەکانمان لە کولتووری خۆیان و کۆمەڵگای خۆیان و دەستورەکانی خۆیان هەڵدێن بەرەو وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ئەڕۆن بەتەماحی ئەوەی بواری کاریان بۆ بڕەخسێت، یاخود بۆ گەڕان بەدوای بژێوی، ئەو کۆچە ناشەرعییانەش کە بەکۆمەڵ بەرەو وڵاتە ئەوروپییەکان ئەکرێن شایەدی ئەم قسەیەن. هەڵهاتن لە دۆزەخی



خودو نموونە ڕۆحانییەکەی بەرەو بەهەشتێکی دیکە، سەرەڕای ئاگاداربوونی پێشتر لە ئەنجامەکانی ئەو سەرسەختییە پڕ لە ترس و ماندووبوونە. بەمجۆرە نێرسیسیەتی ڕۆشنبیریمان هەمیشە پاڵمان پێوە ئەنێت کە مومارەسەی مامۆستایی بەسەر ڕۆژئاواوە بکەین بەمەبەستی وەبیرهێنانەوەو نەسیحەتکردنی، ئەوەی پەیوەندی بەکاری ڕۆحانی و ئارەزوو خواستە مرۆییەکانەوە هەیە، ئەوەیە وامان لێ ئەکات ئەوەمان لەیاد بچێت کە مرۆڤایەتییەکەی ئێمە هەژاری و جیاوازی و ژێردەستەیی بەرهەم دێنێ، بەهەمان ڕادەش ئەبێتە هۆی هێنانەکایەی ناکۆکی و توندوتیژی و جیاوازی دڕندانە، وەک ئەوە وایە ئێمە خودی نێوەندی ڕوانینەکە نەبینین.

## عەقڵیەتی تاکایەتی

بۆیە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بەگرفتەکانی تایبەت بەتاک و کۆمەڵگاوە. ئێمە وا ئەزانین کە مۆدێرنیزمی ڕۆژئاوایی لەسەر (تاکایەتی مرۆڤ) بونیادنراوە، بۆ ئەوەی سەربەستی و گەشەکردن و خۆشییەکانی تاک سەرکەوێت لەسەر حیسابی (ئەرک و بەرپرسیارییەکان) بەرامبەر بەکۆمەڵگاو ئەوی تر. بەمجۆرە ئێمە تاکایەتی و ئازادی بەجۆرێ شی ئەکەینەوە کە لەگەڵ ڕوانینماندا بگونجێت کە ڕوانینێکی دورخستنەوەو دوژمنایەتیکردنە لەگەڵ بەڕۆژئاواو کولتوورەکەی، واتە بەجۆرێک کە ببێتە هۆی شاردنەوەی واقیع و بازدان بەسەر ڕاستییەکاندا. لەبەر ئەوەی هیچ تاکێک گەشە ناکات و پێناگات گەر لە کۆمەڵگایەکی گەشەکردوو پێگەیشتوودا نەژی. لێرەوە ئازادی و سەربەخۆیی و گەشەکردنی تاک ئەوە ناگەیەنێ تاک لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵ و دەزگاکان توانای هەبێت کاربکات و بژی، بەقەدەر ئەوەی ئازادی ئەو تاکە، لەنێو کۆمەڵگاو دەوڵەتدا ئەوە ئەگەیەنێت، کە ئەو لەو کۆت و زنجیرەی کە ئازادی بیرکردنەوەو دەربڕینی لێ زەوت ئەکات ڕزگاری بێت، یاخود لەو پۆلینکردنە ئامادەو لەپێشینانە ڕزگاری ئەکات کە بەشێوەیەکی بنبڕ و کۆتایی و بەشێوەیەکی ڕەگەزپەرستانەی داخراو و شوناسنامەکەی دیاری ئەکات. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە تاک لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان بەشێوەیەکی کامڵ و نموونەیی مومارەسەی ئازادی خۆی ئەکات. ئەمەش وەهمێکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی تاک بەڕادەی ئەوەی کە دەسەڵاتی خۆی دروست ئەکات بەو ڕادەیەش ئازادی خۆی دروست ئەکات، ئەم دروست کردنەش لە ڕێگای مومارەسەکردنی کاریگەری و چالاکی خۆی لە شوێنی خۆی و لەسەر شانۆی بوونی خۆی. مەبەستەکەش

ئەوەیە کە کارکردن لە ڕۆژئاوا (بەرهەمی بەکۆمەڵ و کردەی عەقلانی)یە، هەروەک بیرکەرەوەی نەتەوەی دێرین دکتۆر قوستەنتین زەریق تێبینی ئەمەی کرد، ئەم زاتە ڕەخنەگرتن لە ڕۆژئاواو مومارەسەی مامۆستایەتیش بەسەر ڕۆژئاواوە مەشغولی نەکردبوو، ئەو لەڕووی مرۆڤایەتی و شارستانییەتەوە تێبینی ئەوەی کرد دەربارەی ڕەخنەگرتن لە بارودۆخە ئەنتۆلۆجی و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانمان ئەوەی کە بەهۆی ئەو هەموو ئافاتە گەورانەی کە بەسەرمان هاتووە پێوەی ئەناڵێنین، لە کاتێکدا ئێمە خۆمان وا دائەنێین کە ئەهلی شوراو گشتگەلین کەچی دیارترینی ئەو ئافاتانە بریتییە لە باڵادەستی تاکایەتی و کەسایەتی لە کار و بڕیارو هەڵسوکەوتدا.

## هەڵبژاردن و نێرسسییەت

کاری دەزگا و بەرهەمی بەکۆمەڵی خولقێنەر بەو سیفەتەی بەرهەمی داهێنانی تاکی سەربەست و تاکخوازە، نەک تاکی داپڵۆسێنەرو تاکڕەو، ئەمەش ڕێبازێکی دیاریکراو لە مومارەسەکردنی شوناسنامەدا دەستنیشان ئەکات. کەسی ڕۆژئاوایی بەشێوەیەکی بزوێنەرانە و نەرم و کراوە بەڕووی کەسانی تردا مومارەسەی شوناسنامەی خۆی ئەکات، بەتایبەت لەم سەردەمەدا هەلومەرجی بەجیهانیبوونی خود ئەخولقێ بەپێکهێنانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤی جیهانی. ئەمەش لەم زاناو لێزان و پیشەزان و سەرمایەدارە بزوێنەرانەدا ڕەنگ ئەداتەوە هەروەها ڕەنگ ئەداتەوە لە کۆمپانیا فرە نەتەوەیی و دەستە جیهانییەکان ئەوانەی لە زیادبوون و بڵاوبوونەوەدان. ڕەنگە نوێترین و نزیکترین نموونە لە پێکهاتنی ئەم واقیعە کە سنووری نێوان وڵات و نەتەوەکان ئەبڕێت و نێرسیسییەتی ڕۆشنبیری و فاشیزمی نەتەوەیی ئەشکێنێ ئەو تەعلیقەی سەرۆکی فەرەنسی جاک شیراک بێت کە لەبردنەوەی تیمی فەرەنسی بۆ کاسی جیهانی ساڵی ١٩٩٨ ڕایگەیاند کە: تیمە فرە ڕەنگ و فرە ڕەگەزەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی کە تیمی فوتبۆڵ لە یاریزانانێ پێک دێ کە ڕەگەزنامەو ڕەنگ و نیشتمانی جیاوازیان تێدایە، تیایانە جگە لە ئەسڵی فەرەنسی ئەفریقی و عەرەبیشی تێدایە.. هەروەک بڵێی سەرۆکی فەرەنسی ئەو ئایەتەی قورئان وەرئەگێڕێ کە لە بارەی جیاوازی ڕەنگ و زمانەکانەوە هاتووەتە خوارەوە. ئەمەش لای خۆیەوە زاناو بیرکەرەوەی فەڕەنسی بیاربۆردێو ئەنجامی ئەدات کە ئەویش لایەنگری بزاڤی پەراوێزکراوان و دوورخراوەکانی کۆمەڵگای فەڕەنسییە لە هەردوولا هاوڵاتییان و کۆچەران وەکو یەک.



## گرفتە مردووەکان

بارودۆخی پەیوەندییەکان لە ناوەوە ئەوەندەش باش نییە: لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە شانازی بەپرنسیبەکانی زانینی قورئانەوە ئەکەین، داوائەکەین یەک دان بەوی تردا بنێ، هەروەها ئەیەوێ مومارەسەی بڕواو مەزهەبێتی خۆی بکات، چ لە چوارچێوەی مەسیحیدا یان لە چوارچێوەی ئیسلامیدا بێت، سەرەڕای ئەمەش سەرکەوتنمان بەدەست نەهێناوە لە بەخشینی مۆرکی مرۆیی و برایەتی بەپەیوەندییەکانی نێوان تایەفەو مەزهەبەکان، تا ئێستاش ئەم پەیوەندییانە لەسەر بناغەی دوورخستنەوە بونیاد ئەنرێت و ئەویش بەحوکمی عەقڵی لووتبەرزێتی و تاکایەتی یەک لایەنی، شایەدیش لەسەر ئەمە ئەو هەموو کتێب و ئسوولە تێکستانەیە کە لای هەر یەک لەو هۆزو تیمانە ئامادەن.

بەمجۆرە لە ڕۆژئاوادا شوناسنامە ئاوێتەبووەکان و یەک دراوی پێکدێ کە سەر بەزیاتر لە یەک وڵات و نەتەوەیە، بەجۆرێک تیایدا ئاستە نیشتمانییەکانی ئەو وڵاتانە ئەبڕێ و ئەچێتە مەودایەکی فراوانترەوە، چ لەسەر ئاستی ئەقلیمی و چ لەسەر ئاستی جیهانی، ئەو قەیرانانەی کە پێویستێتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەشداریکردنی لەو پیشەسازییە جیهانییەی کە تیایدا، چ لەسەر ئاستی گەشەکردن یاخود لەسەر ئاستی ئاسایش بەرژەوەندییەکان و چارەنووسەکان چوونەتە نێو یەکترییەوە. ئەوەش پێویستی بەفیکرێکی پێکهاتەیی بەردەوامە کە لەگەڵ مەسەلەکان بەدینامیکییەکی خولقێنەرو مەنهەجێکی چوست و چالاک مامەڵە بکات، بەهەمان ئەندازەش پێویستی بەپەیڕەوێکی بەرهەمهێنەر هەیە کە توانای گۆڕانی هەبێت، بوار بەبەردەوامی کارکردن لەسەر دەسکەوتەکانی وەک عەقڵ و حەز و دەسەڵات و دەزگاکان ئەدات کە بونیادی واقیع و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگای بەپیشەسازیکردنی خودو دووبارە پێکهێنانەوەی شوناسنامەکان ئەگۆڕێ، ئەویش بەشێوەیەک کە ئەبێتە هۆی داهێنانی چەمک و نموونە و سیستەم و بناغەی نوێی بەپیت و سەرکەوتوو و گونجاو.

لە بەرامبەر ئەمەش خەڵکی لای ئێمە تا ئێستا هەروا لە نێو قۆزاخەکانی شوناسنامەی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی ماونەتەوە بەو بەڵگەیەی زۆر لەوانە تا ئێستاش خەریکی مەسەلەی خەلافەو مەشرووعیەتن کەئەم مەسەلەیە چواردە سەدە پێش ئێستا خرابووە ڕوو بۆ ئەوەی بزانن کێ بەڕاستی حەقی هەبووە ببێ بەخەلیفە. ئەمڕۆش پاش ئەوەی نەتەوەکان تێکەڵی یەک بوون و چارەنووسەکان بوون بەیەک چارەنووس، تا ئێستاش هەندێک لە

ئێمە هەر سەرقاڵی ئەوەن بۆ ئەوەی بزانن ئایا فینیقییەکان عەرەب بوون یان غەیری عەرەب، هەروەها زۆر نموونەی تری ئەم جۆرە گرفتانە کە ئەمانەش هەموو بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئێمە تا ئێستا خۆمان بەمەسەلە نەزۆکەکانەوە خەریک کردووە، زیاتر گرنگی بەمافی مردووەکان ئەدەین تا مافی زیندووەکان. .ئەمجۆرە عەقڵە داخراوانە واتە ئەوانەی کە بۆ دواوە ئەگەڕێنەوە ئەمانەن کە هەوڵەکانی یەکگرتن تووشی نوشستی کردوون، بەهەمان ڕادەش ڕاڤەیە بۆ ئەو گەڕانەوەو ڕێگرانەی کە لە پرۆژەکانی ڕاپەڕین و ڕیفۆرم یاخود لە هەوڵەکانی مۆدیرنیزەکردن و گۆڕاندا ڕووئەدەن ئەوەی کە بەشێوەیەک بوارمان پێ ئەدات بەشداری خوڵقێنەرو بەرهەمهێنەربین لە کاروانی ئەم شارستانییەی ئێستادا.

هۆکاریش هەمیشە لە دەرەوە نییە. بەڵکو خۆی لە نێو عەقڵەکاندا حەشارداوە، واتە خۆی لە بونیادی ڕۆشنبیری و لۆجیکی فیکردا حەشارداوە. گەر بەئاسانترین کردەکانی ڕۆشنبیری و مەعریفی دەست پێ بکەین، کە ئەویش بریتییە لە خوێندنەوە، بۆمان دەرئەکەوێت ئەو کتێبەی کە زیاتر لە هەموو کتێبێک لای ئێمە بازاڕی هەیە، کتێبی سیحرو بەخت خوێندنەوەیە، لە پاشان بەدوایدا کتێبی سێکسی دێت ئەو کتێبانەی کە بەشێوەیەکی ئابڕووبەرانە باس لە مومارەسە سێکسییەکان ئەکات، واتە بەشێوەیەکی ڕووت و هیچ و پووچی. لەپاشان کتێبی ئایدیۆلۆژی خەباتگێڕانە دێت، ئەوانەی سۆزەکان ئەجووڵێنن و ئەو کتێبانەی کە ڕۆحی تۆڵەو حەق سەندنەوە ئەجووڵێنێ، نموونەش لەسەر ئەمە دوا کتێبی ڕۆجیە گارودی یە، کە لەسەر پیاهەڵدانی ڕوانینی ئیسلامی و هێرشکردنە سەر ڕوانینی ڕۆژئاوا بونیادنراوە. ئەم جۆرە کتێبانە نێرسیسیەتی بڕوابوون لای ئیسلامەکان پتەوئەکات، بەهەمان ڕادەش وایان لێ ئەکات دەستبەرداری نموونەکانی خۆیان نەبن و ببن بەکۆیلەی ناوو ئسووڵەکانیان، ئەو کاتە بەپرسیارو گرفت و مەسەلە کۆن و مردووەکان یاخود زەیفەکان سەرقاڵ ئەبن، هەروەها ڕێگە بەکەسانی تر ئەدەن بەشێوەیەکی داهێنەرانە و بەردار بیر لە هەموو ئەو ڕووداوانە بکاتەوە کە لەم جیهانەدا ڕووئەدەن. ئەمانە بڕێک بوون لەو نموونە کتێبانەی کڕیاریان زۆرە. بەڵام ئەو کتێبانەی کە زۆر بەکەمی ئەفرۆشرێن، بریتین لە کتێبی ئەدەبی و فەلسەفی و زانستی ئەوانەی ئەزموونی مرۆڤایەتی دەوڵەمەند ئەکەن و هەروەها بەشەکانی توانا بەڕووی خوێنەرەکانیان فراوان ئەکەنەوە چ لە زمان بێت یان لە دەستەواژە. ، لە مەعریفە یان لە ئەزموون، لە تێگەیشتن و درکپێکردن، ئەمە وا ئەگەیەنێ ئێمە ئەبێت بەمرۆڤبوون ببەخشینە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خوێندنەوەدا، بەجۆرێک خوێندنەوەی داهێنانەکانی فیکرو



تەجەلیاتەکانی ڕۆحمان لا قبووڵ بێت، گەر توانیمان ئەم جۆرە (وشە)یە بەکاربێنین ئەو وشەیەی کە پەیوەستە بەپەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ماناو بەهاو چۆنیەتی ئیدارەکردنی کاروبارە سیمبولییەکانی.

قسەکردن لەسەر خوێندنەوە دەرگا لەسەر قسەکردن لەبارەی میکانیزمەکانی بیرکردنەوە ئەکاتەوە. کەواتە ئێمە چۆن بیر لە مەسەلە بەکارهاتووەکان بکەینەوە؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداوە لەپڕ و واقیعە نوێکان بکەین؟

## لۆجیکی داکۆکیکردن

گەر مومارەسە فیکرییەکانمان بپشکنین ئەبینین هەمیشەو زۆرجار، بەلۆجیکی بەرگریکردن و پارێزگاریکردن بیرئەکەینەوە، نەک بەزمانی تێگەیشتن و لۆجیکی ڕووداوەکان، بەو مانایەی فیکرمان بریتیە لە پەرچدانەوەیەک کە عەقڵیەتە ئایدیۆلۆژییەکان و هەڵوێستە خەباتگێڕییەکان بەسەرمانیدا ئەسەپێنن، زیاتر لەوەی کە شیکردنەوەی واقیع بێت بۆ خزانە نێو پیشەسازی هەنووکەو گرەوکردن لەسەر ئەو شتەی کە لە ئایندەدا ڕووئەدات. ئەم میکانیزمە فیکرییە بەرگریخوازە، کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شارستانیەتی ڕۆژئاوای باڵا دەست و داگیرکەردا سەپاندوویەتی، تا ئێستاش هەر لە سەردەمی ئەفغانی و محەمەد عەبدەوە حوکمڕانی فیکر ئەکات. ئەمەش یاخود ئەوە ڕەفز ئەکاتەوە کە ڕۆژئاواییەکان لە بواری فیکردا بەدییان هێناوە، بەو بیانووەی کە ئەمە بریتیە لە بەخشینی ناسیۆنالیەتێکی دیکە بەفیکرو تێگەیشتنەکان ئەوەش لەو سەرچاوەوە سەری هەڵداوە کە ئەبێت پارێزگاری کەلەپوور بکرێت و پابەندبین بەپرنسیپەکانەوە: یاخود هەڵدەستێت بەکۆنترۆڵکردنی ئەو بیرانەی لە ڕۆژئاواوە بەرهەم هاتوون و بەجۆرێک لە داڕمانی فیکری ئەیداتە پاڵ خۆی، ئەم دانە پاڵەش نێرسیسیەتی ڕۆشنبیری و بیروبڕوایی پێی ئەکات.

بەڕاستی ئەمە لە لای زۆربەی بیرکەرەوەو لێکۆڵەرەوە ئیسلامییەکان هەر لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە هەتا ئەم سەردەمە کە سەردەمی ڕاگەیاندن و بەجیهانیبوونە ڕووی داوە. بۆ نموونە گەر بوترێ شارستانیەتی ڕۆژئاوا لەسەر بناغەی عەقڵ بونیادنراوە یاخود شارستانیەتێکی عەقلانییە، ئەوە پەرچدانەوەمان ئەوە بووە کە بڵێین ئیسلام ئایینی عەقڵە، کەچی خودی پرنسیپ و بناغە لە ئیسلامدا وەحییە نەک عەقڵ. یاخود گەر بوترێ دیموکراسییەت سیفەتی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوایە ئەوە پەرچدانەوەکە بەمجۆرە ئەبێت کە دیموکراتییەت لە شوورای ئیسلامی زیاتر هیچی دیکە نییە، لەگەڵ جیاوازی لە نێوان

هەردووکیان لەرووی فەزاو چەمک و میکانیزمەوە. گەر ڕۆژئاواییەکان باسی مافی مرۆڤ بکەن ئێمە دەنگی لێ بەرز ئەکەینەوەو ئەڵێین ئەم مافە لە بناغەی ئیسلامەوەیە، کەچی بیروباوەڕی ئیسلامی وەکو هەموو بیروباوەڕەکانی دیکە خاڵی نییە لە هەڵبژاردن و دوورخستنەوە. گەر مەسەلەی سەربەستی ئافرەت بێتە پێشەوە، ئەوا پەرچدانەوەکە ئەوەبووە ئەم مەسەلەیە ئەوەندە گرنگ نییە، لەبەر ئەوەی ئیسلام ئازادی بەئافرەت بەخشیوە، لەگەڵ ئەوەشدا زاراوەی (ئازادی) وەک چەمکێکی سێنتەر یاخود وەک لێتێگەیشتنێکی ڕاییکەر ناونیشانێکە لە ناونیشانەکانی مۆدێرنیزمی فیکری، سەرەڕای ئەوەی کە ئافرەت لە سیستەمی مافی ئیسلامی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی پلە دووە، بەڵکو لە سیستەمی نێرینەشدا ئەو سیستەمە نێرینەیەی کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دەستەباڵایە چ ڕۆژئاوا بێت یان ڕۆژهەڵات ئافرەت هەر پلە دووە.

بەمجۆرە بۆ هەر چەمکێک کە ڕۆژئاواییەکان دایانهێناوە ئێمە بۆ ئەڵتەرناتیفێکی ئیسلامی یاخود یەکسان ئەگەڕێین کە لەگەڵ ئەو چەمکە بگونجێت یان پێشتر لەو چەمکە و بناغەیەک بۆ ئەو چەمکە بێت. مەبەستیش لەم کارە نەفیکردنی ڕەچەڵەک و جیدییەتە لە داهێنانە مۆدێرنەکان ئەویش بەگەڕاندنەوەی بۆ ئسوولە کۆنەکەی، یاخود گەڕان بەدووی شێوەکانی پێشتر و وێنە ڕابردووەکانی. ئەم شێوە میتۆدە ڕۆژهەڵاتناسەکان لەبۆ خوێندنەوەی فیکری فەلسەفی لە ئیسلامدا بەکاریان هێنا، هەروەها ئینکاری ئەوەیان ئەکرد کە ئەم بیرە لە بابەتگەل و بابەتەکاندا خاوەنی نوێکردنەوەو داهێنان بێت، ئەویش بەحەواڵەکردنی بۆ بناغەکەی لە کولتوورە کۆنەکاندا، بەتایبەتیش لە فیکری یۆنانیدا.

لە ڕابردووی نزیک و دوور ئامانجەکانی گەڕان بەدووی پرنسیبی داهێنان و بەرهەمهێنانەکان ئەمەیە: شاردنەوەی حەقیقەت لە ڕووەکەی تریەوە بریتییە لە داپۆشینی ناتەواوییەکانی داهێنان. ئەمەو ئەوەی کە بەعەقڵیەتی بنەچەخوازی کارئەکات و دووی یەکەمین بناغەو یاخود شێوەی پێشینە بۆ هەر بیرو دەستەواژەیەک ئەگەڕێ، ئەو کەسە کردارەکان لەسەر بناغەی ئەسڵ پێوانە ئەکات، واتە پێشتر زانینی ئەوەی زانراوەو تەقدیر کراوە، بۆ ئەوەی لەگەڵیا جووت بێت و ئەوەشی جووت نابێت وەلاوە بنرێ.

لەم ڕوانگەیەوە ئەو کەسە زیاتر گرنگی بەپارێزگاریکردن ئەدات تا مەعریفە، واتە گرنگی بەخوێندنەوەو دەستنیشانکردنی واقیع و دۆزینەوەی شتە شاراوەکان و زانینی نوێ نادات، یاخود هەوڵی شکاندنی بەستەڵەکی و کردنەوەی بوار بۆ گۆڕین و گۆڕانکاری نادات. ئەمەش وائەنوێنێ کە بیر تەنیا پەرچدانەوەیەکی نەزۆک بێت، لەسەر ئاستی



فیکری بەشداری لە دروستکردنی ڕووداوەکان ناکات، بەتایبەت لای کەسانی داواچی و پارێزەرانی شوناسنامە، وەک ڕۆشنبیرو لێکۆڵەرەوە نەتەوەیی و ئیسلامییەکانی جیهانی عەرەبی بەرجەستە ئەبێت. ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستی مارکسییەکانە لە مارکس و تێکستەکاتی مارکس. ئەوان فوندامەنتێل و پاشەکشەکەرن، بەو مانایەی ئەوان پێوەر و سەنگی مەحەک بەو شتە دەزانن کە مارکس وتوویەتی و کردوویەتی، ئەوەی کە بگونجێت وەریانگرتووە ئەوەشی نەگونجێت دووریان خستۆتەوەو وازیان لێهێناوە.

## خۆ گێلکردن لە ڕاستی

ئەمەیە هەڵوێستی داواچییەکان بەهەموو لایەنەکانیانەوە چ وەکو زاراوە چ وەکو دیاردە بەرامبەر بە بەجیهانیبوون. ئەوان مامەڵەیەکی ئایدیۆلۆژییانەی خەباتگێڕانە لەگەڵ بەجیهانیبووندا ئەکەن ئەمەش خۆی لە چەند هەڵوێستێکدا ئەبینێتەوە: هەڵوێستی یەکەم خۆی لە ڕەفزکردنی بەجیهانیبوون ئەبینێتەوە بەو بیانووەی بەجیهانیبوون داگیرکردنێکی ڕۆشنبیری یاخود ئیمپریالیزمی نوێیە و بەرجەستە بووە لە دەسەڵاتی ئەمریکا بەسەر جیهاندا: هەڵوێستی دووەم ستوونەکانی بریتین لە خۆئالاندن لە حەقیقەت بەو وتەیەی کە بەجیهانیبوون لەبەر ئەوەی (نزعەیەکی مرۆیی گۆڕانکارییە) کەواتە لە ناخی (بڕوای ئایینی و بەهای ئیسلامیدا)یە. بەجۆرێ داڕمان لای خاوەنانی ئەم هەڵوێستانە گەیشتووەتە ڕادەیەک کە بڵێن بەجیهانیبوونێ هەیە پێی ئەوترێ (بەجیهانیبوونی ئیسلامی) کە ئیسلامەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیاندا مومارەسەیان کردووە هەروەها ئەم بەجیهانیبوونە لە بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو بەجیهانیبوونەی ئێستا، بەجیهانیبوونی دەوڵەمەندبوون و ڕیفۆرمی ئەزانن کە ئەوان بە بەجیهانیبوونی بەهەژارکردن و خراپەکردنی دائەنێن. بەڵام هەڵوێستی سێیەم، کە پەیوەندی بەهەڵوێستی پێشووترەوە هەیە، ستوونەکانی بریتین لە گەڕانەوە بۆ دواوە واتە گەڕانەوە بۆ جیهانخوازی بەسەرچوو، چ بەشێوە ئیسلامییەکەی بێت یاخود شێوە ڕۆژئاوایە هاوچەرخەکەی. هەڵگرانی ئەم هەڵوێستە داوای ڕووخاندنی ئەو بەجیهانیبوونەی ئێستا ئەکەن، بەڕای ئەوان ئەم بەجیهانیبوونەی ئێستا کە لەسەر بناغەی نەفیکردن و دزین و بەساراکردن و بەربەریەت و کوشتنی جەستەیی و ڕۆحی بونیادنراوە ئەبێ بگۆڕدرێتەوە بەجیهانخوازی کە بەڕای ئەوان مەیلێکی مرۆڤخوازانەی گشتلایەنیی هەیە لەسەر بناغەی ئەوە وەستاوە کە ڕێزی جیاوازی و هەمەچەشنی نێوان مرۆڤ بگرێت و هەروەها ئەو بەها ڕۆحی و نموونە

ئیتیکییانە بەرجەستە ئەکات کە لای بەرهەڵستکارانی بەجیهانیبوون لە ڕۆشنبیرە عەرەب و ئیسلامییەکان بەدی ئەکرێ. ئەمەش هەروەها هەمان هەڵوێستی هەندێ لەو ڕۆشنبیرە ڕۆژئاواییەکانە بەتایبەت فەرەنسییەکان: ئەوانیش لە شکایەتکردنیان دژ بەداگیرکردنی بەجیهانیبون و بەئەمریکابوون بوون بەشەریکی ئێمە. هەڵوێستی چوارەمیش هەیە خاوەنەکانیان داوای ئەوە ئەکەن کە بچینە نێو ئەم بەجیهانیبوونەی ئێستاوە، بەڵام بەو مەرجەی ئەو بەجیهانیبوونە ڕووی مرۆڤایەتی پێ ببەخشێنرێ، واتە ڕووی بەمرۆڤیبوونی پێ بدرێت یاخود بەمەودا ڕۆحی و ئایدیالیستەکانی دەوڵەمەند بکرێت. ئەم هەڵوێستەش لای فۆندامێنتێلە ئیسلامییەکان ئەگاتە ئەوپەڕی، کە نێرسیسسیەتی ئاینیان پێ ئەڕازێننەوە، بەو بیانووەی ئەوان چارەسەریان بۆ ئەو گرفتانە لایە کە مرۆڤی هاوچەرخ پێوەی ئەتلێتەوە. بەڕای ئەوان ئیسلام وەڵامی هەیە کە هەر ئیسلامیشە خۆی کەفیلی ڕوانینە مرۆڤایەتیی و هێزە مەعنەوییە ڕۆحانییەکەی و پەیامە تەوحیدییە ئیستیخلافییەکەیەتی کە بریتییە لە ئازادکردنی هەموو مرۆڤایەتی، ڕزگارکردنیان لە ئافات و نێوەندەکانی، گرفت و قەیرانەکانی. ئەمەش بێ ئاگایی و خەیاڵخوازی و بەکەم سەیرکردن وایان لێ ئەکات بڕوایان وابێت کە (رزگارکردنی جیهان) و ڕزگارکردنی موسڵمانان و ڕێنیسانسی عەرەب هەر هەمووی لەسەر ئەوە وەستاوە بگەڕێینەوە بۆ دواوە بۆ ئەزموونی سەلەفی و نموونەکانیان لە شارستانییەت و بیناسازی و یاخود لە شێوەی ڕەهبەریکردن و خەلافە، بۆ بەدیهێنانی ئەو شتەی ئیسلامییەکان بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی تیایدا سەرکەوتوو نەبوون.

بەمجۆرە ئێمە بەرامبەر کۆمەڵێ هەڵوێستین کە تیایدا ڕەفزکردن و خۆتێوەئاڵان و پەشیمانی و نێرسیسیەت تێکەڵ ئەبن، ئەمانە هەموویان بەتەنیا بریتین لە پەرچدانەوە بەرامبەر بە بەجیهانیبوون کە تیایدا نەزۆکانە بەجیهانیبوون ئەخوێنرێتەوە، بەهەمان ڕادەش خاوەنەکانیان بەسەر گۆڕانکارییەکاندا بازئەدەن ئەو گۆڕانکارییانەی کە جیهان لەسەر ئاستی فیکرو ڕووداوەکان بەخۆیەوە ئەبینێ هەر لە نموونەکانی ڕوانینەوە تا نموونەکانی ژیان، لە پەیژەکانی بەهاوە بۆ سیستەمەکانی پەیوەندی.

بەڵام خوێندنەوەی سوودمەند لەسەر ئەو ڕوانینە بونیادنراوە کە بڕوانرێتە ئەو ڕووداوانەی کە جیددیەت بەرهەم دێنێ، یاخود ئەو توانا فراوانەی کە ئەیکاتەوە. بەمجۆرە ئەهلی فیکر مامەڵە لەگەڵ بەجیهانیبووندا ئەکەن: ئەوان هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژی لە پێشینەی لێ وەرناگرن پێش ئەوەی ڕاڤەی نەکەن و شی نەکەنەوە یا پێش ئەوەی



دابنەماڵن و هەڵینەوەشێننەوە. بەمجۆرە و لەم حاڵەتەدا بەجیهانیبوون نابێتە بابەتێک بۆ وەسفکردن و گاڵتەپێکردن، هەروەها ناشبێت بەبوارێک بۆ مومارەسەکردنی مامۆستایی و وتنەوەی وانە بەسەر کەسانی دیکەدا، بەڵکو ئەبێتە بەشێک بۆ لێکۆڵینەوەو پشکنین یاخود ئەبێتە پاڵپێوەنەرێک لە پێناوی فێربوون و تەگبیرکردن، واتە ئەگۆڕێ بۆ بوارێک بۆ داهێنانی تێگەیشتن و دەستەواژەو شێوازی نوێ کە بوار بەخوێندنەوەی وەرچەرخانە جیهانییەکان و دەستنیشانکردنی گرفتە هەنووکەییەکان ئەدات. نموونەش لەسەر ئەمانە زۆرن:

بۆنموونە با زاراوەی (کرێکارانی مەعریفە) وەرگرین، ئەم زاراوەیە بۆ ئەوە داهێنرا تا تێگەیشتنمان هەبێت لە بارەی شۆڕشی زانینەییەکان. ئەم زاراوە نوێیە ئەو جیاوازییەی لە نێوان دەستەبژێرەکان و گشتینی خەڵکدا هەیە نایهێڵێت واتە جیاوازی نێوان پیشەوەرانی فیکرو پیشەوەرانی باوەڕ، بەشێوەیەک ئەبێتە هۆی بڕێک لە بەمرۆڤکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پلە پایەو و چینە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم کارەش بۆ زاراوەی (خەیاڵەکانی سیبرانی) یش هەر ڕاستە ئەم چەمکەش چەمکێکی نوێیە بوار ئەڕەخسێنێ بۆ خوێندنەوەی ئەو گۆڕانکارییانە کە لەپەیوەندییەکانی نزیکێتی مرۆڤ و پەیوەندییە دەستەجەمییەکان بەهۆی کۆمپیوتەرو تۆڕەکانی پەیوەندی ئەلیکترۆنییەوە ڕوویان داوە. لە نموونەی سێیەم، زاراوەی (کۆتایی جوگرافیا) ئەبینین ئەم زاراوەیە پۆل فیریلیۆ دایهێنا بەپێی ئەم زاراوەیە بوار بەخوێندنەوەی ئەو گۆڕانکارییانە ئەدات کە لە پەیوەندی نێوان زەمان و جێگادا ڕوویان داوە، پاش ئەوەی زەمین بووە گوندێکی میدیایی بچووک. دواجار ئەمەیە ڕۆڵی زانستی نێوەندەکان و میدیا. ئەمە لقێکی نوێیە کە ڕیجیس دۆبریە دایهێنا ئەویش بەخوێندنەوەی ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەی کە دامەزراندنی بواری تەلەفزیۆنی و کۆمەڵگای میدیایی دروستیان کرد. کەچی دۆبریە و فیریلیۆ لە لایەنگرانی بەجیهانیبوون نین، بەڵکو ئەوان لە ڕەخنەگرانی بەجیهانیبوونن، بەڵام ئەوان کە ڕەخنەی لێ ئەگرن بەمەبەستی نەفیکردن و ئیلغاکردنەوە نییە، بەڵکو ئەوان هەوڵ ئەدەن لە ڕووداوەکە بگەن و دووبارە پرسیارو گرفتەکان داڕێژنەوە.

بەمجۆرەش خاوەن عەقڵەکان مامەڵە لەگەڵ بەجیهانیبووندا ئەکەن و هەر ئەوانیش بەچاوی تواناو زمانی تێگەیشتن و لۆجیکی گۆڕانکاری و بەرهەمهێنان مامەڵە ئەکەن لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەم. بەڵام لای ئێمە میکانیزمەکانی بەرگریکردن لە خود، خۆهەڵکێشان بەداهێنانە کۆنەکان و نێرسیسیەتی ڕۆشنبیری و، نزعەی سەلەفی ئاوێتەبوو

لەگەڵ عەقڵیەتی فیندەمانتیڵی وای کردووە کە پاڵمان پێوەبنێت یان ئەوەتا بەکاری هێرشبردنە سەر بەجیهانیبوون ڕووداوەکان نەفی بکەینەوە و بەوەش وەسفی بکەین کە (ئامێرێکی دۆزەخییە) بۆ کۆنترۆڵکردن، یاخود شتەکان ئەوەندە ئاسان بکەینەوە کە بەسەر ڕاستییەکان بازبدەین و بڵێین بەجیهانیبوون شتێکی نوێ نییە، هەر لە سەردەمی یۆنانی و ڕۆمانییەکان هەبووە، یان بووترێ بەجیهانیبوون هەوەسێکی مرۆڤایەتییە و بەرجەستەکردنی پرنسیپەکانی ئیسلامە کە داوای (کرداری باشەو ئیمانداری) ئەکات. ئەوانەشی ئەم کارە ئەکەن ناتوانن جیاوازی لە نێوان چەمک و زاراوەکان ببینن، بەهەمان ڕادەش بەسەر سەردەم و قۆناغەکاندا بازئەدەن، کەچی بەهای زانین و ڕاستی داوامان لێ ئەکات بەڕووی ئەو شتانەی کە ڕووئەدەن بکرێینەوە بێ گوێدانە شوناسنامەی خاوەنەکانیان گەر ئێمە داوای بڕینی (دواکەوتووی لە هەوڵدان و ڕۆحی داهێنان) ئەکەین، بۆ ئەوەی دان بەڕاستییەکان بێنین و سوود لە بەرهەمەکان وەرگرین.

بە بەراوردکردن لەگەڵ ڕابردوودا جیاوازییەکی فراوان لە نێوان کۆنەکان لەلایەک و هاوچەرخ و مۆدێرنیزمەکان لەلایەکی دیکەوە ئەبینرێ. کۆنەکان واتە عەرەب و موسڵمانەکان، بەڕووی ڕۆشنبیرییەکانی کۆندا کراونەتەوە بەسنگفراوانییەوە دەستکەوتەکانی ئەو ڕۆشنبیرییانەیان وەرگرتووەو سوودیان لە داهێنانەکانیان بینیوە، بەشێوەیەکی داهێنەرانەو بەرهەمدار توانیویانەتەوەو سوودیان لێ بینیوە، ئەویش لە میانەی ئەو بەشە زانین و زانستانەی کە دۆزیویانەتەوە، یا ئەو نموونە و دەستەواژە شارستانییانەی کە دایانهێناوە، یاخود ئەو سیستمە فیقهی و سیستەمی وتنانەی کە بونیادیان ناوە، بەجۆرێک بواری پێ داون واقیع دروست بکەن و ژیان بەرهەم بهێنن، هەروەها لەسەر ئاستی شارستانیەت ڕەهبەری جیهان بکەن. سەیرنییە گەر کەسانی ڕابردوو لە ناخیاندا خۆشەویستی فێربوون و عیشقی زانست جێگیربووبێ، لە هەر سەرچاوەیەکەوە بوایە، هەروەها هەوڵدانیان بۆ چاوپێکەوتنی ئەو خاوەن زانستانە لە هەر شوێنێکی ئەم زەمینە بوونایە.

کەچی عەقڵی فیقهیی هاوچەرخ کە بەعەقڵیەتی نموونە و لۆجیکی جووتبوون لەگەڵ ئەسڵدا کارئەکات، تووشی ناکۆکییەکی ئابڕووبەر بووە، ناکۆکی لە نێوان ئەوەی کە ئەیەوێ و حەزی لێیە و ئەوەی کە بیری لێ ئەکاتەوە و توانای بەسەرا ئەشکێ. لەبەر ئەوەی ئەم عەقڵە لە حەزکردن بۆ زانین سەرهەڵنادا، زیاتر لەوەوە سەرهەڵئەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی خەباتگێڕانەیە، ئەمەش وای لێ کردووە لەگەڵ ڕووداو و مەسەلەکان



بەمیکانیزمی نەزۆک مامەڵە بکات، یان بەڕاکردن بەرەو پێشەوە بەمەبەستی مومارەسەکردنی مامۆستایەتی بەسەر ڕۆژئاوا و داواکانی بۆ بەمرۆڤکردنی شارستانی ڕۆژئاوا، یاخود بەگەڕانەوە بۆ دواوەو بەڕەفزکردنی بەجیهانیبوون و بەردبارانکردنی، بەوەی گوایە بەجیهانیبوون بریتییە لە پرۆژەیەک ئامانجی (سڕینەوەی ڕۆشنبیری)یە یاخود ئامانجی (کوشتنی ڕۆحی) ئەوانی ترە، یاخود ڕەتکردنی بنەڕەتی و نەژادی و وەهاش دابنرێ کە لە ناخی ئایین و پرنسیپی بڕوا و شەریعەتایە.

## جیهانێتی بەسەرچوو

ئەوە هیچ گفتوگۆیەکی ناوێ کە شارستانی ئیسلامی خاوەن ناوەڕۆکی پڕ لە گۆڕانکاری و شێوەکانی پڕ لە هاوکاری و بەهاکانی بەردەوامی بوو. گەر وا نەبوایە ئەوە ئەو شارستانییە نەیدەتوانی بڵاوبێتەوەو بەدرێژایی سەدەکان گۆڕەپانی کاری مێژوویی داگیربکات، کە تێیدا فیکرو زانست و زانینەکان گەشەی کردو، بەهەمان ڕادەش بازاڕەکانی ئاڵوگۆڕی ئابووری و بوارەکانی پەیوەندی مرۆیی تیایدا پەرەی سەندبوو. سەرەڕای بوونی ئیمپریالیزمی دەسەڵاتی غەیبانیەت تەنانەت لەسەر ئاستی ئایینیش ڕووی گۆڕینەوە هەندێک جار دەرئەکەوت، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندی بڕواهێنەر بەخوای خۆیەوە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی بووە، بەو مانایەی لەسەر ئەم زەوییە بەندەو واز لە هەندێ لەو شتانە ئەهێنێ کە حەزی لێیەتی، بۆ ئەوەی لەو دنیا چەندجارە ئەو سوودانەی بەنسیب بێتەوە، بێگومان ئەم ڕوانینەش بەپێی ڕوانینی بازرگانی ئیمان وایە. بەهەر حاڵ ئاڵوگۆڕی سیمای هەموو کولتوورێکە، هەر لە ئاڵوگۆڕی ئافرەت لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانەوە تا ئاڵوگۆڕی زانیاری لە کۆمەڵگا میدیاییەکاندا. بەڵام، پێش شۆڕشی زانین و تەقینەوەی تەکنیکەکانی پەیوەندی و شێوازەکانی ڕاگەیاندن، هەموو گۆڕینەوەیەک بە بەجیهانیبوون دانانرێ تەنانەت گەر هاتوو ئەو پەیوەندییەش بەئاڵوگۆڕەکانی شارستانیەتی یۆنانی یا بەشارستانی ئیسلامی یان تەنانەت گۆڕینەوەی شارستانیەتی ڕۆژئاوایی هاوچەرخیش پەیوەست بێت، ئەو شارستانییەی کە بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبۆتەوە بەجۆرێک مرۆڤایەتی پێشتر هەرگیز ئەم جۆرەی بەخۆوە نەبینیوە. لەبەرئەوەی بەجیهانیبوون بەرهەمی چوونە نێو سەردەمی گەردوونییە. هەروەها بەجیهانیبوون دەرئەنجامی شۆڕشێکی تێکەڵەیە، چ وەک تەکنیک چ وەک دیجیتاڵ، بەشێوەیەک واقیعی فیعلی لەگەڵ بەجیهانیبووندا کارلێکردنی کردووە تا واقعێکی دیکە دروست

بکات، واقیعێکی هەوایی دەستکرد، ئەویش لە ڕێگای کۆمپیوتەرو عەقڵە ئەلیکترۆنییەکانەوە، لە ڕێگای بەیەکگەیاندنی تێکستە ژمارەییەکانەوە بوار بۆ خولْقاندنی ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە دیاردە خەیاڵییەکان ئەڕەخسێنێ. بەمجۆرە ئێمە بەرامبەر ڕووداوێکی گەردوونین لەگەڵیا نەخشەی جیهان ئەگۆڕێ، بەهەمان ڕادەش پەیوەندی لەگەڵ خودی واقیعدا ئەگۆڕێت، ئەمەش گۆڕانە لە بونیادی کولتوورەوە بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵات، لە شێوەکانی شوناسنامەوە بۆ سیستەمەکانی پەیوەندی، لە شێوەی گەشەکردنەوە بۆ شێوەکانی ململانێ و جەنگەکان.

نەفیکردنی ئەو ڕووداوەی کە ڕووئەدات بەبیانووی ئەوەی شێوە داگیرکردنێکە کارێکی بێ سوودە، هیچ شارستانییەکی زیندوو گەشەکردوو، ئامادەو چالاک نییە، کە مومارەسەی توانای خۆی نەکات بۆ بڵاوبوونەوەو فراوانبوون، لە ڕێگای بەرهەم و داهێنانە ماددی و تەکنیکییەکانی، فیکری یان سیمبولییەکان. بەم مانایە هیچ جیهانخوازییەک نییە چ کۆن یا نوێ کە کولتوورو شارستانییەکان مومارەسەی کردبێت خاڵی بێت لە سیماکانی داگیرکردن و میکانیزمەکانی دەسەڵات و پاشکۆیی و ئیمپریالیزمی، چ ئەو شارستانیەتە یۆنانی بێت یا ئیسلامی یاخود جیهانیەتی ڕۆژئاوایی مۆدێرن بێت بەهەموو جۆرەکانییەوە.

مانای ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە دەستنیشانکردنی جیاوازی بێ سوودە لە نێوان جیهانەکانی پێشوو، چ ئیسلامی یا ڕۆژئاوایی بێت، بەو سیفەتەی ئەوان سیمایەکی مرۆییان هەبوو، هەروەها لە نێوان بەجیهانیبوونی ئێستا ئەو بەجیهانیبوونەی کە جیهانی ئەمریکییەو ڕوخساری بەربەرییانەی هەیە. واباشترە بەڕووی ڕووداوەکاندا بکرێینەوە بۆ ئەوەی بەشداری کەین لە خوێندنەوەو داڕشتنەوەی، بەمەبەستی داهێنانی ئەو چەمکانەی لە ڕێگایانەوە شێوەکانی گۆڕان و ئاسۆکانیان ئەخوێنینەوە لەپێناو دەوڵەمەندکردن و زێدەکردنی، یاخود ئاشکراکردنی ئەو دەستەواژەو دەستپێشخەرییانەی کە توانایەکی وامان بۆ ئەڕەخسێنێ تا بتوانین ببینە هێزی بەجیهانیبوون، و بەشداری لە بەڕێوەبردن و بەڕێخستنی چالاکییەکانی بکەین.

گەڕانەوە بۆ دواوە هیچ سوودێکی نییە، واتە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بۆ لای ڕابردووەکان بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گرفتە هاوچەرخەکانمان لای ئەوان، هەروەک چۆن ئەو کەسانە ئەنجامی ئەدەن و ئەڵێن چاککردنەوەی ئەو بارودۆخەی تێی کەوتووین بەتایبەت بەوە دێتەدی بەگەڕانەوە بۆ لای ئیبن تەمیمەو ئیبن خەلدون دێتەدی، و هەر لای ئەوانە



(دیاریکردنی دەردەکەو دۆزینەوەی دەرمانەکە). ئەوەشی ئەمە ئەکات هیچ چاککردنەوە و پێشکەوتنێ بەدەست ناهێنێت و واقیعیش ناگۆڕێ، بەڵکو بەشداری زیاتری قووڵکردنەوەی گرفتەکان و توندوتۆڵکردنی قەیرانەکان ئەکات، لەبەر ئەوەی ئەهلی هەر سەردەمەو هەر کۆمەڵگایەک بەرپرسیارن بەرامبەر بەدیاریکردنی واقیعی خۆیان و هەڵهێنجانی چارەسەر بۆ گرفتەکانیان. هەروەها خۆ گێلکردن لە حەقیقەت و هەوڵدان بۆ دەستبەسەراگرتنی داهێنانی کەسانی تر و بەمەبەستی بەئیسلامکردنی بەجیهانیبوون کارێکی بێ سوودە، گەر هاتوو ئێمە ئەوەمان کرد مانای وایە ئینکاری حەقیقەتەکان ئەکەین، بەهەمان ڕادەش ئەم کارە ئەبێتە بەڵگەیەک بۆ شایەدی بێدەسەڵاتیمان لە بواری داهێناندا. کەواتە باشتر وایەو حەقی خۆیەتی دان بەو شتانە بنێین کە ڕۆژئاوا بەدی هێناوە، هەروەها دان بەو کار و هەوڵدانانە بنێین کە ڕۆژئاوا کردوویەتی و بەتوانای خۆی بازدانی شارستانی و گۆڕینی مێژوویی بەدی هێناوە، ئەو بەدیهاتنانەی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ئەنجامی داوە بەدەستەوە، ئەم کردارانەش کاریگەریەکەی هەموو گەلانی سەر زەوی گرتۆتەوە.

## کاریگەری ڕۆژئاوا

لە ڕوویەکی تریشەوە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بەئاسانی تەماشای کارەکان بکرێت: پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوادا چەند ڕوویەک و چەند ئاستێکی هەیە، ئەو ڕوو و ئاستانە لایەنی ئیجابی و سلبیشیان هەیە. ڕاستە ئەمە لە میانەی گفتوگۆدا دێتەدی هەر لە شۆکی مۆدێرنیزمەوە تا شۆکی بەجیهانیبوون. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ هەستین بەهێرشکردنە سەر ڕۆژئاواو کولتوورەکەی، یاخود ناڕەزایی بەرامبەر بەهەڵوێستی ئەو کەسانە دەربڕین کە دان بەحەقیقەتی داهێنانەکانی ڕۆژئاواو کاریگەریان ئەنێن بەسەر ڕێنیسانسی فیکریمان و بەردەوامیە شارستانییەکەی، بەو بیانووەی ڕۆژئاوا (لەڕووی نائینسافییەوە) لە شارستانی ڕۆژئاوای مۆدێرندا ئینکاری ڕۆڵی عەرەب و موسڵمانەکان ئەکات. لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان شارستانییەکان یەک لایەنی نییە، بەڵکو پەیوەندی گۆڕینەوەو کارلێکردنە، بەهەمان ڕادەش پەیوەندی تەحەدیکردن و ڕووبەڕووبوونەوەیە. ئێمە فیکری یۆنانی کۆن کاریگەری تێ کردووین بەهەمان ڕادەش کارمان کردە سەر فیکری ڕۆژئاوای هاوچەرخ.

ئەمە ڕاستییەکە هیچ گومانی تێدا نییە: ڕۆژئاواییەکان سوودیان لە کولتووری عەرەبی

ئیسلامی وەرگرتووە هەروەها زۆریش کاری تێ کردوون، بەتایبەت لە بوارەکانی زانست و مەیدانەکانی فیکرو مەعریفە، گەر زۆربەشیان ئینکاری ئەم ڕاستییەیان کردبێت ئەوا ئێستا وردە وردە خەریکە وێنەکە ڕوون ئەبێتەوە و بەرەو گۆڕان ئەچێت، لە ڕووە سلبیەکەی ئەگۆری کە بریتییە لە داپڵۆسینی شارستانیەتی ئیسلامی و کەمکردنەوە لە بەهاو گرنگییەکانی، بۆ مامەڵەکردنی ئیجابی لەگەڵ ئەو شارستانییە کە شارستانیەتێکی جیهانییە و کەلەپووری مرۆڤایەتی دەوڵەمەند کردووە.

بەهەرحاڵ بێ ئینسافی لای ڕۆژئاواییەکان ئەوە ناگەیەنێ ئێمە ئینکاری ئەو کاریگەرییە بکەین کە پێشکەوتنی ڕۆژئاوا لە فیکرو ژیانماندا بەدی هێناوە، بەجۆرێک بووەتە هۆی گۆڕانی ئەو دۆخەی کە ئێمەی تێداین، داوامان لێ ئەکات دووبارە مێژوو بنووسینەوە نەک تەنها بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بدۆزینەوە کە پێشێل کراون، یا لە پێناو بەرگریکردن و شانازیکردن بەمەزنێتی شارستانی ئیسلامی، بەڵکو لەپێناو گۆڕینی وێنەو دووبارە کێشانەوەی نەخشەکان و بە بەرهەمهێنانی واقیعی مەعریفی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و بەشداریکردن لە پیشەسازی دیمەنە جیهانییەکان.

بەمجۆرە ناکرێ ئینکارکردنی کاریگەری ڕۆژئاوا بکەین بەسەر بوون و ئەو واقیعەی لەبەردەمماندایە. لێرەدا مەسەلەکە لەو هەڵوێستە ئەخلاقییە تێئەپەڕێ کە داوا ئەکات بەرامبەر بەوی تر ڕاستگۆیانە مامەڵە بکەین و دان بەو شتانە بنێین کە ئەنجامی داوەو بەدی هێناوەو ئەڕوا بۆ هەڵوێستی مەعریفی و ئاستی ئەنتۆڵۆژی، ئەمیش پەیوەست ئەبێت بەشیکردنەوەی ئەوەی کە بوونەوەرەو ئەوەشی کە هەنووکەییە، ئەمانەش لە پێناوی دۆزینەوەی ئەو خاڵە سست و ئەو ناتەواوییەی کە خۆی لە ناتەواویماندا ئەبینێتەوە لە داهێنانی چەمک و دەسپێشکەری تێپەڕو ئیستسنائی، کە واقعیەتی خۆی هەیەو لەسەر گۆڕەپانی جیهانی کاریگەری خۆی بەجێ دێڵێ. کەواتە کارەکە بەپلەی یەکەم پەیوەست بەلادان و سڕینەوەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بەدروستکردنەوەی خود لە ڕێگای بەرهەمهێنانی مەعریفەو بونیادنانی هێزەوە، بەهەمان ڕادەش پەیوەستە بەدانپیانانمان بەڕاستیەکان و کردنەوەمان بەڕووی ڕووداو و بەسەرهاتەکان.

ئەوەی کە پێویستە دانی پێ بێنین ئەوەیە کە کاریگەری ڕۆژئاوا تەکنیک و شێوازەکانی ڕەت کردووە، تا پرنسیپ و مەبەستەکان بگرێتەوە، کەواتە ئاسانکردنێکی ناهاوسەنگ ئەبێت گەر هاتوو جیاوازیمان لە نێوان هەردوو بواری تیۆری زانستی لەلایەک و تەکنیکی پراکتیک لە لایەکی دیکەوە دانا. تەکنیک بەرجەستەکردنی ڕوانینێکی فەلسەفییە و



بەئەندازەی ئەوەی کە زانستەکانیش ڕەنگ و ڕوویەکی تەکنیکییان وەرگرتووە. بەهەرحاڵ ئەو تیۆرو مەزهەبانەی لە ڕۆژئاواوە بەرهەم هاتوون (ناڵێم ڕۆژئاوایی) خۆیان خزانۆتە نێو هۆش و عەقڵمانەوە، ئەو زاراوانەی زانا و فەیلەسووفە ڕۆژئاواییەکان دایانهێناوە، خۆیان خزانووەتە نێو زمان و وتارەکانمان، هەروەک زاراوەکانی دیموکراسی و عەقلانی، پێشکەوتن و مۆدێرنیزم، تەنانەت (کولتوور) یش، سەرەڕای چەمکەکانی کۆماری و ئەنتۆڵۆژی و زاراوەی خودی (چەمک) یش. ئەمە سەرەڕای ئەوەش زاراوەکانی، وەک شوناسنامە و کەلتوورو ئازادی تاک، وەکو بابەتگەلێک بۆ تێگەیشتن بەکاریان ئەهێنین یاخود وەک کۆمەڵێ دروشم بۆ داواکردن بەکاریان ئەهێنین، ئەم دروشمانەش لە دەستکردی ڕۆژئاواییەکانە. بێگومان دەربارەی چەمکی (بەمرۆڤبوون) و (مەیلی مرۆڤایەتی)یش ئەم بۆچوونە ڕاستە. ئەم چەمکانە بەری سەردەمی ڕۆشنگەرین و بەری ئەو کودەتایەن کە دژ بەڕوانینی لاهووتی بۆجیهان و مرۆڤ بەرپاکرا، واتە ئەمە بەری جیهانبینانەو دەرئەنجامی فەلسەفەی عیلمانی سەردەمە. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە بەمرۆڤبوون ڕوویەکی تری بەجیهانیبوونکردنە.

## ئینکارکردنی ڕاستییەکان

هیچ گومانی تێدا نییە و بمانەوێ و نەمانەوێ و دانی پێدا بێنین یان نەهێنین، لەم ساتەدا فیکرمان نوێ ئەبێتەوە، نەک تەنیا لە ناخی خۆیدا بەڵکو بەکارلێکردنی لەگەڵ ئەو فیکرەی ڕۆژئاوا کە لە ناخماندا جێگیرە. بەمجۆرە وتارەکانمان شایەدیمان لەسەر ئەدەن، وتارەکانمان بەسوودوەرگرتن لە فەیلەسووف و زانایانی ڕۆژئاوا بەڕوانین و زاراوەو دەزگا چەمکییەکان چنراون. ئەمەش هیچ زیانێکی تێدا نییە. لەبەر ئەوەی بیری گرنگ و تێپەڕەکان ڕەگەزنامەیان نییە، شایەدیش لەسەر ئەمە ئەو کۆچکردنە فیکری و تیۆری و دەقانەیە، هەروەک لە کۆندا وتنەکانی یەکەمین مامۆستا ئەرستۆ تا چەمکەکانی گەشەپێدان و بەمرۆڤبوون، وجیهانخوازی و بەجیهانیبوونی نوێ، تا ئەگاتە وتنەکانی ئبن ڕوشدو فێوێی ئیبن عەرەبی و تیۆرەکانی ئیبن خەلدون لە سۆسیۆلۆژی و ئابووری و سیاسەت، هەر هەموویان بەرهەمی فیکری عەرەبی ئیسلامین و، ئێستا خاوەن فیکر لە جیهانی ڕۆژئاوا کاری پێ ئەکەن و ڕەنگە پێش جیهانی ئیسلامیش شانازی بەخاوەنەکانیانەوە بکەن. ناشبێ چەمکەکانی مارکسیزم لەیادبکەین کە بەشێوەیەکی بەرفراوان تەشەنەی کرد و، کاریگەری خۆی بەجێ هێشت بەسەر زەین و عەقڵەکان و

تەنانەت بەسەر ئەوانەشی کە زۆر دژ بەمارکس بوون. لەبەر ئەوەی فیکرە بەهێزەکان لە کۆتاییدا ئەچنە نێو ئەوانەی کە هەڵدەستن بەرەخنەگرتن لێی و ڕەفزکردنەوەی. ئەمەش زۆر لەو کەسانە ئەگرێتەوە کە لە جیهانی عەرەبی ئیسلامیدا ڕەخنە لە فیکری ڕۆژئاوا ئەگرن. ئەو کەسانەی کە هێرش ئەکەنە سەر کولتووری ڕۆژئاواو، هەر خۆشیان پاشماوەیەکن لە پاشماوەکانی، لەم بارەیەشەوە نموونەکەیان غەزالی، حوجەت ئەلئیسلامە، کە خودی خۆی سوودی لە فەیلەسووفەکانی ڕۆژئاوا وەرگرت، سەرەڕای ئەو هەموو هێرشانەشی ئەیکردە سەر ڕۆژئاوا ئەو لە ژێر کاریگەری ئەواندابوو، بەڵام نەیدەتوانی دان بەم ڕاستییەدا بنێت، ئەمەش وای لە قوتابییەکانی کرد بڵێن: ئەبوحامیدی شێخمان فەیلەسووفانی قووت دا بەڵام نەیتوانی بیانهێنێتەوە. یا وەکو دکتۆر و لێکۆڵەرەوەی میسری هاوچەرخ عەلی سامی ئەلنەشار، ئەوەی ڕەفزکردەوە کە فارابی و ئیبن ڕوشدو ئیبن سینا ناوبنێت فەیلەسووفی ئیسلامی لەبەر ئەوەی ئەوان فیکری خۆیان لەسەر فەلسەفەی یۆنانی بونیادنابوو. بەڵام بەڕای ئەو ئیسلام (فەلسەفەی تایبەت و میتافیزیقیای خۆی هەیە) کە لە قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە.. بەمجۆرە لێکۆڵەرەوەی ئیسلامی لە تەعبیرە یۆنانییەکان زیاتر هیچی دیکەی دەست نەکەوتووە بۆ وەسفکردنی ڕوانینەکانی قورئان.

ئەمە تەڵەزگەی هەموو ئەو ئیسلامییانەیە کە لە هەڵوێستیاندا هەیە بەرامبەر بەڕۆژئاواو فیکری ڕۆژئاوا. ئەوان خۆیان دروستبووی ئەم فیکرەن کە ئێستا دژی ئەوەستنەوەو ئینکاری ئەکەن، تەنانەت ئەوەشی کە ئەیخەنە ڕوو بۆ چاککردنەوەو باشکردنی. ئایا ئەوە لە بناغەدا ڕوانینی مرۆڤایەتی نییە، دەسکەوتێک نییە لە دەستکەوتەکانی فیکری ڕۆژئاوای مۆدێرن؟ کەواتە باشتروایە مامەڵەکردن لەگەڵ فیکرەکان لەسەر بناغەی شوناسنامەی بیژەرەکەی نەبێت، بەڵکو واباشترە بەلۆجیک و تێگەیشتنەکانی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، واتە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لەڕووی کاریگەرییەکانی لەسەر ڕاڤەکردن و شیکردنەوە، یا لەڕووی توانای خوێندنەوەو دەستنیشانکردنی.

زۆر جوانە گەر کەسێک لە ئێمە داوای (بەمرۆڤبوونی بەجیهانیبوون) بکات. بەڵام گرنگ ئەوەیە لە پێناوی دووبارە دارشتنەوەو دەوڵەمەندکردن و داهێنان هەستین بەدووبارە دارشتنەوەی چەمکەکان بەشێوەیەکی نوێ، بۆ ئەوەی ئەم مرۆڤایەتییەی ئێستامان ئەوەی بەمیراتی بۆمان بەجێ ماوە بیگۆڕین، لە میانەی ئەزموون و لەبەر ڕۆشنایی دەستکەوتە هەنووکەییەکان واتە لەبەر ڕۆشنایی سەرنەکەوتن و بەدەستهێنانەکان ئەو مرۆڤایەتییە



دووبارە پێکی بهێنینەوە. بەمجۆرەش دووبارە کۆنەکان دائەهێنینەوە یاخود نوێی و بنەچەکان ئاشکرائەکەین، بەهەمان ڕادەش سەرکەوتوو ئەبین لە گۆڕینی کەلەپوورمان بۆ زەمینەیەکی بەپیت بۆ ئەوەی فیکرە تێپەڕەکانی تێدا بڕوێ. بەبێ ئەمەش داواکانمان بۆ نوێخوازی و داهێنان مەحاڵ ئەبێت و تەنیا ئەبێتە پڕوپاگەندەی فیکری و کۆمەڵێ دروشمی بەسەرچوو.

ئەو پرسیارە سەرەکییەی کە ئەکرێ لە خۆ بکرێت پێش ئەوەی لەکەسانی تر، هەروەک حاڵی هەر پرسیارێکی بەرهەمهێنەر، ئەمەیە: ئایا ئەکرێت لەسەردەمی زانینەو بەجیهانیبووندا بەزاراوەو نموونە و شێوەو تەشریع و دابونەریتەکانی سەردەمی پاشایەتی و کۆمەڵگای باوک سالاری و فیکری لاهووتی هەڵبژێری پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ بکرێت بەپەیوەندییەکی مرۆڤایەتی؟

ئایا هەیە بەوە ڕازی نەبێت کە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو مۆرکێکی مرۆڤایەتی پێ ببەخشێنرێ کە ئەمەش ئەبێتە هۆی بەمرۆڤبوونی جیهان؟ ئایا ئەوانەی کە دەستبەرنەداری بڕوا فیقهی و بڕواخوازییە هەڵبژێرەکانی خۆیان نابن، و دژ بەوانەن کە مومارەسەی سەربەخۆیی و ئازادی خۆیان لە هەڵبژاردندا ئەکەن، ئایا ئەوانە ئەتوانن ڕوویەکی مرۆڤایەتی بەجیهانیبوون ببەخشن؟

ئایا کەسێک بەئازادی تەعبیر بکات و بیر بکاتەوە ئایا بۆ ئەبێ بەکافرو هەڵگەڕاوەو دونیاییی تاوانبار بکرێت، ئایا ئەوەی ئەمە ئەکات لە وەزعێکدایە کە هەستێ بەبەخشینی ڕوانینی مرۆڤایەتی بەشارستانی ڕۆژئاوا؟ ئەو کەسەی بڕوای وایە مرۆڤگەلێ هەن هەر بەزگماکی بەشەرەفترو باشترو ڕاستترن لە کەسانی تر ئایا ئەو کەسە مەشرووعیەتی ئەوەی هەیە وانەی مرۆڤایەتی بڵێتەوە؟ ئەوەی کە توانای نەبێت کۆمەڵگاکەی خۆی لە هەژاری و دواکەوتوویی ڕزگار بکات، ئایا توانای بەئیسلامکردنی مۆدێرنیزمی هەیە؟

## نائامادەیی مرۆڤ

لەو بڕوایەدا نیم بەکردارو وتن هیچمان بۆ ئەو داوایانە کردبێت کە بۆ بەمرۆڤکردنی جیهان و ئەویتر بەرزی ئەکەینەوە. گەر ئێمە کار لەسەر گۆڕین و دووبارە پێکهێنانەوەی ئەم مرۆڤایەتییەی ئێستامان نەکەین، ئەوە ئێمە توانای بەجێهێنانی ئەم داوایەمان نابێت. ڕەنگە واباشتر بوو لەسەر ڕەخنەگرتنی ڕوانینە بوونگەرییەکان و هەڵوەشاندنەوەی نموونە بڕواخوازی و ئاشکراکردنی نێرسیسی کولتوورمان کارمان بکردایە، ئەمانەش لە پێناوی

بەمرۆڤکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خودی خۆمان و کەسانی تر، ئەویش لە ڕێگای گۆڕینی تێگەیشتنمان بۆ ڕاستی و مامەڵەکردنەکانمان لە بوارەکانی مافدا.

بەم مانایە، ئەوەی پێویستمانە بەمرۆڤکردنی خودی ڕوانینە ئیسلامییەکانە، ئەو ڕوانینانەی کە چی هێناوە بەسەر عەقڵی فوقەهاکان و پاسەوانانی بیروباوەڕدا، یاخود ئەو هەڵسوکەوتانەی کە لە مومارەسەی خاوەن بڕوا فوندەمەندالیزەکاندا بەرجەستە ئەبێت. یەکەم شتێک کە بەمرۆڤبوون پێویستێتی لابردنی ستراتیژیەتی یەکتر بەهیچ نەزانینە ئەم کردارەش ئەهلی مەزهەب و هۆزەکان بەرامبەر بەیەکتری ئەینوێنن، ئەویش بەدانانی کتێبی ئسوولی تایبەت بەهەر تایەفەو مەزهەبێ لەسەر تەختەی داماڵینی ڕەخنەی مێژوویی و پشکنینی عەقلانی، بەمەبەستی وەدوورخستنەوەی ئەو دەقانەی کە لەسەر بناغەی دوورخستنەوە بونیادنراون. پاشان نەهێشتنی یاسای کافری و بەخشینی ئازادی بە هەر کەسێک بۆ ئەوەی مومارەسەی بیروباوەڕی خۆی بکات مادامەکی ئەمە ئەکەوێتە ژێرڕکێفی گفتوگۆی گشتی و زیان بەباری گشتی ناگەیەنێ و سیستەمی کۆمەڵایەتی خراپ ناکات. بەمەش پەیوەندی مرۆڤایەتی زیاترو بەردەوام لە نێوان تایەفەو مەزهەبەکان بەرپائەبێت. بەڵام مانەوە لەسەر یاسای کافری و هەڵگەڕانەوە ئەنجامەکەی خستنەڕووی ڕوانینی ئیسلامییە بەشێوەیەکی تەسکبین و داپڵۆسێنەرو ناتەواو، ئەمەش زیاتر پاڵ بەخەڵکییەوە ئەنێت بەتایبەت ئەوانەی کە ئازادییان لێ زەوت کراوە بۆ ئەوەی لە بەندیخانەی ئەو بڕوایە بێنە دەرێ کە وەک کافر زیاتر وەکو هیچی تر مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێ.. بەوتەیەکی ڕاستگۆتر: لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە ئەوەی زیاتر ئێمە پێویستمانە، ئەوەیە کە زانایانمان فەقیهەکانمان ئەوانەی کە چاونەترسن، بەکۆمەڵ لابردنی یاسای کافرێتی ڕاگەیەنن، ئەمەش ئەبێتە یەکەمین ڕاگەیاندنی نوێ دەربارەی مافی مرۆڤ لە ئیسلامدا. ئەمەش گرەوەکەیە، دەنا قسەکردن لەسەرئەوەی کە مافی مرۆڤ لە ئیسلامدا زامنە ئەوە زیاتر لە زەیفی ئەنتۆلۆژی یاخود (هەڵبەستنی ئایدیۆلۆژی) نزیکترە هەروەک مامۆستا محەمەد ئەرکۆن دەڵێت:[٥]

ئەمە دەربارەی هەڵویست لەبارەی ئەویترەوە لە ناوەوە. ڕوویەکی دیکەش هەیە ئەبێ کار

(٥) وا باشە بگەڕێینەوە بۆ ڕاکانی ئەرکۆن دەربارەی مەیلی مرۆڤایەتی و سەربەخۆیی تاکەکەس و فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤ و لەدایکبوونی تاکی هاوڵاتی، لە وتاری (چەمکی تاکەکەس لە کەلەپووری ئیسلامی)، وەرگێڕانی عەبدوللا ئەلئیدریسی، گۆڤاری " فکر ونقد" ساڵی یەکەم، ژمارەی ٩ مایو ١٩٩٨ .



بکەین بۆ ئەوەی ڕووی بەمرۆڤکردنی پێ ببەخشین، ئەویش پەیوەندی بەهەڵوێست دەربارەی ئەوی تر لە دەرەوە هەیە، ئەو دەرەوەش بەدیاریکردنێکی تەواو ڕۆژئاوایە. گەر ئێمە بەڕاستی داواچی بەها مرۆڤایەتییەکانین وا باشە هیچ نەبێت دان بەم چاکییەیەی ڕۆژئاوادا بنێین، گەر ڕۆژئاوا نەبوایە ئێستا ئێمە نەمانئەتوانی باس لە بەمرۆڤبوون و بەها مرۆڤایەتییەکان بکەین. لەبەر ئەوەی ڕوانینمان لە بناغەوە بۆ جیهان و شتەکان ڕوانینێکی لاهووتییە. لە شێوەی لاهووتیشدا، مرۆڤ کۆیلەو خاوەنداره، لەم حاڵەدا ڕوخساری مرۆیی بۆ بەرژەوەندی ڕوخساری خوایی ون ئەبێت، هەر هیچ نەبێت مرۆڤ بەلای کەمەوە لە ڕێگای دەمامکی لاهووت و ڕووپۆشی پیرۆزیدا نەبێت دەرناکەوێت، یاخود لە ڕێگای پێشێلکردن و پارچەپارچەکردنەوە دەرئەکەوێت هەروەک زۆرجار لەسەر زەمینەی واقیعدا ڕووئەدات. ئەمەش پاڵی بەبیرکەرەوەیەکی عەرەبی هاوچەرخی خاوەن مەیلی ئیسلامی ناوە کە ئەویش دکتۆر حەسەن حەنەفی[٦]. کە باس لە (نائامادەیی مرۆڤ) ئەکات وەکو باسێکی سەربەخۆ لە کولتووری عەرەبی ئیسلامی.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە مرۆڤ لە شارستانیەتی ئیسلامیدا مومارەسەی ئازادی خۆی نەکردووە، یاخود عەقڵی خۆی بەکارنەهێناوە، بەڵکو ماناکە ئەوەیە کە ئەو مومارەسەی ئازادی خۆی کردووە لە ڕێگای کۆیلایەتی بۆ تاکی تەنیا لە جیهانی غەیبیدا، یاخود پاشکۆیەتی بۆ ئەوانەی کە مەسەلەی پەیوەندییان لەگەڵ کاروباری خواییدا لەسەر زەوی بەڕێوە بردووە، وەکو ئەوەی ئەوان لە پێشترن لە کەسانی تر. بێگومان لە پەیوەندی لەگەڵ عەقڵیشدا هەر بەو شێوەیە بووە. ئیسلامەکان چ لە ڕووی گەشەدانیان بە زانستە یۆنانییەکان چ لە ڕووی دانانی بەشی زانستی نوێ بەشێوەیەکی داهێنەرانەو چالاکانە عەقڵی خۆیان بەکارهێناوە. هیچ زانستێک بەبێ بونیادی عەقڵی بوونی نییە، بەڵکو شارستانییەک بەبێ بوونی شتومەکەکانی عەقڵ و پێوانەکانی بونیادنانرێ. لە شارستانی ئیسلامیدا بیرکەرەوەو زانای وەها هەبوون کە عەقڵیان بەئیمامی خۆیان و یەکەمین حجەتی خۆیان داناوە. بەڵام فەزاکە فەزایەکی پەیامهێنەری بووە، ئەو دەسەڵاتە بالادەستەی کە هەبووە هی خوایی بووە، بەو مانایەی مرۆڤ لە ڕوانینی لاهووتییەوە لە دەرەوەی جیهانی خۆی بەدووی مەشرووعیەتی کردارەکان و وتنەکانی خۆیدا ئەگەڕێ،

(٦) دەربارەی ڕای حەسەن حەنەفی لە بارەی نائامادەیی فۆرمی مرۆڤ لە کولتووری ئیسلامیدا، بگەڕێوە بۆ کتێبەکەی (بۆچی باسی مرۆڤ نائامادەیە لە کەلەپووری دێرینماندا؟). دراسات اسلامیة، دار التنویر، بیروت ١٩٨٢ .

کەچی لە ڕوانینی مرۆڤایەتییەوە مرۆڤ خۆی سەرچاوەی خودی خۆیەتی بەرپرسیاریشە لە بەدیهێنانی چارەنووسی خۆی هەروەها دانەری یاسایە بۆ کۆمەڵگاکەی و مومارەسەکانی. لێرەوە زاراوەکانی ئازادی سەربەخۆیی تاکایەتی و خودی و بەمرۆڤبوون و ڕۆشنگەری و عەقلانیەت، هەموویان تۆڕێکی تێگەیشتن پێک دەهێنن کە ڕوانینی مۆدێرن بۆ جیهان بەرجەستە ئەکات، ئەو جیهانەی کە تیایدا شێوەی مرۆیی لەسەر حیسابی شێوەی خوایی دەرکەوت.

## گەڕانەوە بۆ دواوە

بە هەر حاڵ، مادام باسی بەهای مرۆڤ و ڕووەکانی ئەکەین، وا باشە لە غەیبانیەتی لاهووت و هەزارپێچەکانی لاهووتەوە بۆ جیهانی دنیایی بگەڕێینەوە. لەم بوارەدا زۆر شت هەیە لە ڕۆژئاواوە فێری ئەبین، ئەو شتانەی کە هەوڵ ئەدەین بەناوی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و جیهانییێتی دەگمەنی ئیسلامیەتییەوە مامۆستایەتی پێوە بکەین. لەو شتانەش مەسەلەی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەوی تردا. گومانی تێدانییە لەم بوارەدا کۆمەڵێ پێشێلکردن هەن کە گرووپە فاشیست و مومارەسە ڕەگەزپەرستییەکان نوێنەرایەتی ئەکەن. بەڵام سەرەڕای ئەوەش تا ئێستاش کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان چ لە ئەوروپا یاخود لە وڵاتە یەکگرتووەکان پەناگەیەکی گەورە بۆ ئەو موسڵمانانە پێک دێنن کە داوای پەناهەندەگی تێدا ئەکەن، ئەو کۆمەڵگایانە لەڕووی ماددییەوە یارمەتی ئەو موسڵمانانە ئەدەن تا ئەو کاتەی کاریان چنگ ئەکەوێت، هەروەها لە بارودۆخەکەی ئەوێشدا بەو پەڕی سەربەستییەوە مومارەسەی کەرنەفالە ئاینییەکانی خۆیان ئەکەن. هەروەها زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێین موسڵمانەکان ئەوانەی لە ئەوروپا ئەژین ئەو سەربەستییەی لەوێدا بۆ مومارەسەکردنی کەرنەڤالە ئاینییەکانی خۆیان هەیانە، لە زۆر لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا چنگیان ناکەوێ، بەو بەڵگەیەی ئەوان لەناو دڵی پایەتەختە ڕۆژئاواییەکان کە زۆرینەی مەسیحین ئەتوانن مزگەوت بونیادبنێن و بەهۆی بونیادنانی مزگەوتەکانیانەوە ئاهەنگ بگێڕن، ئەمەش ئەوە نیشان ئەدات ئەم وڵاتە ڕۆژئاوایانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو موسڵمانانە زۆر لێبوردوانەیەو کراوە ترن لە زۆربەی ئەو مامەڵەی موسڵمانانەکان خۆیان لەگەڵ یەکتریدا یاخود ڕۆژهەڵاتییەکان لەگەڵ یەکتردا ئەنجامی ئەدەن. چ قودرەتە مەسیحییەک بتوانێ کڵێسایەک لە نێوەندی زۆرینەی ئیسلامدا بونیادبنێت یاخود بەپێچەوانەوە، هەروەها بۆ سوونییەک چ قودرەتە لە نێوەندی ئاووهەوایەکی شیعیدا



بتوانێ مزگەوتێ بونیادبنێت، هەر بەو جۆرەش بۆ شیعییەک کە لە نێوەندی ئاووهەوایەکی سوونیدا ئەژی. بێگومان ئێمە لە فەرەنسادا داوای ئازادی بەستنی سەرپۆش بۆ ئافرەتە موسڵمانەکان ئەکەین، بەڵام ئێمە بەوە ڕازی نابین و ناتوانین ئەو شتە بەسەر خۆمان جێبەجێ بکەین و لە مامەڵەکردنمانیشدا لەگەڵ یەکتری ناتوانین ئەو ڕۆحە جێبەجێ بکەین. دیارترین نموونەش ئێمە لەسەر زەوی فەرەنسا داوای ئازادی باس و گوزارشتکردن بۆ گارودی ئەکەین، کەچی هەر ئێمە خۆمان ئەم سەربەستییە لەسەر زەوی عەرەبیدا لە ئەبوزەید وەرئەگرینەوە بەبیانووی بەکافربوون. گەر بۆ ماوەیەک لەگەڵ نموونە فەرەنسییەکان بمێنینەوە، ئەبینین ئەمڕۆ فەرەنسییەکان ژمارەیان ئەگاتە دەیان هەزارکەس کە وەک بڕواو پڕۆژەی ڕزگاربوون ئاینی بودیزم هەڵئەگرن. کەچی هیچ ڕووناداو کەسیش دژیان ناوەستێتەوە، لەبەر ئەوەی ئازادی بڕوا ڕوویەکە لە ڕووەکانی حەزی مرۆڤایەتی زامنکراو، تا ئەو ڕادەیەی ئەو شتە شەریعەیەکی ئیستسنائی پێکناهێنێ و یاخود بزووتنەوە یاخود کۆمەڵێ پڕۆژە پێکناهێنێ کە ببێتە هۆی دواخستنی کۆمەڵگا، یاخود دەستدرێژیکردن بێت بۆسەر ئازادی کەسانی دیکە.

بەڵام ئێمە لای خرمان هەڵدەستین بەتاوانبارکردنی ئەهلی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات بەتاوانی (هەڵگەڕانەوەی ڕۆحانیەت) یان تاوانی مومارەسەکردنی (مافیای مادی و ڕۆحی)، تەنها بۆ ئەوەی بڵێین ئێمە خاوەن (ڕۆحانی ئیسلامین) ئێمە مرۆڤایەتی ڕزگار ئەکەین لەو حاڵەتەی کە تووشی بووە. ئێمە ئەو کارە تەنیا بەوە ئەکەین کە بۆ دواوە بگەڕێینەوە بۆ بونیادنانی لێکدانەوەیەکی ئیسلامی، هەموو لێکدانەوەکانی تری فەزای ئیسلامی دوورئەخاتەوە ئەوەی خۆی نەبێت هەروەها هەرچی ئایین و فەلسەفە لە جیهاندا هەیە هەر لە بووداوە تا هیگڵ لە ئەفلاتونەوە تا مارکس تا ئەگاتە فەیلەسووف و بیرکەرەوە ئیسلامییەکان دوورئەخاتەوە تەنیا ئیبن تەیمیەو ئیبن خەلدون نەبێت، وا ئەزانین تەنیا لای ئەو دووانە (دەرمانی هەموو دەردەکانمان) ئەدۆزینەوە. بەمجۆرە تێکست و کارە فیکرییەکان، کە زۆر دەوڵەمەندو فراوانترن لەوەی کە بۆ کۆمەڵێ مەزهەب بچووک بکرێتەوە یاخود لە چوارچێوەی تەسکدا یان پۆلینکردنی خنکێنەردا کۆبکرێتەوە و بیانگۆڕین بۆ کۆمەڵێ مەتەرێزی بیروباوەڕ کە بەپراکتیزەکردنی لەو هێرشە ئایدیۆلۆرژییانەدا بەدی ئەکەین کە ئەکرێتە سەر زۆربەی تەوژمگەل و قوتابخانە ئایینی و فەلسەفییەکان، بەجۆرێک ئەمەش ئەو هێرشانەمان وە بیر ئەخاتەوە کە ئەبی حامیدی غەزالی ئەیکردە سەر دژە ئەشعەریەکانی خۆی، بەڕادەی ئەوەش دووبارە ئیستراتیژیەتی

ڕەفزو دوورخستنەوە بەرهەم دێنێ ئەمەش ئەبووە هۆی دوژمنایەتی و قین و ناکۆکی و جەنگ لە نێوان دەرەوەو ناوەوە. ئەمەش ئەو ئسوولیانەیە کە لەسەر بناغەی ڕیشەکێشکردنی ئەوی دیکە و جیاواز بونیادنراوە، بەهەمان ڕادەش پەیوەندی خۆی لەگەڵ فیکر و پرنسیپەکان بۆ کۆمەڵێ سەربازگەی فیکری و بەندیخانەکانی بیروباوەڕ ئەگۆڕێ.

## هەڵهاتن لە ڕەخنە

بوارێکی دیکە هەیە، گرنگترە، ئەکرێ لە ڕێگایەوە لە ڕۆژئاوا فێر بین، ئەویش بریتییە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنێتی لەگەڵ خۆی و ڕێبازی تەگبیرکردنی قەیرانەکانی خۆی. ئەوەشی لەم بوارەدا دیارە، لە میانەی گۆڕانکارییەکانی عەقڵی ڕۆژئاوایی و ئەزموونەکانی، ئەوەیە ئەم عەقڵە پەیوەندییەکی ڕەخنەیی لەگەڵ خودی خۆیدا بونیاد ئەنێت، بەگەڕانەوە بۆ سیستەمە مەعریفی و ئیستراتیژییە پراکتیکەکانی، ئەویش بۆ هەڵوەشاندنەوەی نموونەکانی خۆی لە ڕوانین و هەڵسەنگاندن یاخود بۆ گۆڕینی ڕێبازەکانی بیرکردنەوەو هەڵسەنگاندن. بێگومان نەک لە پێناوی نەفیکردنی دەستکەوتەکان یاخود بازدان بەسەر بەرهەمهاتووەکان، بەڵکو لە پێناوی بەدەستهێنانی نموونە و شێوازەکان، کە زیاتر ڕێکوپێکتر و بەرفراوانتر و سەرکەوتووتر و هەنوکەییتربێت، چ لە ڕووی کاریگەرە مەفهوومییەکانیەوە یا لە ڕووی توانا پەیوەندییەکانی، بێگومان بەو مەرجەی زیاتر چاودێریکەر بێت بۆ ئازادییەکانی تاک و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ.

گەڕانەوەی ڕەخنەیی بەشێوەیەکی تایبەت کاتێک ڕووئەدات کە قەیرانەکان بگەن و یاخود بکەونە نێو تەڵەزگەکانەوە، لەو کاتانەی چ لەسەر ئاستی تیۆری و زانستی یاخود لەسەر ئاستی پراکتیک و سیاسەت کشانەوەکان ئاشکرائەبن و ناتەواوی و کەمبوودیەکان دەرئەکەون. گەیشتن بەتەڵەزگە پێویستی بەدووبارە چاوخشاندنە بەجێگیری و پرنسیپەکان، جا چ پەیوەست بێت بەقاڵبە مەعریفیەکان و ئسووڵە بڕواییەکانەوە، یان پەیوەست بێت بەپەیژەی بەها و پرنسیپەکانی پۆلینکردن، یاخود پەیوەست بێت بەهەڵسوکەوت و سیستمەکانی تەشریع. بەری ئەو ڕەخنەیەی کە ڕەنگە مۆرکی داماڵین و هەڵوەشاندنەوە وەرگرێت، بریتیە لە ئاشکراکردنی ئەو وەهمە هەڵخەڵەتێنەرو میکانیزمە ناماقووڵ و ئەو گەمە ئائاشکراو شوێنە تاریکەکانی یاخود مومارەسە نامەشروع و ستراتیژییەکانی دەسەڵاتخوازی و داپڵۆسینەرخوازی کە لە پشتی فیکرو وتن و کردارو مومارەسەکاندا خۆیان حەشارداوە. ئەم جۆرە ڕەخنەیە بریتییە لە ڕەهاکردنی فیکر لەژێر



دەسەڵاتی ئیمپریالیەتی مانا و پەرستنی بنەچەو دیکتاتۆریەتی حەقیقەت و دەستبەسەراگرتنی تێکستەکان. گەر بکرێ بوترێ ئەمەش بەمرۆڤایەتیکردنی حەقیقەتە، بەو مانایەی هۆشی مرۆیی لە موتلەقە یەقینییەکان و گشتییە موجەڕەدەکان و پرنسیپەکانی جیاوازکاری و کەسە پیرۆزەکان ئازاد ئەکات، بەڕادەی ئەوەش چەمکی حەقیقەت بەڕووی ئەو شتەدا ئەکاتەوە کە لە ژیاندایەو جوولێنەرە، هەروەها بەڕووی ئەو شتە ئەکاتەوە کە تێیدا ئەژین و ورووژێنەرە، کۆتایی و مەرجدارە، یاخود ئەوەی ڕێژەیی و مێژووییە. ئەمە هەڵوێستی عەقڵی ڕۆژئاوایە لەڕووی پەیوەندی لەگەڵ خودی خۆیی و لەگەڵ حەقیقەتدا: گەڕانەوەی پرسیارەکانە بۆ سەرەتا، بۆ دووبارە چاوخشاندن بەچەسپاو و بەڵگەنەویستەکان، بەشێوەیەک شتە خۆڵ لەسەر نیشتووەکان پاک بکرێنەوەو شاشەی ڕوانینیش بگۆڕدرێت. ئەمەیە کاری فیکری زیندووی بەپیت و نوێخواز، وەڵامەکان بەتاڵی ناکەنەوە، سیستەمە مەعریفی و سیستەمەکانی بڕواش بچووکی ناکەنەوە. واتە ئەو لەگەڵ حەقیقەتدا وەک سیستمێکی مەحکەم و مامەڵەیەکی لەپێشینە ناکات، هەروەها مامەڵەی لەگەڵ ناکات وەک بەهایەکی جێبەجێکراو و پەیامێکی بالایانە، بەڕادەی ئەوەش مامەڵەی لەگەڵدا ئەکات وەک دەرئەنجامی داهێنان و دۆزینەوە، یان بوارێکە بۆ بەکارهێنان و بەردەوامی، نێوەندێکە بۆ گفتوگۆو تێگەیشتن.

گەر هەڵوێستێ وەرنەگرین هەڵوێستی لووت بەرزانە ئەو لووت بەرزیەی هەر لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە بەرامبەر بەدەستەبالایی ڕۆژئاوا نواندوومانە ئەکرێ لە ڕۆژئاوا ئەم سوودە وەربگرین. ئەی گەر وانەبێت ئەبێ چۆن بێت ئەمڕۆیەک کە سەردەم سەردەمی ئاڵوگۆڕو بەردەوامییەو گەشەکردن بووە بەکارێکی هاوبەش، بەڕادەی ئەوەش چەمکی شەریکایەتی بووەتە بناغەیەک بۆ کارکردن و هاوکاری نێوان وڵات و کۆمەڵگاکان لە زۆر بوارو بەشەکاندا دانپیانان بەوی تر لە پێناوی فێربوون لێیەوەی و مامەڵەکردن لەگەڵیا، بریتییە لە بەمرۆڤکردنی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ، کە ئەمەش جێگای پەیوەندیەکانی نەفیکردن و دوورخستنەوەو قینلێبوونەوە ئەگرێنەوەی ئەو سیفەتانەی کە ئێستا لای هەندێ لە هۆزەکانمان بەرامبەر بەیەکتری ئەنوێنین، ئەوەش بەوەی کە جیاوازییە ئاینی و مەزهەبییەکان وەرئەگێڕدرێن بۆ جۆرێک لە دەمارگیری بڕوابوونی داخراو، کە هەڵگرەکانیان لەڕووی مرۆڤایەتی و بەهاوە ئەڕواننە یەکتری وەکو شتێکی کەم.

فێربوون لە کەسانی دیکەش تەنیا لاساییکردنەوەو دووبارەکردنەوەو گێڕانەوە ناگەیەنێ بەقەدەر ئەوەی ئەوە ئەگەیەنێت کە بریتییە لە سوودوەرگرتن لە ئەزموون و دەوڵەمەندبوون

بەئەزموونەکان و هەڵهێنجانی وانەو عیبرەت و ڕەخنەگرتن لە نموونە و شێوەکان، ئەمەش نەک بەعەقڵییەتی ئیدانەو گاڵتەپێکردن بەڵکو بەو عەقڵییەتەی کە توانای نوێ هەڵهێنجرێ بۆ کارکردن و تەدبیرکردن، کە ئەمەش بوار بەتاک ئەدات کە نموونەی تایبەت بەخۆی داهێنێ بۆ گەشەکردن و کاری شارستانی هاوبەش. گەر ئەمڕۆ گەشەکردن بووبێت بەهاوبەش ئەوە گەشەکردنێک نییە تاک و تەنیا، بەڵکو هەرکەسە گەشە ئەکات و پێش ئەکەوێت بەداهێنانی ئەو نموونەیەی کە لە ڕێگایەوە بەشداری لە گۆڕینی واقیع و جیهان ئەکات. بەڵام جێبەجێکردنی شێوەو داهێنانی نموونەکان لە ئەزموونی لەبارچوو پرۆژەگەلی دۆڕاو و شێوەی بەدکراو و شێواوەکان زیاتر هیچی تر ناخوڵقێنێ.... ئەمەش ئەو هاوکێشە گران و نموونە تێپەڕەیە، کە کەسێک لە لابورە کەسایەتییەکەی خۆی هەرچی ئەو ئەزموونانەی کە ئەمباری کردووە و ئەو زانین و زانیارییانەی لە ئەزموونەکانیا بەکاریان ئەهێنێ بیانگۆڕێ بۆ داهێنان و بەرهەم.

## نموونە بەسەرچووەکان

بەهەرحاڵ گەر نموونەی ڕۆژئاوایی، بەتایبەتیش نموونەی ئەمریکی جێی پرسیار و گفتوگۆو یاخود جێی ڕەفزکرن و لابردن بێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئێمە نموونەیەکی ئەڵتەرناتیفی مرۆڤانەمان بۆ ئەو نموونە هەیە. ئێمە خاوەنی میراتیەکین لە دەستەواژەو ڕوانین و تەشریعات کە کاتی خۆی زیندوو ئامادە، چالاک و تێپەڕ بوون، بەو بەڵگەیەی لە ڕێگایانەوە توانیومانە خۆمانی پێ دروست بکەین و جیهانی پێ بگۆڕین. بەڵام ئێستا ئەو نموونانە چیتر کەڵکیان نەماوە گەر هاتوو بەکاریان بهێنین بەشێوەیەکی خراپ بەرەو دواوەمان ئەگەڕێینەوە، بەو ڕادەیەش ئەو میراتیانەمان گۆڕیوە بۆ کۆمەڵێ بڕیاردانی بڕوایی یاخود کۆمەڵێ دروشمی بەتاڵ و کۆمەڵێ بەستەڵۆکی ئسووڵی، هەر لەو میراتیەشمان ئەترسین و بەردەوام بەرگریشیان لێ ئەکەین.

بۆیە بێ سوودە گەر هاتوو مومارەسەی نێرسیسیەتی ڕۆشنبیری و بیروباوەڕمان بکەین، ئەم کارەش وامان لێ ئەکات ئەو وەهمەمان لا دروست بێت کە ئێمە ئەتوانین (کەون ڕزگار بکەین)، کەچی لە ڕاستیشدا وا دەرئەکەوێت لە زۆر بواردا تا ئێستا ناتوانین گرفتە کۆن و قەیرانە ترسناکەکانمانیش چارەسەربکەین. کەواتە ئەو داوایانەی ڕایانئەگەیێنین بەرامبەر بەمرۆڤکردنی جیهان و بەئیسلامکردنی مۆدێرنیزم و هونەرەکان لە پێناو ڕزگارکردنی مرۆڤ و دەرمانکردنی کەسەکان هیچ ڕاستگۆیییەکی تێدا نییە، لە کاتێکدا کە



کۆمەڵگاکانمان عەیب و ئافات ئەیخواتەوە، هەر لە دەمارگیری کوێرانە کە یەکێتی نەتەوەو وڵات هەڵئەوەشێنێتەوە تا سەرنەکەوتن لە پرۆژەکانی گەشەپێدان، سەرنەکەوتن لە چارەسەرکردنی مەسەلەکانی سەربەستی و مافەکانی مرۆڤ. بەمجۆرە ئێمە توانای خۆڕزگارکردنمان نییە، کەواتە چۆن ئەتوانین کەسانی تر ڕزگار بکەین؟

واباشترە لە ڕۆژئاواوە فێری وانە بین، بەپلەی یەکەم ڕەخنە لەخۆگرتن و پرسیار لە خۆکردن دەربارەی مەبەستی ڕاستگۆیی ناو وتنەکان، یاخود دەربارەی ئامانجی کردەوە و مومارەسەکان، بەتایبەت ئێمە لەسەر ئەوە کۆکین کە ئێمە (دواکەوتوویی ڕۆحی داهێنان و هەوڵدان)ین، هەروەها هەموو لەسەر ئەوە ڕێکین کە وەزع و حاڵەکان خراپن. ڕەنگە سەرچاوەی ناتەواوی دواکەوتنەکە، بەتەواوی ئەوە بێت کە بەڕاستی داوای ئەکەین، واتە وەهمەکانمان لەبارەی بەمرۆڤبوون و بەئیسلامبوون، کەواتە سەرەتایی بەمرۆڤبوون ئەوەیە کە مرۆڤ ئەبێت دان بەهەڵەکانیا بنێ و پۆزش پێشکەش بکات و داوای گەردن ئازایی و لێبووردن بکات. بەزۆری لای ئێمە تەنیا لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا، ئەم جۆرە پۆزشە ڕووئەدات، دەنا زۆر بەدەگمەن ڕوو ئەدات، لە وڵاتانی ئێمە سەرۆک و ڕەهبەرەکان شانازی بەهەڵەو هەرەس و کەوتنەکانیانەوە ئەکەن. بەپێچەوانەی ئەوەی لە ڕۆژئاوا ڕووئەدات، لەوێدا ئەبینین سەرۆکێک ڕائەوەستێ و دان بەهەڵەکانیا ئەنێت و پەشیمانی خۆی دەرئەبڕێ، تەنیا بۆ ئەوەی داوای لێبوردن لە خێزانەکەی یان گەلەکەی بکات، جا ئیتر لە پشتەوەی هەر چ بازیگەلێ بێت یاخود پاڵەپەستۆی دەسەڵاتداری و سیاسی لە پشتەوە بێت وای لێ بکات ئەم کارە بکات. ئەم نموونەیە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە پەیوەندی ڕۆژئاوا لەسەر زەمینەی خۆی لەگەڵ مانا و بەها و ڕۆح، گەر بکرێ ئەم ناوە وەهمدارییەی لێ بنێین، پەیوەندییەکی بەهێزترە لە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ماناو بەها و ڕۆح لەسەر زەوی خۆمان بێگومان ئەم پەیوەندییەش لە زۆر بواردا هەروایە، هەر لە بەهای کات و تواناوە تا ڕاستگۆیی وتنەکان، لە ڕێزگرتنی هەستەکانەوە تا ڕێزگرتنی مافەکان، لە مانای تێکست و بەهای مەعریفەوە بۆ بەرهەمهێنانی مانا و بەها. بەکوردی و بەکورتی ڕۆژئاوا لەگەڵ چەمک و مانادا پەیوەندییەکی دەوڵەمەندو سەروەتمەند دائەمەزرێنێ، بەڕادەی ئەوەش لای ئەو خەمی مەعریفە دەستەباڵاترە کە لە میانەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ شوناسنامەی مەعنەویدا مومارەسەی ئەکات. بەڵام لای ئێمە ئیرادەی پارێزگاریکردن دەستەباڵایە ئەویش بەگەڕانەوە بۆ پرنسیب و ئەزموونە مێژوویییەکان وا مامەڵەی لەگەڵدا ئەکەین کە شتێکە کۆتایی و دوایین شتە. بەڵێ ئێمە دەست ڕەنگینین لە هونەری تاوانبارکردن،

تاوانبارکردنی کەسانی تر بەهەژاری و بەساراکردن و کافری و کوشتنی ڕۆح، ئەمانەش تەنیا بۆ ئەوەیە ئێمە مومارەسەی ئیمپریالیەتی ناوی تاک و تەنها بکەین بەهەموو شێوە و سیفاتە کۆن و نوێیەکانی، لەڕێگای بوون بەکۆیلەی ئسووڵ و سەردەمەکان، ئەمەش ئێستا ئەنجامەکەی وا ئەشکێتەوە کە هەژاری لە مانا و لەرزۆکی لە چەمکەکان و ناتەواوی لە خولّقاندن و داهێنان بەرهەم دێنێ.

## بەمرۆڤکردنی ئیسلام

کەواتە وا باشە لەجیاتی ئەوەی داوای بەرۆحکردنی ڕۆژئاواو بەئیسلامکردنی بەجیهانیبوون و مۆدێرنیزم بکەین، کاربکەین بۆ بەمرۆڤکردنی ئەو ئیسلامەی کە بیری لێ ئەکەینەوەو مومارەسەو داوای ئەکەین، ئەویش بە بەمرۆڤکردنی پەیوەندی لەگەڵ بوون و خود و ئەوی ترو کۆمەڵگاو نەتەوەدا، سەرەڕای بەمرۆڤکردنی پەیوەندی لەگەڵ شوناسنامە و حەقیقەت و حەق و فیکر. بەتایبەت ئێمە دان بەوەدا ئەنێین هەرچی لە مێژووی ئیسلامدا بەدی هاتووە (پێچەوانەی سروشتی پەیامەکەی بووە). ئەمەش مانای ئەوەیە ئەبێت بڕیار بدەین لەسەر ئەوەی کە خۆمان تەرخان بکەین بۆ کارکردن لەسەر ڕەخنە لەخۆگرتن و کارکردن لەسەر ئیسلامییەتیمان لە پێناوی گۆڕینی ئەو ئیسلامییەتییە و سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی. بەمرۆڤکردنی بوون واتە ڕزگارکردنی چەمکەکە لە دەلالاتی کامڵبوون و گونجاو بۆ کردنەوەی بەڕووی ماناکانی جیاوازکاری و نەرێ و گۆڕان. بەمرۆڤکردنی خود پێویستی بەکراوەییە بەڕووی جیاوازییەکاندا، بۆ ئەوەی ئەوی تر ببێتە ڕوویەک لە ڕووەکانی خود. ئەو کاتە شوناسنامە چیتر وەک سیستەمێکی داخراو مومارەسە ناکرێت، بەڵکو وەکو پێکهاتەیەکی تێکەڵ و ئیمکانێکی کراوە. بەمرۆڤکردنی خودو شوناسنامە پێویستی بەمرۆڤکردنی نەتەوەو ئیمام و ڕەهبەرەکانە، بۆ ئەوەی چیتر کەس نەڵێت گەلەکەی من باشترین گەلەو ئیمامەکەی من بەشەرەفترین و باشترییان بوونەوەرە، باشترین کەس ئەو کەسەیە کە زیاتر خۆپارێزەرو بێ فیز بێت، بەپێی ئەم مانایە ئەوەی خاوەن نزعەیەکی مرۆڤانەیە ئەو کەسە لە هەمووان زیاتر لە خۆی ئەترسێت و لە نازناوەکانی خۆی هەڵدێ بەهۆی ئەو هەموو هەستیارییەی دەربارەی بێ مانایی نازناوەکان هەیەتی، یاخود زیاد لەپێویست هەست بەپەیوەندی خۆی لەگەڵ نازناو و نموونە باڵاکان ئەکاو بەفووی هەواجیس و دوودڵی داڕێژراوە.

بەمرۆڤکردنی حەقیقەت پێویستی بەوەیە لە وتنەکانی نموونەی کامڵ و یەقینی تەواو و



لەسەریەکجووتکردنی مەحکەم ڕزگاربکرێت، بەکردنەوەی چەمکەکانی بەڕووی ئەو شتانەی کە وتارەکانی لەخۆی دوورئەخەنەوە واتە کردنەوەی بەڕووی زاراوەکانی چارەسەرو ڕێژەیی، بەڕرووی چەمکەکانی مەجازو خوازیارە، بەڵکە ئەکرێ هەڵوێست لە حەقیقەت بەڕووی هەڵەشدا بکرێتەوە، چونکە هەڵە بەرهەمهێنەری حەقیقەتە. هەندێ جار ئەوشتەی بەهەڵەو پەراوێزی دائەنێین خۆی سەرچاوەی داهێنان و دروستکردنە. بەم مانایە نابینە خاوەن ئارەزوویەکی مرۆڤایەتی گەرهاتوو دان بەوەدا نەنێین هەڵەین و وتاری حەقیقەت لەسەر بناغەی دورخستنەوەو بەپەراوێزکردن و چەپاندن و ڕێگرتن بونیادنراوەو بەڕادەی ئەوەش ناماقووڵی و ناپڕۆژەیی و هەڵەو وەهم بەرهەم دێنێ.

دانپیانان بەنەهیکردن و مەرجخوازی و وەهم و هەڵە ئیمکانیاتی ئەوەمان بۆ ئەکەنەوە کە لەگەڵ کەسانی تردا ئاشنایی پەیدا بکەین و لەگەڵیاندا بەردەوام بین. (کردنەوە) ئەم زاراوە نوێیە جێگای زاراوەی (لێبوردن)ی کۆنی گرتەوە، لەسەر ئاستی کار و تەدبیرکردن ئیمکانیەتی شەریکایەتی و گۆڕینەوە لە پیشەسازی ژیاندا ئەڕەخسێنێ و ئیمکانیەتی ڕووبەڕووبوونەوە دژ بەو ترسناکییانە ئەڕەخسێنێ کە هەڕەشە لە ژیان و چارەنووس ئەکەن. هەروەها کراوەیی لە مومارەسەکردنی پەیوەندی لەگەڵ حەقیقەتدا، لەسەر ئاستی ڕوانین و فیکردا بوار بۆ بەمرۆڤکردنی فیکرەکان ئەڕەخسێنێ، ئیتر چیتر زاراوەکان وەکو بت ناپەرسترێن و ناشبن بەمەزارگەیەکی پیرۆز، بەڵکو بەوجۆرە مامەڵەی لەگەڵدا ئەکرێت کە کۆمەڵێ دەستەواژەی تایبەت بەئێمەن لە بوارەکانی تێگەیشتن و بەعەقڵبوون و تەدبیرکردن، هەروەها ئەشبێ بەوزەی زیندووی داهێنەر، هەر ئەم دەستەواژانەش بوارمان پێ ئەدەن داهێنین و بخولّقێنین بەڕادەی ئەوەش بوارمان پێ ئەدەن لە پێناوی گەشەکردن و زیادکردن مومارەسەی بوونی خۆمان بکەین.

هەموو ئەمانە پێویستییان بەسیاسەتێکی فیکری جیاوازو نوێ هەیە، بەجۆرێک مرۆڤ چیتر مامەڵە نەکا لەگەڵ ئسووڵ و پرنسیب و جێگیریەکان وەک کۆمەڵێ حەقیقەتی باڵادەستتر لە ڕووداو و بەسەرهات و ئەزموونەکان، بەم کارەشی هیچ ناچێنێتەوە تەنیا پێشێلکردن لە مەیانەکانی مومارەسەکردندا نەبێت، هەروەک چۆن ئێستا زاراوەکانی باشەو خراپەو بڕواو یەکترناسین بەسەر بەجیهانیبوونیدا ئەسەپێنین بۆ ئەوەی ناوی لێ بنێین بەجیهانیبوونی ئیسلامی. زاراوەکان، چ ئەوانەی کە بڕوامان وایە زاراوەی سەرەوەو غەیبین، یاخود ئەو زاراوانەی کە بەری ئەزموونە ڕەسەنەکانن، دیارو ناوازەن، ئەمانە هەمووی ئەکەونە بەر گۆڕان و گۆڕینەوە لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو مرۆڤ بەزمان و

سیمبولەکانمان، لە ڕێگای ئارەزوو و حەزەکانمانەوە یاخود لە ڕێگای دەسەڵات و ستراتیژییەکانمان مامەڵ لەگەڵ ئەو زاراوانە ئەکەین. بەمجۆرە فیکرەکان ئاوێنە نین بۆ واقیع و حەقیقەت، بەو ڕادەیەی کۆمەڵێ (تۆڕی گۆڕانکارین) بەهۆی ئەوانەوە خۆمان ئەگۆڕێین و هەروەها جیهانیش ئەگۆڕین... لە ئەنجامدا هیچ فیکرەیەکی ڕاستەقینە نییە کە دەقاودەق لە واقیعی حاڵ بچێت و دەستی لەگەڵ سەرچاوە عەینییە دەرەکییەکەیدا تێکەڵ بێت. بەڵێ هەندێ زانیاری ڕاست و هەڵە هەن. بەڵام فیکرەکان یان سست و لاوازن یا نەزۆک و بەستەڵۆک. لەڕێی ئەو فیکرانەوە دووبارە ئەو واقیعەی کە ئەمانەوێ بیگۆڕین بەرەو خراپتر ئەیانگۆڕین یاخود ئەو ڕێگا فیکرییانەی زیندوو دروستکەرن، جیهان دروست ئەکەین و ئەیگۆڕین، بەڕادەی ئەوەش سەرکەوتوو ئەبین لە گۆڕینی جیهان.

ڕەخنە لەخۆگرتن مانای (تۆڵەکردنەوە لە ڕابوردوو) نییە، هیچ شتێک و میراتییەک لەناونابرێت تەنیا بەڕێگای تیرۆرو لەڕەگەوەدەرکردن نەبێت. هەروەها ئەم ڕەخنەیە مانای داماڵین لە شوناسنامە و دابڕان لە ئاووهەوای ڕۆشنبیری نییە، بەڵکو ئەمە جۆرێکە لە قەبەکردن کە هەندێ لە پارێزەرانی شوناسنامە و داواچییەکانی ڕەسەنایەتی بانگەشەی بۆ ئەدەن، هیچ کەسێک ناتوانێ لە تایبەتمەندی خۆی دابڕێ و شوناسنامەی خۆی داماڵێت. بەڵکو گرەوەکە ئەوەیە بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ کەلەپوورو شوناسنامەکان بکەین بەو جۆرەی ئەمانە بریتین لە کۆمەڵێ توانای فەراهەمکراو و کراوە، یا سەرمایەی عەقلی ون ئەکرێ کاریان لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی بۆ دراوێکی فیکری، هەنوکەیی بگۆڕدرێن، کە بکرێت خەرج کرێ و بگۆڕدرێتەوە بۆ زمانە حاڵیبوو دەستەواژە عەقڵانییەکان، یاخود بۆ کۆمەڵێ بواری مامەڵەکردن و کۆمەڵێ سیستەمی پەیوەندی، یان کۆمەڵێ داهێنانی هونەری و جیهانبینی ئیستاتیکی، یا کۆمەڵێ تیۆری زانستی و دۆزینەوەی تەکنیکی.

مرۆڤ لە جیهانبینی سیمبولی و بەرهەمە ماتەریالییەکانی ئەو پێکهاتووە، بەڕادەی ئەوەش و لەهەمان کاتدا لە تواناکانی ڕەخنەگرتن لە بیر و وتن و کردەوەو مومارەسەکانی پێکهاتووە، ئەمەش بەمەبەستی پشکنین و لێپرسینەوە، یاخود هەڵسەنگاندن و چاوپێخشاندن، بەجۆرێک کە بتوانێ هەلی بۆ بڕەخسێ تا بەناسینی سنووری خۆی سنوورەکان ببەزێنێ و، بەدۆزینەوەی میکانیزمەکانی ناتەواوی خۆی بۆ دەرچوون لەو ناتەواویە، یاخود لەو حاڵەتە دەرچێت کە تیایەتی، ئەویش بەدەستنیشانکردنی واقیعی خۆی و، واتە بەدۆزینەوەی ئەو شتانەی کە ڕووئەدەن و ڕووداو و لەپڕ و ڕێژەیی و جووڵێنەرن و لە پشتەوەی بالایی و گشتی و پێویست و موتڵەقدان. ئەمەش ئەو



جیاوازییەیە: مرۆڤی سنووردارو خاوەن کۆتایی خاوەنی کۆمەڵێ توانایە تەنیا بەفیکر تەواو نابێت کە ئەوەش دەستکەوتەکەیەتی، سیفەتی فیکر دڵەڕاوکێ و شڵەژانە، هەڵگەڕانەوەو پەرشوبڵاوییە، فراوانکردن و گەشەکردنە، دەوڵەمەندو سەروەتمەندکردن، خەرجکردن و گۆڕان و، خولڵقاندن و گۆڕینە...

بەمجۆرە ئێمە بۆ ئەوە بیرناکەینەوە تا فیکرێک بەرهەم بێنین لەگەڵ واقیعدا گونجاو بێت، هەروەها بیرناکەینەوە بۆ ئەوەی بەدووی واقیعێکدا بگەڕێین لەگەڵ واقیعماندا بگونجێت، ئێمە بۆ ئەوەی بیرئەکەینەوە تا ئەو حاڵەتە بیگۆڕین کە تێیداین، ئەویش بەگۆڕینی جوگرافیای ماناو سیستەمەکانی پەیوەندی و نەخشەی سامان و پەیوەندییەکانی دەسەڵات. گەر ئێمە ئێستا بەرەو نێوسەردەمی کەونی ئەڕۆین، هەروەها ئەچینە نێو زەمەنی تاک جیهانییەوە، ئەوا ئێمە پێویستمان بەشێوەیەکی نوێیە بۆ پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیی و لەگەڵ کەسانی دیکەدا، یاخود پەیوەندی لەگەڵ سروشت و ژینگەدا، لەگەڵ جیهان و شتەکاندا. ناو و زاراوە، بیرو مومارەسەو، یاساو دەزگاکانمان بەکەڵکی ئەم شێوە ژیانە نایەن. ڕەنگە ئەم پەیوەندییە زۆر لە بۆشایی و جیهان و نێوەند نزیک بێت، بۆیە ئاسان نییە بۆ ئەسڵی یەکەم یان بۆ نموونەی کامڵ و یاخود نەسەغی داخراو و سیستەمی مەحکەم بچووک بکرێتەوە.. تاڕادەیەک ئەمە هێزێکی هەمیشەییە لە داهێنانی دەستەواژەو سیستەم و شێوازەکان، ئەویش بەهەڵدانەوەی ئسووڵ و ئاشکراکردنی پرنسیب و هەڵوەشاندنەوەی نموونەو تێکشکاندنی قاڵبەکان.

## بەمرۆڤکردنی جیهان

بەمجۆرە کارەکە پێویستی بەپێکهێنانی فەزایەکی مرۆیی نوێیە کە تیایدا کەس (چ تاک بێت یان کۆمەڵ) بەشی خۆی دەستکەوێ و مەشرووعیەتی خۆی چنگ کەوێت، نەک بەپێی وەهمەکانی خۆی دەربارەی خۆیی و کەسانی تر، نە بەپێی وەهمەکانی لەبارەی ئازادی و مافەکانیەوە. حەقیقەت ئەوەنییە کە لەگەڵ واقیعدا هاوشانە، حەقیش وەفاداری نییە بۆ نموونەی کامڵ و جێبەجێکردنی پێوانەیەکی توندوتیژ، بەڵکو کارەکە زیاتر پەیوەستە بەو واقیع و حەقیقەتانەی کە بەرهەمی ئەهێنین و ئەیخوڵقێنین، پەیوەندی بەداهێنانەکانمان و بەرهەمەکانمانەوە هەیە، پەیوەندی بەو ڕۆڵ و ئەرک و پلەو پایانەوە هەیە کە ئەتوانین جێبەجێی بکەین و موستەحەقین کە هەمانبێت، بەو وێنەیەی کە بوارمان پێ ئەدات بەشداری لە دروستکردنی ڕووداوەکان و پێکهێنانی جیهان بکەین.

بەجیهانیبوون وەک دیاردەیەکی شارستانی و ڕووداوێکی گەردوونی لەگەڵیا نەخشەی پەیوەندی بەشتەکانەوە ئەگۆڕێت، ناتوانین بەو عەقڵە کۆنەی کە لەسەر بناغەی چاکەو خراپە، چەمکەکانی گوناه و کافری بونیادنراوە بەجیهانیبوونێکی مرۆڤی بەرهەم بێنین چالاک و دەوڵەمەندانە بەشداربین لە دارِشتنەوەی، هەروەها ناشتوانین بەعەقڵیەتی مۆدێرنی ئێستا کە لەسەر وەهمەکانی ئازادی لەرزۆک و سۆسیالیستی سەرنەکەوتوو لەسەر بناغەی وەهمەکانی شوناسنامەی داگیرکراوو وەهمەکانی دەستەبژێریی ڕووناککەر بونیادنراوە ڕووی مرۆیی ببەخشین بە بەجیهانیبوون و دەوڵەمەنی بکەین. کەس نییە بەناوی کەسێکەوە بدوێ و مافەکانی وەرگرێتەوە گەر لەسەر حیسابی ئەو نەبێت. لەبەر ئەوەی ئەوکەسەی خاوەنی چالاکی و دەسەڵات نییە، خاوەن ئازادیش نییە.

مەبەستی وتنەکە ئەوەیە بەمرۆڤکردنی جیهان کارکردنە لەسەر خود و زاراوەکان، کارکردنە لەسەر ئارەزوو و دەسەڵات، دەزگاو وتارەکان، واتە توندوتۆڵی خودو پیشەسازی نەفس و بەرهەمهێنانی حەقیقەتە، لەگەڵیا نموونەکانی ڕوانین و جۆرەکانی مامەڵەکردن ئەگۆڕێت، بەڕادەی ئەوەش پرنسیپەکانی پۆلینکردن و میکانیزمەکانی بیرکردنەوە ئەگۆڕێت، بەجۆرێک بوار بۆ دووبارە دابەشکردن و ڕێکخستنەوەی زانین و دەسەڵات و سامان ئەڕەخسێ، ئەمەش ئەبێتە هۆی فراوانکردنی بوارەکانی ماف. بەرفراوانبوونی چەمکی حەقیقەت و کردنەوەی بەڕووی ئەو شتانەی دوورخراونەتەوەو چەپێنراون یاخود ئەو شتانەی کە هەڵەن، ئیمکانیاتی نوێی دەوڵەمەندترو فراوانتر ئەڕەخسێنێ بۆ مومارەسەکردنی ماف و ئازادییەکان.

گەر ئێمە دان بەوەدا بنێین کە هەرچییەک لە مێژووی ئیسلامیدا ڕووی داوە بەهەموو قۆناغەکان و ئەزموونەکانیەوە سەرنەکەوتوو بووە، گەر تەنیا مەبەست لەو شتانە بێت کە بەتەواوی (پێچەوانەی) پەیامی ئیسلامی و نموونە باڵاکەی بووە، هەروەک ئەبو یەعروب مەرزوقی ئەڵێت، ئەمە مانای وایە، یەکەم گەر بمانەوێ بزانین مانای ئەوە چییە کە ئەیڵێین، پرنسیپ و ئسووڵ و بەهاکان تەنیا بۆ ئەوە دانراون و دروست کراون کە لە میانەی ئەزموونەکاندا پێشێل بکرێن و لە کوورەکانی ئەزموونگەریدا بسووتێنرێن یاخود هەر وەک کۆمەڵێ دەربڕینی لەرزۆک و نموونەی بەتاڵ بمێنێتەوە، ئەوەی لەسەر زەمینەی واقیعدا هاوبەرامبەریان نەبێت. یان بەشێوەیەکی تر: ئەو سەرنەکەوتنەی کە ڕووی داوە ئەوە ناگەیەنێ کارەکە تەنیا بریتییە لە (هەوڵدانی سەرنەکەوتوو) بەڵکو کارەکە سەرنەکەوتنی نموونە باڵاکە ئەگەیەنێت، بەتەواوی وەک ئەو خوێندنەوەی کە فەیلەسووفی



ئایدیالیزمی ئەڵمانی هیگڵ بۆ ئەزموونی ئیسلامی ئەنجامی دا. ئەمەش دایکی هەموو ئابڕووچوونەکانە. بەکوردی و بەکورتی، لێرەدا، ئەو نموونەیەی کە لە ڕابردوودا بەدی نەهات، ناکرێ ئامانجێک بێت بۆ بەدیهێنانی لە ئایندەدا، لە پێناو ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەسەر بناغەی بەهای ئیسلامی.

کەواتە پێش هەموو شتێک ئەبێت کار بکەین بۆ ڕەخنەگرتن لە ئیسلامییەتی خۆمان و دەستکەوتە خودییەکانی خۆمان هەڵوەشێنینەوە بۆ ئەوەی ئەم مرۆڤایەتییەی کە ئێستا تیایین گۆڕانی بەسەردا بێت، گۆڕانی ئەم حاڵە دوای ئەوەی ناو و سیفەتەکانمان بێ کەڵک بوون و تەنیا بوون بەکۆمەڵێ دروشم و شەعائیر، ڕێگرن لەبەردەم ئاوێتەکردنی دەستەواژەیەک بۆ بوون و پرۆژەیەک بۆ ژیان. بەم مانایە پێویستمان بەدووبارە بەرهەمهێنانەوەی شوناسنامەی ئیسلامییە، بەدروستکردن و پیشاندانی ئیسلامێکی جیاوازو وێنەیەکی نوێ لەبارەی ئیسلامەوەیە، کە لە میانەیدا ئەو هێزە مەزنەی خاوەنەکەی لە خولڤاندن و گۆڕاندا بەدەرکەوێت، لە ڕێگای جێبەجێکردنی بەدەستهاتە شارستانی و کاری داهێنەرو تازەکردنەوەو داهێنراوە ڕەسەنەکان.

ئەمەش بە چی دێتە دی بەدەرچوون لەو تەرح و دوولایەنە نەزۆکانەی کە تەنیا سەرنەکەوتن و دۆڕاندن بەرهەم دێنن، وەک داوای بەئیسلامکردنی مۆدێرنیزم و هونەرەکان[٧]. کەواتە ئەرکەکە ئەوە نییە کار بۆ بەخشینی ڕەگەز بەهونەرو ئەدەب بکەین، چ ئەو هونەرو ئەدەبە ئیسلامی بێت یاخود ڕۆژئاوایی، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە بەخشینی ڕەگەزایەتییە زیاتر ڕەگەزپەرستی نەشونما پێ ئەکات و ئەشبێتە هۆی داخراوی. وا باشترە

---

(٧) داواکردن بۆ بە(ئیسلامکردنی هونەرەکان) لە پێناوی تیمارکردنی نەفسەکان لە گفتوگۆیەکدا خوێندمەوە کە لەگەڵ نووسەری یەمەنی نەزار غانم سازکرابوو، لە گۆڤاری (جیهان: ژمارە ٦٣٩,١٩ ئەیلولی ١٩٩٨) بڵاوکرابۆوە. هەروەها خوێنەر لە هەمان ژمارەدا لەدوا لاپەڕەیدا وتارێک ئەبینی بەپێنووسی محەمەد ناسر ئەلعیلی، کە باس لە دەردی ڕەگەزپەرستی لە وڵاتە ئیسلامییەکان ئەکات. ئەو جیاوازییە ئابڕووبەرەی کە لێرەدا هەیە ئەوەیە کە ئێمە داوای بەئیسلامکردنی هونەرەکان ئەکەین لە پێناوی تیمارکردنی نەفسەکان، کەچی دەستەوەستانین لە ئازادکردنی کۆمەڵگاکانمان لە دەردی ڕەگەزپەرستی، بێگومان سەرچاوەی ئەو دەستەوەستاندنە بەڕاستی داوای بەئیسلامکردنی هونەرەکانە، کەواتە واباشترو لە پێشترە یەکەم جار بە ڕێبازێکی ئیستاتیکی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شوناسنامە ئیسلامییەکەمان کاربکەین و هەروەها وەک هونەرێ لە هونەرەکان مومارەسە لەگەڵ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ژیاندا بکەین.

لەگەڵ شوناسنامەکانمان بەشێوەیەکی ئیستاتیکییانە مامەڵە بکەین و وەک هونەرێ لە هونەرەکان مامەڵە لەگەڵ ژیانمان بکەین. ئەم جۆرە مامەڵەکردنە شوناسنامەی ئیسلامی دەوڵەمەند ئەکات و لە کوورەی ڕەگەزپەرستی کەم ئەکاتەوە، بەڕادەی ئەوەش مرۆڤ لە بەندیخانەی بیروڕا و فەقیەتیەتی دەرباز ئەکات. بەمجۆرە ئێمە بیر ناکەینەوە و هەوڵ نادەین بۆ بەئیسلامکردنی مۆدێرنیزم، بێگومان نەک لەبەر بەڕۆژئاواکردنی ئیسلام، بەڵکو ئێمە بیرئەکەینەوەو کارئەکەین لە پێناو داهێنانی ئیمکانیاتی نوێ کە بواری ئەوەمان بدات تا لەگەڵ بوونی خۆماندا مومارەسەی پەیوەندییەکانمان بەدەوڵەمەندی و جۆراوجۆر، بەهێز و توانا و لە بوارەکانی ژیان و بەشەکانی خوڵقاندن و بەرهەمهێنان بکەین.

## ڕەخنەگرتن لە بەمرۆڤبوون

شاراوە نییە کە ڕەخنەگرتن لە ڕوانینی ئیسلامی، هەروەک لە نێو فیکر و مێشکی فیقهی و زانایانی گوتاردا جێگیر بووە، لەبەر ڕۆشنایی ڕوانینی ڕۆژئاوای مۆدێرندا بەئەنجام گەیشتووە، هەر بەهۆی ئەوانیشەوەیە کە لە بوارەکانی ڕوانین و کەلەپوورەکانی پێشووتری جیهانی نوێدا باس لە نزعەی مرۆڤایەتی ئەکەین. بەم جۆرە مرۆڤایەتی مۆدێرن تەنانەت لای ئەوانەشی ڕەفزی ئەکەن و تاوانباری ئەکەن، مۆرکێکی عیلمانیەتی هەیە، هەروەها بووشە بە چینێک لە چینەکانی هۆش و مەودایەک لە مەوداکانی فیکر. مانای ئەمەش ئەو مانایەیە کە مۆدێرنیزمی ڕۆژئاوایی وەک ئەوەی کە ڕووداوێکی گەورەیە لەگەڵیا ڕووداوی جیهان ئەگۆڕێ و، ناکرێ بۆ پێش گۆڕانەکەی بگەڕێینەوە وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت. لەبەرئەوەی پاش هەر ڕووداوێ شتەکان وەکو خۆیان لێ نایەتەوە، هیچ ڕووداوێکیش بەشێوەیەکی دەوڵەمەندو بەردار ناگێڕدرێتەوە، تەنیا لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرکەوتن و بەدەستهێنانەی کە پاش ڕووداوەکان دێن. بەمجۆرە لە کاتێکا ئێستا بۆ سەردەمی عەباسی و، سەردەمی پێغەمبەر یاخود بۆ پاش ئەوەش بۆ سەردەمی ئەغریقییەکان ئەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانی بابەتی ڕووداو و بەڵگەنامەو تێکست و وتارەکان وەک کۆمەڵێ ئیمکاناتی میراتی بخوێنینەوە، بەو سیفەتانەی ئەمانە بڕێک دەسکەوتی میراتخوازین، بەجۆرێک پاش ئەوەی سەرفیان ئەکەین و ئەیانگۆڕین، دووبارە پێکیان ئەهێنین بەجۆرێک بواری ئەوەمان بۆ فەراهەم ئەکات تا بخزێینە نێو پیشەسازی ئێستاو وێنەکێشانی ڕووداوە جیهانییەکان، ئەمە لە حاڵەتێکا گەر توانیمان لەگەڵ ئەزموونە مێژووییەکان مامەڵە بکەین بەڵام نەک بەشێوەیەکی دواکەوتووانە یاخود



بەشێوەیەکی ئسووڵی پاشەکشانە، بەڵکو بەشێوەیەکی چالاک و ئامادە، ڕێگا خۆش کات بۆ فراوانکردنی بوارێکی مومکین، ئەویش بەکردنەوەی دەرگا داخراوەکان و شکاندنی بەربەستە خنکێنەرەکان.

گەر ڕەخنە لە ڕوانینی ئیسلامی ئەوە بگەیەنێ ئێمە هێشتا لەو حاڵە شارستانی و مەدەنییەتە نین بوارمان پێ بدات وانەی بەهای مرۆیی بەڕۆژئاوا بڵێینەوە، بەڵام لەبەرامبەریشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئێمە نابێت ڕوانینێکی مرۆڤایەتی هاوچەرخ بونیاد بنێین، لەبەر ئەوەی مرۆڤایەتی مۆدێرنی، پاش ئەوەی عەیبەکانی دەرکەوتن و شوورەییەکانی ئاشکرابوون[٨] ئەمڕۆ لەبەردەم ڕەخنەو لێپرسینەوەیە، لێرەوە کارەکە پەیوەستە بەڕەخنەی دوولایەنە بەرامبەر ئەوکۆمەڵە شێوە مرۆڤایەتییە زانراو و باوانە، ئەوانەی هەمیشە لەپڕ بەرامبەر بەمومارەساتە فاشی و کارە دڕندەییەکان ئاگادارمان ئەکەنەوە، بەتایبەت لە جیهانی عەرەبیمان، هەڵدەستین بەکۆکردنەوەی خراپترین شتی کۆن و خراپترین شتی مۆدێرن. ئەگەر مرۆڤی نوێ کە خودی خۆی لەگەڵ دەرکەوتنی سەردەمی ڕێنیسانسا لەدایک بووبێت و، گەیشتبێتە ترۆپک بەپێی ڕاگەیاندنی نیتشە دەربارەی (مەرگی خودا) و ڕاگەیاندنی دروشمی (مرۆڤی باڵای)، ئەم جۆرە دروشمە بریتی بوون لە مزگێنییەکی درۆزنانە، چەند دە ساڵێک بەسەر لەدایکبوونی ئەم زاراوە تێنەپەڕیبوو، تا میشیل فۆکۆ هات و (مەرگی مرۆڤی) ڕاگەیاند، ئەویش بەئاشکراکردنی بونیادو یاسا و میکانیزم و ئەو مومارەساتانەی لای مرۆڤ سنووری عەقڵ و هۆش ئەبڕن چ لە زمان و وتارەکان یان لە کردەوەو مومارەساتەکانی، ئەمەش بەو واتایەی مرۆڤ خاوەنی وتن و کردەوەو بەرهەمەکانی خۆی نییە، بەڕادەی ئەوەش مرۆڤ بەرهەمی ئەو شتەیە کە بیری لێ ناکاتەوە و نایڵێت، گەر وانەبێت ئەی بۆچی مرۆڤ بەردەوام مومارەسەکانی خودی خۆی تووشی سەرسوڕمانی ئەکەن و بەردەوامیش پێچەوانەی ئەوەش ئەگۆڕێت کە ئەو خۆی ئەیەوێ و بیری لێ ئەکاتەوە؟ ئەمەش ئەو مانایە کە هەمیشە لە نامانایییدا ئاشکرا ئەبێت. بەهەرحاڵ مرۆڤی مۆدێرن خودی خۆی تەواوکردووەو گەیشتووەتە کۆتایی پاش ئەوەی بەرهەمەکانی خۆی کۆنترۆڵی کردووەو خەریکە پیشەسازییە مەزنەکانی ئەیکوژێ ئەوەی سروشت بەرەو بەبیابانبوون و پیسکردنی ژینگە ئەبات. ئەمەش پێویستی بەو ڕەخنەگرتنەیە کە ئامانجی بەگەردوونکردنی مرۆڤە، واتە لایەنگریکردنی سروشت و

(٨) ئاماژە بەوە ئەکەم کە من چوومەتە نێو ڕەخنەی مرۆیی ڕۆژئاوایی، ئەمەش لە کتێبەکەمدا دەرئەکەوێ ئەو کتێبەی بەناونیشانی: گەمەی مانا کە بەشێکە لە بەشەکانی ڕەخنەگرتنی مرۆڤ.

بوونەوەران. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە بەگەردوونکردن ئارەزوویەکە بۆ بەمرۆڤکردن، واتە بەرگریکردنی ئارەزووە مرۆڤخوازییەکان چ کۆن بێت یان نوێ، ئەوانەی خاوەن ڕەگێکی پەیامبەری یاخود فەلسەفین. لە کۆتاییدا هەردوو ڕوانینەکە ئایینی لاهووتی و عیلمانی فەلسەفی لە زۆر ڕووەوە یەکتری ئەبڕن:

لە گرنگترین ئەو ڕوانینانە بەشداریکردنیانە لە میکانیزمی پیرۆزکردن و لۆجیکی تەعالی. بەم مانایە ئەو پیرۆزییەی کە لەگەڵ مۆدێرنیزمدا لە دەرگاوە کرایە دەرەوە لە پەنجەرەوە دووبارە هاتە ژوورەوە، بەڕادەی ئەوەش زاراوە و دروشمە مۆدێرن و مۆدیرنیزمەکانی وەک عەقڵ و ئازادی و ڕۆشنگەری و پێشکەوتن و ئەو ناونیشانانەی دیکەش کە مۆدێرنیزمەکان بەعەقڵیەتی لاهووتی پیرۆزانە مامەڵەیان لەگەڵدا ئەکرد بوون بەجێگای پەرستن، بەری ئەوەش بریتی بوو لەکوشتنی ئەم زاراوانە و هەرەسی ئەو پڕۆژانەی کە لەسەری بونیاد نرابوون، پاش ئەوەی عەقلانیەتە مۆدێرنەکان شێوەو نموونەکانی خۆیان لەدەست دا. پێت سەرسوڕمان نەبێت گەر هاتوو کەسێک شتێکی پیرۆز کرد بێگومان هەرخۆشی ئەبێتە قوربانی ئەو شتە. ئەوانەی عەقڵیان پیرۆز کرد، لە مێن ڕێژکردنی عەقڵی خۆیان زیاتر هیچی تریان نەچنییەوە. لە ناماقووڵی زیاتر هیچیان نەدرووییەوە. ئەمەیە بەری میکانیزمەکانی پیرۆزکردن، مادەکەی هەرچییەک بێت چ خوا بێت یان مرۆڤ، لەبەر ئەوەی ئەو بیانوویەک بۆ بوونەوەر دروست ئەکات ئەو بیانووەی لە ڕووەکەی تریدا بریتییە لە پەرستنی ناو و ئسوولەکان.

لەمەش گرنگتر ئەم دوو شێوەیە، شێوەی لاهووتی و عیلمانی، لە هەڵوێستیان بەرامبەر بەسروشت و مامەڵەکردنیان لەگەڵ زۆربەی بوونەوەرەکان هاوبەشن. لە ڕوانینی هاوچەرخدا مرۆڤ وا دەرئەکەوێت کە گەورە و خاوەن دەسەڵاتداری سروشتە. هەروەها لە ڕوانینی لاهووتیشەوە وا مامەڵە ئەکات کە وشەی خوا تەوەرەی کەون و گەورەی سروشتە. لێرەوە لە لۆجیکی ئاینییەوە هەموو شتێک بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ دروست کراوە، نێرسیسیسەت و نزعەی لێکچوواندن لە هەندێ لە لێکدانەوە ئیسلامییەکان گەیشتووەتە ڕادەیەک خاوەنەکانیان بڕوایان وایەو ئەڵێن هەموو کەون تەنیا لە پێناوی یەک کەسدا دروست کراوە. مانای ئەمەش ئەوەیە مرۆڤ لە وتاری لاهووتیدا زیاتر ئامادەترە لە نائامادەیی، خواش پیرۆز ئەکات بۆ ئەوەی خودی خۆی و ناو و سیفات و کردەوەکانی خۆی پیرۆز بکات. مرۆڤایەتی ئەمڕۆ سزای ئەم نێرسیسییە لاهووتییە تێکەڵە لەسەر حیسابی سەنتریزمی مۆدێرندا بەرئەکەوێ، دڕندەیی و توندوتیژی لە نێوان مرۆڤ ڕوویەکی ترە لەو



پیسی و بەساراکردنەی کە سروشت و ژینگە پێوەی ئەتلێتەوە.

ڕەنگە ئەو بڵاوبوونەوەی کە بودیزم لە وڵاتێکی وەک فەڕەنسا بەخۆیەوە بینیوە ڕاڤەکەی لەوەدا بێت، ئەمە هەوڵێکە بۆ هەڵهاتن لەو ئاییننانەی کە بەدرێژایی مێژوو بوونەتە هۆی خولـقاندنی پارچەپارچەکردن و ناکۆکی و جەنگ، بەڕادەی ئەوەش هەڵهاتن و ڕاکردن بێت لەدەست ئەو ئایدیۆلۆژییە مۆدیرنیزمانەی عیلمانی، بەهەموو مەزهەبە لیبرالی و سۆسیالیستی و سەرمایەدارییانەوە، لەبەر ئەوەی ئەم ئایدیۆلۆژییانە و، ئەو فەلسەفانەشی لەسەریان چنران، وا پێدەچێت توانایان نەماوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ گرفتە ماددی و مەعنەوییەکان ئەو گرفتانەی مرۆڤایەتی هاوچەرخ پێوەی ئەناڵێت. ئەمەش ئابڕووچوونەکانی ئەو بڕوا کۆن و ئایدیۆلۆژییە هاوچەرخانەیە کە ئەم دەسکەوتە خراپانەی بەرهەم هێنا، ئەمانەش لە بەربەریەتی هاوچەرخ و پیسکردنی ژینگەدا ڕەنگ ئەدەنەوە. بەمجۆرە گەر نێرسیسیەتی دەستەبژێریی لای خاوەن ئاینەکان، بوو‌بێتە هۆی دروستکردنی دوژمنایەتی نێوان مرۆڤ یەک بەرامبەر بەویتر، ئەوا ئارەزووی سەنتەریزمی مرۆڤایەتی ئەمڕۆ ئەوەی دەرخستووە کە مرۆڤ هێزێکی بێ وێنەی هەیە بواری پێ ئەدات ژیان لەناوبەرێت و زەوی و بونیاسازی بگۆڕێ بۆ خاکێکی وێران.

## بەکەونکردنی مرۆڤ

لێرەوە داواکارییەکە و ئەوەی کە ئەکرێت ئەنجام بدرێت بۆ تێگەیشتنی ماڵوێرانییەکە بریتییە لە داماڵینی بە مرۆڤبوون ، هەروەک لە نێرسیسیەتی مرۆڤ و سێنترومیزمەکەیدا بەرجەستە ئەبێت. ئەو شتەی بەمرۆڤبوون شتەکانی لەسەر دائەمەزرێنێ و دایئەپۆشی بەرگریکردنێتی لە مرۆڤ بەو سیفەتەی مرۆڤ باشترین مافی ژیانی هەیەو هەر ئەویش لە هەموو بوونەوەرەکانی دیکە باڵاترە، ئەمەش وای کردووە وا مامەڵە لەگەڵ خۆیدا بکات بەو سیفەتەی خۆی خاوەنی هەموو شتێکەو هەرچۆنێکی بوێتیش وا مامەڵە لەگەڵ شتەکان ئەکات. ئەم بیرەش بناغەی ئەو وێرانییەیە کە سروشت بەخۆی ئەبینێ، هەروەها ئەمەش بیانوویەکە ئەو ئازادییە بەمرۆڤ ئەبەخشێ تا بەئازادی خۆی دەستدرێژی بکاتە سەر بوونەوەرەکان، هەروەک بەتەواوی ئارەزووی بناغەی ئەو دوژمنایەتییەی کە لە کۆمەڵگاکانی بڕواو لاهووتیدا جێگیرە ئەو کۆمەڵگایانەی لەسەر بناغەی ڕەزیلکردنی ئەوی ترو کەمکردنەوە لە بەها و کەرامەتی ئەوی تر بونیادنراوە، ئەویش بەهۆی جیاوازی بیروباوەڕو جیاکاری مەزهەبی و فیقهێتیدا.

ئەمەش دڕندەیەتیمانە بەچاوەڕواننەکراوی تووشی سەرسوڕمانمان ئەکات، بەڕادەی ئەوەش مرۆڤایەتییەکەمان ئەشارینەوە ئەو مرۆڤایەتییەی پێویستی بەڕەخنەلێگرتن و لێپرسینەوەو، ڕوونکردنەوەو ئاشکراکردن هەیە، ئەمەش یان بۆ دانپیانان بەمافەکانی ئەو مرۆڤانەی کە هیچ مافێکی مرۆڤیان پێ نەدراوە، یاخود بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی سروشت و بوونەوەران، بەوجۆرەی مرۆڤ واز لەو بڕوایە بێنێت کە گەورەی کەونە، بۆ ئەوەی ببێت بە بەشێک لە سروشت، ژیانی خۆی لەگەڵ سروشتدا بەئولفەتەوە بباتە سەر و بخزێتە نێو ڕیتمەکانی سروشتەوە. ڕەخنەگرتن لە بەمرۆڤبوون مانای وایە مرۆڤ خاوەن زەوی نییە بەڵکو وەک هەموو گیانلەبەرو ڕووەکەکان سەر بەزەوییە، واتە مرۆڤ تەوەرەی زەوی نییە هەروەها کلیلی کەونیش نییە بەڵکو لە نێوان هەموو بوونەوەرەکانی دیکە بوونەوەرێکە. ئەم ڕەخنەیە ئەتوانێ ئەو ئەزموون و چەمک و بوارانە بگەڕێنێتەوە کە پێشتر لە لایەن عەقڵانیەتی لاهووتی و فەلسەفییەوە هەردووکیان وەک یەکتر دوورخرابوونەوە یاخود بەپەراوێز کرابوون، ئەمەش لە ڕوانگەیەکی هەمەلایەنی کەونیدا ڕەخنەگرتنێکی پێکهێنا دژ بەمرۆڤ بەهەردوو لایەنی بەها و پێوانەکانی.

هەروەک پرنسیپی (فەنابوون) لە بوودیزم کە تێکەڵبوونی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و جووتبوونی لەگەڵ کەوندا بەرجەستە ئەکات. یاخود چەمکی (موجاهەدە) لای سۆفییەکان، ئەم زاراوەیە دژەهۆشێک بەرجەستە ئەکات دژ بەخودی نەفس، هەوڵێکی بێ وچان لە پێناوی گۆڕینی حەزە وێرانکەرەکانی مرۆڤ و مەیلە بەربەرییەکانی بۆ کۆمەڵێ دانپیانانی شیکردنەوەیی یاخود کۆمەڵێ هەڵوێستی عیرفانی تێڕامانی یان بۆ کۆمەڵێ شەتەحاتی عیشقی خاوەن مەودایەکی ئیستاتیکی. نموونەیەکی دیکەش کە ئەتوانین وەریگرین پرنسیپی (گۆشەگیری بۆ خواپەرستی) لە مەسیحیدا نموونەیەکی زوهدی یاخود شێوەیەکە بۆ هاوکاری بۆ بەرگریکردنی ئەو چاوچنۆکی و پەلاماردان و پیس و خراپەکارییەی کە کۆمەڵگای مرۆیی ئەیهێنێتە ئاراوە، یان پرنسیپی (ئەمانە)ی قورئان، ئەوە ئەگەیەنێ مرۆڤ هەست بە بەرپرسیاری بکات بەو سیفەتەی مرۆڤ ئەمینە بەسەر خودی خۆی و هەموو بونەوەرەکانەوە. گەر تێکستی قورئان لە مەودایەک لە مەوداکانی بریتی بێت لە وتارێکی ئاینی لاهوتی، وەک هەر تێکستێکی جیاواز و مەزن ئەوا کۆمەڵێ ئاماژەی ڕوانین و ڕەخنەی تێدایە کە بۆ مرۆڤ ڕێدۆزەرەوەیە، ئەو چوارچێوە تەسکانەی وتارو سیستمە فیقهیکان ئەبڕێت.

بەهەرحاڵ، گەر دابڕانی مرۆڤ لە مرۆڤایەتییەکەی مەحاڵ بێت، واتە داپۆشینی



بەربەریەتییەکەی مرۆڤ داپۆشرێ بەحوکمی ململانێی مانەوەو یاخود بەردەوامی ژیان سەرکوتکردنی هاوشێوەکەی لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە بۆ ئاسان ئەکات، یاخود ئەوەی بۆ ئاسان ئەکات گیانلەبەران سەربڕێت بۆ ئەوەی گۆشتەکەی بخوات، یاخود دارستانەکان ببڕێتەوە لە پێناوی گەرمکردنەوەیماڵەکەی، ئەو شێوە مرۆڤایەتییە باوەو ئامادەیە، چیتر بەکەڵکی خوێندنەوەی جیهان و ڕووداوەکان نایەت، بەڕادەی ئەوەش دەستەوەستانی ئەو شێوە مرۆییانە دەرئەکەوێت لە چارەسەرکردنی گرفت و ڕێگرتن لەو ترسناکییانەی کە هەڕەشە لە ژیان و چارەنووس ئەکەن، جا ئەو مرۆییانە چ لاهووتی یا ناسوونی، ئایینی یان عیلمانی بێت. بەواتای دەرچوون لە شێوەی لاهووتی سەردەمی پیرۆز، بەڕادەی ئەوەش واتە دەرچوون لە شێوەی عیلمانی سەردەمی مۆدێرنیزم. ئێمە ئێستا ئەچینە نێو سەردەمێک کە تیایدا مۆدێرنیزم ئەبڕێ و بەرەو پاش مۆدێرنیزم ئەڕوات، بەمەبەستی دارشتنی ڕوانین و پەیوەندی و هەڵوێستی نوێ بەرامبەر بەعەقڵ و حەقیقەت و ماف و جیهان، ئەمەش ئەبێتە هۆی شێوەیەکی مرۆیی نوێ، ڕزگاری ئەبێت لە قورسایی نێرسیسیەت و سەنتەریزم.

هەموو ئەمانە بەواتای دەرچوون لە دووانە باوەکان و دووانە بەفەلسەفەکراوەکان، هەروەک دووانەی کۆن و نوێ، کەلەپوورو هاوچەرخ، ئایینی و عیلمانی، ڕۆژئاواو ئیسلام، هەروەها هەموو ئەو دووە دژانەی کە خودی خۆیان لە جیهانی ئیسلامیدا یاخود لە جیهانی ڕۆژئاوادا ستۆک کردو بوون بەکۆمیدیایەک بۆ فیکری نوێ. ئێستا وا باشە فیکر لە پێناو کارکردن بۆ بەمرۆڤکردنی شوناسنامەکان بخرێتەکار بەشێوەیەک تێکەڵ بێت لەگەڵ بەکەونکردنی مرۆڤایەتییەکان. ئەو مرۆڤایەتییەی کە خەریکە ئەبێ بەجیهانیبوون، ئەو مرۆڤایەتییەیە کە ئێستا سەنگی مەحەکە: ئایا بوارێک بۆ لەدایکبوونی (مرۆڤی بەردەوامی) هەیە ئەو مرۆڤەی بەهاوبەشی و گۆڕینەوەو هاوکاری و کۆمەککاری پێکدێ و گەشە ئەکات لە بەرامبەر ئەو (مرۆڤە ئیمپریالییەی) کە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ناوی خۆیی و وێنەکانی دەسەڵات و شتەکان ئەدات چ لە لای کەسانی دیکە یاخود لە لای خۆمان، یاخود قەدەری مرۆڤ وایە کە کۆمەڵگاکەی هەتا دنیا دنیایە هیچ بەرهەم نەهێنێ تەنیا جیاوازی و جیاکاری و زوڵم و دەسەڵات نەبێت؟ لەم زەمەنی گەردوونییەدا ئایا لای مرۆڤ توانای پێکهاتنی هۆشی گەردوونی هەیە بۆ ئەوەی زەوی و ژیان لەو ترسە بپارێزێ کە هەڕەشەی لێ ئەکات، یان ئێمە حەتمەن بەرەو ئەو مەرگە ئەڕۆین کە هەر بەوەش کۆتایی مێژوو و هۆش و زەمەن ئەنووسینەوە؟

# بەجیهانیبوون و گرەوەکانی ئاینده

# دیاردەی بەجیهانیبوون و ئایندەی جیهان(٩)

## یەک شارستانییەت و فرە کولتووری

وتەکەم بریتییە لە خوێندنەوەیەک بۆ زاراوەکانی ئەم ناونیشانە دووردرێژەی ئەم کۆڕە:
ئایندەی مرۆڤایەتی، یەک جیهان و فرە کولتووری.

هەر لە خودی بابەتەکەوەو یەکسەر لە گرفتی ئەم کاتەوە ئەچمە نێو باسەکەوە کە خۆی لە بەجیهانیبووندا ئەبینێتەوە هەروەها پەیوەندییەکەی لەگەڵ کولتوورو ئایندەی مرۆڤایەتی. ئەوەی ئەمرۆ جیهان ئەکاتە یەک جیهان، بەجیهانیبوون لە ڕێگای شێوازەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن جیهان بۆ گوندێکی بچووک ئەگۆڕێت. گەرچی جوگرافیای جیهان خەریکە ئەبێتە یەک جوگرافیا، بەڵام مێژووەکان هەر جیاوازو دژبەیەکن. لەبەر ئەوەی مرۆڤ تەنیا لە جێگادا ناژی. بەڵکو مرۆڤ بوونەوەرێکە خاوەن زەمەنە، بەدووی خۆیدا مێژووەکانی ڕائەکێشێ و ئەتوارەکانی خۆی هەڵئەداتەوە. زەمەنیش زەمەنی ئەزموون و ژیانە لەگەڵ خۆیدا ژمارەیەکی زۆر جیاوازی لەنێوان شوناسنامە و کولتوورەکان دروست ئەکات.

### ئایندەو ڕووداوەکان

بەم دانپیانانە دەست پێ ئەکەم گەرچی تەوەرەی باسەکە لەسەر ئایندەی مرۆڤایەتییە بەڵام من کەسێکی ئایندەناس نیم. ئەمە ئەرکێکە من ناڵێم ئەیزانم، بڕواش ناکەم کەسێک هەبێت بتوانێت وەفاداربێت بۆ ئەم ئەرکە. ئەوانەی ئەمرۆ پێمان ڕائەگەیەنن کە: مرۆڤایەتی پاش ٥٠ ساڵ یاخود ١٠٠ ساڵ چی لێ بەسەردێت، ئەو کەسانە لەو فاڵچییە دێرینانە باشتر نین لە زۆری زانیاری و فراوانی مەعریفەتیان، ئەو کەسانە لە پێشبینیکردنەکانیان لە لم لێدەرەکانەوە نزیکن و لە زانا پسپۆڕەکانەوە دوورن.

هەروەها هەڵوێستی فەیلەسووفانی مێژوو و خاوەن مەزهەبە پێشکەوتووەکان وەرناگرم ئەوانەی بەپێی ڕێبازەکەی هیگل و مارکس و ئەوانەشی پاش ئەوان هاتن، باس لە

(٩) بەشداریکردنێک لە کۆڕێک دەربارەی (ئایندەی مرۆڤایەتی: یەک جیهان و فرە کولتووری)، میهرەجانی ئەلجەنادریەی یازدەهەم. الریاض، ئازاری ١٩٩٦.



حەتمییەتی سەرکەوتنی عەقڵ و ڕزگاربوونی مرۆڤ لە ژێردەستەیی و گەیشتنی مێژوو بەکامڵبوون و کۆتایی ئەکەن. ئەوەی لە سەدەی بیستەم ڕووی دا گاڵتە بەپێشبینییە عەقڵانییەکانی هیگڵ و بەڕادەی ئەوەش گاڵتەپێکردنە بەئەگەرەکانی سۆسیالیستی مارکس. بەڵام قسەکانی فۆکۆیاما لەسەر کۆتایی مێژوو شتێکە دوورە لە بیری مێژووییەوە. ئەمەش جیاوازییەکە لە جیاوازییەکان لە کاتێکدا فۆکۆیاما باس لە سەرکەوتنی دیموکراتی لیبرالی بەسەر هەموو بیروباوەڕو مەزهەبەکان ئەکات، تەنیا چەند گێرفانەیەکی مێژووی نەبێت ماون ئەوانیش بریتین لە کۆمەڵێ ئسوولی ئایینی و دیکتاتۆرییە سەربازییەکان، بەسەر ئەوانیشدا زوو بێت یان درەنگ سەرئەکەوێت، لە نێو کۆمەڵگای ئەمریکیدا کۆمەڵێ ناکۆکی ئایینی کاری خۆیان ئەکەن ئەمانەش زوو بێت یان درەنگ پرووسکەکەی لە ناخەوە چەمکی کۆتایی مێژووش ئەگرێتەوە.

بەمجۆرە تەنیا بەڕێگای نوقڵانەکردن ناکرێ پێشبینی بۆ ئایندە بکرێت. لەبەر ئەوەی هەر پێشکەوتنێکی مێژوویی موفاجەئاتی خۆی هەیە، هەروەها هەر خێراییەکی تەکنیکی ڕووداو و نیشانەی خۆی هەیە. ئەمەش وای کردووە کە گەشەکردنی ڕووداوەکان هەمیشە شان بەشانی گەشەکردنی مەعریفی و تەکنیک و دەسەڵات بڕوات. بەم مانایە بۆل ڤیریلیو(١٠) ئەڵێت: ڕووداو ڕوویەکی شاراوەی هەر پێشکەوتن و گەشەکردنێکە. نموونەش زۆرن: کێ لەو بڕوایەدا بوو کە سەرسوڕهێنەرە تەکنیکییەکان ئەم هەموو دەستەوەستاندانە بخولقێنن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتانەی کە گەشەکردنی ئابووری کەڵەکەی ئەکات؟ کێ چاوەڕوانی ئەوە بوو مرۆڤایەتی بگاتە حاڵەتێک لە ژێر باری خاشاکەکەی خۆیا بناڵێ؟ کێ ئەوەی لە مێشکدابوو کە بێکاری لە سیستەمی بەرهەمهێنانی ئێستادا بێ بەچارەسەر نەک گرفت؟ کەواتە ئێمە کاتێک کە بیر لە ئایندە ئەکەینەوە، و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوە لەپڕەکان خۆ تەیار ئەکەین بەڕادەی ئەوەش هەوڵی خوێندنەوەی ڕووداوەکان ئەدەین(١١) و واقیعیش دەستنیشان ئەکەین. بەم مانایە ئایندە نموونەیەکی

(١٠) دەربارەی پەیوەندی نێوان ڕووداو و پێشکەوتن بگەڕێوە بۆ چاوپێکەوتنێک کە لەم دواییەدا لە گۆڤارێک بەناونیشانی گۆڤاری ئەدەبی فەرەنسی ژمارە٣٣٧ لەگەڵ پۆل ڤیریلیۆ سازکراوە Magazine Littéraire

(١١) (الحدث) ئاماژە ئەکات بەدۆزینەوەی تەکنیکی و داهێنانی فیکری و گەشەکردنی شارستانی و گۆڕانی مێژوویی. بەڵام زاراوەی (الحادث) ئاماژەیە بۆ شێواندن یان ناکۆکییەک یا موسیبەتێ یا نغرۆبوون...

پێشکەوتوو نییە کە هەوڵی ئەوە بدەین پێی بگەین، هەروەها پرۆژەیەکیش نییە لە سەرچاوەی فیکرێکی پەتی و تیۆرێکی ئامادە بۆ جێبەجێکردن کە هەوڵی جێبەجێکردنی بدەین، بەڵکو شتێکە ئێمە خۆمان بەدەستی خۆمان دروستی ئەکەین یاخود جیهانەکەمان بۆمان دروست ئەکات، ئەویش لە ڕێگای ئەو واقیعانەی کە بەرهەمیان ئەهێنین یان لە ڕێگای ئەو ڕاستییانەی جێبەجێیان ئەکەین. توانای ئێمەش ئەمەیە لە داهێنانی نوێ و گرنگ و بێ وێنە و هەرچی ئەوانەشی کە بوارمان پێ ئەدەن تا بەشداری لە گۆڕینی نەخشەی فیکرو پەیوەندییەکانی هێز بکەین، لە ڕێگای کارکردنە سەر ڕێڕەوەکانی فیکر و ڕووداوەکان. ئایندەمان گرەوە بۆ گۆڕینی ئەوحاڵەی کە لە ڕووی بیرو مومارەسەوە تێیداین، بەدەرچوون لە قۆزاخەی شوناسنامە و ڕزگاربوون لەفیکرە پێشینەکان، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی خۆمان لەگەڵ خودی خۆمان و لەگەڵ واقیعدا بگۆڕین. کەواتە ئەوەی بیر لە مەسەلەی ئایندە ئەکاتەوە بەتاوانی غەیبانیەت بەردەباران ناکرێت و، هەروەها چاوەڕوانی بەهەشتی وەعد پێدراو ناکات، بەڵکو هەوڵی خوێندنەوەی ئەو ڕووداوانە ئەدات کە ڕووئەدەن بۆ ئەوەی بەشداری لە پێکهێنانی جیهان و دروستکردنی ڕووداوەکان بکات.

## بەجیهانیبوون و شوێن

بێگومان ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕووداوی جیهاندا ڕوو ئەدات گۆڕانکارییەکی مەزن پێکدێنێ، مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا ئەچێتە نێو سەردەمێکی نوێیەوە، تیایدا بواری بینیاری زاڵە، ئامادە بەسەر نائامادەدا زاڵ ئەبێت، بینراو بەسەر خوێندراودا و ئاماژە بەسەر دەلالەتدا[١٢]. بەڵام ئەو بۆشاییەی پێکدێت بۆ یەکەمین جار نەک تەنیا لەدوورەوە وەک لەسەری ڕاهاتووین هەربتوانین ببینین، بەڵکو بوارمان پێ ئەدات هەستی پێ بکەین و دەستیشی بۆ بەرین، ئەوەی کە تەنیا ماوە هەر ئەوەیە بۆنی بکەین و تامی بکەین. ئەم بۆشاییە بۆشاییەکە بۆ پەیوەندی، بوار بۆ ڕەخساندنی هاوڕێیایەتی گەرم و گوڕو هەروەها بەرپاکردنی کۆڕە تەلەفزیۆنی و گفتوگۆ زیندووەکان ئەدات لە نێوان کەسانێک کە لە شوێن و وڵاتی دوورو جیاواز لە یەکتری ئەژین. ئەنجامی ئەمەش ئەبێتە هۆی

(١٢) دەربارەی بواری تەلەفزیۆن و بواری شێوازەکانی ڕاگەیاندن ئەتوانی بۆ پەرتووکی ڕیچیس دۆبریە بگەڕێیتەوە، دەربارەی زانستی نێوەندەکان، میدیۆلۆژیا، چەند وانەیەک لە بارەی ڕاگەیاندنەوە، وەرگێڕانی فؤاد شاهین و جۆرجیت حەداد، دار الطليعة، بيروت ١٩٩٦



سیستەمی نوێی بەرهەمهێنان کە لەسەر خوێندنەوەی ئەلیکترۆنی دەستکەوتەکان وەستاوە بە ڕادەی ئەوەش هەڵدەستێ بەبەرهەمهێنانی ماتەریالە ناسکەکان و مامەڵەش لەگەڵ ژمارە هەواییەکان ئەکات ئەو ژمارانەی لە ڕێگای تەکنیکە ئاڵۆزەکانی ڕاگەیاندن و سیستەمە باڵاکانی سیمبوڵ ئەگۆڕدرێتەوە.

ئەم گۆڕانە ئەکرێت بەم عیبارەتە کورتی بکەینەوە: ئەمەش سەرکەوتنی زەمەنی فیعلییە کە بە خێرایی تیشک ئەڕوات و بەهەرسێ مەوداکەی بەسەر شوێنی تەقلیدیدا بڵاوبۆتەوە. تا ئەم کاتەش مێژوو لە شوێنە ناوخۆیەکانەوە جووڵەی ئەکرد کە ئەویش وڵات و نیشتمانەکانی ئەگرتەوە، یاخود لە کاتە بەشەکانیدا کە بریتی بوون لە کەلەپوورو کولتوورەکانی تایبەت بەو گەل و ئەو نەتەوانەی کە لەسەر زەوی نیشتەجێن. بەڵام ئێستا جیهان بەپێی یەک زەمەنی تاک و تەنیا ئەڕوا بەڕێوە، ئەویش زەمەنی جیهانییە، ئەو زەمەنەش بەوجۆرە وەسف ئەکرێت زەمەنێکە یەکسەری و ڕاستەوخۆو دیمەنئامێز. ئەم زەمەنە لەڕێگای شێوازەکانی فرە ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی پەیوەندی یەکسەری کە وێنەو پەیام و نیشانەکان لە هەر خاڵێکی ئەم سەر زەمینەوە بۆ خاڵێکی تر بەخێرایی تیشک ئەگوێزێتەوە زەمەنێکە تێپەری سنووری نێوان کیشوەرو کۆمەڵگاو زمانەکانە. لێرەوە لەمڕۆ بەدواوە لە هیچ شوێنێک ئاسایش و هیچ کولتوورێ دابڕاو نییە و هیچ بڕوایەک شوورا ڕێژ نییە دژ بەشاڵاوی ئەو هەموو وێنەو زانیارییانەی کە هێرش ئەکەنە سەری.

ئەمەیە بەجیهانیبوون کە لەگەڵ خۆیدا زەوی بۆ گوندێکی بچووک ئەگۆڕێت ئەو گوندەی لە نێو بۆشایی سیبرانی ئەلیکترۆنیدا مەلە ئەکات. ئەم دیاردەیە لەسەر شانۆی مێژووی جیهانی دیاردەیەکی نوێیە لەگەڵیا هەموو سەرەتاییەکان سەرەوخوار ئەبنەوەو نەخشەی پەیوەندی لەگەڵ هەموو شتەکان ئەگۆڕێت واتە نەخشەی پەیوەندی لەگەڵ بوونەوەرو ڕووداوەکان، لەگەڵ شوێن و کات، ئامادەو زاکیرە، فیکرو حەقیقەت، سەرەڕای ئەمانەش لەگەڵ پیشەسازی و بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەش ئەگۆڕێت. ڕەنگە جیاکاریکردن لە نێوان بەجیهانیبوون و جیهانێتی زیاتر ڕووناکی بخاتە سەر ئەم ڕووداوە گەورەیە، ئەم ڕووداوەی کە ئێمە لەبارەی گرنگێتی و تەجەلییەکانی ناکۆکین و هەروەها پێشبینی کاریگەری و کارلێکردنەکانی ئەکەین. بەجیهانیبوون وەک زاراوەی خوشکەکەی جیهانخوازی لە وشەی جیهان دارێژراوە. بەڵام ئەو جیاوازییە گەورەی لە نێوان ئەم دووانەدا هەیە بریتییە لە:

جیهانخوازی زاراوەیەکە لە زاراوەکانی مۆدێرنیزم پەیوەند بووە بە باڵادەستی ڕۆژئاوا و فراوانبوونی لە زۆر شوێنی جیهاندا. جیهانخوازیی بەری ئەو هەموو دۆزینەوەو شۆڕشە

نوێیانەی، جوگرافیاو ئابووری و سیاسەتە، هەر لە سەدەکانەوە لەگەڵ دۆزینەوەی جیهانی نوێدا دەستی پێکرد. بەڵام بەجیهانیبوون زاراوەیەکی نوێی زاراوەکانی پاش پیشەسازی و پاش مۆدێرنیزمە، بەجیهانیبوون پەیوەست کرابوو بەتەقینەوە تەکنیکەکانی پەیوەندی، بەجۆرێک شوێنەکان لەگەڵیا تەسک و ماوەکان کورت بوونەوە بەڕادەیەک زەوی بوو بەگوندێکی بچووک و مەلە ئەکات لەنێو ئەم جیهانی ژمارەیەدا کە لە بۆشایی سیبرانی پێکدێت. لێرەوە جیهانخوازی هاوشانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی سەنگین و ناردنە دەرەوەی ماددەو شمەکە ماتریالییەکان بوو، کەچی بەجیهانیبوون هاوشانی ئەو شتەیە کە پێی ئەڵێن ئابووری ناسک[١٣] هەروەها گواستنەوەی دەستکەوتە نیمچە ماتەریالییەکانە کە بریتین لە نیشان و سیمبولەکانی تۆمارکراو لەسەر لەوحە ئەلیکترۆنییەکان.

جیهانخوازی لەسەر بڵاوکردنەوەی فیکرێک، بڕوایەک، داوایەک، شێوەیەک، یاخود شۆڕشێ لە شۆڕشەکانی وەک پێشکەوتن و سوسیالیزم و عیلمانی و دیموکراسی و شۆڕشی فەڕەنسی بونیادنراوە. لێرەوە جیهانخوازی ڕووبەڕووی تایبەتمەندی ئەبێتەوەو ئەگۆڕدرێت بۆ گشتی و هەمەلایەنی. ئەمە بەشێوەیەکی جیهانی تایبەتمەندییەکی ڕۆشنبیری ئەفراندن و بەرهەمهێنەرە بەو سیفەتەی سێنتەرێکی دەسەڵاتدارە یاخود نموونەیەکە چاوی لێ ئەکرێت. بەڵام بەجیهانیبوون هەڵدەستێ بەگۆڕینەوەی پەیام و ئاماژەکان بەجۆرێک جیاوازی لە نێوان ناوخۆیی و نیشتمانی و جیهانی ناهێڵێت. بۆیە بەجیهانیبوون بۆ شمولیەت و گەردوونی و دیمەنخوازی ئەگۆڕێت. بەجیهانیبوون تەنیا نموونەیەک نییە کە بەگشتی ئەکرێت بەڕادەی ئەوەی کۆمەڵە پەیامێکە ئەگۆڕدرێتەوە، هەروەها بەجیهانیبوون تەنیا بریتی نییە لە بزووتن لە نێوان سەنتەرو دەوروبەر، لەبەرئەوەی ناردنەدەرەوەی شمەک لە سەنتەرەوە نییە یاخود هێنانی مادده سەرەتاییەکان لە پەراوێزەوە نییە، بەڕادەی ئەوەی ئەملاوئەولاکردنی بەردەوامی سەنتەرو گۆڕینی بەردەوامی مەوداکانە. لێرەوە بەجیهانیبوون[١٤]بەوە پێناسە ئەکرێت کە بریتییە لە ونکردنی بوونەوەر بۆ

---

(١٣) جۆرێک بەرهەمی نوێ و جیاواز هەیە کە سەردەمی ئەلیکترۆنی لەسەردەمی پیشەسازی پێ جیا ئەکرێتەوە، هەندێک ناوی لێ ئەنێن (ئابووری ناسک). دەربارەی ئەم مەسەلەیە بگەڕێرەوە بۆ پەرتووکی ئەلفین توفلەر، گۆڕانی دەسەڵات بەهەردوو بەشەکەیەوە، وەرگێڕانی: حافظ الجمالي وأسعد صقر، بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی عەرەب، دیمەشق ١٩٩١.

(١٤) دەربارەی زانیاری و وردەکاری زیاتر لەبارەی بەجیهانیبوون بگەڕێوە بۆ (ڕێبازی ڕوانین)، سیناریۆکانی بەجیهانیبوون، ژمارە ٣٢ تشرینی دووەم ١٩٩٦ .



ئاستەکانی و، کۆمەڵگا بۆ ڕێکوپێکیی و ئابووریش بۆ سیستەمەکانی، بەڵکو بەجیهانیبوون ونکردنی شان و شکۆی سیاسەتە بۆ لەبەرچاوی و سەرەتاکانی، ئەمیش بەهۆی ئەو کۆمەڵە تۆڕە ئەلیکترۆنییانەی کە وای کردووە پەیوەندی نێوان مرۆڤ بەتەواوی بگۆڕێت چ لە نێوان خۆیان و چ لە نێوان خۆیان و جیهان، بەجۆرێک کە پەیوەندی لەگەڵ ئێرەو ئەوێ و کات و شوێنیشدا گۆڕیوە.

بۆیە گرنگترین جیاوازی لە نێوان بەجیهانیبوونی ئێستاو جیهانخوازی ڕابردوودا بریتییە لە جیاوازی لە ڕووی پەیوەندییان بەواقیعەوە. ئەو جیهانخوازییەی کە باو بوو جیهان تیایدا بۆ تەنها فیکرەیەک یاخود چەمکێ یاخود وەهم یان بڕوا یا دوولایەنەی دژ کورت ئەبووەوە، هەروەک چۆن فەیلەسووف و تیۆردانەران لە زاراوەکانی ڕۆشنگەری و فیکری موتڵەق و سوسیالیزمی زانستی و لیبرالی سیاسیدا کورتیان کردبۆوە یان لە دوولایەنەکانی وەک ماتەریالیزم و ئایدیالیزم و واقیع و بۆچوون. ئەمەش هەوڵێکە بۆ بەفیکرکردنی جیهانی دوولایەنەو یا بەئایدیۆلۆژیکردنی واقیعی زیندوو یا بەرقەرارکردنی بوونی هەستپێکراو، ئەوەش لە ڕێگای ئەو بەسەرهاتە گەورانە و سیستەمە هەمەلایەن و سیستمە پتەوەکان. لێرەوە ئایدیۆلۆژیا لەگەڵ جیهانخوازیدا گەشەی کرد، ڕۆشنبیرەکان پێشەوەی ڕووداوەکانیان داگیرکرد و، ململانێکان لە نێوان قوتابخانە فەلسەفی و مەزهەبە سیاسییەکان پەرەیان سەند. ئەمیش جۆرە ململانێیەک بوو شێوەکانی جیاوازو ژمارەشیان فرە بوو، هەر لە ململانێی نێوان ماتەریالیزم و ئایدیالیزم لەسەردەمی هیگڵ و مارکس تا ململانێی نێوان لیبرالی و سۆسیالیستی کە لەم سەدەیەدا ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکردبوو، تا ململانێی نێوان شارستانییەکان کە لەم دوایەدا سەموئیل هنتنگتۆن ئەو جیهانەی بۆ ئاشکرا کردین لە کاتێکدا جیهان بەهۆی ئەو فرە تۆڕانەی پەیوەندی و شێوازەکانی ڕاگەیاندن بەرەو پێکهێنانی یەک شارستانی ئەڕوات.

ئەمە ڕۆڵی جیهانی و نێونەتەوەیی کۆن و نوێیە. بەڵام بەجیهانیبوون پەیوەندییەکی جیاواز لەگەڵ واقیعدا بەرپائەکات. بەجیهانیبوون جیهان بۆ تەنیا کۆمەڵێ دروشم ناگۆڕێت و هەروەها تەنیا لە چوارچێوەی بڕوادا کورتی ناکاتەوە، هەروەها بەوەی دانانێت تەنیا بەرجەستەکردنی بیرێ یاخود ڕەنگدانەوەی شێوەیەکە. بەڵکو ئەو لە ڕێگای کۆمپیوتەر و بانکی زانیارییەکان واقیعێکی نوێ دروست ئەکات، لەگەڵیا هەموو بەدەستەوەدانە بینیاری و زەینییەکان بۆ بوونەوەری ژمارەیی ئەگۆڕێن. بەمجۆرە لەمڕۆدا شتێک بەدی ناکەیت کە لە مێشکی دەسکردا بەرامبەرێکی ژمارەیی نەبێت. ئەوانەش

بریتین لە کۆمەڵێ ژمارەو نیشانە کە جیهانی هەستپێکراویان لە ڕێگای کۆمەڵێ تۆڕ و بونیادی ئەلیکترۆنی کە لە تاڵی عەنکەبووت ناسکترن چەندبارە کردۆتەوە، سەرەڕای ئەوەش نێوەندێکە ناتوانێ دەستبەرداری بێت بۆ کەسێک گەر بیەوێ بەشێوەیەکی بەرهەمهێنەرو یەکسەری و ڕووداویئامێز مامەڵە لەگەڵ جیهاندا بکات. ئەم بونیادو تۆڕانە خەریکن ببن بەڕێکخەرو دەسەڵاتداری جیهان. ئەمەش وا ئەکات سیاسییەکان کەمتر لەوەی ئێمە حیسابی بۆ ئەکەین و خۆشیان حیسابی بۆ ئەکەن کۆنترۆڵکەرو ڕەهبەریکەربن. بەڵام فەیلەسووف و بیرمەندەکان هەمیشە زیاد لە پێویست لەوەهما ژیابوون و حیکمەتیشیان زۆر لەوە کەمتربوو کە تەسەور ئەکرا هەر لە ئەفلاتونەوە تا سارتەرو ڕاسل.

کەواتە لۆجیکێکی نوێ هەیە کە لەگەڵ فەزای ئەلیکترۆنیدا کار ئەکات، لەگەڵ ئەو لۆجیکەدا شتەکان ئەوە نین کە هەبوون. ئێمە لەبەردەم جیهانێکی خێوئاسای هەواییین، نە لە شتە بینراوەکان پێکدێ نە لە چەمکە زەینییەکان، بەڵکو لە کۆمەڵێ یەکەی بێ ڕەنگ وبێ کێش و بێ قەبارە پێکدێ[١٥]، ئەویش بریتییە لە چەپکۆکەیەکی بەردەوام لە چالاکی لە میانەی تۆڕ و کەناڵەکانەوە. ئەمە کۆمەڵێ بوونەوەری ژمارەیین جێگای شتە دروستکراوەکان ئەگرنەوە هەروەک چۆن ئەمان جێگای شتە سروشتییەکانیان گرتەوە، ئەمەش گەواهی لەسەر گەشەکردنی تەکنیکی نوێ ئەدەن کە سەردەمی پیشەسازی بۆ سەردەمی سیبرانی تێئەپەڕێنێ. ئەم بوونەوەرو یەکانەی کە لە نێو عەقڵە ئەلیکترۆنییەکاندا جێگیرن و بەخێرایی تیشکی خۆر سەفەر ئەکەن لە سەر بناغەی ئەوانیشە جیهان ئەمڕۆ ئەبێت بە یەک جیهان و لە ڕێگای ئەوانیشەوەیە پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ بەرپا ئەبێت. بەمجۆرە پاش داگیرکردنی شمەک و کەرەستە و کتێبەکان، ئەمڕۆ داگیرکردنێکی دیکە ئەبینین کە خۆی لەو فرە تێکستانە ئەبینێتەوە کە لەسەر شاشە ئەلیکترۆنییەکان ئەخوێنرێنەوە.

(١٥)لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ وتارەکەی فرنسیس بیزانی، سنووری فەزای سیبرانی، ئەنتەرنێت، النشوة و لەرزین، ڕێبازی ڕوانین، ژمارەی تایبەت سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ١٤ .



## بەجیهانیبوون و ئیمپریالیزم

وشەی داگیرکردن پێویست بەوە ئەکات باس لە ئیمپریالیزم بکەین، ئەم وشەیە زۆرجار بۆ خوێندنەوەی شەپۆڵە شارستانییەکان بەکارهێنراوە. ئایا بەڕاستی ئێمە ڕووبەڕووی ئیمپریالیزمێکین نموونەکانی بەجیهانیبوونی ئێستای بەخۆی و ئەستێرەکانی ئەوانەی دەستیان بەسەر بازاڕەکانی دراو و شێوازەکانی ڕاگەیاندندا گرتووە؟

ئەمە هەڵوێستی ئەوانەن داوای ڕزگاری ئەکەن و ئەوانەی ڕەهبەری شۆڕشەکان و تیۆردانەری ئایدیۆلۆژی و، سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانی کۆن و نوێن. لە لینینەوە بۆ سەمیر ئەمین و نەئۆم شۆمسکی دیاردە شارستانییەکان و قەوارە ڕۆشنبیرییەکان لە ڕێگای زاراوەکانی وەک ئیمپریالیزم و کۆلۆنیزم و داگیرکەر ئەخوێنرێتەوە. بەمجۆرەش باسی مۆدێرنیزم و جیهانیان کرد. ئەمڕۆش بەمجۆرە ئەڕواننە دیاردەی بەجیهانیبوون و پاش مۆدێرنیزم. ئەوان بەڕوانینێکی یەکلایەنە و تەسک ئەڕواننە بەجیهانیبوون و پاش مۆدێرنیزم، ئەوان لە بەجیهانیبووندا تەنیا دیمەنی ئیمپریالی و مەودا ئابوورییە سەرمایەدارییەکەی زیاتر هیچی تری لێ بەدی ناکەن.

ئەمەش کورتکردنەوە و بەئاسانکردنی شارستانییەکانە. لەبەر ئەوەی شارستانییەک نییە شێوەیەک نەبێت لە شێوەکانی داگیرکردن و کردنەوە. ئەکرێ داگیرکردن بەشمشێر و تۆپ ئەنجام بدرێ یان بەبیرو باوەڕ. ئەشکرێ بەهەردووکیشیان پێکەوە، هەروەک شارستانیەتی یۆنانی لە سەردەمی گەشانەوەیدا، یان شارستانیەتی ئیسلامی لە سەردەمی دەستەباڵایی و بڵاوبوونەوەیدا. هەروەها بۆ شارستانیەتی نوێی ڕۆژئاواش هەر وایە: ئەم شارستانیەتە ڕوویەکی ئیمپریالی کۆلۆنیالی هەیە کە خۆی لە باڵادەستی و فراوانکاریدا ئەبینێتەوە، هەروەها ڕووی بونیادنان و مەدەنیەتی هەیە کە بریتییە لە ڕۆشنبیری و تەکنیک و شێوەی بەڕێوەبردنی حوکم و شێوەی ژیان. ئەوانەش کە ئەمڕۆ ڕەخنەی لێ ئەگرن ئەوان خۆیان بەرهەمێکن لە بەرهەمەکانی ئەو شارستانیە. سەیر نییە، شارستانی داهێنەر توانای بڵاوبوونەوەو بەردەوامی هەیە لە ڕێگای داهێنانی شتێک لە شتەکان جا ئیتر ڕەنگە ئەو شتە شمەکێک بێت یا ئەداتێ وێنەیەک یاخود دەربڕین و بیرێک...

بەڵام ئەوانەی خاوەنی بیری ئایدیۆلۆژی داخراون، بەفیکرە یەکمەودایەکەی کە هەیانە تەنیا لە ڕووە سلبی و لایەنە تاریکەکانی دیاردە شارستانیەکان زیاتر هیچی تری تێدا نابینن. لە بەجیهانیبووندا تەنیا ئەوە ئەبینن کە شێوەیەکی نوێیە لە شێوەکانی

بەتەوەرگەبوونی ڕۆژئاواو داگیرکردنی ڕۆشنبیری و دەستبەسەراگرتنی ئابووری و دەسەڵاتی دڕندانە.

گومانی تێدا نییە ئەوان لە دژایەتیکردنی بەجیهانیبووندا سەرناکەون هەروەک چۆن لە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم و دواکەوتووییدا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، بێگومان دۆڕاندنەکانیان لەوەدا بوو کە دووبارە پاشکۆیی و دواکەوتوویی و بێ سەروبەری و جیاوازی و ژێردەستەییان دروست کردەوە. ئەمەش چارەنووسی ئەو کەسەیە ڕووداوێک نەفی ئەکاتەوە ئەو ڕووداوەی ڕاستییەکان دروست ئەکات و جیددیەت و داهێنان ئەهێنێتە ئاراوە، هەروەها ئەشبێتە هۆی هەڵگەڕانەوە لەئامانجەکانی خۆی و تەنیا ناتەواوی و دەستەوەستانی خۆی ئەبینێتەوە، مێژووی پرۆژەکانی ڕزگاریخوازی و پێشکەوتنخوازی لە جیهانی سێیەم بەگشتی و لە وڵاتە عەرەبییەکان بەتایبەت شایەدی ئەم حاڵەن، بێگومان ئەم حاڵەش لە سەر دەستی داواچی و ڕۆشنبیرەکان بەهەموو جۆرە بۆچوونەکانیانەوە ڕوو ئەدات. هەروەها لەبەر ئەوەی ئەوان ئەوەندە نابینایانە ڕوانییانە فراوانکاری ڕۆژئاوایی لەمەڕ دروستکردنی ڕاستی و واقیعەکانی داهێنان، بۆیە نەیانتوانی ڕاستی دروست بکەن و واقیع بگۆڕن. ئەوان سەرنەکەوتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەرسەختی شارستانییەکان، چونکە ئەوەی بەشداری لە مانیفاکتۆری خوڵقاندن و بەرهەمهێنان نەکات، دوائەکەوێ و بەرەو پاشەوە ئەڕوات، گەر هات و لە بناغەشەوە دواکەوتوو بوو ئەوا زیاتر بەرەو دوا ئەگەڕێتەوەو دوائەکەوێ.

ڕۆشنبیرە عەرەبەکان هەر ئەوان نین کە لە هەڵوێستی بەدوورخستنەوەی ڕووداوەکانن، زۆر لە ڕۆشنبیرە فەرەنسییەکانیش ئەچنە پاڵ ئەو کۆڕاڵەی کە باس لە داگیرکردنی کولتووری ئەکات، کاتێک کە تەنیا خۆمان ئەکەوتینە ژێر کاریگەری ئەو دەربڕینانەی کە ئەنێردرانە نێو بازاڕی بەکارهێنانەوە. لە فەرەنسادا کەسانێک هەن ئەمڕۆ باس لە داگیرکردنی ژیانی فەرەنسی لەلایەن شێوەی ئەمریکییەوە ئەکەن، هەشیانە داوای دژەبەرایەتیکردنی بەجیهانیبوون ئەکەن ئەویش بەگەڕانەوە بۆ جیهانخوازی[١٦]، کەچی خودی فەرەنسا خۆی تا ئەم کاتەش مومارەسەی ئیمپریالیەتی ڕۆشنبیری بەو پەڕی خەستی ئەکات. هەر ئەوانەن کە ڕووداوەکان پێشیان ئەکەوێت و بەرەو دواوە ئەکشێنەوە، لەهەمان کاتدا وا ئەزانن ئەوان ئەتوانن لە بەجیهانیبوونی ئامادە هەڵگەڕێنەوە ئەو بەجیهانیبوونەی

(١٦) بگەڕێوە بۆ وتارەکەی برنار کاسان، جیهانیبوون لە جێی بەجیهانیبوون، ڕێبازی ڕوانین، ژمارە٣٢



ئەبێتە هۆی دروستکردنی ئەو هەموو گۆڕانکارییە مەزن و خێرایانە. لێرەوە بێسوودە گەر هاتوو ئەم دیاردە شارستانییە و ئەم بەرهەمهێنانە تەکنیکییەمان بۆ شێوەیەکی نوێ لە شێوەکانی دزی و دەسەڵاتداریێتی کورت کردەوە. بەوجۆرە بەجیهانیبوون ڕامانئەماڵێ و ئەبینە گیرفانێکی مێژوویی (جیب التاریخی) و ئەکەوینە پەراوێزەکەیەوە، بەڕادی ئەوەش بەزمانی خەباتگێڕی خولوقی باس لە بەجیهانیبوون ئەکەین، ئەو زمانەی توانای تێگەیشتن و ڕاڤەکردن و کارتێکردن و کرداری نەماوە.

## دیمەنی جیهانی

وا باشترە ئەوەی ڕووئەدات بیخوێنینەوە بۆ ئەوەی بتوانین بەباشی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و بەشداریین لەدروستکردنیدا. بەجیهانیبوون ڕووداوێکی گەردوونییە و مەودایەکی ئەنتۆلۆژی هەیە. لەسەر شانۆی مێژووییدا دیاردەیەکی نوێیە واقعێکی دروست کردووە لەگەڵیا ئەو جیهانە ئەگۆڕێت کە هەبووە، جیهان ئەگۆڕێت بەخۆی و جوگرافیا و بزووتنەکەی، سیستەم و میکانیزمی کارکردنی، توانا و ئاسۆیانەی کە ئەگەریان هەیە. ئەم ڕووداوە گەورەیە لە زۆر بواردا بەدەرئەکەوێت: لە بواری ئابووری و سیاسەت، کۆبوونەوە و شار، جەنگ و بەرگری، کولتوورو پیشەسازی ژیان.

– لەسەر ئاستی ئابووری ئەبینین بازاڕەکانی دراو کە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بەڕێوەی ئەبەن تێکەڵ بەیەکتری ئەبن و یەکتری ئەگرن بەجۆرێک لەگەڵیا سنووری نێوان وڵاتان و نیشتمانەکان نامێنێت. ئەمڕۆ هیچ وڵاتێک نییە هەرچۆنێک بێت کە بتوانێ لە نێوان سنووری خۆیدا چالاکییە دراوییەکان کۆنترۆڵ بکات، ئەمەش وا ئەکات قسەکردن لەسەر ئابووری نیشتمانی و نەتەوەیی شتێک بێت کاتی بەسەر چووبێت. کەواتە ئابووری ئەبێ بە بەجیهانیبوون و بەڕادەی ئەوەش بازاڕ بۆ یەک بازاڕی جیهانی ئەگۆڕێت بۆ ئەوەی شمەک و سامانەکان بڕژێنە نێوی.

– لە بەرامبەر ئەوەشدا بەجیهانیبوون سیاسەتیش ئەگرێتەوە بەرزگاربوونی لە ژێر دەستی دەستەبژێرەکان و هەروەها لەیەک کاتدا ڕزگاربوونی لە دەسەڵاتی دەوڵەت و حوکمداران. ئەمڕۆ بڕیارەکان چیتر دەزگای حکومی و دەستەی نوێنەرایەتی و ئیجرائاتە هەڵبژێردراوەکانی نێو پەرلەمان و دەنگدان دروستی ناکەن. بەڵکو سیاسەت بووەتە کارێکی جیهانی وابەستە بەدەسەڵاتە نوێیەکان، خاوەنەکانیان دەست بەسەر شێوازەکانی

ڕاگەیاند ن و سامان و بەرهەمە نامادددییەکانیاندا ئەگرن[١٧]لە لایەکەوە بۆ لایەکی تری سەر زەوی ئەجوولێننەوە، بێ ئەوەی دان بەسنووری نێوان وڵات و کۆمەڵگاو کولتوورەکان بنێن. لێرەوە ئەمڕۆ ئەوترێ: گەورەترین هەڵبژێرەر بازاڕە نەک هاووڵاتی، هەروەها ئەوانەی دەستیان بەسەر بازاڕەکانی دراوو تۆڕەکانی ڕاگەیاندندا گرتووە ئەوانە حاکمی فیعلین نەک پیاوانی سیاسەت. ئەمەش وا ئەکات پاش ئابووری و ڕاگەیاندن سیاسەت ببێتە دەسەڵاتی سێیەم[١٨]. بەمجۆرە لەگەڵ پێکهاتنی ئابووری سیمبولی و ڕاگەیاندنی یەکسەری جۆرێکی نوێ لە کۆنترۆڵ دائەمەزرێ. بەوتەیەکی ڕوونتر: هەندێ وەرچەرخان هەن دەسەڵات هەیە ئەیبینێ لە بونیادو میکانیزمەکانی پێکهاتن و یاساکانی کارکردن و بوارەکانی بەکارهێنان[١٩] بەهۆی ئەو گۆڕانەشەوە ئەو چوارچێوەو دەزگاو شێوازە کۆنانەی کە لە کاری سیاسیدا باو بوون چ لەسەر ئاستی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن چ لەسەر ئاستی بەرەی لایەنگر کاریگەری خۆیان لە دەست ئەدەن.

– گەر دیموکراتییەت لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و لەسەر زەوی خۆی بەرەو دوا ئەکشێتەوە (یان ئەملاو ئەولا ئەکات)، ئەوا دەزگا دیموکراتییەکان لای ئێمە تەنیا بۆ ئەوە کراون تا پێشێل بکرێت، ئەمە ئەگەر هاتوو هەشبێ، لێرەوە وتەی ئەو ڕۆشنبیرانەی نقومی سڕبوونی بیروباوەڕی خۆیانن داواکانیان بەسەر چووەو زەمەنیان تەواوبووە، ئەو وتەیەی باس لە پێویستی بەکارهێنانی دیموکراتییەت و ڕێزگرتنی یاساکانی ڕژێمی پەرلەمانی ئەکات. ئەمەش گەڕانەوە بۆ دواوە ناگەیەنێ بەڕادەی ئەوەی ئەوە ئەگەیەنێ لە سەردەمی بەجیهانیبوونی ئێستادا بەڕێوەبردنی مرۆڤ پێویستی بەداهێنانی سیاسی نوێیە، ئەو داهێنانە لەگەڵ جۆری گۆڕینی دەسەڵاتدا بگونجێت. گەر بکرێ بوترێ هەر دەسەڵاتێک مەعریفەی خۆی هەیە ئەوا ئەکرێ بوترێ هەر دەسەڵاتێکیش سیاسەتی خۆی و شێوەی بەڕێوەبردنی خۆی هەیە.

---

(١٧) لەبارەی سیستەمی کۆنترۆڵی نوێوە بگەڕێوە بۆ وتارەکەی ڕیتشارد فولک،(بەرەو کۆنترۆڵی سیاسی لە جۆرێکی نوێ)، ڕۆژنامەی لۆمۆند دیبلۆماتیک،چاپی عەرەبی، تشرینی دووەمی، ١٩٩٦

(١٨) لەبارەی گەڕانە دواوەی سیاسەت، بۆ وتارەکەی ئینیاسیو ڕامونیەی سەرنووسەری گۆڤاری لۆمۆند دیپلۆماتیک بگەڕێوە، دەسەڵاتی کۆتای سەدە، ژمارە ئایاری ١٩٩٥، هەروەها بڕوانە سەروتارەکەی دەربارەی مەیەلانی دیموکراتی(ترنح)، چاپی عەرەبی، سەرچاوەی پێشوو.

(١٩) لەبارەی گۆڕانکارییەکانی دەسەڵاتەوە بگەڕێوە بۆ: ئەلفین توفلەر، سەرچاوەی پێشوو، بەشی یەکەم.



– کۆمەڵگاش لای خۆیەوە لەگەڵ دامەزراندنی تەکنیکە نوێیەکان و گۆڕانی بونیادی ئابووری و شێوەی پەیوەندییە ئابوورییەکان ئەبێ بەکۆمەڵگایەکی بەجیهانیبوو. کەسانێک هەن ئەمڕۆ باس لە کۆمەڵگای جیهانی ئەکەن کە لە سەرووی کۆمەڵگا ناوخۆیەکان دروست ئەبێت و چوارچێوەکانی نەتەوەیی ئەبڕێت، ئەو کۆمەڵگایەش کۆمەڵگای سیبرانیە و لەسەر بناغەی پەیوەندییە کۆنەکانی خزمایەتی و زمان و ئایین و هاووڵاتێتی دانامەزرێت بەڵکو ئەو چوارچێوەیە ئەبڕێت و لەسەر بناغەی پەیوەندییەکی نوێ دائەمەزرێت ئەویش لەسەر بناغەی بەشداریکردن لە تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان. ئەمەش پێی ئەڵێن (هاوڵاتی ئینتەرنێت)[٢٠]. باشتر وایە پێی بڵێین هاوڵاتی لەبەر چاو و دیار کە چووەتە نێو کۆمەڵگایەکی تەکنیکی تاک و تەنیا. لە هەموو جۆرە سەربەبوونێکی زمانی و نەتەوەیی و ئایینی و جوگرافی و نیشتمانی ڕزگاری بووە.

– لەبارەی شاریشەوە هەروایە. ئێستا فەزای شار بەشێوەیەکی زۆر نوێ و بێ وێنە پێکدێ. لەبەر ئەوەی شوێن پاش توانەوەی لە زەمانی ڕووناکیدا بەشێوەیەکی گشتی گۆڕاوە. شوێن و نیشتمان و زەوی لە کۆتاییدا لەسەر شێوازەکانی گواستنەوەو تەکنیکەکانی پەیوەندی و گۆڕینەوەکان وەستاوە. هەموو ئەمانە ئەمڕۆ وا ئەگۆڕێن بوار بۆ دروستبوونی سەنتەرێ ئەڕەخسێنن، ئەو سەنتەرە ئەوەندە دەسەڵاتدارو زۆردارە بەجۆرێک لە یەک کاتدا لە هەموو جێگایەکدایەو هەروەها لە هیچ جێگایەکیش نییە[٢١] ئەم سەنتەرە سەنتەرێکی جیهانییە لەگەڵ هەموو پێویستییەکانی بازاڕدا ئەگونجێت، هەرچی شارو پایەتەختەکانیشن بۆ ئەم لە کۆمەڵێ گەڕەک زیاتر هیچی تر نین. بەمجۆرە شار لەگەڵ گۆڕینی شوێن و دامەزراندنی خەیاڵە سیبرانییەکان چیتر ئەو شارە نییە کە هەبووە. لێرەوە ئەو ڕۆشنبیرانەی نقوومی سڕبوونی خەباتگێڕانەن لە پێناو کۆمەڵگایەکی مەدەنی هەوڵە مەدەنیەکانیان بێ سوود ئەبێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی شتە نوێیەکانی شار. لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگای سیبرانی کە ئابووری و سیاسەت بەجیهانیبوونیان بەسەردا دێت، بوارێ بۆ گۆڕین نییە تەنیا لەسەر ئاستی گەردوونی نەبێت، ئەم کارە داوای پەیمانی کۆمەڵایەتی نوێ ئەکات، ئەو پەیمانە کۆنە ئەبڕێ کە بەزمانی ڕۆسۆو دیدرو داڕێژرابوو. ئەم ئاسۆیە ئاسۆیەکە بەجیهانیبوون ئەیکاتەوە، وا ئەکات کە زمانە کۆنەکانی خەبات و جیهاد بێ کەڵک و ناکاریگەر بن.

---

(٢٠) دەربارەی (شوێنەکانی تۆڕ) بۆ وتارەکەی ڕیتشارد فولک بگەڕێوە، سەرچاوەی پێشوو.

(٢١) دەربارەی ئەم خاڵە بگەڕێوە بۆ وتارەکەی بۆل فیریلیۆ، سەرچاوەی پێشوو.

– لەسەر ئاستی ئاسایش و بەرگریکردنیش لەگەڵ گۆڕینی زەمان ئەمانیش ئەگۆڕێن. نموونەش لەسەر ئەمە جەنگی کەنداوە، ئەم جەنگە ئەوەندە زیادەڕۆ بوو لە واقعیدا وا دەرکەوت کە زۆر ناواقعییە. ئەمەش وای کرد کە جان بودریارد بڵێت: جەنگی کەنداو ڕووی نەداوە. بەڵام لە ڕاستیدا ڕووی داو ئەو هەموو وێرانی و خراپەکارییەی خستەوە کە خستییەوە. مەبەستی بوردیارد ئەوەیە بەو جۆرە ڕووی نەئەدا کە چاوەڕوان ئەکرا، لەبەر ئەوەی ئەم جەنگە لە ڕێگای شاشەکانەوە، بەهۆی تەکنیکە ئەلیکترۆنییەکانەوە ڕووی دا چون بۆ یەکەمین جارە زانیاری لە بارەی دوژمن کۆکرایەوەو، بێ بینینی دوژمن و بە خێرایی ڕووناکی گورزی لێ وەشێنرا. ئەم جەنگە یەکەمین جەنگە لە مێژوودا ڕووئەدات، نەک بەپێی یاساکانی شوێنی تەقلیدی و مەوداکانی، بەڵکو بەپێی یاساکانی کاتی کرداری و خێرایی. ئەمەش مانای کۆتایی هاتنی جەنگی تەقلیدی، ڕەنگە ئەمەش ئەوە بگەیەنێ کە ئەم ڕووداوە لە یەک کاتدا کۆتایی جەنگی میللی ڕزگاریخوازیش بگەیەنێ. کەواتە: ئایا لەم سەردەمەی بەجیهانبووندا قسەکردن و ئەو وتنانەی لە لایەن هەندێ لە ڕۆشنبیران دووبارە ئەکرێتەوە لە بارەی کۆکردنەوەی جەماوەری میللی بۆ بەرگریکردنی ئیمپریالیزمی جیهانی قسەکردنێکی خەیاڵی نییە لە کاتێکدا کە ئیمپریالیزم و بەجیهانیبوونەکەی لە زیادبووندایە؟

## مرۆڤی جیهانی

دواجار بەجیهانیبوون کولتووریش ئەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی بەجیهانیبوون بریتییە لە کۆمەڵێ سیمبول و بەها لە ڕێگایانەوە مرۆڤ مانا لە بوون و ئەزموون و هەوڵەکانی خۆی دائەماڵێ. کولتوورەکانیش کە بریتین لە سەرچاوەیەک بۆ دەلالەت و شێوەکانی بوون و ژیان، بەتایبەت بوون و ژیانی هەر گەل و کۆمەڵگایەک بەتایبەت، ئەمرۆ خۆیان دەستبەتاڵ بەرامبەر بەو هەموو وێنەو پەیام و نیشانانە ئەبینێتەوە کە بەبەردەوامی بەدەوری زەویدا ئەخولێنەوە. بۆ نموونە سەتەلایتەکان ئەمرۆ لە ڕووی ڕەوشتەوە بوون بەگرفتێک بەهۆی ئەو فیلم و بەرنامە ڕووتانەی کە بڵاوی ئەکەنەوە. بەگشتی شێوازەکانی ڕاگەیاندنی ئێستا خەیاڵی مرۆڤ دروست ئەکەن. یەکەمجار لەبەر ئەوەی مرۆڤ بووە بەبەکارهێنەر لەدواییدا تەماشاکەر، خەیاڵی سەرقاڵ ئەبێت بەئەستێرەکانی سەر شاشەو یاریکەرانی تۆپی پێ و ئافرەتانی مۆدەی جل و بەرگ و نەخشەکێشەرانی کۆمپیوتەر ئاوەدان. ئەمەش جۆرێکە بەڵام جۆرەکانی تری ژیان و سیستەمە ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکان ئەگرێتەوە، هەر ئەمەشە



بوار بەکەسانێک ئەدات باسی (سەرکەوتنی نموونەی گەردوونی)[22] بکەن، ئەم سەرکەوتنەش فرە جیهانی ئەبڕێ و بەرەو یەک جیهانی یەک شێوە ئەڕوات. هەرچۆنێک بێت ئەمرۆ جیهان بەشێوەیەکی جیاوازو هێزێکی نوێوە پێکدێ، ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە کولتوور خەریکە بەرەو گۆڕان ئەڕوات چ لە ڕووی چوارچێوەو ناوەڕۆکەکان و لە ڕووی نێوەندو مەسەلەکان یان لە ڕووی میکانیزمی پێکهاتن و ئەو هێزانەی بەشداری لە بەرهەمهێنان و بەکاربردنیدا ئەکەن. گرنگیش لەوەدا ئەوەیە کە نێوەندەکان ئەبنە هۆی بەجیهانیکردنی مەعریفە، ئەمە بوار بەمرۆڤ ئەدات لە ڕێی تۆڕە ئەلیکترۆنییەکانەوە کە خەریکن جێی کتێبخانە گشتییەکان بگرنەوە ئاگاداری هەموو زانینە جیهانییەکان بێت.

بەمجۆرە ئێمە بەرامبەر بەکۆمەڵێ ئیمکانیاتی نوێین بۆ بوون و ژیان، ئەو ئیمکاناتانە بەشێوەیەک دەردەپەڕن کە پێشتر شێوەیان نەبووە. ئەمەش ئەبێتە هۆی نەک تەنیا بەجیهانیبوون کردنی بازاڕو شارو سیاسەت، بەڵکو ئەبێتە هۆی (بە بەجیهانیبوونکردنی من)[23]، بەوەی ئەم جۆرە بەجیهانیبوونە خاوەن دەلالەت و مانا دروستکەرو بەرهەمهێنەری ڕۆشنبیر و مەعریفەن. مرۆڤ ئێستا بەجۆرێک بەجیهانیبوونی بەسەردا دێت، لەگەڵیا شوناسنامە بۆ ئەفسانە ئەگۆڕێت، پاش ئەوە لە توانای مرۆڤدایە لە هەر کوێیەک بێت گەر بیەوێ بەپەنجەنان بەدوگمەیەکدا پەیوەندی بەهەرکەسێکەوە بکات لە هەر کوێیەکی ئەم سەرزەمینە بێت. ئەمەش وای لە فەیلەسووفی فەڕەنسی ئالان فینکلیکرو کرد مرۆڤی کرێکار لە نێو تۆڕەکاندا بشوبهێنێ بە(گەشتیارێکی) گەڕۆک بەهیچ شوێنێکی دیاریکراوەوە پەیوەست نییە. مرۆڤی کۆن خەونی بە(بەرماڵی هەوایی)یەوە ئەبینی ئەو بەرماڵەی لە هەلومەرجی جێگاکان ڕزگاری ئەکات. بەڵام پاشان لە ڕێگای دروستکردنی ئۆتۆمۆبیلەوە گەیشتە ئەوەی ماوەکان و دووریەکانی کورت بکاتەوە، تا گەیشتە دۆزینەوەی فڕۆکەی لە جۆری بڕەری دیواری دەنگی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو فڕۆکەیەی لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا دروست کرا، بەخێراییەکی ڕێژەیی ئەڕۆیشت بەمەش مرۆڤ سەرەڕای ئەوەش هەر یەخسیری جێگاکەی خۆیەتی. جیاوازییەکە لەگەڵ ئێستادا ئەوەیە هەر ئەو کەسە ئەتوانێ هەر بێ ئەوەی ژوورەکەی خۆی جێ بهێڵێت وەک

(٢٢) لەم بارەیەوە بگەڕێرەوە بۆ کتێبەکەی سیرج لاتوش، بەناونیشانی نامۆبوونی جیهان، وەرگێڕانی هاشم صالح، دەزگای عەرەبی بۆ بڵاوکردنەوە، الدار البيضاء ١٩٩٣، لا ,٣٠
(٢٣) لە بارەی (بەجیهانیبوونی من)دەتوانیت بۆ کتێبەکەی ئالان فینکلیکرۆ بگەڕێیتەوە بەناونیشانی، مرۆڤایەتی ونبوو، بەشی شەشەم، فریشتەو مرۆڤ، بڵاوکراوەکانی سوی، پاریس، ١٩٩٦

گەشتیاریَ بەرەو هەموو جێگایەک کۆچ بکات. ئەم گەشەکردنە گەورەیە وای کردووە قسەکردن لەسەر (جیهانە مرۆڤ) چ بەشێوەیەکی ئیجابی یان بەشێوەیەکی سلبی کارێکی مومکن بێت.

## ڕووداوی گەردوونی

بەکورتی: ڕووداوێکی گەورە هەیە نە ئەکریَ لێی پاشگەز بینەوە یاخود بەسەریا بازدەین. ئەوەی ئەکرێت ئەوەیە ئەبێت ئەو ڕووداوە بخوێنینەوەو ڕاڤەی بکەین و تواناکانی تاقی بکەینەوەو هێزەکانی بەکاربێنین، ئەمیش بۆ بەشداریکردن لە پیشەسازی جیهان و بەرهەمهێنانی ڕاستی. ئەم ڕووداوەی کە ناوی لێ نراوە (بەجیهانیبوون) کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، لەگەڵیا جیهانەکەمان لە ڕووی بونیادو سیستەمەکەیەوە ئەگۆڕێ، لە ڕووی سەرچاوەو نموونەکانی یان لە ڕووی لۆجیکی کارکردن و شفرەکانی پەیوەندیشەوە ئەگۆڕێت. ئەشکریَ وا مامەڵەش لەگەڵ ئەم ڕووداوە کرابێت وەک ئەوەی هەر ڕووی نەدابێت، چونکە ئەوەی ئەمە ئەکات بەزمانێکی مردوو بەکۆمەڵێ زاراوەی بەردینەوە ڕووداوەکان ئەخوێنێتەوە، هەروەک ئەوانەی لای ئێمە کە بەزمانی ئایدیۆلۆژی بزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی ڕزگاریخواز هەڵدەستن بەخوێندنەوەی بەجیهانیبوون. لێرەوە ئەو زاراوەو نموونە باوانەی کە لە لای ڕۆشنبیرە دەستەبژێرەکان ئامادەیە بەکەڵک نایەت بەزمانێکی نویَ ئەو ڕووداوانەی پێ بخوێنرێتەوە کە ڕووئەدەن و پێکدێن. ڕەنگە ڕۆشنبیر بەشێوە نوێکەی تواناکانی گەیشتبێتە کۆتایی و تەواوبوون لەگەڵ لەناوچوونی تواناکانی مۆدێرنیزم کە ئێستا فەزاو بونیادو، زاراوەو دەزگاکان و، لۆجیکی کارکردن و ڕیتمەکانی گەشەکردنی کەوتوەتە ژێر ڕەخنەوە. لەگەڵ ڕووداوی گەردوونیدا کە بەجیهانیبوون بەرجەستەی ئەکات، لە مومارەسەکردنی بوون و مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعدا ڕێگایەکی نویَ دائەمەزریَ، هەروەها جۆرێکی نوێی جیاواز لە پەیوەندی پێکدیَ لەگەڵ خود و کەسانی ترو شتەکاندا. هەر شێوەیەکی ئەنتۆلۆژی خاوەن شێوەی مەعریفی و پێویستیە زانستییەکانە. لێرەوە لەگەڵ بەجیهانیبووندا کۆمەڵێ شێوەی نویَ ی بیرکردنەوەو کارکردن و سیستەمی جیاوازی پەیوەندی و گۆڕینەوە پێکدێت. بێگومان ئەمەیە سیفەتی ڕووداوی گەورە: لەگەڵیا هەڵوێست و بارودۆخ و، سەرچاوەو نموونە و، چارەسەرکردن و سازاندنەکان ئەگۆڕێن، ئەمەش بەو ڕادەیە کۆمەڵێ ناوچەی نویَ بۆ بوون ئەکرێتەوەو هەروەها کۆمەڵێ ڕووبەرو درێژبوونەوەی (ڕمداء)ی نویَ بۆ بیرو وتن و کردار پێکدێت.



## ئایا گەشبین بین؟

ئەم شتە چی ئەگەیەنێت دەربارەی بارودۆخی ئادەمیزادو پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ؟ ئایا بەجیهانیبوون ئەو بەهەشتە ونبووەیە کە مرۆڤ تا ئێستا بێهوودە بەدوویدا ئەگەڕیَ؟ ئایا مرۆڤ لەگەڵ شۆڕشی ئەلیکترۆنیدا ئەو مرۆڤایەتییە ونبووەو ئەو ئازادییە زەوتکراوەی چنگ ئەکەوێتەوە؟ ئایا یەکگرتنی مرۆڤ کە پێشتر بەبیرو بڕواو کتێب و شۆڕشەکان سەرکەوتوو نەبوو ئەمڕۆ لە لایەن (بایتس)[٢٤]ەکانەوە دێتە دی، ئەو بایتانەی بیل گیتس لە ڕێی تۆڕ و شاشەکانیەوە کاریان لەسەر ئەکات؟ پێ دەچێت پاش هەر شۆڕش و دۆزینەوەیەک و لە سەرەتای هەر سەردەمێکی نوێدا خەڵکی تووشی گەشبینییەکی زۆر ئەبن. ئەمەش لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا ڕووی دا کاتێک ئەو وەهمە پەیڕەوی کرا کە ڕووناکییەکانی عەقڵ بەسەر جیهاندا هەڵدێن. هەروەها ئەم حاڵەش لە شۆڕشی فەرەنسیشدا ڕووی دا وا بۆی چوون کە مرۆڤایەتی ئەگاتە ئەوپەڕی ئازادی و دادپەروەری. ئەم حاڵەتەش هەر پاش گەشەکردنە زانستی و داهێنانە تەکنیکییەکانیش ڕووی دا، ئەو هیوایە هاتە ئاراوە دەربارەی گەیشتنی مرۆڤ بەکۆمەڵگایەکی پڕ لە خۆشگوزەرانی و بوون و پێشکەوتن. ئەمڕۆش هەمان ئەو حاڵەتانە لەگەڵ شۆڕشەکانی تەکنیک و ڕاگەیاندن ڕووئەدەن. هەن بڕوایان وایە کە (ئەو زەمەنەی کە مرۆڤ تیایدا ئەبێت بەیەک گەل نزیک بۆتەوە)[٢٥]. هەیە خەو بەوەوە دەبینیَ پاش بەجیهانیکردنی مرۆڤ و هەڵوەشاندنەوەی ئەو شوناسنامانەی لەسەر بناغەی ڕەنگ و زمان و ڕەگەز و ئاین بەرقەرارن شارستانی زانیارییەکان یەکسانی ئەخاتە نێوان مرۆڤەوە و کار ئەکات بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی جیهانی کە یەکسانی و دادپەروەری و برایەتی تیایدا بەرقەرارە[٢٦].

ئایا بەڕاستی ئەگەین بەو مرۆڤە جیهانییەی کە خاوەن شوناسنامەیەکی جیهانییە ئەو

---

(٢٤) بریتین لە کۆمەڵێ یەکەی میدیایی ئەو پرۆگرامانەی لێ پێکدێنێت کە لەمێشکە ئەلیکترۆنییەکاندا ئامادەن bits بایتس بەڵام بیل گیتس خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە، ئەم کۆمپانیایە گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنانی بەرنامە ئەلیکترۆنییەکانە.

(٢٥) بگەڕێوە بۆ سیرج لاتوش، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٧٩

(٢٦) ئەمە ئەوەیە کە جۆن بیری باولۆ خەونی پێوە ئەبینیَ، ئەم زاتە یەکێکە لە لێکۆڵەرەوانی بواری فویچاریزم، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی دەزگای سنووری ئەلیکترۆنی، بگەڕێوە بۆ وتارەکەی ڕیتشارد فولک، سەرچاوەی پێشوو.

شوناسنامەیەی سەر بەهیچ زەوی و نەتەوەو کولتوورو کۆمەڵگایەک و وڵاتێک نییە؟ ئایا ئەگەینە سەردەمێک تیایدا زمانی ئەلیکترۆنی بەسەر هەموو ئەو زمانانەی کە مرۆڤ دایهێناون زاڵ ئەبێت؟ یاخود یەک زمان بەسەر هەموو زمانەکانی دیکەدا زاڵ ئەبێت و ئەبێتە تاکە زمانی بەجیهانیبوون، هەروەک چۆن فەڕەنسییەکان ئەو ترسەیان بەرامبەر بەجۆری ئەمریکی و زمانی ئینگلیزی هەیە؟

## شارستانی و کولتوور

ناشبێ ئەوەندە شتەکان بەئاسانی وەرگرین و تا سنووری ساویلکانە گەشبین بین. مێژووی مرۆڤ هەروەک چۆن مێژووی ململانێ و جەنگەکانە ئاواش مێژووی دۆزینەوەو داهێنانە. ئەم مێژووە مێژووی چەوساندنەوەو خەمە، هەروەها مێژووی لەناوبردنە ئەو مێژووەی ڕووداو و هەواڵەکانی چاو و گوێی پڕ ئەکەن. مرۆڤایەتی ئەمڕۆ لە ڕووی دایەلۆگ و یارمەتی یاخود لە ڕووی عاقڵبوون و دادپەروەری و ئاشتی لە چاو پێشتر حاڵی باشتر نییە. بەڵکو سەدەی بیستەم، بەو هەموو توندو تیژی و وێرانییەی بەخۆیەوە بینیویەتی، گاڵتە بەو هەموو دروشمانە ئەکات کە ئایدیۆلۆژییە پێشکەوتووخوازو ڕزگاریخوازەکان هەر لە سەردەمی ڕۆشنگەری سەدەی ١٨ـەوە تاکو خەبات لە پێناوی مافی مرۆڤ لە کۆتایی ئەم سەدەیە خستیانە ڕوو.

ئەوەی هەوڵ ئەدات ئەو ڕووداوانەی کە ڕوو ئەدات بیانخوێنێتەوە، بۆی دەرئەکەوێ جیهان بەو ڕادەیەی کە یەک ئەگرێتەوە بەهەمان ڕادەش هەڵئەوەشێتەوەو پارچە پارچە ئەبێت. جیهان لەسەر ئاستی شارستانی، واتە لە هەر ڕوویەکەوە پەیوەست بێت بەجۆری ژیان و تەکنیکەکانی پەیوەندی و بازاڕەکانی گۆڕینەوە بەرەو یەکگرتن ئەڕوات. لەسەر ئەم ئاستە شێوەیەکی گەردوونی هەیە لەسەر ئاستی زەمینی پێکدێ و گشتخواز ئەبێت، هەر لە ژەمەکانی خواردنەوە تا جل و بەرگ و، سەتەلایت و تا بەکارهێنانەکانی تەلەفۆنی مۆبایل و دانیشتن بەرامبەر بەشاشەکان بۆ گواستنەوەو گەشتکردن بەهەموو کونوکەلەبەرێکدا. بەڵام جیهان لەسەر ئاستی تایبەتمەندییە کولتووری و نەتەوەییەکان هێشتا پارچەپارچەیە. ئەمەش گۆڕەپانێکە بۆ ململانێ و جەنگەکان لە پێناوی مانەوە کە جیاوازییە کولتوورییەکانی تێیدا دائەمەزرێنرێ و ئەندێشەکانی شوناسنامە و زاکیرە ئەهێنرێتە جووڵە. ئەمە لەبارەی جیهانە بچووکوکانەوە کە جیهانە گەورەکەی لێ پێکدێ، هەر جیهانێکی ڕۆشنبیری لای خۆی گۆڕەپانێک بۆ بەرپاکردنی ململانێکان دروست



ئەکات بەمەبەستی پلەو پایەو دەسکەوت. ئەوەتا لە جیهانی ئیسلامیدا عەقڵە داخراوەکان ئەوانەی لە ژێر خانەی بیروباوەڕی یەکتاپەرستیی و ئایدیۆلۆژییە یەکخوازییەکانا کار ئەکەن، توانای ئەوەیان نییە گەڕەکێک لە گەڕەکی شارێک یەک بخەن ئیتر چۆن ئەتوانن جیهانێک بەو هەموو گەل و وڵات و هۆزەکان یەکخەن؟

بەمجۆرە ئەبینین ئەوەی مرۆڤ یەک ئەخات میکانیزمەکانی شارستانی و یاساکانی بازاڕ و ڕێگاکانی ڕاگەیاندنە، کەچی کەلەپوورو شوناسنامە کولتوورییەکان لە یەکیان دوورئەخاتەوە. کەواتە شوێنەواره شارستانییەکەیان کۆیان ئەکاتەوە، بەڕادەی ئەوەش قەیرانە کولتوورییەکانیان لەیەکتریان جیائەکاتەوە، ڕەنگە ئەمەش ئەو جیاوازییەی نێوان شارستانی و کولتوور بێت[٢٧].

شارستانییەت ئەگەڕێتەوە بۆ شوێن و شار، بەڵام کولتوور بۆ کات و زاکیرە. شارستانی تەکنیک و کەرەستەیە، بەڵام کولتوور بەها و پێوانەیە. شارستانی بازاڕو گۆڕینەوەیەو بەرهەمهێنانی ماتەریالی تێیدا زاڵە، بەڵام کولتوور بەرهەمهێنانی سیمبول و تێکستەکانە. شارستانی چوونیەکی و چوونشێوەیی بەرهەم دێنێت، کەچی کولتوور فرەچەشنی و دەوڵەمەندی و تاکەیەتی ئەخولقێنێ. لێرەوە پێویستی بەبەرپاکردنی هاوسەنگیی هەیە لە نێوان میکانیزمی شارستانیکردن و داهێنانە ڕۆشنبیرییەکان. ئەوەی پێویستە شارستانییەکی ڕووکەش نییە تێیدا سەرچاوەکانی مانا وشک کەن. لە بەرامبەریشدا ڕۆشنبیری تاکاکەسی نابێت ئەو ڕۆشنبیرییە بێت کە تاک لە قۆزاخەی خۆیدا بمێنێتەوەو لە کەسانی تر دابڕێت. ڕەنگە داواکە ئەوە بێت کە سنووری دووانەی جەماوەرو دەستەبژێر ببڕین بەجۆرێک هاوسەنگی لە نێوان فیکرو نێوەندەکان و لە نێوان بڵاوبوونەوەی ئاسۆیی و ستوونی، لە نێوان چالاکی چەمکگەرایی و کاری بەردەوامی بێنێتە ئاراوە. لە سەرچاوەی جیاوازی نێوان شارستانی و کولتوورو، لە نێوان ئەدات و بەهاو شمەک و فیکر، بەگشتی هیچ بوارێک بۆ یەکبوونی جیهان نییە. لە ڕاستیدا داواکارەکە ئەوە نییە کە جیهانێکی تاک و چوونیەک پێکبێ تیایدا گشت لەگەڵ تاکدا یەک بگرێت یاخود یەک نموونەیی یا یەک سەنتەری و یەک ناوی تێیدا زاڵ بێت. مرۆڤ بەو ڕادەیەی کە ڕەگی لە زەمەندا چەقیوە بەهەمان ڕادەیەش پەیوەستە بەشوێنەوە، مرۆڤ

(٢٧) لای سیرج لاتوش، سەرچاوەی پێشوو، لە لا ٦٣ بۆ لا ٨٤، وا باشە بگەڕێینەوە بۆ چەمکی کولتوورو پەیوەندییەکانی لەگەڵ شارستانیدا.

مێـژووەکـانی بەدووی خۆیدا ڕائەکـێشێ و جۆرەکـانی بنەچە ئەیچەوسێننەوە، هەروەها تامەزرۆیی ڕێنوێنی ئەکات بەرەو پرنسیپ و زەمەنەکانی سەرەتایی.

گەر ئەمرۆ لە ڕووی شوێنەوە زەمەنی ئەلیکترۆنی خەڵکی یەک ئەخات ئەوە زەمەنە کەلەپووری و ئەزموونە ئەنتۆلۆژییەکان لە جیاوازی و جیاکاری و لەیەکنەچوون زیاتر هیچی دیکە بەرهەم ناهێنن. گەر واشمان دانا شارستانییەک سەرئەکەوێ و زمانێک ئەبێ بەزمانی گشت و بڵاوئەبێتەوە، ئەوا ئەنجامی ئەم زمانە ئەوەیە ئەبێت بەچەند لقە دیالەکتێ، یاخود ئەو شارستانییە چەندین شارستانی تری جیاوازی لێ ئەبێتەوە، دەرئەنجامی ئەو زمانە لق و پۆ لێبوونەوەیە بۆ دیالێکتە جۆراوجۆرەکان، و دەرئەنجامی ئەو شارستانییە بەرهەمهێنانی کولتووری جۆراوجۆرە، ئەوە ناگەیەنێت ئێمە ڕووی سافی و پاکی کولتوورەکان وەرگرین، مەسەلەکە پەیوەندی بەناوەڕۆکی شارستانییەوە نییە کە بەردەوام ململانێ و پێکدادان لە نێوانیان دروست ئەبێت، هەروەک هنتنگتون[28] ئەڵێت. باشتروایە بڵێین کۆمەڵێ ڕۆشنبیری هەن بەرادەی ئەوەی پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتریدا ئەکەن بەو ڕادەیەش کارلێکردن ئەکەن. ئەو کولتوورەشی کە زیندووەو تازە ئەبێتەوەو هەرچی داهێنان و بەرهەمی کولتوورەکانی تر هەیە بۆخۆی ئەیانمژێ، هەروەک عەرەبەکان لەگەڵ لۆجیکی یۆنانی و فیکری خۆیاندا ئەنجامیان دا، هەروەک مامەڵەکردنی ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ بەرهەمە فیکری و زانستییەکانی کولتووری عەرەبی ئیسلامیدا.

ئەمرۆ ئەتوانین باس لە فەزای یەک شارستانی بکەین، ئەویش کۆمەڵگای کولتوورە جیاوازەکانە لە ڕووی سەرچاوەو ڕەگ و پاڵپشت و ناوەڕۆکەکانیەوە. یان بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانین بڵێین هەر سەردەمێ لە سەردەمە مێژووەکانی مرۆڤایەتی شارستانییەیەک تیایدا بڵاوبووە لەگەڵ فرەیی شوناسنامە ڕۆشنبیرییەکان. بەڵام ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان

(٢٨) بگەڕێوە بۆ چاپێکی نوێی گەشەکردووی کتێبەکەی سەموێل هنتنگتۆن دەربارەی (ململانێی شارستانییەکان)، لە بەشێکی پەرتووکێک کە لەم دوایە بڵاوی کردۆتەوە بەناونیشانی: (ململانێی شارستانییەکان و دووبارە دروستکردنەوەی سیستەمی جیهانی. ئەم بەشەی ئەم کتێبە لە لایەن فؤاد حەتیت لە گۆڤاری (فورین ئەفیرزو)ی ئەمریکی کراوە بەعەرەبی، ئەم وتارەش ڕۆژنامەی سەفیری لوبنانی، پاشکۆی ڕۆشنبیری ڕۆژی هەینی ٢٤-١-١٩٩٧ بڵاوی کردۆتەوە.

– دەربارەی وتنەکەی فۆکۆیاما بگەڕێنەوە بۆ پەرتووکەکەی بەناونیشانی: کۆتایی مێژوو دواین مرۆڤ، وەرگێڕانی کۆمەڵێک لە لێکۆڵەرەوان بەسەرپەرشتی مطاع صفدی، سەنتەری گەشەپێدانی نەتەوەیی، بەیروت ١٩٩٣.



هەروا وەک خۆیان نامێننەوە بەڵکو ئەکەونە ژێرکاریگەری گۆڕین و گۆڕانکاری، ئەم گۆڕانکارییەش یان لە لایەک بەهۆکاری گەشەکردنی خۆبەخۆیی، یاخود لە لایەکی تریشەوە بەهۆکاری لێکخشاندن و کارلێکەری لە نێوانیاندا. ئەمە لە ڕابردوودا وابوو، کەواتە ئەمرۆ کە تێکەڵبوونی گەلان و کۆمەڵگاکان لە نێوان یەکتریدا لەوپەڕی دایە ئەبێ ئەو گۆڕانە چۆن بێت. ئەمەش داوامان لێ ئەکات ئەو دووە دژایەتییەی فۆکۆیاماو هینتنگتۆن بپەڕێنین. جیهان لە لایەن یەک کولتووری تاک و تەنیا کۆنترۆڵ ناکرێت. لەسەر ئاستی کولتوری بەپێی ڕای فۆکۆیاما نابێ بەیەک و یەک ناگرێت. بە پێی وتنی هینتنگتونیش جیهان لە کۆمەڵێ کولتوور پێکنایەت بەڵکو جیهان بریتییە لە کۆمەڵێ کە مۆناداتی سەربەخۆ یا کۆمەڵێ ناوەڕۆکی تاک و دابڕاو. ناسنامەیەکی ڕۆشنبیری بەبێ پێتاندنی لەگەڵ ئەو شوناسنامە و ئەو کولتوورانەی وەک خۆیەتی بوونی نییە.

بەم بۆنەیەوە زاڵبوونی زمانێک بەسەر هەموو زمانەکانی دیکە هیچ ترسێکی تێدا نییە. ژیان ئەوەندەی لەیەکچووان دێنێتە بەرهەم ئەوەندەش لەیەکنەچووانیش. تەنانەت خودی وڵاتە یەکگرتووەکان کە دەسەڵاتەکەی ترسی ناوەتەوە، جیهانێکی یەکگرتووی موتەجانس پێک ناهێنێ. بەڵکو ئەویش جیهانێکە بەڕووی جیاوازیدا کراوەتەوە، هەروەها سیستمێکی تێکەڵە کە هەموو جیاوازو هەمەچەشنەکان لە نێوخۆیدا وەرئەگرێت. بەهەر حاڵ جیاوازی لە نێوان کۆمەڵێک و کۆمەڵێکی دیکە لەوەدایە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ واقیعی لەیەکنەچوو ئەکات، واتە ئەو توانایەی هەیەتی بۆ وەرگرتن و گونجاندن، هەروەها ئەو توانا هەمیشەییەی هەیەتی بۆ داهێنانی یەکە پێکهاتەکان ئەوانەی بوار بۆ جیاوازەکان ئەڕەخسێنن تا بەشێوەیەکی بەردەوام و بەشێوەیەکی چالاک و بەردار دەرکەون. هەروەها دەستە بالاّبوونی زمانی ژمارەیی ئەلیکترۆنی، بەربڵاو و سارد، بەسەر زمانی دەمگەرمی و تاکایاتی هیچ ترسێکی تێدا نییە. چونکە لە کۆتاییدا زمانی کۆمپیوتەر درێژبوونەوەی زمانی مرۆییە کە بناغەو هەلومەرجی تواناکانی پێکدێنێ.

بەمجۆرە ئێمە ڕووبەڕووی پرۆسەیەکی ئاوێتەبووین، بەرامبەر بەپرۆسەیەکی جووت و دژبەیەکین، کە لە میانەیدا لۆجیکی یەکبوون و میکانیزمەکانی دابەشبوون یەکتری کێش ئەکەن، ئارەزووی بەرەو ئیئتیلاف و یەک شێوەی کار ئەکات لەگەڵ ئارەزووی بەرەو جیاوازی و لەیەک دوورکەوتنەوە. ئەمەش حاڵی هەموو کۆبوونەوەیەکی مرۆیی و کۆمەڵەی شارستانی و فەزای ڕۆشنبیرییە. بەڵکو مرۆڤایەتیش لەم بارودۆخەی ئێستاشیدا هەروایە: هەرچەندە جیهان تاکە بەڵام بەو ڕادەیەش فرەیە. تاکە لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن و ئابووری.

هەروەها لە ڕووی ئەو ترسەی کە هەڕەشە لە چارەنووسی زەوی ئەکات بەهۆی کارەکانی پیسبوون و بەسارابوون. لەگەڵ ئەمەدا جیهان لەسەر ئاستی شوناسنامەی کولتووری و ڕەگەز و زماندا دووکەرت بووە دژ بەیەک. تا ئێستاش زەوی سەرچاوەیەکە بۆ دژایەتی و ناکۆکی، هەروەک چۆن پێشتریش وابوو، ئەم حاڵەش لە جیهانی ئاژەڵانیشدا ئەبینرێ. بەڵکو ڕووداوەکان لە جیهانی مرۆییدا لەڕووی ئابڕووچوون و خراپییەکانی، بێ مێشکی و شێتێتیەکەی لە جیهانێکی سوریالی ئەچێت. سەیر نییە چونکە چەمکەکانی شوناسنامەی ون و شەبەنگەکانی زاکیرەی پڕ ئەوەیە کە لەسەر زەمینەی واقیع توندو تیژی و وێرانکاری و تیرۆریستی لە هەموو جێگایەکی ئەم جیهانە پەرەپێئەدات.

ئایا ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە جیهان بەدەردە شێرییەکەی ئەمێنێتەوە؟ ئایا توندوتیژی دەردێکە یاخود لە بناغەدا خوویەکە سروشتی کۆمەڵگا ئەیسەپێنێ بەسەر مرۆڤدا؟ ئایا ئەوەی تێی ئەکەوێت خوویەکە گەلە پێشکەوتووەکان لە گەلە سەرەتایەکانیان فێری بوون؟ واتە لە شوێنی خۆ خولانەوە بەبێ پێشکەوتن؟ بەمجۆرە مرۆڤایەتی پێش ناکەوێت بەڵکو لە ڕووی دانانی سنوورێک بۆ توندوتیژی بەرەو دواوە ئەگەڕێتەوە. ئایا ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە پێشکەوتن لەسەر ئاستی وتوویێژو هاوکاری مەحاڵە؟ ئایا بەپێی وتنەکەی هینتنگتۆن هەروا ئەمێنینەوە بۆ (ترساندنی) یەکتری یاخود ئاسۆیەکی دیکە لە سەرەتای سەدەی هاتوودا دەرئەکەوێت و بوار بەمرۆڤ ئەدات کە کۆنترۆڵی خۆی بکات و گرفتەکانی خۆی چارەسەر بکات؟

## سیاسەتی ڕاستی

بێ گومانی بەجیهانیبوون ئاسۆیەکی نوێ بەرامبەر بەپەیوەندی مرۆڤ ئەکاتەوە، ڕەنگە ئەمەش وای لە فۆکۆیاما کردبێ باس لە کۆتایی مێژوو و سەرکەوتنی نموونەی لیبرالی بکات. لە ڕاستیشدا تەکنیکەکانی پەیوەندی هەندێ ئیمکانیات فەراهەم ئەکەن بۆ ئازادبوونی مرۆڤ لە دەست یەخسیری مێژوو پەرستنی شێوەو خەڵوەتەکانی شوناسنامە و سەربازگەکانی بیروباوەڕبێگومان ئەم کارەش تەنیا هێزو توانایە و پابەندە بەتێگەیشتنەکانمان بۆ شوناسنامە و مرۆڤایەتی و یەکێتی، بەتایبەتیش بۆ ڕاستی. بەو مانایەی ئەمەش پابەندە بەڕزگاربوونمان لە وەهمەکانی حەقیقەتی لە پێشینەو شوناسنامەی ساف و بێگەرد و مرۆڤایەتی لێسەنراو و یەکێتی بەئاسانکراو.

هەن وا مامەڵە لەگەڵ شوناسنامە ئەکەن کە شتێکە تەواو ساف وبێگەردە و خاڵییە لە



ناهاوسەنگی و دژایەتی هەروەک ڕوانینی ئەهلی لەیەکچواندن و هاوشێوەیی بۆ شوناسنامە. ئەو کەسانە ئەیانەوێ ئەویتر نموونەیەک بێت لە من، لەبەر ئەوە ئەوان لە مومارەسەکردنی دوورخستنەوەو داپڵۆسین و تیرۆر زیاتر هیچی تر نازانن. وا باشترە بڵێین شوناسنامە لەیەکچوونی مرۆڤ لەگەڵ وێنەکەی خۆی نییە بەڕادەی ئەوەی دەرئەنجامی ئەو پەیوەندییە کراوەو بەردارو چالاکەیە کە لەگەڵ ئەویتردا هەیەتی.

هەن وا مامەڵە لەگەڵ مرۆڤایەتی ئەکەن وەک ئەوەی ناوەڕۆکێکی ونە و یان خووڕەوشتێکی ڕەسەنەو تێک ئەدرێ و ئەشێوێنرێ، هەروەک ڕوانینەکانی مارکس و گارودی و پیاوانی ئایینی و ئەهلی خۆزگەو ڕوانینیان بۆ مرۆڤ. ئەم جۆرە تێگەیشتنە ڕێگە لە زوڵمکردن و خراپەکاری و ئابڕووچوون ناگرێت. پێش هەموو شتێک وا باشە دان بەمرۆڤایەتییەکەمان بێنین ئەوەی کە لەسەر زەویدا مومارەسە ئەکرێ، تاکو کارە بەربەرییەکانمان لەپڕ تووشی سەرسوڕمانمان نەکات، بەوەی واز لە وەهمی گەڕان بەدووی کرۆکی مرۆڤایەتی زەوتکراومان بێنین، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لەسەر خودی خۆمان کار بکەین و دووبارە سەرلەنوێ مرۆڤایەتیمان داهێنینەوە، دیارە ئەمەش لە ڕێگای ڕاهاتن بەئەخلاقی ڕاستی[٢٩] و دروستکردنی ڕووداوەکان ئەبێت. مرۆڤایەتیمان ئەوە نییە کە ونمان کردووە، بەڵکو مرۆڤایەتیمان بریتییە لە توانای گۆڕینی خودی خۆمان و بەردەوامیش تێپەڕاندنی هەلومەرجەکانە.

حەقیقەتیش ئەسڵی مەسەلەکەیە. هەیە وا مامەڵە لەگەڵ حەقیقەتدا ئەکات وەکو فیکرەیەکی موتڵەق و نموونەیەکی کامڵ و ئەسڵێکی جێگیرو کرۆکێکی پەنهان یاخود سەردەمێکی زێڕین.. ئەم جۆرە چەمکە لە واقیعدا لە کەمبود و جیاوازی و.ناتەواوی و پاشکەوتوویی و پێشێلکردن و دەستدرێژی زیاتر هیچی تری بەرهەم نەهێناوە، هەروەک چۆن خاوەن حەقیقەتەکان لەگەڵ حەقیقەت یا وەهمەکانیان مامەڵە ئەکەن. لەبەر ئەوەی حەقیقەت لەیەکچواندنی ڕوانینەکانمان بۆ واقیع نییە، یاخود جێبەجێکردنی نموونەکانمان لەسەر حەقیقەت نییە. بەڵکو لە ڕاستیدا حەقیقەت بریتییە لەو شتەی بەسەرماندا دێت یاخود ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ شتەکاندا بەرهەمی ئەهێنین، یا ئەوەی لەگەڵ جیهانەکاندا

(٢٩) دەربارەی ڕووداو و حەقیقەت و ئەخلاقیەتی حەقیقەت. وا باشە بۆ ئەو هەوڵە گرنگە بگەڕێیتەوە کە لە لایەن فەیلەسووفی فەرەنسی ئالان بادیو کردوویەتی لە پەرتووکەکەی: خولقەتەکان. بلاوکراوەکانی هاتییە، پاریس، ١٩٩٥، بەشی چوارەم.

پێکی ئەهێنین. پێ ئەچێت پێویستمان بەسیاسەتێکی نوێ بێت بۆ حەقیقەت کە لە ڕێگای ئەو سیاسەتەوە بتوانین واز لە چەمکەکانی وەکو جێگیری و بەرامبەری و ڕێککەوتن و تەواوی و بێگەردی و یەقین و لێواولێو بێنین، ئەویش بەکردنەوەی چەمکەکە بەڕووی فرەیی و جیاوازی یاخود بەڕووی وتووێژ و گفتوگۆ یا بەڕووی وەرگرتن و خواستن یا بەڕووی سنوورو کەنارەکان...

گۆڕان لە چەمکەکانی وەک حەقیقەت و شوناسنامە و مرۆڤایەتی ئەبێتە هۆی گۆڕینی ڕوانین بۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بیری یەکێتی، چ لەسەر ئاستی تاک یاخود کۆمەڵ. یەکێتیش ئاسانی ناگەیەنێ، لەبەر ئەوەی سروشتی ئاسان نییە. بەڵکو ئەوەی کە هەیە بونیادو پێکهاتەو سیستەمەکانە. هەروەها یەکێتی مانای یەکسانیبوون لەگەڵ نەفسدا ناگەیەنێت، یاخود یەکگرتن لەگەڵ خوددا نییە، هیچ یەکێک لەخۆیەوە نابێت و کەسیش لەگەڵ خودی خۆیدا یەکسان نابێت، بەڵکو مرۆڤ لە ڕێگای بەشداریکردن و گۆڕینەوە لەگەڵ کەسانی تردا دەوڵەمەند ئەبێ و لەسەری ئەژی. بەڵێ تەنیایی هەیە بەڵام تەنیایی داهێنەرانەو دروستکردنە. هەروەها یەکێتی هەیە بەڵام یەکێتی هۆگری و پێکەوەبەستن و پێکهێنان. ئەوانەی ئەمڕۆ پێمان ڕائەگەیەنن کە شوناسنامەیەکی شارستانی ڕۆژئاوایی بێگەرد هەیە، مەبەستی قسەکانی ئەوان بریتییە لە چاککردنی مرۆڤ بەپێی یەک نموونەیی و ملکەچککردنی گەلان بۆ یەک کولتووری یەکنەتەوەیی کە ئەو دیاری ئەکات، هەروەک مامەڵەکردنی هینتگتون لەگەڵ شوناسنامە ڕۆژئاوایەکەی. لە بەرامبەریشدا ئەوانەشی شوناسنامەیەکی ئیسلامییان ئەوێت کە لە ڕووی ڕەسەنایەتی و سەرچاوەوە ڕەسەن بێت، ئامانجی ئیرادەکەشیان ئەوەیە کە مومارەسەی ڕیزکردنی بیروبڕواو داخراوی شارستانی و تیرۆریزمی فیکری بکەن، هەروەک چۆن ئسوولییە ئیسلامییەکان مامەڵە لەگەڵ شوناسنامەی ئیسلامی ئەکەن. ئەم دوو هەڵوێستە هەردووکیان لە سەر ئەوە پابەندن کە یەکتری لە تاریکییەکانی بیردا ون کەن، کەچی لە واقیعی بینراودا، پەیوەندی و تێکەڵبوونی مرۆڤ لە زیادبوونە، پاش ئەوەی بەرژەوەندی و چارەنووسەکان پێکەوە بەستراون بەهۆی تەکنیکەکانی پەیوەندی جیهانی لەلایەک و پەیدابوونی ترسناکیی بەهۆی پیسبوونی ژینگەوە لە لایەکی دیکەوە.

بۆیە لێرەوە قسەکردن لەسەر بەرپابوونی (کۆمەڵگای جیهانی) چیتر وەهم نییە. لە ڕاستیدا و بەکرداریش ئێمە بەرامبەر بەجیهانێکی زۆر گەورەین و پێویستە لەسەرمان کار لەسەر بەدەستەوەدانە کولتووری و مرۆییەکەی بکەین، لە پێناو گۆڕینی بۆ ژینگەیەکی



فیکری بۆ پێکەوە ژیانی نێوان هەموو جۆرە جیاوازەکان، یاخود بیکەین بەنێوەندێکی شارستانی بۆ مومارەسەکردنی هونەری پەیوەندی لە نێوان شوناسنامە و خودەکان. کەواتە داواکە زاڵبوون نییە بەسەر هەموو جیاوازییەکان لە پێناوی خزمەتکردنی تاک کولتووری، هەروەها لە بەرامبەریشدا داواکارییەکە ئەوە نییە کە جیاوازییەکان بۆ خزمەتی دوورەپەرێزی کولتووری بورووژێنین، بەڵکو ئەوەی داواکراوە ئەوەیە کە زمانێکی تێگەیشتنانە بخولقێنین یاخود ڕشتەیەکی عەقڵانی داهێنین کە بوار بەکۆکردنەوەی پارچەپارچەیی جیاوازییەکان بدات هەروەها کۆکردنەوەی ئەوانەی لە یەک دابڕاون و پێکهێنانەوەی ئەوانەشی کە پچڕپچڕن.

گومانی تێدا نییە کە بەجیهانیبوون لەم کاتەدا دیواری شوناسنامە داخراوەکان ئەبڕێت، بەجۆرێک سنووری لۆجیکی ماهییەت بەرەو بیری پێدی کراوە ئەبەزێنێت. ئەمەش لۆجیکی ماهییەتی کۆکەرەوەی ڕێگرە، واتە ئەو لۆجیکەی بونیادنراوە لەسەر ڕێگرتن لە چوونە ژوورەوەی ئەوەی ئەیەوێ بچێتە دەرەوە یاخود ئەوەی لە دەرەوە ئەیەوێت بێتە ژوورەوە، ئەو لۆجیکە لۆجیکێکە بۆ پارێزگاری و داخراوی، بەڕادەی ئەوەش لۆجیکێکە بۆ فەرامۆشکردن و فڕێدان. بەڵام لەگەڵ دیاردەی بەجیهانیبووندا شووراکان ئەبڕێن، هەروەها بەشێوەیەکی بێ وێنە دەرەوەو ناوەوە ئەئاڵۆسکێن. ئایا ئەکرێ بتوانرێ بەسەر لۆجیکی ڕووگرتنا زاڵ بین کە ئەمانخاتە بەردەم دوو هەڵبژاردنەوە یەکیان لەوی تریان تاڵترە:

سیستەمی فاشیزم یاخود جیاوازی دڕندانە.

کۆمەڵگایی گشتێتی یاخود کۆمەڵگای تایەفەگەری.

ڕەوە یەکێتی یاخود تیرۆری بیروباوەڕ.

یەکێتی میتافیزیقی یاخود کوشتنی جەستە.

دەسەڵاتی ئیمپریالیزم یاخود دوورەپەرێزی کولتووری.

ئایا مرۆڤ ئەتوانێت بەسەر ئەم لۆجیکە کە لۆجیکی یەک لایەنی بەئاسانکردنە زاڵ بێت بەرەو لۆجیکێکی دیکە بڕوات، کە لۆجیکی فرەیی و پێکهاتەیە، فرە کولتووری و شوناسنامە و فرەیی پرۆژەو دەسەڵات و فرە هێزی و چالاکییەکان لەخۆئەگرن؟ بەپرسیارێکی ڕاستەوخۆ: ئایا لەگەڵ سەردەمی بەجیهانیبووندا ئەتوانین لە لۆجیکی شوناسنامەی داخراوەوە بەرەو لۆجیکی گۆڕینەوەی بەرهەمدار و پەیوەندی بەردارو پێکهاتە خولقێنەرەکان بڕۆین؟

## منی پەیوەندخوازی

وتەکەم بەمە کۆتایی پێ دێنم: نامەوێ دەربارەی ئایندەی مرۆڤایەتی و یەکێتی جیهان نە ڕەشبین بم نە گەشبین. مرۆڤایەتیمان سەنگی مەحەکە (فأنسانیتنا علی محک). بەم وتەیەشم ئەمەوێ گرفتەکە لەئاستی مرۆییەوە بگوێزمەوە بۆ ئاستی ئەنتۆلۆژی. گرفتەکە لە ململانێی نێوان شارستانی و لێکدانی نێوان بەرژەوەندییەکان دەرئەچێت، ئەم گرفتە بەپلەی یەکەم گرفتی مرۆڤە لەگەڵ خودی خۆیدا.

بەم مانایە ململانێیەک لە نێوان بیری لێکدان و بیری پەیوەندیدا هەیە، یاخود وا باشە بڵێم لە نێوان (منی پەیوەندخوازی) و(منی ئیمپریالی). با دان بەوەشدا بنێین کە کەسمان ئەو ئیمپریالییە لەخۆیدا داناکەنێت ئەو ئیمپریالیەی هەوڵی ئەوە ئەدات ئیرادەی خۆی بسەپێنێ و نموونەکەی خۆی بەگشتی بکات، یان ناو و وێنەو دەقەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە. بەڵام مرۆڤایەتی چاک و فەرداریی زۆر جار بووەتە هۆی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو واقیعەی کە ویستوێتی بیگۆڕێ بۆ واقیعێکی نوێترو خراپتر.

گومانی تێدا نییە کە بوونی مرۆیی بوونێکی ململانئامێزە. بەڵام ناشبێ لەم کاتەدا بەزمانی کۆن لە ململانێ بگەین، بەو سیفەتەی شتێکەو ڕووی نەداوە. ئەبێ ئەوە بزانین ڕووداوی بەجیهانیبوون چ ئیمکانیەتێک بۆ بەڕێوەبردنی جیهان ئەخاتە بەردەست تا بکرێ لە ڕێگای ئەو ئیمکاناتانەوە ڕێگربین لەبەردەم ئەو ململانێیانەی کە بەشێوەیەکی خوێناوی ڕووئەدەن، ئەویش بەڕەوانەکردنی یاخود گۆڕینی بۆ شێوەیەک لە ململانێی بەرهەمهێنەرو پێشبڕکێیەکی بەردار. گەر ئەم کارەش نەکەین وەک ئەوە وایە پەردە بەسەر عەقڵی خۆدا دابدەینەوە. پێش هەموو شتێک گرنگ ئەوەیە خەبات بکەین دژ بەلۆجیکی ساختەو ترس، دژ بە بەئاسانکردن و یەکلایەنی و داخراوی.

پەیوەندی لەسەر ئاستی گەردوونی داوامان لێ ئەکات بەشێوەیەکی گەردوونیش بیربکەینەوەو کار بکەین، بێگومان ئەمەش لە پێناوی بونیادنانی کۆمەڵگایەکی جیهانی و ڕابەریکردنی بەرژەوەندی هاوبەش، بۆ ئەوەی هەر کەسەو بەشی خۆی هەبێت، بەپێی ئەو شتانە خۆی دروستی ئەکات و ئەو ڕاستیانەشی بەرهەمی ئەهێنێ. ئەمەش ئەو گرەوەیە. ئایا مرۆڤ ئەتوانێت بگاتە ئەو ڕادەیەی کە گرفتەکانی بەشێوەیەک چارەسەربکات کە ڕێگر بێت لەبەردەم توندوتیژی و ئەو ترسناکیانەش کەم بکاتەوە کە هەڕەشە لە چارەنووسی ئەکەن؟ ئایا مرۆڤ بەعەقڵ بیر ئەکاتەوە یاخود ئێمە بەرەو وێرانکردنی خۆمان



ئەڕۆین و زەوی و بیناسازیمان وێران ئەکەین؟ ئەو (مرۆڤی جیهانی)[٣٠] یەی کە ئێستا باسی ئەکەین لە بەرامبەر ئەزموونێکی قورس و سەرسەختییەکی مەزندایە، گەر وانەبێ ئەوا قسەکردن لەسەر ویژدان و عەقڵ وەهمێکی گەورەو سەر لێ تێکچوونێکی ئاشکرا دەبوو.

(٣٠) دەربارەی مرۆڤی جیهانی، بۆ پەرتووکەکەی فیلیپ ئەنجلار بگەڕێوە، (مرۆڤی جیهانی)، ئایا مرۆڤ وریا ئەبنەوە بۆ مانەوە؟ (هل البشر سیقوون علی البقاء؟) بڵاوکراوەکانی ئارلیا، پاریس ١٩٩٦.

## بەجیهانیبوون و ئایندەی کولتوور یاخود فیکر و هۆکارەکان(*)

لەبەر ئەوەی باسەکە دەربارەی ئایندەی کولتووره کەواتە با سەرەتای قسەکردن دەربارەی ئاینده بێت. ئاینده ئەوە نییە هەوڵ ئەدەین پێشبینی بکەین، بەڵکو ئەوەیە ئێمەو جیهان دروستی ئەکەین. ئاینده توانای گۆڕینی واقیعە ئەویش بەبەکاربردنی بیرمان وگۆڕینی بۆ شێوەک بتوانین واقیعی پێ بگۆڕین، یا بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی مەبەستەکانمان و دووباره داڕشتنەوەی پرۆژەو ڕۆڵەکانمان. بەڵام ئەوانەی بە شتی ئامادەو لە پێشینەو نموونەیەکانەوە دێنە پێشێ ئەو کەسانە لەسەر زەمینەی واقیعدا زۆرجار ئەوەی بەدەستی دێنن بریتییە لە کەمبوودی و دواکەوتوویی و پێشێلکردن و تاوان و دوورخستنەوەو تیرۆر، پرۆژەکانی ئایندەو سیناریۆکانی پێشکەوتووخوازی لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە شایەدی لەسەر ئەم ڕاستییە ئەدەن.

بەم مانایە ئایندەمان بریتییە لەوەی بەو ڕاستییانە خۆمان پەروەردە بکەین کە بەرهەمیان ئەهێنین، هەروەها مومارەسەی دەستپێشخەریمان بەسەر خودی خۆمانەوە بکەین ئەویش بەڕەهابوونمان لە فیکرە لەپێشینەکان. ئەمەش گرەومانە بۆ دووبارە دروستکردنەوەی واقیعی خۆمان ئەویش بەپێکهێنانەوەی شوناسنامە و ئەو جیاوازییانەی کە تێیداین بێگومان ئەمەش بە وتن و کردەوەو فیکر و مومارەسە نەبێت ناکرێت. جیهانی مرۆڤ بیرێکی ئامادە نییە ئەبێ بەرجەستە بکرێت، یان نموونەیەکی ڕەسەن نییە ئەبێ پەیڕەو بکرێت، یان جەوهەرێکی پەنهان نییە کە ئەبێ لە شێواندن و وێرانبوون بیپارێزین، بەڕادەی ئەوەی گۆڕەپانێکی ئازادو پڕ لە توانای ڕەهایە، هەمیشە بەڕووی نەزانراو و چاوەڕواننەکراودا کراوەتەوە بەشێوەیەک بوار بەڕستنەوەی کۆمەڵێ پەیوەندی نوێ لەگەڵ واقیعدا ئەدات بەجۆرێک لەگەڵیا سیستەمەکانی مانا و سیستەمەکانی پەیوەندی و سیستەمی مەعریفەو یاساکانی مومارەسەو جوگرافیای عەقڵ و نەخشەی هێز ئەگۆڕێت.

(*) ئەم وتاره وەکو بەشداریکردنێک لە کۆڕێک دەربارەی (ئایندەی کولتووری عەرەبی) خوێندراوەتەوە، ئەم کۆڕە لە قاهیره لە لایەن ئەنجوومەنی باڵا بۆ کولتوور لە ئایاری ١٩٩٧ ڕێکخرا.



### کولتووری زیندوو

گەر ئاینده بەمجۆره بێت، ئەوا ئایندەی کولتوور، کە بریتییە لە پیشەسازی ژیان و پێکهێنانی جیهان، لە هێزی هەمیشەییدایە بۆ نوێبوونەوەو خوڵقاندن، چ بەدەوڵەمەندکردنی جیهانی سیمبول و ماناکان بێت، یان بەنوێکردنەوەی سیستەمی زانین و سیستەمەکانی بیروبڕوا، یان بەفراوانکردنەوەی فەزای عەقڵ و گۆڕەپانی تێگەیشتن، نوێکردنەوەی کەرەستەکانی بیرکردنەوە شێوازەکانی دەربڕین، یان بەگۆڕینی پەیژەکانی بەها (سلم القیم) و گونجانەکانی پێوانە... کولتووری زیندوو شێوەیەکە لە: توانای هەمیشەیی بۆ نوێبوونەوەو گەشەکردن.

ئەو نموونە دیارانەی هەر سێ کولتوورەکە پێشکەشمان ئەکەن ئەو سێ کولتوورەی کە هەرسێکیان ژیان بەمۆرکی ئەوانەوە کۆتایی پێ هات و تا ڕادەیەکی زۆریش بەشدارییان لە پیشەسازی ژیان و پێکهێنانی جیهان کرد ئەو جیهانەی بەم شێوەی ئێستا کە هەیە، مەبەستیشم لەو سێ کولتووره کولتووری یۆنانی دێرین و، کولتووری عەرەبی ئیسلامی، کولتووری ڕۆژئاوای هاوچەرخە. هەن هەر یەک لەم کولتووره داهێنەرانە پێناسە ئەکەن لە ڕێگای یەک پرنسیپ و یەک نموونەیی و یەک بڕواییەوە، بۆ نموونە ئەڵێن کولتووری یۆنانی کولتووری عەقڵەو کولتووری ئیسلامی کولتووری دەق و پەیام و کولتووری ڕۆژئاوا کولتووری ماتەریال و تەکنیکە.. بێگومان ئەم جۆره پێناسەکردنە تەنیا بریتییە لە ئاسانکردنەوەو گرنگێتی کولتووری ئاوێتەبوو هەروەها کەمکردنەوەی بەردەوامی شارستانی ئاڵۆز. ئەمەو کولتووری یۆنانی بەڕوویەک لە ڕووەکانیەوە، بریتییە لە فرەیی و هەمەچەشنی و بەیەکدادانی نێوان تەوژمە فیکری و بەرهەمە مەعریفی و قوتابخانە فەلسەفییەکان. هەروەها وەزعی کولتووری عەرەبیش لە سەردەمی گەشەکردن و بڵاوبونەوەشدا هەر بەو جۆره بووە: کولتووری عەرەبی بریتی بووە لە فرەیی و هەمەچەشنی و ناکۆکی و جیاوازی لە بەشەکانی زانست و زانین، ڕاڤەکردن و شیکردنەوەو، وتارو هەوڵدانەکان، تیپ و مەزهەبەکان.

کولتووری ڕۆژئاوای هاوچەرخ نموونەیەکی پڕشنگدارمان پێشکەش ئەکات لە بارەی ئەو کولتوورەی کە مومارەسەی زیندوویەتی و دەستەباڵایی خۆی کردووە، ئەو پێشکەشکردنەش لە ڕێگاکانی توانا مەزنەکانی لەمەڕ خۆگۆڕین و کاژداماڵینی بەردەوام بەئەنجام ئەگات. یەکەمین نیشانەی ئاشکرای ئەم کولتووره بریتییە لە پەیوەندی

ڕەخنەگرانە لەگەڵ خودی خۆیدا، ئەمەش توانای ئەوەی پێ بەخشیوە بەردەوام بتوانێت نموونە و شێوەو، چوارچێوەو قاڵبەکان، ڕێگاو پەیڕەوگەل، شێواز و جۆرو، سیستەم و وابەستەیی و، یاساو دەستوورو، بەش و پێوانە نوێکان، و داهێنان و ڕەسەنی و بەپیتێتی بەشێوازێکی نوێ وەبەرهەم بێنێت.....

ئایندەی کولتووری هاوچەرخی عەرەبیش جیاواز نابێت، مەبەستم ئەوەیە ئایندەکەی کولتووری عەرەبی لەوەدایە کە ئەبێت مومارەسەی ئەو زیندوویەتییە مەزنەی خۆی بکات، ئەویش بەلەخۆنەچوون و لە بوارێک لە بوارەکان یاخود لە ئاستێک لە ئاستەکان ئەبێت دەستپێشخەری هەبێت. کەواتە ئایندەکەی ئەم کولتوورە بریتیە لە تواناکانی داهێنان و بەرهەمهێنان و دروستکردن و خولّقاندن، بەداهێنانی پرسیارو گرفت و بەها و بیرو جۆرو شێوازەکان و بەش و ئاسۆی نوێ و ڕەسەن و گرنگ و تێپەڕ ... ئەمەش بەبێ شکاندنی نموونە بنەچەکان و بێ ئازادبوون لە فیکرە لەپێشینەکان و دەرچوون لە قۆزاخەی شوناسنامە و سەربازگاکانی بیروباوەڕ نایەتەدی، لە پێناو ناونانی ئەو شتانەی کە ناکرێ ناوی لێ بنرێت، یاخود بیرکردنەوە لەو شتەی کە تێگەیشتنی گرانە، یاخود تەعبیرکردن لەوەی کە تەعبیری لێ نەکراوە، کردنی ئەوەشی کە نەتوانراوە بکرێت.

هەرچییەک بکەین ناتوانین وەکو شوناسنامەیەکی کولتووری و مەیانێکی شارستانی بەهێزبین و ڕاوەستین و کاربکەین و ئامادەبین، گەر بەشێوەیەکی داهێنەرانەو چالاک لەسەر ئاستی جیهاندا بەشداری لە پێکهێنانی ڕووداوە فیکری و کولتوورییەکان نەکەین، ئەم کارە ئەبێتە هۆی ورووژاندنی گرفتە ئەنتۆلۆژییەکان، یان بەرهەمهێنانی بیرێک کە دیوارەکانی زمان و بڕوا ببڕێت، یاخود خستنە ڕووی ڕێگایەکی دەوڵەمەند لە نزیککردنەوەی ڕووداو و دیاردەکان، یان داهێنانی زمانێکی تێگەیشتووانەی نوێ بۆ خوێندنەوەی جیهان، یاخود ئاوێتەکردنی شێوەیەکی بێ وێنە کە ئاسۆیەکی نوێ بەرامبەر بەپەیوەندی و گۆڕینەوەی نێوان مرۆڤ ئەکاتەوە.

بەم مانایە هەر داهێنانێکی ڕۆشنبیری عەرەبی دەوڵەمەندکردنە بۆ ڕۆشنبیری گشتی، هەر داهێنانێکی گرنگی فیکری عەرەبی، ئەوا دەوڵەمەندکردنێک ئەبێت بۆ فیکری مرۆڤایەتی واتە خەڵکی هەموو بەلایانەوە مەبەستە. تەنیا خولّقاندن و بەرهەمهێنان لە بوارێک لە بوارەکاندا، بوارمان پێ ئەدات بەشێوەیەکی جیهانی مومارەسەی تایبەتمەندێتی ڕۆشنبیریمان بکەین، بەڕادەی ئەوەش بوارمان پێ ئەدات لەگەڵ واقیعی ئێستاماندا بەشێوەیەکی ئایندەیی مومارەسە بکەین.



## گۆڕانی دیمەنی جیهانی

لەم ڕوانینەوە بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئایندەدا، لەسەرمانە واقیعی کولتووری عەرەبی و گرفتەکانی بخوێنینەوەو لەبەر ڕۆشنایی ئەو شتە تازانەی کە دێنە کایەوەو ئەگۆڕێن، تاکو نوقمی وەهم نەبین و نەکەوینە نێو نائومێدی و ڕەنجەڕۆییەوە. ئەمەش کارێکە ئەکرێ و هیوای تێدایە: ئەوەی ڕووئەدات بیخوێنینەوە تاوەکو ڕووداوەکان ڕامان نەماڵن و واقیعیش نەمانخاتە پەراوێزەوە.

گومانی تێدا نییە ئەوەی ئەمڕۆ ڕوو ئەدات ئەوەیە ئێمە بەڕاستی لە (جیهانێکی گۆڕاو)دا ئەژین. گۆڕانەکەش گەورەو مەزنە تا ئەو ڕادەی کە مرۆڤایەتی لەگەڵیا ئەچێتە نێو سەردەمێکی نوێوە کە لەگەڵیا هەموو شتە سەرەتاییەکان ئەگۆڕێن و هەروەها نەخشەی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەموو شتێ ئەگۆڕێت: لەگەڵ کات و شوێن، واقیع و حەقیقەت، کولتوورو پیشەسازی ژیان. بەکورتی: ئەوەی چەند ساڵێکە قسەی لەسەر ئەکرێت، ئەو بەجیهانیبوونەیە کە هەیە، بۆ ئەوەی خەڵکی لەبارەیەوە نارێک بن و پێشبینی ئەنجام و کاریگەرییەکانی بکەن.

ئەم گۆڕانە خێرایانە بەتایبەت مەرجەکانی بوون ئەگۆڕن، بەو ڕادەیەش بونیادی درککردن و چوارچێوەی کات و شوێن ئەگۆڕن، هەر بەهەمان ڕادەش بونیادی بەرهەمهێنان و شێوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و پەیوەندییەکانی هێزو کۆنترۆڵ ئەگۆڕێ، واتە هەموو پەیوەندیەکانی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی و فیکری خۆی و جیهان و شتەکان ئەگۆڕێت.

ئێمە لەسەر شانۆی مێژووی جیهانیدا بەرامبەر بەدیاردەیەکی گەردوونی نوێین. لەبەر ئەوەی لەگەڵ کۆمپیوتەرو تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان، جیهانێکی نوێ هەیە خەریکە پێدەگات، چ لە ڕووی فەزاو بوارەکانی، یاخود لە ڕووی بونیادو سیستەمەکانی، یاخود لەڕووی میکانیزمەکانی کارکردن و سیستەمی پەیوەندییەکانی. جیهان پێشتر بەئابووری پیشەسازی و ئامێری سەنگین و شێوازەکانی گواستنەوەی میکانیکی وەک ئۆتۆمۆبیل و کەشتی و فڕۆکە پێک ئەهات. هەروەها جیهان پێشتر لە ڕێگای بیرو بڕوای نووسراوی نێو کتێبەکانی وەک ماتەریالیزم و ئایدیالیزم و سوسیالیزم و ناسیۆنالیست و مارکسیزم یەکی ئەگرت و پارچەپارچە ئەبوو. بەڵام ئەمڕۆ جیهان لە ڕێگای مانگە دەستکردەکان و ڕێگاکانی ڕاگەیاندن و سامانە سیمبولی و تێکستە ژمارەییە چڕوپڕە بێ شومارەکان) دروست ئەکرێ و یەک ئەگرێت، ئەو تێکست و سیمبولانەی بەخێرایی ڕووناکی لە هەر

خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر بەدەوری زەویدا ئەسووڕێنەوە. لێرەوە ئەکتەرو یاریزانەکان لەسەر شانۆدا گۆڕان. ئەمڕۆ کەسانی وەکو بیل گیتس و پیاوانی ئابووری ناس و سەرمایەدارانی ڕاگەیاندن هەروەها ئەوانەی کە شاشەکان داگیرئەکەن وەک هونەرمەند و سیاسەتمەداران جیهان دروست ئەکەن، ئەوان زیاتر لە ڕۆشنبیرانی وەکو شومسکی و جان زیگلەرو ڕوجیە گارودی و تەنانەت فۆکۆیاماش جیهان دروست ئەکەن. دیارە لای ئێمەش لە وڵاتە عەرەبییەکانیش هەروایە. ئەستێرەکانی دنیای سینەماو یاریکەرەکانی تۆپی پێ و سەرمایەدارە نوێیەکان ئەوانەی خەریکی بەرهەمهێنانی بەرنامەی ئەلیکترۆنین، زیاتر کار لە بەسەرهات و ڕێڕەوی ڕووداوەکان ئەکەن لەچاو نووسەرو ڕۆشنبیرو داواچییانی ڕزگاریخوازی بەخۆیان و وتەو پڕۆژە ئایدیۆلۆژییە خەباتگێڕییەکانیانەوە کە ئەنجامی ئەدەن.

ئەم گۆڕانە لە دیمەنی جیهانیدا بەتەواوی ئەبێتە هۆی گۆڕان لە خودی کولتوور. ئێستاش کولتوور چیتر ئەوە نییە کە هەبووە چ لە ڕووی چوارچێوەو ناوەڕۆکەوە، یاخود لە ڕووی نێوەندو ڕێڕەوەکانیەوە لە ڕووی میکانیزمەکانی پێکهاتن و هێزە بەرهەمهێنەرەکانیەوە. یان بەوتەیەکی تر: ئەمڕۆ ئەو کولتوورانەی کە زۆر چالاکن چیتر کولتووری کتێب و ڕۆژنامەو بیرو بڕوا نین، بەڕادەی ئەوەی کە کولتووری کۆمپیوتەرو زانین و وێنەو زانیارە بانکییەکانن. لەبەر ئەوەی بونیادی مەعریفییە ئەکەوێتە ژێر گۆڕین و گۆڕانکاری، بەڕادەی ئەوەش پێویستییەکانی و میکانیزمی بەرهەمهێنانەکانی ئەگۆڕێت. سەیر نییە، هەر گۆڕانێک لە کەرەستەکانی مەعریفە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خودی مەعریفەدا ئەگۆڕن. ڕەنگە ئەمەش بێت ئەمڕۆ بووەتە سەرچاوەی ترس و جیاوازی. ئەمەش سیفەتی ڕووداوی گەورەیە: هەمیشە ڕووداوی گەورە جێگای پرسیارە و بوارێکە بۆ جیاوازی. کەواتە پرسیاری چی ئەکەن و لە چی ئەترسن؟

ئایا ڕاستە ترسێک هەیە لە لایەن بەجیهانیبوون و تەلەفزیۆن و بەزانستبوونەوە (الأعلمة) هەڕەشە لە کولتوور و شوناسنامە و زاکیرە ئەکات؟ ئایا ڕاستە نێوەندەکانی ڕاگەیاندن ئەبنە هۆی وێرانکردنی مانا و لابردنی بەها و داماڵینی بیر لە هێز و چالاکییەکاندا؟

ئەمە ئەو ترسەیە کە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە و بەتایبەتیش لە جیهانی عەرەبیدا پاسەوانانی شوناسنامە و بیروباوەڕەکان و پارێزەرانی کەلەپوورو زاکیرە لێی ئەترسن، ئێمە هەمیشە وا ڕاهاتووین بەزمانی شۆک و ڕووخانەوە بەرامبەر بەڕووداوە چاوەڕوان نەکراوو



پێشبینی نەکراوانەی کە ڕووئەدەن بدوێین. بەرامبەر بە بەجیهانیبوون و نێوەندەکانی ڕاگەیاندنیش هەر هەمان هەڵوێستمان هەیە. بەهۆیەوە لە ونبوون و لەناوچوون و نەمانی کەلتوورو کەلەپوور و ئایندەمان ئەترسین.

ئەوەی پەیوەندی بەمنەوە هەیە نامەوێ هەڵوێستی ڕێنیسانسەکان ئەوانەی تا ئێستا کۆنترۆڵی هەموو ڕۆشنبیرە عەرەبەکان ئەکەن دووبارە بکەمەوە. واتە نامەوێ خۆم لە ڕووداوەکان گێل بکەم و لە پێناوی بەرگریکردن لە شوناسنامەکەم ئینکاری ئەوە بکەم کە ڕووئەدات، بەڵکو لەسەرم پێویستە دان بەڕاستییەکاندا بنێم بۆ ئەوەی بتوانم حەقیقەتی خۆم دروست بکەم. بۆیە نامەوێ ئەو پرسیارە نەزۆکانە دووبارە بکەمەوە وەک پرسیارەکان دەربارەی بەکارهاتنی بەجیهانیبوون و گرنگییەکانی، هەروەها ئەو پرسیارەکانی دەربارەی بەکارهاتنی مۆدێرنیزم و عیلمانیەت و دیموکراتیەتەوە، بەڵکو ئەو پرسیارانە لە ئەهلی پارێزگەران ئەکەم کە دەربارەی حەقیقەتن. بۆیە لە ڕۆشنبیران ئەپرسم و بەو ڕادەیەش لە خۆم ئەپرسم ئایا: ئەو ڕۆشنبیرییە لەم چەند دە ساڵەی دوایەدا بڵاوبوو بەرهەمەکەی چی بوو ئەو ڕۆشنبیرییەی کە ڕاکردن بوو بەدرێژایی ساڵانی خەبات بەدووی پڕۆژەکانی ڕاپەڕاندن و ڕۆشنگەری و ڕزگاری و گۆڕان؟

بێ ئەوەی لە وەڵامدانەوە سڵ بکەمەوە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەڵێم: بەری ئەو ڕۆشنبیرییە بریتی بوو لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو واقیعەی کە مەبەستە بگۆڕدرێ بەشێوەیەکی مۆدێرن بەڵام بەشێوەیەکی خراپتر، واتە زیادبوونی ڕەوانەوەو سەرکوتکردن و ئاژاوەو نابینایی. گەر زیادەوتن نەبێت ئەڵێم دەرئەنجامی پڕۆژە ئایدیۆلۆژییە هەمەچەشن و بەدواییەکا هاتووەکان ئەوەبوو، کە جیهانی عەرەبی بەپێچەوانەی ئەوەی کە ڕۆشنبیران ئەیانویست گۆڕا. ئەوانەی خۆیان بەهەڵبژێردەری ڕووناککەرەو پێشڕەوی پێشکەوتنخواز دانابوو، ئەوان بەفیکرەکانیشیانەوە کەوتنە پاشەڵی کۆمەڵگاوە، بەڕادەی ئەوەش نەزانی خۆیان بۆ دەرکەوت بەهۆی ڕووداو و میکانیزمەکانی گۆڕان. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ڕۆشنبیرانی خاوەن پڕۆژە خەباتگێڕییەکان، لە واقیعدا هیچیان نەکردووە. بەپێچەوانەوە واقیع دەرئەنجامی وەهم و وڕێنەکانی ئەوان بوو لە بارەی ئازادی و دادپەروەری و سۆسیالیزم و یەکگرتنەوە. لەبەر ئەمەش ئەوەی لەسەر زەمینەی مومارەسەدا ڕووی دا بۆ ئەوان چاوەڕوان نەکراوبوو، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە ئێمە مانای وتن و کردەوەکانمان نەدەزانی چییە.

بۆیە ئەو پرسیارەی کە لێرەدا خۆی ئەخاتە ڕوو ئەمەیە: پارێزگاری چ کولتوورێک ئەکەین و بەرگری لە چ بیرێک ئەکەین؟

کولتووره باوەکەمان، بەتایبەت لە ڕووی بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژییەوە بوارمان پێ نادات، چ لای ئەهلی سیاسەت یان لە لای ڕۆشنبیران، چ سەلەفێکان یان مۆدێرنیزمەکان، بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانەو وتووێژانەی بەردار ناکۆکییەکانمان بەڕێوەبەرین، بەڵکو زۆرجار دایەلۆگەکانمان بەشمشێر و تۆپ ئەنجام ئەدەین، نەک تەنیا لەبارەی ئەو بابەتانەی لەبارەیانەوە ناڕێکین، بەڵکو لەبارەی ئەو بابەتانەش کە ڕێکین، هەروەک چۆن ناسیۆنالیستەکان لە بارەی یەکبوونەوە قسە ئەکەن و ئیسلامییەکان لەبارەی ئیسلامەوە. کەچی ئەبینین ڕەهبەرانی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان سەرەڕای جیاوازی ڕەگەزو زمانیان، ئەتوانن ململانێکانی خۆیان لەبارەی بەرژەوەندی و پلەوپایەکانەوەو بەشێوەیەکی عەقڵانی چارەسەر بکەن، ئەمەش بواریان بۆ ئەڕەخسێنێ تا بگەنە ڕێگاچارەیەک هەموو لایەک پێی شادبن. ئابڕووچوونێکی کولتوورییە کاتێک هەندێ لە ئێمە باس لە بەڕۆژئاواییبوون و بەئەمریکاییبوون و داگیرکردنی ڕۆشنبیری ئەکات، کەچی ئەبینین ڕۆشنبیریمان هیچ بوارێکمان بۆ نارەخسێنێ تەنیا لە مومارەسەکردنی جیاوازی دڕندانەو نەفیکردنی یەکتری نەبێت. ڕەنگە ڕۆژئاوا بیەوێ ئێمە وا بەپارێزگاریکراوی بمێنینەوە، چونکە گەر هاتوو ئێمە وەک ئەو بیرمان کردەوە، یاخود هیچ نەبێت بتوانین ڕێگاکانی بیرکردنەوەمان بگۆڕین، ئەوا هاوسەنگی هێز لە نێوانماندا ئەگۆڕێت. وا باشترە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە یاخود بەپیتتر ئەبێ لە ڕووی فیکرییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بونیادە کولتوورییەکەمان و سیستەمەکانی بیرمان کار بکەین، بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت لە وەهمە فیکری و کولتووری و ڕۆشنبیری بەرهەمە رۆشنبیرییەکان. ئەم چوار خاڵەش ئەو خاڵانانەن پێمان باشە بەوردو درشتی باسیان بکەین.

## کولتوور و شارستانی

هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی ئاستی کۆمەڵگا و جۆری کۆمەڵگاکەی چۆن بێت، خاوەنی کولتوورێکە. لەبەر ئەوەی کولتوور سیستەمێکی سیمبولی خاوەن بەها و پێوانەیە بەهۆیانەوە کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو مانایەک بە بوون و ئەزموون و چالاکییەکانی خۆیان ئەبەخشن. بەم مانایە هەر تاکێک کار و پیشەی چی بێت کولتووری خۆی هەیە. بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگاکان و دابەشکردنی کاردا، کۆمەڵە کەسانێک دامەزران



پیشەیان کارکردن بوو لەسەر بەرهەمهێنانی مانا و سیمبول و فیکرەکان، ئەو کەسانە کرێکارانی بواری فیکرن، هەر لە ڕاهیب و بەختگرە کۆنەکانەوە تا ئەگاتە ڕۆشنبیرە مۆدێرنەکان ئەوانەی بەو جۆرە هەڵسوکەوت ئەکەن بەو سیفەتەی ئەوان پارێزگاریکەری حەقیقەت و راستی و دادپەروەرن و، میراتهەڵگری بیروباوەڕ و شوناسنامە و نەتەوەن.

لێرەوە ئەتوانین جیاوازی ببینین لە نێوان دووجۆر لە ئاستەکانی کولتوور: کولتوورێک بەمانا فراوانەکەی بەوەی بریتییە لە پیشەسازی ژیان و ڕێکخستنی بوونی کۆمەڵایەتی، لە ڕێگای سیستەمەکانی ماناو سەرچاوەکانی دەلالەت و سیستەمەکانی سیمبولیزمی ناهۆشمەندی کە خەیاڵی کۆی نەتەوەیەک لە نەتەوەکان یان هۆزێ لە هۆزەکان دروست ئەکات، و هەموو چالاکییە مرۆیی و بەشەکانی بەرهەمهێنان ئەگرێتەوە. هەروەها ئەو کولتوورەی دیکەش بەمانا ئابڵوقەدراو و پیشەییەکەی، واتە وەک ئەوەی ئەهلی بەشەکانی ڕۆشنبیری بەرهەمی دێنن لە نووسەرو زاناو هزرڤان و هونەرمەندان و هەموو ئەوانەی کە لە مەیانەکانی مەعریفەو بوارەکانی کولتووردا کار ئەکەن.

بێگومان لێرەدا بەپێی جۆری کولتووری دەسەڵاتدار پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دوو ئاستەی کولتووردا هەیە، ئەم پەیوەندییەش پەیوەندییەکی کارلێکردن و شپرزەیە. کولتووره بەستەڵەکەکان هەمیشە بەرگری هەوڵی ئەو ڕۆشنبیرە داهێنەرانە ئەکەن کە هەوڵی ئەوە ئەدەن شێوازە داخراوەکان ببەزێنن و مانا باوەکانیش پێشێل کەن و لەو سەرچاوە باوانە دەرچن کە لە کۆمەڵگادا هەیە. بەڵام کولتووری زیندوو ژەمی ژیانی خۆی لەوەوە وەرئەگرێت کە بەڕووی ڕووداوەکان بکرێتەوە و واقیع دیاری بکات، هەروەها بەوەش نوێ ئەبێتەوە کە پرسیارە شڵەژاوەکان بخاتەڕوو و گرفتە ڕاستەقینەکان بورووژێنێت. هەروەها بەبەرهەمهێنانی ڕەسەن و داهێنراو، یان بەکردنەوەی ئەوەی نەکراوەتەوەو لە ئاسۆو مەودادا وێنەی نییە دەوڵەمەند ئەبێت.

ڕەنگە ئەمەش ئەرکی بکەری کولتووری بێت: مومارەسەی چوستوچالاکی فیکری خۆی بەخوڵقاندنی فیکرو شێوازو جۆرو چارەسەرکردنە نوێیەکان بکات. لەبەرئەوەی کولتوور خوێندنەوەی مرۆڤە بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهان و پلەوپایەی لە نێو کۆمەڵگادا، هەروەها جۆرێکە لە چارەسەرکردن و شیکردنەوەی کە مرۆڤ خۆی دایئەهێنێت بۆ گرفتە ئەنتۆلۆژییەکانی و، هەروەها بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونانەی کە واقیع بەسەریاندا ئەسەپێنێ، ئەویش لەگەڵ کات و بەپێی ئادەت و کەش ئەبێ بەشێوەیەک بۆ بوون، لە ناهۆشمەندیدا ڕەگ دائەکوتێت و لە نێو قووڵایی زاکیرەدا جێگیر ئەبێت، ئەبێت بەشوناسنامەیەک مرۆڤ

لەگەڵیا ئولفەت ئەگرێ و لەسەری ڕادێت، گەر ونیشی بکات ئەوا هەست بەناتەواوی و بۆشایی و ترس و بەتاڵی ئەکات. بەمجۆرە بەرهەمی سیمبولی لە وێنەو لەیەکچووەکان، ئەفسانەو سیمبولەکان، نموونە و وەهمەکان کە ئەوەش لە کۆتاییی شیکردنەوەدا بەرهەمێکی مێژوویییە، مۆرکێکی میتافیزیکی وەرئەگرێت کە بەسەر ڕووداوەکاندا سەرئەکەوێ، و ئەشبێت بەسروشتێکی جێگیرو شوناسنامەیەکی بێگەرد (صافیە) کار بۆ پاراستنی لەگۆڕان ئەکات و دژ بەغەریبانیش بەرگری لێ ئەکات.

ئەمەش کارێکە ئەو ڕۆشنبیرانە ئەنجامی ئەدەن، ئەوانەی بەکاریگەری بەجیهانیبوون و گەشەکردنە تەکنیکەکانی ڕاگەیاندن باس لە ونبوونی شوناسنامە و بێ مانایی و بەڕووکەشبوونی فیکرەکان ئەکەن. ئەوان مەودایەکی غەیبی پیرۆز بەو شتانە ئەبەخشن کە مێژوویییە. ئەمەش لە جیاوازییەکانی کولتوری نوێیە. ئەم کولتوورە لەکەسانی داواچی و داواکەرانی مۆدێرنیزمە، بەڵام ئەشیەوێ شوناسنامە لەو ڕووداوەی کە ئێستا ڕووئەدات بپارێزێت. بەڵام ئەوەی گۆڕان ئەسەپێنێت ئەوەیە کە لە بوارەکانی پەیژەی بەها و سیستەمی ماناو نەخشەی بیرکردنەوەدا ڕوو ئەدات، بەڕادەی ئەوەش دیمەنی جیهان و نەخشەی پەیوەندی لەگەڵ بوونەوەرو شتەکان ئەگۆڕێت.

بەمجۆرە ڕۆشنبیر خۆی بە بەرپرسیارێک دادەنێت بەسەر کاروباری ڕۆشنبیری و شوناسنامە و زاکیرە دائەمەزرێنێ واتە وەک کەسێک ئەیپارێزێت لە بەجیهانیبوون و تەلەفزیۆن و مۆدێرنی نوێ. بەمجۆرە ئەو پێکەوە لەگەڵ شوناسنامەدا دژ بەمۆدێرنیزم ئەوەستێتەوە، بەو سیفەتە مامەڵە لەگەڵ کولتوورا ئەکات بەوەی کە دژ بەشارستانیەتە. ڕۆشنبیریش هەروایە، بەتایبەت ڕۆشنبیری جۆری مۆدێرن. ئەو مۆدێرنیزمی ئەوێت، بەڵام مانای قسە و وتارەکانی وا نیشان ئەدەن کەسێکی تا بڵێی ئەسوولییە زیاتر لەو ئسوولیانەی کە خۆی ڕەخنەیان لێ ئەگرێت. ئەو ڕۆشنبیرە گەر ئەیەوێ لەڕێی بەرهەمە فیکری و کولتووریەکانیەوە ببێتە کەسێکی چالاک لە دروستکردنی ڕووداوەکان کەواتە واباشە بۆ لادانی تۆزی سەر کەرەستە فیکرییەکانی خۆی، هەروەها کار بکات بۆ نوێکردنەوەی بەرهەمە کلتووریەکانی ئەگەر بیەوێ کاریگەر بێت لە پیشەسازی و دەستە بەرکردنی دیمەنەکەدا لە ڕێگای بەرهەمهێنانی فیکری و کلتوورییەوە.



## کولتوور و بازاڕ

تیمگەلێک هەن ئەمڕۆ باس لە پاشەکشێکردنی ڕۆشنبیری و چالاکی فیکری بەرامبەر بەلۆجیکی بازاڕو داگیرکردنی شمەک ئەکەن. ئەو کەسانە پڕ بەدەنگ هاوار ئەکەن و ئەڵێن: ئەمە کارەساتێکی گەورەیە کتێب و کارە هونەرییەکان بکرێن بە شمەک بکرێن و تەنیا بۆ کۆمەڵێ شتومەک بگۆڕێن و بخرێنە ژێر میکانیزمی دروستکردن و خستنە بازاڕەوە. زەندەق چوون لە لۆجیکی بازاڕ و میکانیزمەکان و کاریگەرییان بەسەر کولتوورەوە تەنیا ترسێک نییە هەر بەتەنیا لە وڵاتانی عەرەبیدا هەبن. ئەم ترسە لە لای ڕۆشنبیرەکانی دەرەوەش هەن بەتایبەت لای فەرەنسییەکان، ئەمڕۆ فەرەنسێکان بەهۆی بە شمەکبوونی عەقڵ و جەستە و وشە و شتەکانەوە باس لە (مەرگی کولتوور) ئەکەن.

ئەمەش فێڵێکە لە فێڵی ڕۆشنبیران. چونکە ڕۆشنبیری لە کۆتاییدا پیشەسازی و بەرهەمە. عەرەبەکان لە سەردەمی گەشەکردنی شارستانییاندا بە بەشەکانی مەعریفەو زانستییان ئەوت پیشەسازییەکان، بۆ نموونە ئەوترا: پیشەسازی ئەندازیاری، پیشەسازی فیقهی، پیشەسازی فەلسەفە، هەروەها ئەوترا پیشەسازی ڕستن و چەک و بۆنوبەرام. سەیرنییە لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە ناو ئەو هەموو پێناسە زۆرو فرەچەشنانەی کە هەیە بەوە پێناسە ئەکرێت کە کەسێکی پیشەسازکارە.. مرۆڤ لەگەڵ ئەوەی شمەک و شتومەک دروست ئەکات فیکرو وشەش بەرهەم دێنێ، هەروەها پەیکەرو ئاوازیش بەرهەم دێنێ. ئێمە وەک ئەزانین ئەمڕۆ چالاکی فیکری و کاری مەعریفی بەبەکارهێنانی زاراوەکانی وەک ئەدات و تەکنیک و ئامێر پێنتسە دەکرێت، ئەڵێین: ئەدەواتەکانی بیرکردنەوەو ئامێرەکانی تێگەیشتن و تەکنیکە مەنهەجییەکان.

نامەوێ کاری فیکری و هونەری لەوەدا بچووک بکەمەوە تەنیا بریتییە لە کەرەستەیەک، بەڵام هەر کارێک کارکردنە لەسەر مەوادو بەدەستەوەدان و بابەتەکان، بەمەبەستی گۆڕینی هەر بەرهەمێک لە ڕێگای پێکهاتن و شێوە بەخشین. بەم مانایە بەرهەمی ڕۆشنبیری شمەکێکە بۆ مامەڵەکردن و بازاڕ گەرمکردن. بەڵێ هەروەک ئەمڕۆ ئەوترێ دراوێکی سیمبولییە یان سەرمایەیەکی سیمبولییە، بەڵام بۆیە بەرهەم ئەهێنرێ تا بخرێتە بازاڕەوەو بفرۆشرێت. ئەمەش پێویستی بەبازاڕ و گۆڕینەوە و سەرفکردنە.

پێشبڕکێ لە کەرتی ڕۆشنبیریدا لە پێناوی دەستگرتن بەسەر بازاڕدا لەوپەڕیدایە. گەر وا نەبێت چۆن ڕاڤەی ئەو شەڕانە ئەکرێت کە لە نێوان ئەدیب و شاعیران و نووسەران و

فەیلەسووف و فەقیەکاندا ڕووئەدات؟ ساویلکەیی و خۆهەڵخەڵەتاندنە گەر بووترێ ئەم جەنگە لە پێناوی بەرگریکردنە لە حەقیقەت و لە پێناوی پاسەوانکردنی شوناسنامە و بیروباوەڕە. وا چاکترە بوترێ ئەمە ململانێیە لە پێناوی دەسکەوتنی زۆرترین لایەنگر لە نێوان بەرهەمهێنەرانی شیعرو ڕۆمان و بەرهەمهێنەرانی زاراوەو فەتوا و تابلۆ و پەیکەرەکان: هەر بەرهەمهێنەرێ ئەیەوێ زیاتر لەسەر گۆڕەپانی خۆی ناووناوبانگی هەبێت و لایەنگری زۆرتر بێت. لەمەشدا ڕۆشنبیران لەوانی تر باشتر نین. ئەوان زۆر بەتوندی و دوژمنانە هەوڵی دەستگرتن بەسەر بازاڕدا ئەدەن. لە نێو کەرتە تایبەتییەکانی خۆیاندا مومارەسەی سەرکوتکەرانەیان هەیە ئەو بانگەشەکردنە ئاشکرا ئەکات کە بۆ دیموکراتی و پەیامبەری و بۆچوونی عەقڵانی ئەیکەن.

ئەمە ئەو واقیعەیە بەڵام ڕۆشنبیران دانی پێدا نانێن. ئەوان پیشەو کەرتەکانی خۆیان ئەشارنەوە، بۆ ئەوەی باسی ئەوەمان بۆ بکەن کە ڕۆشنبیر لە سەردەمی بازاڕدا تووشی (بە شمەک) بوون ئەبێت. کەچی خۆیان لە ناردنە نێو بازاڕی شمەکە فیکرییەکانیان و بانگەشەکردنیان بۆ دراوە سیمبولییەکانیان زیاتر هیچی تر ناکەن. ئەمەش ڕووی هەڵخەڵەتاندن و ساختەچێتییە. ئەمە هەڵخەڵەتاندنە بەڕادەی ئەوەش ئەو پەیوەندییە دەسەڵاتخوازەی نێو کەرتی ڕۆشنبیری ئەشارێتەوە. ساختەیەکە بەڕادەی ئەوەش مومارەسەکردنی بوونە، بەبانگەشەکردنێک کە نە سیفەت و نەبارودۆخ و نە ناونیشانی هەیە. بەمجۆرە ڕۆشنبیر ڕایئەگەیەنێت کە ئەو خاوەن پەیامە کەچی لە ڕاستیدا خاوەن پیشەیە. ڕۆشنبیران خۆیان بەدەستەبژێرو پێشڕەو دائەنێن، کەچی خۆیان کەرتێکی بەرهەمهێنان پێکدێنن لە نێوەند کەرتە کۆمەڵایەتییەکانی تردا. ئەوان وا خۆیان پێشکەش ئەکەن کە هەڵگری ئاڵای ڕزگارکردن و ڕۆشنگەرین، کەچی ئەوان خۆیان داواکاری دەسەڵات و ئەهلی جیاکاری و هەڵبژاردنن. باجی ئەمەش ئەو پاشەکشەیە کە لەسەر دەستی ڕۆشنبیران خۆیان ڕووئەدات.. مانای وایە قەیرانی ڕۆشنبیری قەیرانێکە ئەو خەڵکانە پەیوەندییان پێوە نییە کە ئابووریناس و سەرمایەدار و دەسەڵاتدارانی بازاڕی دراو و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەڵکو ئەم قەیرانە بەری ئەو وەهمانەیە کە ڕۆشنبیران خۆیان لەبارەی کار و کەرتەکانیانەوە هەیانە. ئەمەش وا ئەکات هەموو بەرهەمهێنەرانی بەشە ڕۆشنبیرییەکان دووبارە چاوبخشێننەوە بەزۆر لەو زاراوانەی کە لە بارەی بارودۆخی ڕۆشنبیرییەوە بەکاری ئەهێنن و باوە، بەتایبەتیش زاراوەی (داهێنان). ئێمە بەرهەم دێنین و دائەهێنین، خەڵکانی دیکەش بەرهەم دێنن و دائەهێنن. چۆن لە ڕۆشنبیریدا داهێنان



هەیە هەروا لە ئابووریشدا داهێنان هەیە و لە سیاسەتیشدا داهێنان هەیە. هەرکەسێک لەسەر خودی خۆی کار بکات بەمەبەستی گۆڕینی پەیوەندی خۆی لەگەڵ واقیع و فیکردا ئەو کەسە بەرهەمهێنەرو داهێنەرە. ئەمەش ئەو کەسانەش ئەگرێتەوە کە کەشوهەوا بۆ پەیوەندی دروست ئەکەن یاخود بازاڕ بۆ گۆڕینەوەی بەپیت ئەکەنەوە. ئەوان بەشداری لە چالاکی شارستانی ئەکەن، هیچ شارستانیەتێکیش بێ بازاڕ نابێت. شارستانی عەرەبیش بەوە جیا ئەکرایەوە کە شارستانی بازاڕ بوو، (بازاڕی عەکاز) یش هەر لە سەردەمی جاهیلییەوە شایەدی لەسەر ئەمە ئەدات، لەو بازاڕەدا بەبەردەوامی شمەک ئاڵوگۆڕ ئەکراو شیعریان تێدا ئەخوێندەوە. کەچی ئێمە ئێمەی ڕۆشنبیرە هاوچەرخەکان ئەوانەی خاوەن پڕۆژەی ڕاپەڕاندنی شارستانین بەسووکایەتی و ڕقلێبوونەوە باسی بازاڕ ئەکەین، ڕەنگە ئەمەش ڕاڤەیەک بێت بۆ سەرنەگرتنی پڕۆژە ڕێنیسانسییەکانمان و ڕاڤەش بێت بۆ پاشکەوتنمان لە ڕووی شارستانییەوە.

## بیر و نێوەندەکان

هەندێ شت هەن ڕۆشنبیران لە کاریگەریەکانیان ئەترسن بۆ سەر کولتوورو فیکر، ئەو شتانەش بریتین لە نێوەندەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن. ئەوان وای ئەبینن کە تەلەفزیۆن سیفەت و نیشانەکانی ڕۆشنبیریی کە بریتین لە خولقاندن و داهێنان دائەماڵێت، هەروەها بەجیهانیبوون بۆ دژایەتیکردنی ئازادی و خەون دێتە ئاراوە لەسەر حیسابی ئایندەو هۆشمەندی پرسیارخوازی ڕەخنەیی.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشنبیران بێزار نابن لە چەندبارکردنەوەی ئەو وتنەی کە کرۆکی ڕۆشنبیری پرسیارکردن و ڕەخنەگرتنە بێزارنابن. ئەوان دواکەسن پرسیاری هۆکارەکانی ئەوگەڕانەوەو ڕووخاندنانە ئەکەن کە ڕوو ئەدات و ڕووی داوە. بۆچی بیرە گەورەکان لەبەردەم ئامێرو نێوەندو سندوقی زانیارییەکان ئەکشێنە دواوە؟ باشە بۆچی پڕۆژەو خەونەکان لەبەرامبەر بازاڕو جانتاکانی بەرژەوەندی و کانتۆرەکانی ژمێریاری هەرەس ئەهێنن؟

بەمجۆرە ئێمە هێرش ئەکەینە سەر کولتووری ئاسان و ڕووکەش، خێراو یەکسەری، لەقوتووکراوو ڕابوێنەر، لاواز و بەتاڵی تەلەفزیۆن، ئەمانەش بەمەبەستی بەرگریکردن لە کولتووری شێنەیی و بنیادنراو و جیددی و قووڵ و بەپیت و دەوڵەمەند و بەهێز و توندوتۆڵ...... بەڵام ناشپرسین: ئاخۆ چۆن ڕووکەشی بەسەر قووڵدا سەرئەکەوێت، هەژار

چۆن بەسەر دەوڵەمەند، لاواز بەسەر بەهێز، و نەزۆک بەسەر بەپیتدا سەرئەکەوێ...؟! بەپرسیارێکی زۆر کورت: چۆن ئەکرێ ئامێرێکی لاڵ و بەتاڵ ببێتە هۆی هەژارکردنی ئەو ڕۆشنبیرییە زیندووەی کە بەری دیاردەکانی ڕۆح و داهێنانەکانی بیرە؟

ئێمە ئەم جۆرە پرسیارە جیددییانە ناکەین؟ کەچی خودی پرسیار لەخۆیدا تایبەتمەندی کولتووری زیندوو کراوەو خاوەن هێزی تازەبوونەوەیە. چون ئەوەی ئەمانەوێت بریتییە لە پارێزگاریکردنی بونیادی ڕۆشنبیری و دەزگا فیکرییەکانمان، بۆ ئەوەی پارێزراوبین لە ڕەشەبای گۆڕاندا. ئێمە لە گۆڕان و گۆڕانکاری و غەیرە ئەترسین، کەچی خۆمان لافلێدەری گۆڕان و نوێکردنەوەین. هەر ئەمەشە کە لە وتارەکانماندا ڕایئەگەیەنین. بەڵام وتاریش نیشانەو هەڵەکردن و جیاوازی خۆی هەیە. ئێمە ئەمانەوێ بگۆڕێین و واقیعیش بگۆڕین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دژ بەمەوادو ئامێرو نێوەندەکان بەرگری لە ڕۆح و جەوهەر و بەهاکانی کولتوور ئەکەین. بەمجۆرە ئێمە بەئایدیالیستی ئەفلاتون و روحانیەتی ئیبن سینا و دیکارت بیرئەکەینەوە. بەو مانایەی ئێمە بڕوامان بەوەیە کە مرۆڤ خودێکی بیرکەرەوەیە بێ جەستەو سەرو مێشک زمان و یاخود بەبێ دەنگ و نیشانەکان خۆ بەخۆی درک بەخۆی ئەکات،. ئەم لۆجیکە لۆجیکی ئەو پیاوەیە کە لە بۆشاییدایە لەو شوێنەی جیهانی بیر بەبێ جیهانی ماددەو شێوەو ڕەنگەکان خۆبە خۆی درک ئەکات.

بەمجۆرە ڕۆشنبیران و بیرمەندان هەرچی کەرەستەیی و تەکنیکییە ڕقیان لێ ئەبێتەوە، بەهۆکاری فیکرەکانیان کە ئەبێتە هۆی جێگرتنەوەی فیکر لە شوێنی واقیعی زیندوو، هەروەها گۆڕینی حاڵەتی ئامادە بۆ کۆمەڵێ زاراوەی پەتی و کۆمەڵێ ئایدیۆلۆژیای ساختە. شایەدیش لەسەر ئەمە خودی (ماتەریالیزم) بەوەی کە ئایدیۆلۆژیایەکە بڕوای بەماددەیە وەک بناغەیەک بۆ جیهان، لە عەقڵی هەندێ لە ڕۆشنبیراندا بووە بەبیرێکی بۆش و بەتاڵ نە زەمینی هەیەو نە جەستە، نە نەخشەی هەیە نە بەرزی و نزمی، واتە بەعەقڵی ئەفلاتونی و لۆجیکی هیغڵی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە بەو سیفەتەی نموونەیەکی باڵا و بیرێکی موتڵەقە. ئەمەش ئەو جیاوازییەیە: مارکسیستەکان ئەوانەی کە ماتەریالیزمن، ئەوان زیاتر لە ئەفلاتون و هیغڵ خەیاڵی و ئایدیالیست تر بوون. ئەوان ئەسیری فیکرەکانی خۆیان بوون، هەوڵیان دا بۆ نموونەی ئایدیالیستی وەفاداربن، کە چی فیکرەکان بریتین تەنیا لە کۆمەڵێ پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا، ئەمەش ئەگۆڕێت و دووبارە شی ئەکرێتەوە بەڕادەی ئەوەش پەیوەندی نوێ لەگەڵ خودی واقیعدا دائەمەزرێنێ.



ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تایبەتمەندی خۆمان بیرچێت، ئێمەین لەگەڵ فیکردا مامەڵە ئەکەین، ڕۆشنبیران خۆیان ئەهلی فیکرن. پێویستە لەسەر ڕۆشنبیر واتە بیرکەرەوە بەشێوەیەکی تایبەت، ئەوەیە لەسەر فیکرەکان و لە ڕێگای فیکرەکان و لە پێناوی فیکرەکان کار بکات، واتە لە پێناوی بەرهەمهێنانی فیکری نوێ و، هەروەها گۆڕینی ڕێبازی بیرکردنەوەو، داهێنانی مومارەسەی فیکری نوێ. بەم مانایە ئەکرێ بوترێ گرفتی بیرکەرەوە گرفتێکی فیکرییە، هەروەها جۆری چارەسەرکردنی بۆ گرفتەکان لەسەر ئاستی فیکری تەواو ئەبێت، هەروەها لە ڕاستگۆیی فیکرییەوە چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی سەرچاوە ئەگرێت، بەم مانایە ئەو بەشداری لە دروستکردنی جیهان ئەکات و بەو ڕادەیەش لە خولڤاندنی ڕووداوە فیکرییەکاندا سەرئەکەوێت.

ئەمەیە تایبەتمەندی پسپۆڕانی بواری فیکر. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ تا بکەوینە نێو ئەو ئەفلاتونیزمەی کە ئەڵێت جیهانێکی فیکری سەربەخۆ هەیە، فیکرە ڕەها و مانا تەنهاکان تێیدا جێگیرن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ جیهان بریتییە تەنیا لە بەرجەستەکردنی زاراوەو تیۆرەکان و وەرگێڕانی فیکرەکان. بەڵێ ڕاستە ئێمە لە ڕێگای فیکرەکان و لە دەرچوونی فیکرەکانەوە جیهان دروست ئەکەین، بەڵام فیکر تۆڕێکی پەیوەندی نێوان شتەکانە. کۆجیتۆی دیکارتیش هەروایە: ئاوێتەیەکی چەمکییە لە نێوان من و بیروبوون، گەر جەستەو دەنگ و زمان و پەڕاو نەبوایە ئەوا ئەویش دروست نەدەبوو. ئەو دیکارتەی وتبووی مرۆڤ (شتێکە بیر ئەکاتەوە) زۆر لەسەر ئەو شتە حەریس بوو کە بەفەڕەنسی بنووسێت، واتە بەزمانی وڵاتەکەی، ئەو زمانەی ئەو کاتە زمانی زانست و بیر نەبوو، هەروەها ئەمەشی بۆ ئەوە نەکرد کە بیەوێ بڵاوبێتەوەو بناسرێت. ئەمەش ئەو لایەنەیە کە لە وتاری دیکارتیدا بێدەنگی لێ کراوە، هەر بەم لایەنە وای لێ ئەو هات وتنە بەناوبانگە ببێتە وتارێکی مەلموس و هێزێکی کاریگەر. بەڵام کەسانی بیرخواز ڕقیان لە نێوەندو کەرەستە و مەواداکان ئەبێتەوە. ئەوان باسی بوونی خودی بیرکەرەوەی بێ جەستەمان بۆ ئەکەن، بێ ئامێرو نێوەندەکان، گەوهەرەکانی مانا و بیر بەرهەم دێنێت.

ئەمەش وەهمێکی گەورەیە، چونکە هیچ بیرێک نییە جەستەیەکی پێوە نەبێت، یاخود چەمکێک نییە وتارێک بەرجەستەی نەکات، لۆجیکێک نییە بێ تۆمارکردن بپارێزرێ، بیروبڕوایەک یان ئایدیۆلۆژیایەک بەبێ شێوازەکانی ڕاگەیاندن و ئامێرەکانی بڵاوکردنەوە بوونی نییە. بەکورتی: هەر لە لقی دارخورمایەک و یەکەمین لاپەڕەوە تا ئەگاتە چاپخانەو کتێب و ڕۆژنامە مۆدێرنەکان تا ئەگاتە تەختە ئەلیکترۆنییەکانی ئێستا و فیکرە بێ

نێوەندو تەکنیکەکان هیچ چالاکییەکیان نییە. بۆیە مرۆڤ بەڕادەی ئەوەی پیشەسازە کەسێکی زانایە، یان باشترە بڵێین زانایە لەبەر ئەوەی پیشەسازە، ئەمەش مانای وایە مەعریفە لە کۆتاییدا پیشەسازییە، ئەمڕۆ ئەو حاڵەتە چی پێ ئەوترێ کە تیایدا بەرهەمە پیشەسازییەکانی مرۆڤ وەک کۆمپیوتەر بریتین لە کۆمەڵە ئامێرێ بەزیرەکی ناو ئەبرێن و تایبەتمەندی فیکرو عەقڵیان هەیە؟

بەهەرحاڵ، نێوەندەکان مەرجێکن بوار بۆ فیکر ئەڕەخسێنن تا بۆ (هێزێکی ماتەریالی) کاریگەر بگۆڕێن، هەروەک ڕیجیش دۆبریە لە زانستە نوێکەی، میدیا، لە بارەی پەیوەندی فیکر بەنێوەندەکانەوە دەری خستووە. ئامێرە فیکری و ئایدیۆلۆژییەکان، هەر چ تایبەتمەندییەک و نیشانەیەکیان هەبێت لە پشتەکە تەکنیکییەکانی جیاناکرێنەوە چونکە بێ ئەو پشتەکانە هیچ دەسەڵات و کاریگەرییەکی نابێت. بەم مانایە ڕیجیس دۆبریە دەری ئەخات کە هۆکاری ڕووخانی مارکسیزم بریتی بوو لە گرنگیندان بەگەشەکردنی تەکنیکی شێوازەکانی ڕاگەیاندن. سیستەمە سۆسیالیستییەکان بەبیری بێ چەک و بێ بوونی شێوازەکانی بڵاوبوونەوە ڕووبەڕووی داگیرکردنی ڕاگەیاندنی داماڵێنەر ببوونەوە.

سەرەڕای ئەمەش نێوەندەکانیش خۆیان بەرهەمی خودی فیکرەکانن. دەربارەی تەلەفزیۆن و چاپخانەو کۆمپیوتەریش هەروایە. کارەکە تەنیا شێوازەکانی ڕاگەیاندن و تەکنیکەکانی پەیوەندی ناگرێتەوە بەڵکو هەموو ئەدەوات و شتومەکەکانیش ئەگرێتەوە. ئەو چەکەی یەکتری پێ ئەکوژین بەری بیرو باوەڕەکانی وەک شۆڕش و ڕزگارییە. دیارترین نموونەش لەم بارەیەوە چەکی کلاشینکۆفە، ئەم چەکە ئەوانەی شانازی پێوە ئەکەن لە هەڵگرانی دروشمە شۆڕشگێڕی و خاوەن ئایدیۆلۆژییە خەباتگێڕییەکان، تا ئێستا لە بازاڕدا هەروەک لە ڕۆژنامەکاندا خوێندمانەوە هەفتا ملیۆن پارچەی لێ فرۆشراوە، بڕوا ناکەم کتێبەکانی هیغڵ و تەنانەت مارکسیش ئەم ژمارەیەی لێ فرۆشرابێت.

ئێمە ئەم ئامێرە وێرانکەرە لە بیرئەکەین کە بەرهەمی فیکرمانە، بۆ ئەوەی باس لە خراپییەکانی تەلەفزیۆن و سندوقی زانیارییەکان بکەین، کەچی تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر ئاستی بڵاوکردنەوەی زانین گەلێک سوودی مەزنیان هەیە. بیل کلینتۆنی سەرۆکی ئەمریکی لە وتاری دامەزراندنی بۆ دووەم جار بەسەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وتی، ئەو ئەیەوێ بودجەی لێکۆڵینەوەی زانستی بەڕێژەی بیست لە سەدا زیاد بکات، بۆ ئەوەی هەر قوتابییەکی ئەمریکی هەلی ئەوەی بۆ بڕەخسێ تا سوود لە زانینەکانی جیهان لە ڕێگای تەکنیکە مەزنەکانی پەیوەندییەوە وەربگرێت.



لەمەش زیاتر: ئەم نێوەندانەی ئێستا خەریکە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەرهەمە ڕۆشنبیری و هونەرییەکان ئەگۆڕن و چیتر تەنیا شێوازێک بۆ پاراستن و بڵاوکردنەوە نین، بەڵکو وایان لێ هاتووە کاریگەری و چالاکی خۆیان بەسەر خودی بەرهەمە ڕۆشنبیرییەکان هەبێت، لەبەر ئەوەی بەهۆی کۆمپیوتەرو پێکهێنانی ژمارە ئەلیکترۆنییەکانەوە بواری ئەوە ئەڕەخسێت جیهانگەلێکی ئیحتیمالی دروست بکرێت. نموونەشمان بۆ ئەمە ڕۆمانە، لە پێشدا خوێنەری ڕۆمان لە کتێبدا بەس بوو کە دوای ڕووداو و ڕۆڵی کەسایەتییەکان بکەوێ. بەڵام ئەمڕۆ توانای هەیە جیهانی ڕۆمانێک دروست بکات کە بەئارەزووی خۆی کەسایەتییەکان هەڵسووڕێنێ، بەبوونی تەکنیکی ئەلیکترۆنی ئەتوانێ ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە جیهانی پێکبێنێ لە ڕێگای تێئاخنینە ژمارەییەکان. بەمجۆرە توانای خولقاندنی جیهان لەگەڵ نێوەندە ئەلیکترۆنییەکان و پێکهاتە ژمارەییەکان زیاد ئەبێت لە چاو ئەو توانایەی پێکهاتەکانی پیت و وشەکان بۆ فەراهەم ئەکەن.

لەمەش گرنگتر نێوەندە ئەلیکترۆنییەکان پێشبڕکێ لەگەڵ مرۆڤ ئەکەن و جێی ئەو ئەگرنەوە لە خوێندنەوەی دەستکەوت و شیکردنەوەیان. هەروەک ئەمڕۆ وەسفی ئەکەن بەتەواوی لە(تۆڕێکی بیرکەرەوە) ئەچێت. ناونیشانی نوێترین ئەو پەرتووکانە شایەدی لەسەر ئەمە ئەدەن کە پێمان ئەڵێن: (نێوەندەکان بیرئەکەنەوە)، یاخود باسی شێوەی ڕێنماییکەرەکانمان لە مێشکە دەستکردەکان بۆ ئەکەن. بەمجۆرە کەرەستەکان ئەکرێن بەفیکر بەپێی ئەوەش فیکرەکان بەتەکنیک ئەکرێن. بەمجۆرەش لەگەڵ شۆڕشی زانیاریدا ڕووخانی دووانەی ماتەریال و فیکر پڕئەکرێتەوە، یان هیچیش نەبێت بەلای کەمەوە داوای دارشتنەوەی گرفتی فیکرو کەرەستە ئەکات، ئەویش بەوازهێنان لە چەمکی کەرەستەیی بۆ کەرەستەو وازهێنان لە چەمکی ئایدیالیزمی فیکرەکان، واتە مامەڵەکردن لەگەڵ مێشک مامەڵەکردنێکی ئامێری یا لەگەڵ کۆمپیوتەردا مامەڵەکردنێکی فیکری.

## ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ڕۆشنبیر

ئەمەیە کە ئەمڕۆ ڕوو ئەدات. هەرچییەکیش ڕوو ئەدات پرسیارو ڕووداوی خۆی هەیە. ئایا ئەبێت بۆ بەها بگرین و وەسفی سەربەستی و ئازادیمان بکەین؟ گەر تەکنیکەکانی پەیوەندی و ڕێگاکانی ڕاگەیاندن بەکارنەهێنین چ ئایندەیەک دروست ئەکەین و چۆن بەرگری ئەکەین و خۆڕاگر ئەبین؟ شتێکی نایابە گەر خەون بەشینایی ئاسمان و فراوانی بیابانەوە ببینین، بەتایبەت بۆ کەسانێکی وەکو ئێمە کە لە سەردەمی کێڵگەوە چووینەتە

نێو سەردەمی کۆمپیوتەرەوە بێ ئەوەی بەسەردەمی کارگەدا تێپەڕین. بەڵام بازدان بەسەر بەجیهانیبووندا مەحاڵە، ئەم بەجیهانیبوونە بەپلەی یەکەم دیاردەیەکی ڕاگەیاندنە بوار بۆ نەهێشتنی سنووری نێوان مرۆڤ ئەڕەخسێنێ، هەروەها توانایەکی بێ شومارمان ئەخاتە بەردەست بۆ ئەوەی بەکاری بهێنین و بیخەینە گەڕو سوودی لێ ببینین.

گومانی تێدا نییە نێوەندەکانی ڕاگەیاندن ئەوەندە بەرزبوونەتەوە لە ڕووی گەشەکردن و ئاڵۆزی و کارتێکردن وای لێ هاتووە بووە بەڕوویەک دەسەڵاتیان گرتووە بەسەر هەموو ڕووداوەکان. هەیە ئەمڕۆ ئەڵێت دەسەڵاتی ڕاگەیاندن بووە بەیەکەمین دەسەڵات. بێگومان ڕووداوی ڕاگەیاندن وەک هەر ڕووداوێکی دیکە کاریگەری و ئەنجامی خۆی هەیە: ئەم دیاردەیە شتە چەسپاوەکان بەیەکدائەدا و ئەو شتە جێگیرانەی لە نێو عەقڵدا جێگیرن ئەیانشلەژێنێ.. بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداو بەنەفیکردن نابێت بەڵکو ئەبێت بخوێنرێتەوەو دەستنیشان بکرێت. بواری گەڕانەوە نەماوە، ئەوەی ئەکرێ و سوودی هەیە ئەوەیە ئەبێ لە سەرچاوەی ڕووداوی ڕاگەیاندنەوە دەربپەڕین، بەدووبارە چاوخشاندن بە بەدیهییەکان ئەوانەی هۆشی پێ بونیاد ئەنرێت، هەروەها چاوخشاندن بەو نموونانەی کە خەیاڵ دروست ئەکەن، ئەو پێوانانەی کە بوونی کۆمەڵایەتی ڕێک ئەخەن. ئەم ڕووداوە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو شتەکان ئەگۆڕێت، تەنانەت پەیوەندیمان لەگەڵ خودی بەرهەمی ڕۆشنبیری.

لێرەوە چیتر ڕۆشنبیر توانای مومارەسەکردنی نوێنەرایەتی فیکری خۆی بەسەر کۆمەڵگا و سەرپەرشتی ئەخلاقی بەسەر خەڵکیدا نییە. ڕۆشنبیر لە سەردەمی هۆکارەکان نێوەندێکە لە نێوان خەڵکی، بەشداری لە دروستکردنی نێوەندێکی فیکری یان جیهانی مەفهومی یان کەشی پەیوەندی ئەکات، واتە ئەو شتانە دروست ئەکات کە تواناکانی پەیوەندی و گۆڕینەوەو یەکترناسین زیادئەکات. بەڵام ڕۆڵی دەستەبژێری ڕزگارکەرو ڕۆشنگەر، بووەتە هۆی جیاوازی و سەرکوتکردن و هەڵبژاردن و دابڕاوی لە خەڵک و کۆمەڵگا. بەگشتی نموونە بڵاوەکانی مرۆڤگەری سەردەمی ڕۆشنگەری چیتر بەکەڵکی خوێندنەوەی ئەو ڕووداوانە نایەن کە ڕوو ئەدەن. بەڵکو ئەو نموونانە وزە و ڕاستگۆیی خۆیان لەدەست ئەدەن، هەروەها ئەو نموونانەش وزەی خۆیان لە دەست ئەدەن کە ڕۆشنبیران نوێنەرایەتی ئەکەن. لەگەڵ لەناوچوونی جیهانی مۆدێرنیزم ئەو شێوە مرۆڤایەتییەی کە بەمیراتی ماونەتەوە و ئەو نموونە ڕۆشنبیرییە زاڵانەو ئەرکە مێژووییە تەوباوییانەش کۆتاییان دێت، بۆ ئەوەی شێوەو نموونە و ڕۆڵی نوێ پێکبێت و کۆنەکان لابەرێ و لە شێوەی نوێی



کاری مێژوویی و ڕۆشنبیریدا بیانگرێتە خۆی. بەکوردی و بەکورتی: ئەوەی پێم وایە ئەکرێ بکرێت ئەوەیە کە کار بۆ داهێنانی مرۆڤایەتییەکی نوێ بکرێت و بوارمان پێ ئەدات کە هاوسەنگییەک لە نێوان کولتوورو شارستانییەتدا، لە نێوان بەها و ئەداتدا، فیکرو نێوەندەکان، مانا و شمەکەکان، مرۆڤ و سروشتدا... دامەزرێنین.

**مراجع**


١- ريجيس دوبرية، محاضرات في علم الأعلام العام، الميديولوجيا، ترجمة فؤاد شاهين وجورجيت الحداد، دار الطليعة، بيروت، ١٩٩٦، المحاضرة الثالثة ص , ٤٤

٢- سيرج لاتوش، تغريب العالم، ترجمة هاشم صالح، المؤسسة العربية للنشر والإبداع، الدار البيضاء، ١٩٩٣، الثقافة ضد الحضارة، ص , ٦٩

٣- محمد بنيس، شكرا لعالمنا، مقالة منشورة في جريدة (الحياة)، الأُربعاء، ١٢ شباط , ١٩٩٧

٤- بول شاوول، ثقافة تتتلفز، مقالة منشورة في جريدة " النهار"، الاربعاء، ٢٩ كانون الثاني ١٩٩٧,

٥- محمد نورالدين أفاية، الثقافة العربية بين الأعلام ، جريدة " السفير" الجمعة ٣١ كانون الثاني ١٩٩٧,

٦- السوق وعالمة، كليفورد غيرتس، قراءة أبو بكر باقادر، مجلة " الاجتهاد" العددان ٣٤/٣٥، ١٩٧٧، ص , ٤٢٩

٧- إنياسيو رامونية، تسليع العالم، مجلة لوموند ديبلوماتيك، طريقة في النظر (نشرة فصلية)، عدد خارج السلسلة، آذار ١٩٩٧ .

## خوێندراو ڕووبەڕووی بینراو

### پەرتووک لە نێوان زەمەن و هۆکارەکانی(*)

ئەمە خوێندنەوەیەکە بۆ کاریگەرییەکانی شۆڕشی زانیاری بەسەر واقیعی پەرتووک و ئەنجامەکەی، شۆڕشێکیشە زۆر پرسیاری جۆراوجۆر و پەرچدانەوەی جیاواز ئەورووژێنێ. ئەو پرسیارە مەرکەزییەی کە لە زەیندا ئەسووڕێتەوە ئەمەیە: هەروەک هەندێ ئاگادارمان ئەکەنەوە ئایا وشە بەرامبەر بەوێنە پاشەکشە ئەکات؟ ئایا پەرتووک کۆتایی خۆی تۆمار ئەکات یاخود لەدایکبوونێکی نوێ لەگەڵ سەردەمی بینراو و بیستراودا بەخۆیەوە ئەبینێت، ئەویش بەوەرگرتنی شێوەی نوێ و ئەرکی نوێ؟

مادام قسەکردن لەسەر سەردەمی پەرتووکە ئەوا قسەکەم بەوتەیەکی کۆن دەست پێئەکەم کە کاتی خۆی عەرەبەکان لە بارەی گرنگی پەرتووکەوە وتوویانە ئەو وتەیەش ئەمەیە:

باشترین هاوڕێ لە هەموو زەمەنێکدا کتێبە

لە چاو ئەو زەمەنەی کە تێیدا کتێب (باشترین هاوڕێ و هاودەم بوو) ئێمە ئێستا لە کوێین؟ گومانی تێدا نییە کە زەمەن گۆڕاوەو ئەم زەمەنە ئەوە نییە کە تیایدا ئەژیاین: ئێمە ئێستا زیاتر بەرامبەر بەتەلەفزیۆن دائەنیشین وەک کتێب. ئێستا هەر دیقەتی وێنە سەرنج ڕاکێشەرەکان ئەدەین لە کاتێکدا پێشتر بەدیار وتنە دڵخۆشکەرەکانەوە شەومان بەسەر ئەبرد. هەندێک لە ئێمە وازیان لە ئادەتی نووسین لەسەر پەڕاو و بەپێنووس و مەرەکەب هێناوە، بۆ ئەوەی نووسینەکان لە ڕێگای پەنجەو دوگمەو لەڕێی کۆمپیوتەرو یەکە هەوایییەکانەوە ئەنجام بدەین.

ئایا ئەبێ بۆ زەمەنی بەسەرچوو شیوەن بگێڕین و بەزمانی ڕابردوو بدوێین هەروەک چۆن زۆر کەس ئەیکەن لەو کەسانەی وەسفی مەرگی ڕۆشنبیریمان لەسەردەمی نێوەندەکاندا بۆ ئەکەن؟ ئایا ئەبێت بڵێین ئامێرەکانی تەلەفزیۆن بریتین لە کۆمەڵێ کەناڵ بۆ

* وتارێکە لە حەوتەمین پیشانگای نێونەتەوەیی بۆ کیتاب، لە دار ئەلبەیزا، تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ خوێندرایەوە.



پەرشکردنەوەی توندوتیژی هەروەک ئەوەی جارێکیان کارل بوبەر وتبووی؟ یا لەگەڵ بیاربۆردیوو ئەو وتەیە دووبارە بکەینەوە کە تەلەفزیۆن ئامێرێک نییە بۆ پەیوەندی بەڕادەی ئەوەی ئامێرێکی مەزنە بۆ دەست بەسەراگرتن (کۆنترۆڵکردن)؟ یاخود لەگەڵ دکتۆر جابری لە سەردەمی بەجیهانیبوون و زانینەی گەردوونیدا لە بەڕووکەشیبوونی هۆش و لێزەوتکردنی ئیدراک و بڕینی ڕۆشنبیری و شوناسنامە بترسین؟

ئەم بۆچوونە هەڵوێستی من نییە بەرامبەر بەم دیاردەیە، هەروەها ئەمەش پەیڕەوی من نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەسەرهاتدا. بەڵام هەوڵ ئەدەم ئەوەی ڕووئەداو تازە دێتە کایەوە، لێی بگەم و واقیع دەستنیشان بکەم، یان بۆ ئەوەی گرفتەکان تەدبیرکەم و بەمێشک لێیان بگەم. ئێستا ئێمە لە ڕووداوەکانی شۆڕشی تەکنیکی ئەژین و ئەم ڕووداوانەش گۆڕانی مێژوویییە لەگەڵیا بوارێکی مەزن ئەکرێتەوە بەشداری لە گۆڕینی شێوەکانی بیرکردنەوەو شێوازەکانی ژیان و سیستەمەکانی پەیوەندی ئەکات، بەڕادەی ئەوەش ئەمانخاتە نێو زەمەنێکی نوێوە لە زەمەنەکانی نووسین و خوێندنەوەو مەعریفە. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دیاردەیە بەعەقڵی ئایدیۆلۆژی خەباتگێڕانە بێ سوودە. پێشترین کارێ ئەبێ بیکەم ئەوەیە لە بارودۆخی بوونم بکۆڵمەوە بۆ ئەوەی بچمە نێو ئەم زەمەنەی ئێستاوە، وا باشترە بەزمانی تێگەیشتنی ڕووداوەکان لەگەڵ ڕووداوەکان مامەڵە بکەم، بۆ ئەوەی بەشداری لە گەمەکە بکەم و ببم بەیەکێک لە بەرهەمهێنەرانی بەجیهانیبوون و زانینەو تەکنیک.

ئەوەی ئێستا ڕووئەدات پەیوەندیمان بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ زەمەندا و بەشێوەیەکی تایبەتی لەگەڵ کتێبدا ئەگۆڕێت. کتێب لە ڕووی تەکنیکییەوە بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە ئەو سێ قۆناغەش بریتین لە سێ زەمەنەکەی: زەمەنی لەبەرگرتنەوە بڵاوکردنەوەو پەخشکردن، ئەم زەمەنەش ڕووبەڕووئەبێتەوە لەگەڵ سێ سەردەمی مەزن کە مرۆڤایەتی بڕیوێتی لە ڕووی جۆری بەرهەمهێنانەوە ئەو سێ سەردەمەش بریتین لە: سەردەمی کێڵگە و کارگەو کۆمپیوتەر.

### زەمەنی لەبەرگرتنەوە

لەگەڵ دەستپێکردنی شارستانیدا ئەم زەمەنە دەستی پێکردووە، بەوێنەکێشانی سەر بەرد و نووسینی سەر گەڵای پاپیرۆس(الورق البردي) و نووسین بە وشەی مسماری. گومانی تێدا نییە کە لەبەرگرتنەوە لەگەڵ داهێنانی مەرەکەبدا بازدانێکی جۆری بەخۆیەوە بینی

ئەمەش یەکەم جار بواری بۆ مرۆڤ ڕەخسان تا کتێبەکان بەپێنووس و پەڕ بنووسێتەوە. بێگومان لەگەڵ گەشەکردنی پیشەسازی پەڕاودا ئەم کارە زیاتر گەشایەوە. بەتایبەت ئەمەش بەجوانی لە سەردەمی ئیسلامدا ڕوون بووەوە، ئەو کاتە پیشەی پەڕاوچییەکان (الوراقين) پەیدابوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنن ئەو سەردەمە بەڕاستی سەردەمی لەبەرگرتنەوەیە.

ئەم زەمەنە بەزمانی ئەلفین توفلەر کە زەمەنی کێڵگەیە، بەزمانی ڕیجیس دۆبریە زەمەنی بواری گوفتاری. لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و نیشانە سەردەمی پیرۆزی و سەرزاری، واتە سەردەمی پەیام و قسەکردنی ماڵەوەیە، بەڕادەی ئەوەش سەردەمی وەرگرتن و گوێگرتنە. بۆیە ئەو کاتە دەسەڵات بۆ داوا ئاینییەکان بوو کە لە سیستەمە تیۆکراتییەکان و ئەو تەشریعاتانەی کە درابوونە پاڵ مافە خواییەکان بەرجەستە ببوو. سەردەمی پیرۆزی سەردەمێکی بازنەییە پێشکەوتن نازانێت، حەقیقەتیش کرۆکێکی جێگیرە نە ئەگۆڕێت و نە لەناوئەچێت. کەواتە هەموو پشتبەستنێک بەڕابردوو، بەئەفسانە دانراو و نموونە ئسوولییەکانی. بێگومان لێرەدا بزووتنەوەکە شێوەی سەرکەوتن و بەرزبوونەوە ئەگرێتە خۆی بۆ یەککگرتن لەگەڵ مەبدەئی جیاوازی و نموونەی باڵا، زەمەنەکە بەوەی کە زەمەنی میتافیزیقییەکانە زەمەنی غەیبانیەتیشە، لەبەر ئەوەی فیکر لە نێوان ڕەسەن و نموونەدا ئەمبەرو ئەوبەرێتی، و ڕۆح بەسەر جەستەدا زاڵەو ماناش بەسەر نوتق و وێنە بەسەر ماتەریاڵ و وتراو بەسەر نووسراودا.

ڕاستە خاوەن ئایینەکان خاوەنی کتێبن، هەر کتێبێکیشیان تیایدا نهێنییەکانی دروستبوون و چیرۆکی بەرپابوون ئەخوێنرێتەوە. بەڵام لێرەدا دەسەڵات بۆ وشەو ئاخاوتنە زیاد لە تۆمارکردن و نووسینەوە. کەواتە وشە سەرەتایە، و هەر ئەویش فەرمانە. وشەش هەروایە ئەو خاوەن مۆرکێکی پیرۆزو نموونەییە، وشە لە کاتی نووسینەوەیدا ئەبێت بەتێکستێ یان کتبێک کە ئەبێت بپارێزرێ و بەرگری پێشێلی لێ بکرێت. بەهەر حاڵ لێرەدا وشە نهێنییەکە نابێت بۆ هیچ کەسێک ئاشکرا بکرێت، یاخود حیکمەتێکە ئەبێت نەیدەیتە کەسانی تر. لەم هەڵوێستەدا زانا ئایینییەکان لەیەک ئاستن لەگەڵ ئیمامەکانی فەلسەفە وەک ئەفلاتون و غەزالی و ئیبن ڕوشد ئەوانەشی کە ڕایانگەیاند کە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان بۆ گەل و ڕەشەخەڵک شتێکی جوان نییە. لێرەوە دووانەی تایبەت کە درک بە شتەکان ئەکات و ئەزانێت واتە ماناکان ئەزانێت لەگەڵ گشتی کە لەسەرێتی گوێڕایەڵ بێت و ئیتاعەت بکات، دوانەیەکە چیتر هێزی ئەوەی نییە درک بەڕاستییەکان بکات.



بەمجۆرە لە سەردەمی لەبەرگرتنەوەدا زەمەن زەمەنی مانایە، ئەو زەمەنە زەمەنی بناغەو جەوهەرە، بەڵام نووسین عەرزێکی بەسەرچووە، ئەمەش وای لێ ئەکات لەچاو مانای تەنهاو جیاوازکەرەوەو ئەوەی لە خودی باڵادایە لە پەیژەی بووندا لە پاینترین پایەدا بێت. کەواتە لە سیفەتەکانی ئەم سەردەمە بریتییە لە کەمکردنەوەی بڵاوکردنەوە، زیادبوونی ڕاڤەو شەرحەکان، سەرەڕای ڕق لێبوونەوەی جەماوەر و تولەکردنەوە لە بوونی پەرتووک. ئەمەش ئەو جیاوازییەیە کە خۆی ئەخاتە بەردەست ئەوکەسانەی ئەمڕۆ لە سەردەمی نێوەندو بازاڕەکان باس لە کەمبوودی مانا ئەکەن: زیادکردن لە شان و شکۆی مانا خەڵکی بەڕقلێبوونەوە ڕووبەڕووی ئەبنەوە ئەوانەی وەکو نەعامەن و ڕێ ونکەرن، هەروەها ئەوانەی کە ئیمبرتۆ ئیکۆ لە کتێبی: ناوی گوڵ دا وەکو داگیرکەری مەعریفە باسیان ئەکات.

## سەردەمی بڵاوکردنەوە

دووەم سەردەم سەردەمی چاپ و بڵاوکردنەوەیە. ئەم زەمەنەش لەگەڵ دۆزینەوەی چاپ لە لایەن (گوتنبێرگ)ەوە دەستی پێ کرد. چاپ شۆڕشێکی تەکنیکییە، کاتی خۆی کودەتایەکی ترسناکی لە ئەرک و ڕۆڵی پەرتووکدا بەرپاکرد، بەهەمان ڕادەش بووە هۆی گۆڕینی نێوەندو تۆڕەکانی بەکارهێنان. پەرتووک لەگەڵ چاپ کردندا چیتر سیفەتێکی تایبەت بەزانایان و کۆگاکانی نهێنی نەبوو، بەڵکو بەهۆی لەبەرگرتنەوەکردنی ئامێریانە لەسەر ئاستێکی بەرفراوان پەرتووک چاپ و بڵاوئەکرێتەوە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی لە نێو جەماوەردا. لێرەوە لە نهێنی وشەوە بۆ بڵاوبوونەوەی مەعریفە ئەچین.

ئەم زەمەنە بەزمانی توفلەر پێی ئەوترێ زەمەنی کارگە، هەروەها بەزمانی دوبریە پێی ئەوترێ سەردەمی بواری پەرتووک، ئەم زەمەنە تیایدا چاپەمەنی وەک نێوەندێکی ڕاگەیاندن بواری بەبڵاوکردنەوەی زانیاری و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکان و دەرکەوتنی ئەنسکلۆپیدیاکان دا، بەهەمان ڕادەش بەشداری لە دروستکردنی مەرجەکانی دامەزراندنی کۆمار و لە دایکبوونی دیموکراتی و بیرۆکراتییە نوێکاندا کرد.

بۆیە لێرەوە گۆڕانکارییە سەرەکییەکە لە کتێبی پیرۆزەوە تەواو ئەبێت بۆ عیلمانیەت و گێڕانەوە عەقڵانییەکان، بەو مانایەی کە گواستنەوە ڕوو ئەدات لە ڕەعیەوە کە گوێ ئەگرێت و وەرئەگرێت یان فەرمانی بەسەردائەدرێت و گوێڕایەڵە بۆ ئەو هاوولاتییەی کە کتێب و ڕۆژنامە ئەخوێنێتەوە، ئاگای لە ڕووداوەکانەو مەسەلەکان شی ئەکاتەوەو گفتوگۆ ئەکات، دەرئەنجامی ئەو دڵنیاییانەی لای دروست ئەبن هەڵوێست وەرئەگرێت، ئەمەش

لەو بەشدارییانەدا بەدەر ئەکەوێت کە لە کاتی بەشداریکردنی لە ڕیفراندۆم و هەڵبژاردە گشتییەکاندا بەئەنجامی ئەگەیەنێت. ئەمە زەمەنی ڕۆشنگەرییە، تیایدا تاک بەئازادبوونی لە دەسەڵاتی لاهووت لە ڕێگای ڕەخنەی عەقڵانی و خزانە نێو دایەلۆگە گشتییەکانەوە مومارەسەی سەربەخۆیی فیکری خۆی ئەکات.

ئەم زەمەنە زیاتر لەوەی زەمەنێکی بازنەیی هەتاهەتایی بێت زەمەنێکە بەرەو باڵا چووە و بەرەو پێش ئەچێت. لێرەشدا، لە ژێر کۆمەڵێ ناونیشان و دروشمدا کە ڕۆمانە مەزنەکان بەرجەستەی ئەکەن تەرکیز ئەخرێتە سەر پیشەسازی ئاینده، واتە سیناریۆکانی پێشکەوتن و ئەفسانەکانی ئازادی و ئایدیۆلۆژییەکانی دادپەروەری. ئەوانەشی لە پێشەوەی پێشەوەن، قەشەو فەقیەکان نین بەخۆیان و فەتواو ڕێپیشاندانەکانیانەوە، بەڵکو نووسەرو ڕۆشنبیرە عیلمانییەکانن بەخۆیان و وتارو گفتوگۆکانیان و ئایدیۆلۆژییە پێشکەوتخوازە ڕزگاریخوازەکانیان. ئەم سەردەمە سەردەمی ئایدیۆلۆژیایە، بەڕادەی ئەوەش تا ڕادەیەکی بێ وێنە سەردەمی پەرتووکە، ئەو پەرتووکەی بریتییە لە کەرەستەی زانینی پڕ تەندروستی و کۆگای ڕاستی یەقیندار، بەهەمان ڕادەش ئامێری ڕزگارکردن و گۆڕانە.

ئایدیۆلۆژیا تیۆرێکە بۆ هۆش، هۆشی تاک و کۆمەڵگا بەخۆی و شوناسنامەکەی، بەپلەو پایەی کۆمەڵایەتیی و دەورە مێژووییەکەیەوە. ئەم ململانیە ئایدیۆلۆژیەکانی بواری بیروباوەڕ کە ململانێی نێوان شێوە جیاوازەکانی هۆشە، و جیاوازی نێوان تیۆر و دژایەتی نێوان مەزهەبەکان بەرجەستە بکات، ئەوە پرۆژە ئایدیۆلۆژییەکان دوولایەنەن ئەو پرۆژانەی مۆرکی دۆگمایی و ئامانجی پەیامبەری و ڕزگارکەریان هەیە، بەو مانایەی لە لایەک هۆش بەرهەم دێنێ و ئەیگوێزێتەوە، بەڕادەی ئەوەش ئەبێتە هۆی ڕێ ونکردن و تێکدان، بەتایبەت کە مێژوو و ناهۆشمەندی و وەهم و هەڵخەڵەتاندن ڕۆڵیان لە پێکهێنانی هۆش و بڕیارەکانی عەقڵ و بەڕێوەچوونی مێژوو هەیە.

گومانی تێدا نییە ئایدیۆلۆژییەکان بوون بەهۆی گۆڕینی مێژوو، بەڵام گۆڕینەکە بەو شێوە نەبووە کە خاوەنەکانیان ویستوویانە یاخود بەو جۆرەی خەڵکی چاوەڕوانی لێ کردوون. لەم سەدەیەدا دوو جەنگی جیهانی بەرپابوون، گەلان لە وڵاتانی خۆیان دەربەدەر کران و، هەندێ گرووپی کۆمەڵایەتی بەیەکجاری بنبڕ کران، هەندێ قەسابخانەی مرۆیی بەرپاکرا کە مێشک قبوڵیان ناکات، سەرەڕای ئەو هەموو کارە دڕندانەی لەژێر پەردەی پێشکەوتنخوازی و ڕزگاریخوازی و، بەهۆی تیۆرەکانی هۆش و ئیمپریالیزمی مانا و فەلسەفەکانی شوناسنامە و داوا ئسوولییەکان بەرپاکران.



بێگومان لەم بارەیەوە نامەوێ زێدەڕۆیی بکەم واتە نابێ هەرچی بەرپرسیاری شۆڕش و تەقینەوەکان هەیە بیخەمە ئەستۆی پەرتووک، یان فیکرەکان بەبەرپرسیاری تاوانبار بکەم بەرامبەر بە بەرپابوونی ململانێ و جەنگەکان، بۆ ئەوەی وەکو گرووپی (فیکری ئەمنی)مان لێ نەیەت کە لەم دواییە خوێندمانەوە، تا وەک وەکو ئەو کابرایەمان لێ نەیەت کە جارێکیان بەڕووی ڕیجیس دۆبریە دا هاواری کردو وتی کتێبەکەی تۆ (شۆڕش لە نێو شۆڕشدا) منی گەیاندە زیندان.

بەم مانایە من لەگەڵ ئەوانە نیم کە ئەڵێن شۆڕشی فەرەنسی فەیلەسووفەکان بەفیکرو پەرتووکەکانیان دروستیان کرد، بەڵکو وای ئەبینم ئەم شۆڕشە گۆڕانکارییەکی مێژوویی بوو هەموو هێزە چالاکەکانی کۆمەڵ لە ڕۆشنبیر و نا ڕۆشنبیرەکان تێیدا بەشداربوون.

بەرامبەر بەمەش نابێت لە قسەکردنمان لەسەر کاریگەری سلبی و ڕووخێنەری شۆڕشە زانیارییەکان بۆ سەر فیکرو هۆش و بیری زانیاری زێدەڕۆیی بکەین، بەتایبەت ئەوانەی بەرگری لە ململانێی ئایدیۆلۆژی و سەردەمی ئایدیۆلۆژیا ئەکەن ئەو ئایدیۆلۆژیانەی ئێمە مەبەستمانە کاریگەری سلبییان هەبووە خاوەنەکانیشیان بەهەمان ڕادە لە میانەی یەقینە دۆگماییەکانیانەوە کاریان لەسەر کورتکردنەوەی واقیع کردووە، بەهەمان ڕادەش وا مامەڵە لەگەڵ تیۆرو مەزهەبەکان ئەکرا وەک ئەوەی لە خەڵکی و کۆمەڵگا لە پێشترن. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە زاناو خاوەن هزرەکان لە هەڵسوکەوت و حوکمەکانیان بەڕەحمترو نەرمرەو نەبوون لەچاو ئەوانەی بازاڕی دراویان بەدەستەوەبوو ئەوانەی شێوازەکانی ڕاگەیاندن بەڕێوەی ئەبرد. کەواتە وا باشترە پەلە نەکەین و هێور بینەوە بۆ ئەوەی ڕووداوەکان بخوێنینەوەو بزانین لە چ زەمەنێکەوە دەست پێ ئەکەین.

## شۆڕشی ئەلیکترۆنی

بێگومان لەگەڵ تەکنیکە زانیارییەکان ئەچینە نێو سەردەمێکی نوێوە. ئەویش بەزمانی توفلەر پێی ئەوترێ سەردەمی کۆمپیوتەر، بەزمانی دوبریەش سەردەمی بیستراو و بینراو، بەزمانی بیل گیتس ی ئەندازیاری ڕێگاکانی ڕاگەیاندنی خێرا سەردەمی ژمارەیی. بەکورتی ئەم سەردەمە سەردەمی هۆکارەکان و سەردەمی زانینە گەردوونییەکانە. ئاشکرایە لە سەردەمی هیرۆگلۆفییەوە هەر سەردەمەو نێوەندی خۆی هەبووە، بەڵام ئەم سەردەمەی ئێمە بەڕادەیەکی زۆر بەرفراوان سەردەمی هۆکارەکانە، یەکەم لەبەرئەوەی لەمیانەیدا ئەو تۆڕانە بۆ پەیوەندیکردن بەکارئەهێنین کە تێیدا زۆر نێوەندی دیکە بەشدارن و بەنێو

یەکتریدا چوون، وەک تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر و فاکس و مانگە دەسکردەکان؛ دووەمیش ئەو کەرەستانەی بەکاردێن بریتین لە تەکنیکی بالآ و تەنک و تیژپەڕ، فرە ئەرکن و بوار بەئامارکردنی زانیارییەکان بەڕێوەبردن و گواستنەوەو گەیاندن ئەدەن و لە هەر خالێکەوە بۆ خالێکی تر لەم گەردوونەدا.

هەموو ئەمانەش بەهۆی شۆڕشی ئەلیکترۆنییەوە ڕوو ئەدەن ئەو شۆڕشەی هەر دەستکەوتێک کە پێویستە بگوێزرێتەوە بۆ چەند یەکەیەکی میدیایی نیمچە ماتەریالی ئەگۆڕێت، نە قەبارەیان هەیە و نە کێش و نە ڕەنگ، بریتین لە گورزەیەکی بەردەوام لە پرۆسێسی سیبرانی بەردەوام لەجوولەدان. بەمجۆرە ئێمە لە شۆڕشێکی گۆڕانکاری بێ وێنەدا ئەژین، سەرەتایەکیشە بۆ چوونە نێو ژیانی دەستکردەوە کە خۆی لە بانکەکانی زانیاری و بیرە ئامێری و مێشکی ئەلیکترۆنی و تۆڕە ژمارەییەکان ئەبینێتەوە. هەر ئەمەش وای کردووە هەندێ کەس باس لە لەدایکبوونی (مرۆڤی ژمارەیی) بکەن، شت و بوونەوەرەکان بوون بە شتێک ئەکرێ بۆ بونیادی ژمارەیی بگۆڕدرێن، شانبەشانی ئەمەش توانایەکی مەزن ئەکرێتەوە و بوار ئەڕەخسێنێ نەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەتۆم و خانەو پیت و مەوادەکان بەڵکو مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵێ شت، مامەڵەکردنێک نەک بە وشەو چەمکەکان، ئەمانەش بریتین لە کۆمەڵێ یەکەی ژمارەیی نادیار بەخێرایی برووسکە لە بۆشاییدا پەخش ئەبنەوە..

ئەم شۆڕشە ئەلیکترۆنییەی تەکنیکەکانی پەیوەندی و سیستەمەکانی بەردەوامی بەخۆیەوە ئەبینێت، بەشداری لە گۆڕینی نەخشەی پەیوەندی بە شتەکانەوە ئەکەن. یەکەمجار ماتەریال ئەگۆڕێت، لە ئەندامی و ئامێرییەوە ئەبێتە سیبرانی زانیاری. دووەم جار بیر گۆڕانی بەسەردا دێت، بیر مۆرکێکی ئەداتی وەرئەگرێت، ئایدیالیستێتی لە فیکرەکان دائەماڵێ بۆ ئەوەی ببەستێتەوە بە ستوون و هۆکارەکانەوە. سێیەم ڕاستییەکان ئەگۆڕێت، چیتر ڕاستی ئەوە ناگەیەنێت کە تەنیا جووتبوون لەگەڵ بەدەستەوەدانە واقعیەکان بێ، هەروەها چیتر ڕێکبوون لەگەڵ لەپێشینەکانی فیکرو چوارچێوە تێگەیشتنە بالآکان نییە، بەڵکو بریتییە لەوەی لە ڕێگای تەکنیکی زانیاری و تۆڕەکانی پەیوەندییەوە دروست ئەکرێت و بەرهەم ئەهێنرێ. ئەمانەش هەموو ئەبنە هۆی گۆڕینی پەیوەندی لەگەڵ خودی واقیعدا. بەشداریکردنی ژمارە وەک ڕەگەزێکی نوێ لە بەرهەمهێنانی ڕاستی و خولقاندنی واقیعەکان، وای لێ کردووین ڕووبەڕووی واقیعێکی کراوە ببینەوە، نەخشەکێشانی سنوورەکەی بەشێوەیەکی کۆتایی کارێکەو کردنی مەحاڵە. ئەم واقیعەش



چەندێک گریمانی و هەواییە ئەوەندەش واقعێکی ڕێکەری و دەرپەڕ بووە.

بەمجۆرە لەگەڵ شۆڕشی ئەلیکترۆنیدا ڕووداوەکان ئەگۆڕێن، لە بەرهەمهێنانی سەنگینەوە بۆ بەرهەمهێنانی ناسک ئەچین، لە کاری دەستییەوە بۆ کرێکارانی زانین، لە شێوازە تەقلیدییەکانی گواستنەوە بۆ فرە شێوازەکان، لە وشەی چاپکراوەوە بۆ وێنەی بینراو. هەروەها لە ئایدیۆلۆژییەکانەوە بۆ وەرگرتن و ڕوانینەکان ئەڕۆین، لە چوارچێوەی نەتەوەییەوە بۆ خەیاڵە سیبرانی و، لە ڕۆشنبیری دیار و پڕشنگدار بۆ ئەستێرەی تەلەفزیۆن و پیاوانی میدیا. بەکورتی: لە زەمەنی جەستەو پەڕاوەوە بۆ زەمەنی ژمارەو ڕووناکی ئەڕۆین.

## زەمەنی پەخشکردن

ئەم گۆڕانکارییانە مەزنانە لای خۆیانەوە لە هەموو لایەنێکەوە ئەبنە هۆی گۆڕینی پەیوەندی لەگەڵ پەرتووک، چ لە ڕووی زەمەن و بەردەوامییەکەیەوە یا لە ڕووی ماتەریال و ستوونەکانیەوە، یا لە ڕووی نێوەندو تۆڕەکانی بەکارهێنان و ئەرک و دەورەکانی.

ئەم زەمەنەی ئێستا زەمەنی پەخشکردنە. زەمەنێکی فیعلییە بەخێرایی تیشک ئەڕوات، لەبەر ئەوەی گواستنەوە لەم زەمەنەدا پەیوەست نییە بەو ماتەریالەوە ئەو مەتریالەی کە پێویستی بەگواستنەوەیە بۆ زەمەنی تەقلیدی، زەمەنی ڕێکردن بەپێ و وڵاخ، تەنانەت بەئۆتۆمبێل و فڕۆکەش. ئەوەی کە ئێستا ئەگوێزرێتەوە شتێکە نیمچە ماتەریالە واتە لە نیشانەو سیمبول و دەنگ و وێنە و ژمارەکان پێکهاتووە بەخێرایی برووسکە بڵاوئەکرێتەوە. کەواتە زەمەنی ئێستا زەمەنێکی خێرایە زیاتر لەوەی زەمەنی بازنەیی بێت. ئەم زەمەنە ئەوەندەی زەمەنێکی ئاوێتە بووە ئەوەندەش زەمەنی بەرەوپێشچوونە، لەهەمان کاتدا پەخشکردنی دەنگ و وێنەو وشە لەهەمان کاتدا لە ڕێی فرە هۆکارەکانەوە ڕووئەدات. بەمجۆرە چ لە بواری مومارەسەکردنی نووسیندا بێت یاخود لە شێوازەکانی گواستنەوە، تۆڕە ئاڵۆزەکان جێگای هێڵە درێژکراوەکان ئەگرنەوە. کەواتە گواستنەوە چیتر یەک لایەنی نییە، لە یەکێکەوە بۆ یەکێ تر یا لە یەکەوە بۆ چەند کەسێک، بەڵکو بۆ یەکەمین جار ئەم گواستنەوەیە لە فرەوە بۆ فرە ڕووئەدات و بەپێچەوانەشەوە، هەروەک لەو کۆڕە تەلەفزیۆنیانەدا ڕووئەدات کە خەڵکێکی زۆر لە وڵاتە دوورەدەستەکانی خۆیانەوە بەشداری تێدا ئەکەن.

لەبەر ئەوەی زەمەن زیاتر لەوەی زەمەنی ئایدیۆلۆژیاو داوەتکردن بێت زەمەنی وێنەو شاشەیە. گرنگیدان زیاتر بەئێستایە تا گەڕانەوە بێت بۆ ڕابردوو یاخود ڕۆیشتن بێت بۆ ئایندە. ئەم زەمەنە زەمەنی ڕووداو و دەرکەوتنە، لە شان و بازووی مێژوو خێرایی و هەنووکەیی کەم ئەکەنەوە، زیاتر لە بیرباوەڕە دۆگمایی و ئایدیۆلۆژیا پێشکەوتنخوازو ڕزگاریخوازەکان وێنە بینیاری و زانیارە ڕووناکییەکان واقیع دروست ئەکەن، وێنە بینیاری و زانیارییە ڕووناکییەکان بەشێوەک واقیع دروست ئەکەن کە بیر لە وەهمە ئسوولییە پاشکەوتووەکان و خەیاڵە مێژووییە یۆتۆپییەکان قورتار ئەبێت.

بەمجۆرە هەروەک ڕیجیس دۆبریە ئەیخاتە ڕوو ئێمە لە زەمەنێکداین کە ڕووداوە بینراوەکان هەوڵ ئەدەن هەرسێ سەرچاوە غەیبییەکان لابەرن ئەو سێ سەرچاوانەش بریتین لە (خوا و عەقڵ و مێژوو). ئەم سێ سەرچاوانە کە پێش دەرکەوتنی شۆڕشی ئەلیکترۆنی زەینی مرۆڤیان بەڕێوە ئەبرد وای کردبوو کە جیهانی هەوایی ژمارەکان لەسەر حیسابی جیهانی وەهمی ئایدیۆلۆژێکان دەرکەون. جیاوازی نێوان ئەم دوو جیهانەش ئەوەیە کە جیهانی یەکەم واقیع زیاتر ئەکات ئەویش بەدروستکردنی واقعێکی دیکە زیاتر واقیعی ترە، بەڵام دووەمیان واقیع کورت ئەکاتەوەو هەوڵ ئەدات لە ڕێگای تیۆرو ئایدیۆلۆژییەکانەوە ئەو جیهانە بگۆڕێت. ئەمەش ئەو جیاوازییەی دیکەیە کە خۆی دەرئەخات ئەوانەی کە لەسەر هەوارگەی سەردەمی ئایدیۆلۆژی ڕاوەستاون، ئەوانەی لە بەئاگاهاتنەوەی هۆش و قووڵایی بیرو دەوڵەمەندی ڕۆشنبیری و گەشەکردنی کەرەستەو نێوەندو ژمارەکان ئەترسن.

## نووسینی ئاوێتەبوو

زەمەنی پەخشکردن لە بۆ پەرتووک چی ئەگەیەنێ؟

یەکەم لەدایکبوونی دەقێکی نوێ ئەگەیەنێ کە لە ڕووی ڕەگەزو بونیادو ڕێبازی کارکردنی لە دەقی نووسراو ناچێت، ئەو دەقەش دەقی ئەلیکترۆنییە لە ڕێگای کۆمپیوتەرو سیستەمەکانی بینیارییەوە ئەنووسرێتەوە. بەمجۆرەش شریت و سیدی و یەکە ڕووناکییە ناماتەریالیەکان جێگای مەرەکەب و پێنووس و پەڕاوی قورس ئەگرنەوە، هەروەها ئەلف و بێی ژمارەیی ڕێکردوو جێگای ئەلف و بێی پیتە جێگیرەکان ئەگرنەوە، واتە جیهانە دانراوەکان ئەوانەی ئەکرێ لە ڕێگای ژمارەکانەوە شێوە بکرێن جێگای ئەو



جیهانە خوازیار و دەلالیانە ئەگرنەوە کە ئەکرێ لە ڕێگای وشەوە دروستی بکەین و بیهێنینە ژیانەوە.

ئەمە وەک شۆڕشەکەی گۆتنبێرگ بەشۆڕشی دووەم ئەژمێردرێ، بەڵام لە ڕووی کاریگەرییەکانی بەشێوەیەک لە شێوەکان لە شۆڕشی دووەم باڵاترە بەجۆرێک لە حیساب نایە. دەقی ئەلیکترۆنی کە پێی ئەڵێن (دەقی لە سنووربەدەر). لە کۆمەڵێ شەپۆلی ڕووناکیبەخش و کۆمەڵێ هێڵی لەناوچوو کۆمەڵێ پیتی جووڵاوە پێکدێ، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێ دەرگاو کلیلی هەیە کە ئەکرێ بەرەو ناخی شۆڕبیتەوەو هەڵیوەشێنیتەوەو دووبارە دایڕێژیتەوە، نەک تەنیا لە ڕووی مانا و بونیادی دەلالییەوە، بەڵکو لە ڕووی جەستەیی و زنجیرەی نیشانە و پیتەکانی.

کەواتە دەقی ئەلیکترۆنی پەیوەندیمان لەگەڵ نووسین و خوێندنەوەدا ئەگۆڕێت. ئەمەش بەواتای مومارەسەیەکی نوێ و جیاواز لەگەڵ نووسیندا، کە تیایدا ئەم دووانە پێکەوە ئەژین، دەقی پەڕاوی دێرین کە ناوەڕۆکەکەی لەسەر سیدی میتالی ئەگوێزرێتەوە لەگەڵ دەقی ئەلیکترۆنی کە لە بناعەدا وا دروست کراوە تا لەسەر شاشە بخوێنرێتەوە. بەمجۆرە لە نووسینی نوێدا کە میدیا هەمەچەشنەکان مەیسەری ئەکەن هەردوو هەستی بینین و بیستن تێکەڵ بەیەکتری ئەبن، بەڕادەی ئەوەش سێ سیستەمی خستنە ڕوو ئەچنە نێو یەک: نووسراو و وێنەیی و بیستراو. ئەمەش نووسینێکی تێکەڵەیە، هەروەک میلین گاریگ لە وتارێکدا بەناونیشانی (ئایندەی دەق) بۆمان ڕوون ئەکاتەوە فرە بەکارهێنانی تێکستە نووسراوەکان لەگەڵ دەنگ و وێنەو فیدیۆ جووت ئەبن.

ئەم بازدانە تەکنیکییە لە مومارەسەکردنی نووسیندا پێویستی بەخوێنەرێکی نوێیە ئەو خوێنەرەش (خوێنەری سیبرانی)یە ئەوەی بەکورتی لەسەر شاشە شت ئەخوێنێتەوە، هەروەک کەسێک لە چێشتخانە ژەمێکی خێرا ئەخوات. ئەو کەسە یەکسەر ئەچێتە نێو ناخی بابەتەکەوە بواری نییە گرنگی بەوردەکاری و لێکۆڵینەوەکان بدات. بەڵام ئەم خوێنەرە لە چاو خوێنەری دەقی پەڕاوی ئازادی فراوانتری هەیە. ئەتوانێ لە ڕێگای تۆڕەکانەوە لە یەکێک لە دەرگاکانی دەقەوە بچێتە نێو دەقەکە بۆ ئەوەی بەئارەزووی خۆی بەنێو بەش و جومگەکانی دەقدا قووڵ بێتەوە، بەجۆرێک بتوانێت دەقەکەی پارچە پارچە بکات و دووبارە زانیارییەکانی ئەو دەقە بەپێی مەبەست و ڕێگاکانی ئیدراکی خۆی دایڕێژێتەوە.

جارێکی تر پەیوەندی هێز لە نێوان نووسەرو خوێنەر بەبەرژەوەندی خوێنەر ئەشکێتەوە. بۆ یەکەمین جار خۆی لە هەوڵی هزرڤانەکانی پاش مۆدێرنیزمدا ئەبینییەوە لەو هەوڵانەی داویانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی وتارو بونیادی ماناو سێنتەریزمی عەقڵ و منی باڵا و کردارەکانی مەبەست. ڕەنگە ئەمە بێت بەری زانستی نووسین بێت کە لەگەڵ جاک دریدادا لەدایک بوو کە ئەویش بریتییە لە: دووبارە گەڕاندنەوەی شان و شکۆ بۆ جەستەی دەق لەسەر حیسابی خودو ماناو نووسەر.

## داهێنان و بەردەوامی

نووسینی دوولایەنەو دەقی ئەلیکترۆنی و خوێنەری سیبرانی و ڕۆشنبیری بیستراو و بینراو ئەمانە ئەو شتانەن ئێستا لە سەردەمی نێوەندو ڕاگەیاندنی هەمەچەشندا ڕووئەدەن. ئایا ئەمە سەرچاوەی ترس بۆ سەر کتێب پێکدێنێ؟ ئایا ئەکرێ بڵێین ئامراز هۆیەکە ئەبێتە هۆی بەڕووکەشکردنی فیکر، یاخود بوترێ پەیوەندی لەسەر حیسابی تێگەیشتن تەواو ئەبێت؟ یاخود وێنە هەڕەشە لە شوناسنامە و کەلتوور ئەکات؟ ئەمانە بریتین لە سێ شتی دوولایەنە لە وتاری شۆڕشگێڕەکاندا بەکارهاتووە بۆ بەرگریکردن لە شوناسنامە و کولتوور دژ بە بەجیهانیبوون، وا باشە لە ئاستی ئەو سێ دوولایەنانەدا ئیستێک بکەین:

أ- دەربارەی دووانەی فیکرو کەرەستە، بڕوا ناکەم هۆکارەکان هەروەک جێگای ترسە، لەسەر حیسابی فیکر کارکەن و فراوان بن. پێم وایە هیچ فیکرو نێوەندێک بێ مەوادو نەخشەکانی خۆی یاخود بێ نێوەندو دەزگاکانی بەکارهێنان کارناکەن و شتێک ناکەن. وا باشترە دووبارە چاو بەم گرفتەدا بخشێنینەوە بۆ ئەوەی دان بەمۆرکی ئامرازی فیکریدا بنێین. لە سەردەمی هۆکارەکاندا عەقڵ مەودایەکی میدیایی و ناوەرۆکێکی بەردەوامی ئەبێ. هەر ئەمەش بوار بەفیکر ئەدات تا دووبارە هێزی خۆی دەست کەوێتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەکان و خوێندنەوەی جیهان. بەڵام هەڵوێستی دوورخوازی، بۆ داهێنانی تەکنیک دەرئەنجامەکەی سست بوونی فیکر و دۆڕاندنیانە لە دروستکردنی جیهاندا، ئەوەی بەسەر ئایدیۆلۆژییەکاندا هات شایەدی ئەم حاڵەن.

ب- دەربارەی هەردوو زاراوەی چەمک و پەیوەنداری هەن ئەڵێن بەردەوامی، بوارەکەی گشتییە، واتە بریتییە لەو حەز و هەڵوێست و چەمک و شێوازانەی کە باون. کەواتە ئەبێ لەگەڵ ئالان بادیۆ بڵێین زمانی پەیوەندی زمانی گومان و هەموو لەسەری ڕێکن، نەک زمانی ڕاستی و دۆزینەوە؟ یاخود لەگەڵ جیل دۆلۆز بڵێین لۆجیکی بەردەوامی لەگەڵ



لۆجیکی بەفەلسەفەکردن ناگونجێت کە لەسەر دروستکردنی چەمک و دۆزینەوەیان بونیادنراوە؟

بڕوام وا نییە! بەڵام ئەو بڕوایەم هەیە کە دامەزراندنی دژایەتی لە نێوان لۆجیکی پەیوەندی و لۆجیکی داهێنان و خوڵقاندن تەنیا بۆچوونێکە. چونکە هەر کارێکی داهێنەرانە مەودایەکی بەردەوامی هەیە جا چ ئەو کارە هونەری بێت یان ئەدەبی یا فەلسەفی. بێ ئەمەش نازانم چۆن کارە نوێیەکان بەچەمکە تێپەڕ و ئیستاتیکی و شێوازە دەگمەن و نایابەکانیان خوێنەر بۆ لای خۆیان ڕائەکێشن. نموونەشم لەسەر ئەم وتەیە ئەوەیە کە خەڵکی ڕوویان کردە خوێندنەوەی گابریال گارسیا مارکیز نەک لەبەر ئەوەی لە نووسینەکانیدا خۆیان ئەدۆزییەوە بەڵکو لەبەر ئەوەی بابەتی نوێ و نامەئلوفی خستبووە ڕوو، یاخود ئەو بەژانرێکی نوێ نووسیویەتی کە بێ وێنەیەو لەوانی تر ناچێت.

ئەمە دەربارەی خودی جیل دۆلۆز یش هەروایە: ئەو گەر بەزمانێکی فەلسەفی نوێ نووسیویەتی و چەمکگەلی نوێی لەبارەی خودی فەلسەفەوە بەرهەم هێنابێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئەو شتانەی نووسیویەتی دژ بەلۆجیکی پەیوەندارین. نووسینەکانی ڕێگای خۆیان کردۆتەوە بۆ ئەوەی بگەنە ئەو خوێنەرانەی لە گەڵیا بەردەوام بوون، بەڕادەی ئەوەش بۆچوونەکانی ڕوانینی بۆ فەلسەفە گۆڕی، بەهەمان ڕادەش و لەهەمان کاتدا بەشداری لە گۆڕینی بیرو چەمکەکانی خوێنەر کردووە.

ئەمەش سیفەتی هەر کارێکی داهێنەرانەیە کە خاوەن ڕەسەنایەتی و جیدییە: لەیەک کاتدا چالاکییەکی بەردەوام و گۆڕانکاری هەیە، بەو مانایەی بواری بەکارهێنانی خۆی دروست ئەکات و بەڕادەی ئەوەش لەبەردەم خوێنەردا ئیمکانیاتی نوێ بۆ بیرکردنەوەو دەربڕین ئەکاتەوە، کاریگەرییەکی پڕ کاریگەر بەسەر زمان و ڕوانین و خەیاڵیان بەجێ دێڵێت. بەم مانایە ئێمە لە نووسیندا ئەوە ناخوێنینەوە کە ئەیزانین و لەخۆمان ئەچێت، بەڵکو ئەوە ئەخوێنینەوە کە بەرەو ئەوەمان ئەبات بمانکات بە شتێک ئەوە نەبین کە هەین، بەشێوەیەک بوار بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆشنبیریمان بڕەخسێنێ و گەشەپێدان بەزانینەکانمان بدات ئەویش لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی چالاک و بەپیت. بەمجۆرە ئەو مانا ئاسانە بۆ بەردەوامی بەجێ دێڵین ئەوەی کە تەنیا ڕەزامەندی و گشتێتی بوو بۆ مانایەکی دەوڵەمەندتر کە بریتی بێت لە کارلێکردنێکی خوڵقێنەری نێوان خوێنەرو ئەوەی ئەیخوێنێتەوە.

بەمجۆرە هەر کارێکی داهێنەرانە توانایەکی هەیە بۆ ئەوەی جێی خۆی بکاتەوە. ئایا چەمکەکانی بابەتی بەجیهانیبوون و کۆتایی مێژوو مەرگی مرۆڤ و کۆتایی ڕۆشنبیریش وانین؟ ئەم چەمکانە تەنانەت ئەچنە نێو ئەوانەشی لەبەردەمیا ڕێگرن و هەوڵی بەرگریکردنی ئەدەن. بۆیە وا باشترە بەمانا ئاسان و ساویلکەییەکەی نەخوێنرێتەوە بەڵکو خوێندنەوەیەکی بەپیت بخوێنرێنەوە بەو سیفەتەی پەیوەندییەکەی لەگەڵ حەقیقەتدا، بەرهەمهێنەرو چالاکە.

ج- دەربارەی گرفتی نێوان کولتوورو وێنە، ئایا ئەکرێ بڵێین وێنەکانی تەلەفزیۆن لەسەر حیسابی ڕۆشنبیرین، لەبەر ئەوەی هەمیشە شایەد بەسەر بەڵگەدا سەرئەکەوێ، یا سەرکەوتن بۆ هەڵچوونە نەک وردەکاری، یا بۆ دەنگدانەوە نەک قووڵایی و شیکردنەوە؟

لەم بارەیە نابێت ئەوەندە زیادەڕۆیی بکەین. هەندێک هەن بەپێچەوانەوە تەماشای ئەم مەسەلەیە ئەکەن بۆ نموونە ئەڵێن سینەما بەشداری کردووە لە بازاڕگەرمکردن بۆ ئەدەب و ڕۆمانەکان. ئەوە بەیاد ئەهێنمەوە کە هەندێ کەس ناوی پاپلۆ نیرۆدای شاعیریان نەبیستبوو، کاتێک کە ئەو فیلمە جوانەیان لەسەر ژیان و شیعرەکانی بینی، یەکسەر ڕوویان کردە کڕینی دیوانەکانی. لەم دوایەدا گوێم لە هونەرمەندێک بوو کە عاشقی هونەرەکەی بوو ئەو هونەرمەندەش مەحموود حەمید بوو لە یەکێک لە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنیەکاندا ڕایگەیاندبوو کە پەرتووک کاریگەری بۆ سەر فیلم هەیە.

دەربارەی ئەمەش واقیعێکی گرنگتر ئەوەیە تا ئێستا پەرتووک لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا لە بەرامبەر بەرفراوانبوونی هونەردا ڕەواجی هەیە. ئاشکرایە کە ڕۆمانی (جیهانی سۆفی) بۆ ئەڵمانی وەرگێڕدراوە ٨٠٠ هەزار دانەی لێ فرۆشراوە. هەروەها کتێبێکی فەلسەفی دیکە کە باس لە چاکییەکانی ئەلکۆنت سبونڤیل ئەکات، ئەم کتێبە دەیان هەزار دانەی لێ چاپ کراوە، ئەم ژمارە پێوانەییەی فرۆشتن لە پێشدا لە بازاڕی فەلسەفەدا بەخۆیەوە نەبینراوە.

هەموو ئەمانە ئەوە هەڵدەگرن کە بووترێ تەکنیکی ئەلیکترۆنی ڕامالێنەر پەرتووک وەلاوە نانێت. بەپێچەوانەوە هەروەک ڕیجیس دۆبریە تێبینی کردووە ئەمڕۆ بەهۆی سیستەمە بینراوییەکان و سیمبولی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی فرەییەکی زۆر لە تێکستدا هەیە. بەلایەنی کەمەوە مێشکە ئەلیکترۆنییەکان بەهۆی قەبارە مەزن و تەکنیکە هەمەچەشنەکانیەوە بەشداری ئەکەن لە پاراستن و درێژەپێدان بەتێکستەکان، هەروەها بەشداری لە قورتارکردنی دەستنووس و کتێبە کۆنەکان ئەکەن، سەرەڕای ئەوەش بوار بۆ



ئامارکردنی زانینە مرۆیی و پۆلینکردنیان ئەڕەخسێنێ بەشێوەیەک هەموو خەڵکی سوودی لێ وەرئەگرن.

لەمەش گرنگتر شۆڕشی زانیارییەکان هەروەک فردریک مەعتوق تێبینی ئەمەی کرد ئاسۆیەکی نوێ و هەمەچەشن لەبەردەم نووسیندا ئەکاتەوەو، لە ڕێگای تۆڕەکانیشەوە ئیعتیبار بۆ وشە ئەگەڕێتەوە، ئەمەش مەودایەکی نوێ بۆ دەقی خوێندراو پێکدێنێ. لەم ڕووەوە هیچیان ئەوی تر لەناونابەن بەڵکو شتەکە دووبارە لە بوارێکی نوێ و بەشێوەیەکی جیاوازتر بەکارئەهێنرێتەوەو ئەخرێتە گەڕ. ئەمە ئێستا ڕووئەدات: نووسینی سەر پەڕاو بەشێوەیەکی نوێ لە دەقی تێکەڵەدا بەکارئەهێنرێ، لەگەڵ چەند کەناڵێکی تردا کە جیاوازن لە کەناڵی پەڕاوی بەجۆرێک موتوربە ئەکرێن تا لەگەڵیان لە ڕێگای تەکنیکە ژمارەییەکانەوە کۆمەڵێ ئیمکاناتی نوێی خەیاڵکردنی لێ بێتە دەرێ. ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت کە بەرهەمەکانی ئەمڕۆ چیتر یەک لایەنە نین بەڵکو هەوڵدانی بەکۆمەڵن لە میانەی بەردەوامییەکی پێکهاتەیی کراوەدا تەواو ئەبن. بەڵگەشم بۆئەمە ئەو ڕووداوەیە کە لەم دوایە لە میهرەجانی شیعری جیهانی لە کەسەبلانکا ڕووی دا. هەروەک ڕەخنەگر عەبدە وازن تێبینی کردووە، لەو میهرەجانە خوێندنەوەیەکی بەشانۆکراو بۆ شیعر ئەنجام درا واتە لە کەژێکی شێوەکاریدا، کە تیایدا زمانی خوێندراو تێکەڵ بەزمانی بینیاری و ڕەنگکاری کرا. بەم مانایە میهرەجانەکە بەرجەستەکردنی چاوپێکەوتنێکی ڕاستەقینە بوو لە نێوان شیعرو وێنەو مۆسیقاو شانۆ، وای کرد شیعر بەهۆی ڕاکێشانی بۆ نێو ئاسۆیەکی نوێ هەروەها کارلێککردنی لەگەڵ بوارەکانی تردا زیاتر جوانکاری پێ ببەخشرێ.

## چەمک و کۆمپیوتەر

بە کورتی ئەڵێم: پەرتووک مەترسی لەسەر نییە. بەپێچەوانەی ئەوەی کە کلاوس ڕینگ لە پێشانگای پەرتووکی فرانکفۆرت بەترسەوە فەرمووبووی، پەرتووکی ئەلیکترۆنی کۆتایی پەرتووکی پەڕاویی نانووسێتەوە، بەڵکو هەڵدەستێت بەگۆڕینی ڕۆڵی پەرتووک، هەروەها بۆ ئەوە کار ئەکات تا بەشێوەیەکی جیاواز بەکاری بێنێت، ئەویش لە ڕێگای مێشکە دەستکردەکانەوە. بەم شێوە مەجازییە ئەبێت زاراوەی (کۆتایی پەرتووک) بخوێنرێتەوە، بەو مانایە پاش ئەوەی مەرگی ڕاگەیەنرا پەرتووک ئێستا پێویستێتی بەحەسرەت هەڵکێشان نییە، بەڵکو پێویستی بەداهێنانی کۆمەڵێ بوارو ئەرک و ڕێگای نوێ بۆ خوێندنەوە و بەکارهێنان هەیە.

کەواتە لەگەڵ ئەوەشدا پەرتووکی پەڕاوی هەر زیندووە، ئەوەی کەسایەتییەکی دەوڵەمەند و بوونێکی کراوەبێت ناتوانێ دەستبەرداری بێت. لەم دوایەدا ئەوەم خوێندەوە کە بەشێک لە کتێبی (مەسنەوی) جەلالەدینی ڕۆمی کراوە بەزمانی ئینگلیزی، خوێنەرانی ئەمریکی گەلێک بەپەرۆشەوە وەریان گرتووە، ئەمەش دەری ئەخات ئەوان (واتە ئەمریکییەکان... وەرگێڕ) لە سەردەمی کۆمپیوتەر و جیهانبینییە ژمارەیییەکان چەندە تینووی ئەو دەقانەن کە بەزمانی عیشق و ویژدان و درکاندن ئەدوێ. نموونەیەکی پرشنگدارو نزیک هەیە کە بیل گیتس خۆی پێشکەشی ئەکات. ئەم پیاوە بەیەکێک لە دروستکەرانی شۆڕشی زانیاری و سیمبولەکانی بەجیهانیبوون دائەنرێت، ئەچێتە نێو دانانی کتێبی پەڕاوییەوە، بەمەبەستی باسکردنی ڕاکانی لەبارەی ئەزموون و پرۆژەکانی، یان بۆ خستنە ڕووی بیرو دەربڕینی لە بارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی جیهان لە سەردەمی ژمارەییدا.

ناوەڕۆکی مەسەلەکەش ئەوەیە کە وازهێنان لە کتێب مەحاڵە، ئەو کتێبەی هەریەک لە ئێمە کاتێک کە ڕاکشاوە بەدەستیەوەیە و ئەیخوێنێتەوە یاخود چاوی پێدا بخشێنێت، قوڵ بووەتەوەو بەنێو بۆشاییە عەقڵی و جیهانبینییە دەلالی و مەجازییەکانی گەردش ئەکات. بەبەرنامەکراوەکانی عەقڵی ئەلیکترۆنی و ئامێرە زرنگەکان جێگای ئەم جۆرە خوێندنەوەیە ناگرنەوە. هەر خوێندنەوەیەک چێژێکی تایبەتی هەیە، هەروەها هەر نووسینێکیش خەیاڵێکی خولقێنەری خۆی هەیە. هەروەک محەمەد نورەدین ئەفایە ئەڵێت بەم مانایە ئێمە بەرامبەر بەدوو بوارین بۆ دروستکردنی خەیاڵکراو ئەو دوو بوارەش بریتین لە: یەکەم کتێب بەکەسایەتی و سیمبول و (مەجازەکانی) دووەم تەلەفزیۆن بەئەستێرەو وێنەو بەرنامەکانی. ئەم دوو بوارەش کارلێکردن ئەکەن، بەو مانایەی هەریەک لەم دووانە بوارێکی ڕاستەقینە بۆ ئەوی تر ئەخولقێنێ یاخود یەک بەرامبەر بەوی تر ئاسۆیەکی نوێ ئەکاتەوە، هەروەک چۆنیەتی خوێندنەوەی پەیوەندی نێوان کتێب و سینەما لای ڕەخنەگری سینەمایی ئیبراهیم ئەلعەریس. گەر مەیدانی شیعرمان وەرگرین کە هەندێ کەس لەگەڵ ڕۆشنبیری سیبرانی ڕووبەڕووی ئەکەنەوە، ئەبینین ترس لەسەر شیعر لە ڕووی تەکنیکییەوە نییە، بەڵکو ترسەکە لە ڕووی ئەو ڕێگایانەیە کە بۆ خوێندنەوە و پەروەردەکردن پەیڕەو ئەکرێن. کاتێک چەمک و پەیوەندییەکان لەگشت بوارەکانا لەگەڵ شۆڕشی زانیارییەکاندا گۆڕانیان بەسەردا دێت، کەواتە ئەشبێ پەروەردەش گۆڕانی بەسەردا بێت گۆڕان لە ڕووی چەمک و یاساکانی و ڕێبازو بەجێهێنانی. بەم مانایە ئەوەی



شیعر پێویستێتی هەروەک شاعیر جەودەت فەخرەدین ئاماژەی بۆ کردووە داهێنانی شێوازو ئیمکانیاتی نوێیە بۆ فێربوونی شیعر.

وتەکەم بەمە کۆتایی پێ دێنم: گەر ئێمە بەرگری لە پەرتووک ئەکەین لەسەرمانە لە پاڵ مافە پارێزراوەکانی نووسەرو بڵاوکەرەوە، مافەکانی شیعریش بپارێزین، بەو مانایە ئەبێت بزانین چی ئەنووسین چۆن ئەنووسین و بۆ کێ ئەنووسین؟ گومانی تێدا نییە کە پەرتووکی گرنگ ئەو پەرتووکەیە کە پەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا بەرپا ئەکات هەروەها هەر پەرتووکیشە کە گرنگیپێدان ئەورووژێنێ و خەیاڵ پڕ لە گڕ ئەکاو فیکر دەوڵەمەند ئەکات، بەڕادەی ئەوەش ئەو بوونە ئامادەیە ئەنووسێتەوەو ژیان ئەگێڕێتەوەو ڕووداوەکان دائەڕێژێ و هەر پەرتووکیشە بەجۆرێک، یان بەشێوەیەکی عەقڵانی ڕۆشنگەری یا بەشێوەیەکی هونەری ئیستاتیکی ئەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردن و بەپیت و بەرەکەتی..

لە کاتێکدا کە مەرگی پەرتووک ڕائەگەیەنرێت، هەواڵەکانی بازاڕ گەرمبوونی کتێبیش تووشی سەرسوڕمانمان ئەکات ئەو کتێبانەی کە لە فرۆشتندا ژمارەیی پێوانەیی ئەشکێنن، هەروەک کتێبی شاعیری ئینگلیزی تید هیوز کە لەم دواییەدا کۆچی دوایی کرد ئەو کتێبەی کە باس لە نهێنییەکانی مەرگی ژنەکەی ئەکات. ئایا ئەکرێ بڵێین ئەو کتێبانەی کە ڕەواجیان هەیە وەڵامن بۆ خوێنەری ڕووکەشی و یاخود بەشداری لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ڕووکەشی ئەکەن؟ لای من وا باشترە دووبارە چاو بەچەمکی ڕۆشنبیری و شێوازی نووسین بخشێنرێتەوە، ئەویش بەچوونە نێو ئەو ناوچانەی کە لە بازنەی گرنگیپێدان دوورخراونەتەوە، یاخود هەڵکەندن لەو زەوییانەی پێشتر نەکێڵدراون. لە کاتێکدا کە خەڵکی گرنگی بەو هەواڵانە ئەدەن کە تایبەتن بەلیدی دیاناو یاخود تایبەت بەڕووداوی مۆنیکا لویسکی ئەدەن ئەمە بەڵگەی ڕووکەشی و پووچەڵی نییە، بەڵکو ئەمە داوامان لێ ئەکات دووبارە دووانەی قووڵی و ڕووکەشی و گرنگی و شلوشێواو داڕێژینەوە، بەجۆرێک کە نەرمونیانی قووڵاییەکان ئاشکرا بێت، یاخود گرنگی ئەو شتانە ئاشکرا بکات کە بەهیچ و پووچ و بێ کەڵکی دائەنێین. بەمجۆرە ڕۆشنبیری زیاتر بەو شتانە دەوڵەمەند ئەبێت کە ئەخرێتە پەراوێز و لێی دوور ئەخرێتەوە و لێی ئەترسێت نەک ئەوشتانەی لە پێوانەی ڕۆشنبیران و نێرسیسیەتی ڕۆشنبیرو ئەندێشەکانیان ئامادەیە.

ئەو کتێبەی ئەخوێنرێتەوە ئەو کتێبەیە کە بەسەر ژیاندا باز نادات، بەڵکو ژیانێکی تر بۆ ژیان زیاد ئەکات، هەر ئەویش کە جیهان ئەخوێنێتەوەو جیهانی خۆشی دروست ئەکات، یاخود ڕووداو دروستی ئەکات یان هەر خودی خۆی ئەبێ بەڕووداو. گەر شۆڕشی تەکنیکی

شێوازەکانی پەیوەندی دیارترین ڕووداون و لەگەڵیاندا ڕووداوەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ بەشێوەیەکی نوێ و جیاواز پێکدێ، ئەوا مەترسی لەسەر پەرتووک ئەوەیە کە نووسەران بەسەر ڕووداو و ڕووداوە نوێیەکان بازبدەن، بۆ ئەوەی بەعەقڵییەتی ئایدیۆلۆژی ئاسانکارانەی یەک لایەنە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، کەچی شۆڕشی ئەلیکترۆنی ئاسۆیەکی نوێ بۆ جیهانی نوێ ئەکاتەوە بەو مەرجەی بەشێوەیەکی بەردار مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، واتە بەشێوەیەکی بەرهەمهێنەر بەرهەمهێنەری بیرو چەمکەکان کە لە ڕێگەیانەوە لە جیاتی ئەوەی کار بۆ بەردەبارانکردنی بەجیهانیبوون و گلەیی لە تەکنیکەکان بکەین بەشداری لە ڕووداوە فیکرییەکانی ئەکەین.

لێرەوە گرەوەکە لەوەدایە کە ئەوەی ڕووئەدات ئەبێت بەعەقڵانیەتی بەردەوامی بیخوێنینەوە و بەزمانی تێگەیشتن دابڕێژرێت، ئەویش لە هەوڵی دامەزراندنی هاوسەنگییەکی گونجاو و کارلێکردنێکی خوڵقێنەر لە نێوان چەمک و کۆمپیوتەر، کولتوور و تەکنیک یا لە نێوان جۆری پەیوەندی نووسراو و چاپکراو و جۆری بینراو و بیستراو.

**مراجع**


١- ريجيس دوبرية، محاضرات في علم الإعلام العام، ترجمة فؤاد شاهين وجورجيت الحداد، المحاضرة الثانية عشرة، دار الطليعة، بيروت ١٩٩٦.

٢- ألفين توفلر، تحولات السلطة، الجزء الآول، ترجمة حافظ الجمالي وأسعد صقر، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٩١.

٣- سامي أدهم، تشميل ما بعد الحداثة، الفلسفة الصنعة، الفصل الاول، دار كتابات، بيروت، ١٩٩٨.

٤- ميلين غاريغ، مستقبل النى، ترجمه على أسعد، مجله نوافذ، سبتمبر ١٩٩٨.

٥- فرانسيس بيازنيني، حدود الفضاء السيبراني (بالفرنسية)، منشور في مجلة: طريقة في الرؤية، وهي نشرة صادرة عن (لوموند ديبلوماتيك)، عدد خارج السلسلة، بعنوان الأنترنيت: النشوة والرعب، تشرين الأول ١٩٩٦.

٦- علي حرب، حقوق الكتاب، مجلة (الناشرين) بيروت، العدد الأول، خريف ١٩٩٨.




# لە سیستمەوە بۆ نێوەند

# یان

# نێوەندە ڕێگا لە سەردەمی هۆکارەکاندا

قەیرانی بژێوی و ئابووری بوونەتە سیفەتێکی جیهانی، لە هەموو شوێنێکدا ڕووئەدەن، چ لە جیهانی ڕۆژئاوادا بێت یان لە دەرەوەی جیهانی ڕۆژئاوا، لە وڵاتە لیبرالییەکان و ئەو وڵاتانەشی ڕژێمەکانیان سۆسیالیستین.

ئەم بارودۆخە پڕ دڵەڕاوکێیە، یاخود ئەم تەڵەزگە خنکێنەرە وای لە ناودارانی بیرو ڕەهبەری پارتەکان کردووە دووبارە چاو بەقوتابخانە ئابووری و مەزهەبە سیاسییەکان بخشێننەوە، لە بۆ گەڕان بەدووی چارەسەری گونجاو و چاککردنی سەرکەوتوو، ئەو دابەشکردنە باوانەی نێوان چەپ و ڕاست، سۆسیالیست و لیبرالیزم دەرچێت و بەڕادەی ئەوەش نموونەکانی گەشەپێدانە باو و بڵاو لە جێگای پشکنین و دیالۆگ دانێت.

بەم جۆرە هەن بیر لە نموونەیەکی ئەڵتەرناتیف بۆ گەشەکردن ئەکەنەوە، ڕێگای سێیەم و چارەسەرێکی نێوەند پێک دێنێ لە نێوان ئەو چەپەی کە سیستەمەکەی بەسەرچوو بەرنامەکەشی سەرنەکەوتنی بەدەست نەهێنا و ئەو ڕاستڕەوەی بەخۆی و تیۆرو چارەسەرکردنەکانی چیتر توانای نییە هەستێت بە بەجێگەیاندنی ئەرک و وەفاداری بەرامبەر بەپەیمانەکانی. بەتایبەت ئەمەش لە بەریتانیا بەتایبەت ئێستا لە نێوەندەکانی پارتی کرێکارانی فەرمانڕەوا ڕووئەدات، دایەلۆگێکی زۆر بەرپا ئەکرێت لەسەر ڕێگای سێیەم کە بەپێی زاراوە بەعەرەبی کراوەکان جارێک پێی ئەڵێن (نێوەندە ڕێگا) و جارێک (نێوەندی ڕەگی) و یا (رادیکالی). دیارترین ئەو کەسانەی کە خزاوەتە نێو ئەم گفتوگۆیەوە بریتییە لە گیدنز خاوەنی کتێبی (ڕێگای سێیەم) و ڕاوێژکاری فیکری تۆنی بلێری سەرەک وەزیرانی بەریتانیا.

ڕەنگە وا باش بێت ئاماژە بکەین بەوەی کە زاراوەی نێوەندە ڕێگا یان هێڵی نێوەند بەگشتی زاراوەیەکی نوێ نییە، پێشتر لە لایەن هەندێک لە سیاسی و تێۆردانەرەکانەوە خراوەتە ڕوو. هەروەها ئەشبێ ئاماژەش بەوە بکرێت ئێمە چیتر چاوەڕوانی ئەوە ناکەین تا شتێک لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان ڕووبدات و بوترێ بۆ ئەوەی بیربکەینەوەو دەست پێشخەری بکەین. گەر یەکێک لە ئێمە لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانە مەزنانەی کە جیهان

بەخۆیەوەی ئەبینێت لە چارەنووسی بیرەکان وردبێتەوەو تەماشای تەڵەزگەی پرۆژە سیاسییەکان بکات، ئەوەی بۆ ئاشکرا ئەبێت کە ئەو زاراوە مەرکەزییانە، ئەو پۆلێن کردنە تەقلیدییانە کە بەدرێژایی ئەم سەدەیە کاریان کردووە، ئیلهام و ڕاستگۆیی خۆیان لە دەست داوە، بەتایبەتیش هەردوو زاراوەی ڕاست و چەپ، کە بووەتە دوانەیەکی هەڵخەڵەتێنەرو ڕێ ونکەر.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەبێت بوترێت ئەو هەوڵە فیکری و وتووێژانەی ئێستا لە نێوان ڕۆشنبیرە ئەوروپییەکاندا لە ئارادایە لە ڕێگای نموونەکانی ڕوانین و پێوانەی کاری باو لە پێناوی داهێنانی چارەسەر بۆ ئەو قەیرانانەی کە پێ دەچێت چارەسەریان نییە، بەڵگەیە بۆ چوست و چالاکی بیر، ئەویش لە ڕێگای ڕەخنەگرتن لە جێگیرەکان و تێکدانی گرفتەکان. مرۆڤ بۆ ئەوە بیر ناکاتەوە تا قەناعەتەکانی خۆی، یان بەقبوولکردن یان بەڕەفزکردنی واقیع جێگیربکات، بەڵکو بۆ ئەوە بیر ئەکاتەوە تا تێ بگات چی ڕووئەدات، بۆ ئەوەی ئەو قەیران و گرفتانەی ڕووئەدەن لێیان تێ بگات و چارەسەریان بکات، بەڵام کاتێک چەمک و بیرەکان لە دەستنیشانکردن و چارەسەرکردن دەستەوەستان ئەبن ئەوکاتە هەر ئەبێت ئەو چەمک و بیرانە بخرێنە ژێر پشکنینی عەقڵانی و وتووێژی گشتی، بەمەبەستی ئاڵشتکردنی یان گۆڕینی بەیەکێکی دیکە کە زیاتر مەعقوڵترو چالاکتر بێت، یان لە پێناو گەشەپێدان و زۆرکردنیان و هەروەها دووبارە کردنەوەی بەرهەمەکەیدا. ئەم کارەش بۆ بیری نێوەندی تازە نییە و هەر وایە: ئەکرێ و وا باشترە کاری لەسەر بکرێت بۆ دووبارە داهێنان و خستنەگەڕی لەبەر ڕۆشنایی واقیعی هاوچەرخ بەهەموو گرفت و مەرجەکانیەوە.

لە ڕاستیدا بیری ڕەگە نێوەند کە ئێستا لە بازاڕی وتووێژو بەکارهێنانە جیهانییەکاندا خراوەتەڕوو، لە کەژوهەوای سەردەمێکدا کە پێی ئەوترێ سەردەمی هۆکارەکان دووبارە تێ ئەگەیەنرێتەوە. ڕاستە هەر سەردەمە و نێوەندی خۆی هەیە، واتە نێوەندەکانی پەیوەندی و سیستەمەکانی بەردەوامی، ئەمەش هەر لە سەردەمی وێنەکێشانی سەر بەردو نووسینی مسماری سەرەتاکانی شارستانییەت تا ئەگاتە ئەم شارستانییە هاوچەرخەی ئێستا و تەکنیکە ئاڵۆزو مەزنەکانی، بەڵام ئەم سەردەمەی ئێستا سەردەمی نێوەندەکانە نێوەندیگەلێکی نایاب و چالاکەکانی، ئەویش تەنیا لەبەر دوو هۆ: یەکەم هۆ لەبەر ئەوەی شۆڕشی زانیارییەکان بەشێوەیەکی بێ وێنە زیادی کردووە، کە پێشتر ئەوەندە نێوەندەکان کاریگەرییان بەسەر مرۆڤەوە نەبووە، بەجۆرێک وای کردووە پیاوانی ڕاگەیاندن و کرێکارانی نێوەندەکان لە نێوان بەشەکانی بەرهەمهێنەرو چالاک لە کۆمەڵگادا ڕوویەکی



دیارین. دووەم ئەم سیستەمە نێوەندەی ئێستا سیستەمێکی فرەیی و ئاوێتەیە جووتبوون لە نێوان دەق و وێنەو دەنگ دروست ئەبێت، بەڕادەی ئەوەش نموونەی جۆری پەیوەندی نووسراو و چاپکراو لەگەڵ جۆری بینراو و بیستراو تێکەڵ ئەبن، ئەویش لەڕێگای جووتبوونی تەلەفۆن و فیدیۆ و کۆمپیوتەر و مانگی دەستکرد و سیستەمەکانی تری ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی کە تۆڕەکانی لێ پێکدێت.

## نێوەندەکاری کەرەستەیی

ئەم داهێنانە تەکنیکییانە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ جیهان و شتەکان ئەگۆڕن لەهەمان کاتیشدا پەیوەندی خودی مرۆڤ لەزۆر ڕووەوە لەگەڵ بیری خۆیدا ئەگۆڕێت ئەو ڕووانەش بریتین لە: ڕووی یەکەم تا مەودای خودی بیرکەرەوەش ئەڕوات، مانای وایە وا لە خودی بیرکەرەوە ئەکات ئەو بیرە لە مێشکی خۆی دەربکات کە بیرێک هەیە هەر لە خۆیەوە کار ئەکات، واتە لەوپەڕی تەنیایی خۆیی و لەوپەڕی ناوەڕۆکی خۆی و بەدابڕاوی لە ماتەریال و نەخشەکان و بەدابڕاوی لە ئەدەوات و نێوەندەکان کارئەکات. هیچ بیرێک بێ نێوەند نییە بەتایبەت ئەمڕۆ، کە بانکەکانی زانیاری و بیرە دەسکرد و ئامێرە زیرەکەکان بوونەتە نێوەند لە نێوان مرۆڤ و بیری مرۆڤ. بەم مانایە بیر لە ناوەکی و بیرایەتی خۆی ئەگۆڕێت بۆ ئەوەی لە ڕێی چوونە نێو جیهان و خزانە نێو پیشەسازی ژیان ببێت بەتوانایەک بۆ خولقاندن و گۆڕان، واتە ئەبێتە مومارەسەکردنێک بۆ بوون کە ئەمەش پەیوەندییەکی نەرم و کراوەیە، یاخود ئیستراتیژییەکی گۆڕانکاری پڕ لە جووڵەیە، یاخود چالاکییەکی گەشەکردوو پێشکەوتووە، کە بەپێی ئەوەش عەقڵ ئەگۆڕێت و لەو حاڵە ڕزگاری ئەبێت کە تیایدایە، بەڕادەی ئەوەش دووبارە نموونە تیۆرییەکانی و یاسا پراکتیکەکانی خۆی پێکدێنێتەوە.

بەڕادەی ئەوەی چەمکی فیکر ئەگۆڕێت، لەهەمان کاتدا و بەو ڕادەیەش چەمکی ڕاستی ئەگۆڕێت، چونکە بیر پەیوەندییەکە بۆ بەرهەمهێنانی حەقیقەت. بەم مانایە ڕاستی بەوە نازانرێت کە تەنیا جووتبوون لەگەڵ واقیعی بەخشراودا بێت، یان تەنیا ڕێکبوون لەگەڵ لەپێشینەکانی بیرو چوارچێوە باڵاکانی بەسەر ئەزموونەدا. بەڵکو ئەوەیە کە کارایی بۆ دەکرێ لە دروستکردن و گۆڕاندا یان ئەوەی کە دەیخولقێنن و دادەهێنرێ لە ڕێگای تۆڕەکانی پەیوەندی و تەکنەلۆژیاکانی زانیارییەوە دێتە ئاراوە. ئەمەش واقیعی کەرەستەیی بیرە. بازدانیش بەسەر ئەم واقیعە وا لە بیرو تیۆرەکان ئەکات لەوە لاوازترین

کە بتوانن بەرگری چالاکی ئەدەوات و نێوەندەکان بکەن. بۆیە واباشە دووبارە چاوبخشێنرێت بەدوولایەنەی ئەدات و بیر، بۆ بەرهەمهێنانی چالاکی بیری زیاتر هەروەها بۆ گەڕانەوەی هەنووکەیی بۆ بیر. لە سەردەمی هۆکارەکان عەقڵی چالاک ئەبێتە خاوەنی مۆرکێکی نێوەند و میدیایی.

## نێوەندە دوورخراوەکان

دووەم لایەن لایەنێکە پەیوەندی بەجۆری بیرکردنەوە هەیە، لەبەر ئەوەی سەردەمی نێوەندەکان ئاسۆیەکی نوێ بەرامبەر بەوتوویژو دایەلۆگ و بەشداریکردن و گۆڕینەوە ئەکەنەوە. ئەمەش کۆمەڵێ ئاسۆن لەگەڵیاندا مومارەسەیەکی فیکری جیاواز لەدایک ئەبێت، تیایدا بیر دوور لە دانانی ڕێگرەکانی بیروباوەڕو یاخود دانانی سەنگەری ئایدیۆلۆژی لایەنگری نێوەندە، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی بیر دەکاتەوەو کارەکان جێبەجێ ئەکات تەنیا ئەو هەڵبژاردنەی هەبێت لە نێوان دوو هەڵبژاردندا و سێیەم نا، بەڵکو بەعەقڵێکی تەرکیبی بەردەوامی مامەڵە لەگەڵ بەرهەمەکان و گرفتەکان بکات، بۆ ئەوەی کار بۆ ڕووبەڕووبووی یەقینە موتڵەق و داخراوەکان بکات، بەڕادەی ئەوەش بکرێتەوە بەڕووی زێدە بوون و شالاوی ڕووداوەکاندا. یەقینی پڕاوپڕ وا لە خاوەنەکەی ئەکات وابزانێت توانای هەیە دەست بەسەر هەموو یاساکانی واقیعدا بگرێ و کۆنترۆڵێکی توندوتۆڵی ڕێڕەوەکانی گەشەکردن بکات، بەڵام ئەم بیرە لە تەڵەزگە زیاتر هیچی تر بەرهەم ناهێنێ، بەرادەی ئەوەش لەڕێگای تیۆرە گشتییەکان و زاراوە موجەڕەدەکانەوە هەڵدەستێ بەکورتکردنەوەی جیهانی ژیان لە نێو بازنەیەکی تەسکدا.

واباشە بەڕووی نەزانراوەکاندا بکرێینەوەو مامەڵە لەگەڵ دوورخراوەکان بکات و هەرچی شتێکیش کە ببێتە هۆی تەحەداکردنی تیۆرو زاراوە باوەکان، لە پێناوی گرەوکردن لەسەر فراوانکردنی بوارە مومکینەکان، بەشێوەیەک بوار بۆ تاک بڕەخسێ تا بەشداری لە دروستکردنی ڕووداوەکان بکات، ئەویش بەبەشداریکردن لە گەمەکەو کارکردن بۆ کاریگەریکردنە سەر بەسەرهاتەکان. ئەمەش بەوە ئەکرێت کە لە لۆجیکی حەسم و زێدەڕۆیی دووربکەوینەوە، بۆ ئەوەی لە لۆجیکی نێوەندو چارەسەرکردن نزیک بینەوە. لەبەرئەوەی گەمەکە ئەوە ئەگەیەنێت ناکرێت لایەک لایەکی دیکە ڕەفز بکاتەوە هەرچەندە هەردووکیان خاوەن چ پلەو پایەیەک بن. مانای ماناکەش ئەوەیە ئەوەی ئێمە وا ئەزانین چارەسەرەکە بەدوورخستنەوەو پەراوێزکردنی دێتە دی ڕەنگە ئەویش خۆی سەرچاوەی



قەیران و گرفتەکە بێت. ڕەنگە بۆ شایەدی ئەم قسەیەش ئەو قەیرانە ئابووری و قەیرانی دراوانە بێت کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ئەچن: ئەو چارەسەرانە سەرکەوتوو نین کە پابەندی دوورخستنەوەو ئیلغاکردن، یاخود لەسەر بەئاسانکردن و کورتکردنەوە.

ئەمە کۆکردنەوەی دوو شتی دژ بەیەک لەگەڵ یەکتریدا بەشێوەیەکی پینەکردن ناگەیەنێت، بەڕادەی ئەوە ئەوە ئەگەیەنێ کە فیکر مومارەسەی چوست و چالاکییەکەی خۆی بکات، بەنزیککردنەوەی واقیع و داڕشتنی چارەسەر ئەبێت، ئەویش لە ڕێی ڕووبەڕووبوونەوەی یەک مەودایی و پۆلینکردنی حاسم. ئەمەیە مانایەک لە ماناکانی ڕەگە نێوەند: نەک یەقینە کۆتاییەکان لەسەردەمی نێوەندە مەزنەکان و سەردەمی تەکنیکە باڵاکانی پەیوەندیدا، لەبەر ئەوەی ئەم سەردەمە لەگەڵ هاتنەکایەی ئەو هەموو زانیاری و بیرو جۆرەکانی ژیان. واقعێک دروست ئەکات کە گرانە سنوورەکانی بەشێوەیەکی نبڕ و کۆتایی بکێشرێت.

وەرگێڕانی ئەمەش لەسەر ئاستی بەها گشتییەکان کە بکەری مرۆیی هەوڵی جێبەجێکردنی ئەدات، لە ڕووی پەیوەستبوون بەحەق و باشەو سوودو ڕیفۆرم و گونجاوی و جۆرێتی و گەشەپێدانی هێز ئەم بەهایانە بریتی نین لە کۆمەڵێ ماهیاتی میتافیزیقی جێگیر، بەڕادەی ئەوەی کۆمەڵێ وەڵامی تەحەدییەکانی واقیع و کۆمەڵێ نموونەن بۆ پەیوەندی لەگەڵ ڕاستیدا، واتە لە کۆتاییدا بریتین لە کۆمەڵێ مومارەسەی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی مێژوویی و یاخود کۆمەڵێ بونیادی ڕۆشنبیری و کۆمەڵێ بەرهەمی سیمبولیزم، ئەمانە هەمیشە ملکەچی ڕەخنەو لێپرسینەوەن، ئەکەونە ژێر چاککردنەوەو گۆڕین لە پێناوی دووبارە داڕشتنەوەی پرسیاری گەورەو یاخود دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی چەمکە بنەڕەتییەکان، بەکردنەوەی بیر بەڕووی شوێنە نوێکان یان ناشتنی بیرە کۆنەکان لە نێو کێڵگە نوێیەکاندا، بەشێوەیەک بوار بەدەرهێنانی ئیمکانیاتی نوێ بۆ بیرکردنەوەو تەدبیرکردن ئەڕەخسێنێ.

## نێوەند و سیستم

لایەنی سێهەم خودی بیریش ئەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەرچەندە شێوازی بیرکردنەوە بگۆڕێت بەڕادەی ئەوەش و لەهەمان کاتدا ڕوانین بۆ فیکرەکانیش ئەگۆڕێن، وا مامەڵە لەگەڵ چەمکەکان و زاراوەکان نەکرێت وەک ئەوەی بریتی بن لە کۆمەڵێ سیستمی

کلۆمدراو و مەزهەبی یەک ڕێڕەو کۆمەڵێ قوتابخانەی بەستەڵەک کە ئەبێت لاسایی بکرێنەوە، چونکە ئەم شێوە مامەڵەکردنە لەبەردەم گەشەکردن و نوێبوونەوە تەگەرە دروست ئەکات، بەڕادەی ئەوەش ئەبێتە هۆی لەدایکبوونی دەمارگیری و دوورخستنەوەو ناکۆکی. واباشترە مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکەی زیندوو بەپیت وەک نێوەندێکی چەمکی و جیهانێکی دەلالی وفەزایەکی فیکری کراوە بێت. ئەوکاتە ئەرکی بیر بریتی ئەبێت لە بەرهەمهێنانی بەهای هاوبەش کە بوار بۆ دامەزراندنی پەیوەندی بەیەکگەیاندن لەگەڵ ئەویتردا ئەڕەخسێنێ ئەمەش شێوەی بەردەوامی ڕاگەیاندنی و ڕێکەوتنی سیاسی و دایەلۆگی ئایدیۆلۆژی و چاوپێکەوتنی فەلسەفی.. وەرئەگرێت.

بێگومان ئەمە نە کۆتایی تیۆر و مەزهەبەکان دەگەیەنێ نە مەرگی سیستم و نموونەکان. لە لۆجیکی نێوەندا بواری لابردن و ئیلغاکردن نییە. کەواتە نێوەند ئیلغاکردنی سیستم ناگەیەنێت، بەڵکو ئەبێتە هۆی بواردان بەدامەزراندنی کۆمەڵێ پەیوەندی جیاواز لە نێوان سیستم و ڕێبازەکاندا کە دوورخستنەوەو دژایەتیکردن بەفرەچەشنی خولقێنەرو کارلێکردنی بەرهەمهێنەر ئەگۆڕێتەوە. لە مانایەک لە ماناکاندا ڕۆشنبیری بریتییە لە دۆزینەوەی نێوەندەکان و داهێنانی زمانەکانی پەیوەندی و لەیەکگەیشتن. سەرەڕای ئەوەی کە ژیان بێ نێوەندو کەژەکانی خۆی گەشەناکات. کەواتە ناکرێت لەسەر حیسابی بوونی ژیان هێڵ و تیۆرو میتۆدەکان تەواوبن یان گرنگتربن لە مرۆڤ و کۆمەڵگا.

## نێوەندی کلتووری

گەر فیکر بەبێ نێوەندەکان کارنەکات و مەودای چالاکی فیکری تەنها بریتی بێت لە دەستەبەرکردنی نێوەندە چارەسەر، بیری چالاک و زیندوو تەنیا بریتی بوون لە نێوەندە بیر، ڕۆشنبیری چالاک ئەو کەسەیە کە واز لە بژاردەی سەرکوتکردن و نێرسیسیەتی بەتاڵ ئەهێنێ، بۆ ئەوەی ڕۆڵی نێوەند بگێڕێت هەر وەک ئەو دەورەی لە کتێبەکەمدا (وەهمەکانی بژاردە)دا باسم کردووە، بەجۆرێک کار ئەکات بۆ دروستکردنی نێوەندێکی فیکری کە تیشکۆیەکی ڕۆشنگەری پێکدێنێ و بەو ڕادەیەش ڕێگا خۆش ئەکات بۆ دروستبوونی وتووێژی بەپیت و سەرهەڵدانی بیرە نێوەند و دەستەواژە تێکەڵکراوەکان کە ئەمەش لەو ململانیانە کەم ئەکاتەوە کە لەنێوان کەس و کۆمەڵەکاندا ڕووئەدات لەسەر بیر و بەهاکان یان لەسەر دەسەڵات و سامانەکان.

بەهەرحاڵ چیتر لەسەردەمی هۆکارەکان لە توانای ڕۆشنبیردا نییە وەک بەرپرسیارێک



لەبەرامبەر بەها گشتییەکان مامەڵە بکات ئەو بەهایانەش کە پەیوەندییان بەڕاستی و ئازادی و دادپەروەری و نەتەوەو شوناسنامە و ڕۆشنبیرییەوە هەیە. ئەوەی ئەکرێت بەشێوەیەکی جیدی بکرێت ئەوەیە کە ڕۆشنبیر بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕکەرانە مومارەسەی ڕۆڵی خۆی بکات کە بوار بۆ ئاوێتەکردنی دەستەواژە عەقلانی و زمانە تێگەیشتووەکان و پێوانە گۆڕاوەکان بڕەخسێنی کە بوار بۆ خوێندنەوەی ڕووداوەکان و تێگەیشتنی گرفتەکان ئەڕەخسێنێ، بەڕادەی ئەوەش بەشداری لە دوورخستنەوەی زمانی توندوتیژی و لۆجیکی تیرۆر ئەکات. بەم مانایەو هەر بۆ نموونە ئەرکی ڕۆشنبیر تەنیا بریتی نییە لە بەرگریکردن لە ئازادی، ئەم هەڵوێستە گەر گرنگیش بێت ئەوە هەڵوێستێکە لەگەڵ ئەوانی تر کە وەک ئەون بەشداری تێدا ئەکات، کەواتە گرنگ ئەوەیە بوارێک دروست بکرێت یاخود مومارەسەیەک بخولقێنرێ کە ئیمکانیاتی نوێ بۆ بیرکردنەوە و دەربڕین بەرجەستە بکات بەڕادەی ئەوەش بەشداری لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی چەمکی ئازادی بکات.

ئەم جۆرە ڕۆڵە نوێیە، ئەوە ئەگەیەنێت کە ڕۆشنبیر ئەبێ لەگەڵ خودی خۆی وەک بکەرێکی کۆمەڵایەتی مامەڵە بکات، هەروەها ئەشبێت لە هەمان ڕوانگەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کرێکارانە بکات کە لە بەشەکانی تردا کار ئەکەن، ئەو کرێکارانەی وەک بکەرگەلێکی کۆمەڵایەتی وەسف ئەکرێن. چەمکی نێوەندی فیکری کە جێگای چەمکی ڕۆشنبیری بژاردە ئەگرێتەوە، ڕۆشنبیران لە بارە ئایدیۆلۆجی و دوولایەنە خولقیەکان ڕزگار ئەکات و واتە لەو شتانەی کە وایان لێ ئەکات لە جیهانی کار و ئابووریدا بەچاوی دوژمنایەتی و دوورخستنەوە و لووتبەرزی بڕواننە بەرهەمهێنەران.

بەمجۆرەش کارەکان وەک خۆیان لێ دێتەوە، ئەڕوانرێتە هەر بکەرێکی کۆمەڵایەتی لە هەر بەشێکدا بێت لە ڕووی توانایانەوە توانای خولقاندن و بەرهەمهێنانی یان لە ڕووی بەشداریکردنی لە پیشەسازی ژیان و گۆڕینی واقیع، جا ئیتر ئەو بەرهەمهێنانە هەر چییەک بێت بیری بەرهەمهێنان بێت یا زانیاری یان شمەک یاخود کەرەستە و خزمەت... ئەوکاتە هیچ بەشێک لەوی تر لە پێشتر نابێت تا ببێتە هۆی ئەوەی مومارەسەی بەرپرسیاری خۆی بەرامبەر بەکاروباری گشتی و بەها گشتییەکان بکات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەش پێ ناچێت ڕۆشنبیر لە ڕووی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکەیەوە لە کەسانی تر زیاتر پەیوەستدار نییە بەبەهای ڕاستی و سەربەستی و داهێنان. کەچی لە ئێستادا بەپێچەوانەوە دەرئەکەوێت کە کرێکارانی دنیای دراو و ڕاگەیاندن زیاتر کاریگەرو

هەنووکەیین، ئەویش بەپێی ئەو بیرو فیکرانەی کە لە بواری کارەکانیان بەشێوەیەکی زیندوو بەپیت بەکاری ئەهێنن. سەیر نییە: ڕۆشنبیران لەسەر بەرگریکردن لە یەقینە ڕەهاکانیان ڕاهاتوون و واش ڕاهاتوون پاسەوانی بیرە بەسەرچووەکانیان بکەن، کەچی سەرمایەداران و پیاوانی ڕاگەیاندن بەردەوام لە بوارەکانی کار و بەشەکانی خستنەکار، یان لە شێوازەکانی پەیوەندی و شێوازەکانی گەشەپێدانا، لەهەوڵی داهێنانی نوێ و، کاریگەر و گونجاودان.

بەم مانایە ئەکرێت بوترێت بەشەکانی دراو و ڕاگەیاندن زیاتر پەیوەستداری بیری زیندوو، تازەخوازو شۆڕشگێڕن زیاتر لەو کەسانەی خۆیان هەڵگری ئەم بیرەن، ئەوانەی لە خانەی چەپڕەو و پێشکەوتووخواز پۆلین ئەکرێن، ئەوانەشی بەزمانی نەفرەت و بەردەبارانکردن باس لەداهێنانە تەکنیکی و گۆڕانکارە شارستانییەکان ئەکەن، ئەبێ خۆیان گەواهی لەسەر خۆیان بدەن کە ئەوان، بەپێچەوانەی ئەوەی کە خۆیان ڕایئەگەیەنن و دایئەنێن زیاتر دواکەوتوو و لاساییکەرەوەن.

ئەزانم ئەم وتەیە زۆر کەس تووشی شۆک ئەکات. بەڵام بەپێی دەستنیشان کردنم ئەمەیە قەیرانەکە. ئەم قەیرانەش بیرو پڕۆژەکان بەچەپ و ڕاستەوە ئەگرێتەوە. کەواتە هەرەس لە بەرەی لیبرالیدا ڕاستگۆیی نابەخشێتە بەرەیی چەپڕەو ئەو بەرەیەی کە هەر زوو هیچی پێ نەماو هەنووکەیی و چالاکی خۆی لەدەست دا، هەروەها بەپێچەوانەشەوە هەروایە. کەواتە قەیرانەکە هەردوولا ئەگرێتەوە سیاسەت و ڕۆشنبیریش وەکو یەک، ئەمەش دەرچوون لە دووانەی ڕاست و چەپ ئەگەیەنێ، هەروەها لە یەک کاتیش دەرچوون لە دووانەی ڕۆشنبیرو سیاسیش ئەگەیەنێ، ئەو جووتەی تووشی دەردی نەزۆکی بوون کەچی هەر بەکاریشیان ئەهێنن. لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیرو سیاسی بەتایبەت ئەوانەی خاوەنی پڕۆژەو ئایدیۆلۆژین لەڕووی عەقڵ و لۆجیک و میکانیزمەکانی کارکردنەوە هەردووکیان دووڕووی یەک دراون چونکە ئەوان خاوەنی: یەک بیرکردنەوەو ئیستراتیژی دوورخستنەوەو عەقڵیەتی نادیموکراتی و ئسوولیەتی بیروباوەڕن چ کۆن بێت یاخود نوێ، خاوەنی سەرنەکەوتنن لە نوێکردنەوەو داهێنانی بیرو دەستەواژەو شێوازەکان. بەم مانایە ڕۆشنبیران خەریکن دژایەتی ئەو سیستەمە سیاسییە ئەکەن کە بەرجەستەی خودی بیرەکانی ئەوان ئەکات، واتە بەرجەستەی وەهمە مەحاڵەکان و پڕۆژە ڕووخێنەرەکانیان ئەکات. هەر هیچ نەبێت ئەوان بەتیۆرو مومارەسەکانیان بەشدارییان لە دروستکردنی ئەو شتە کرد کە خۆیان ئێستا گلەیی لێ ئەکەن: واتە بەشدارییان لە دروستکردنی: سستی و ناتەواوی و



خراپبوون و بەرەودواوەچوون کرد، کەچی ئەبینین کەسانێک هەن ڕۆشنبیران بەوە تاوانباریان ئەکەن کە گوایە دووبەرەکی و کەمبوودی و بەساراکردن بەرهەم دێنن، هەر ئەوانیش بەبیرو پڕۆژەو بەرهەمەکانیان کار بۆ دروستکردنەوەی جیهان ئەکەن.

لێرەوە ئەبینین کە دژەبەرایەتی ڕاستەقینەی سەردەمی بەجیهانیبوون و عەقڵی میدیایی نێوان ڕۆشنبیران و سیاسییەکان دژایەتییەکە لە نێوان ئەوانەی کە داواچین و خاوەن بیری بەتاڵ و دروشمی خەیاڵین، ئەوانەشی کارامەن و ئەشتوانن بەنێوەند و بازاڕو داهێنانەکانیان واقیع و ڕێڕەوی کاروانی جیهانیش بگۆڕن. ئەمەش خودی ڕۆشنبیران خۆیان دانی پیا دێنن: لەبەر ئەوەی کۆمپانیا مەزن و فرە ڕەگەزەکان ئەمڕۆ زیاتر لە وڵاتان و دەسەڵاتداران خاوەنی هێزو چالاکین.

لێرەوە دەرئەکەوێت بەگشتی دژەبەرایەتییەکە ئەمڕۆ لە نێوان دوو پۆلی بکەرە کۆمەڵایەتییەکاندایە: کەسانێک بەعەقڵیەتی تەقلیدی قوتابخانەیی پاشەکشانە بیرئەکەنەوە بۆ ئەوەی بەقاڵبی بەستەڵەکخوازو شێوازە نەزۆک و نموونە بەتاڵەکانیان تەڵەزگە بەرهەم بهێنن و دروێنەی هەرەس بکەن، بەرامبەر بەکەسانێکیش کە کراوەو ئازادن و لە سەردەمی زانینەی گەردوونی و گوندی ئەلیکترۆنی و بازاڕی جیهانی بۆ بەشۆڕشکردنی جۆرەکانی بیرکردنەوەو شێوازەکانی ژیان کار ئەکەن، هەروەک بیل گیتس بەداهێنانە تەکنیکی و فیکرییەکانی لە بوارەکانی (ڕێبازی ڕاگەیاندنی خێرا)دا توانایەکی بێ شومار هەڵئەهێنجێت کە کاریگەری مەزن بەسەر شێوەو ئاستەکانی ژیاندا بەجێ دێڵێ، ئەویش لە ڕێگای پێکهێنانی بازاڕی گەردوونی کە بەشێوەیەکی بێ وێنە بوار ئەڕەخسێنێ بۆ گۆڕینەوەی کەرەستەکانی زانیاری و بیرو شمەک و خزمەتگوزارییەکان.

ئەمە ئەو گرفتە سەرەکییانەی ئێستان، کە هەردوو دووانەی بەکارهاتووی کلتوورو دەسەڵات گرنگی و هەنووکەیی خۆیانی لێ وەرئەگرن. کەواتە ئەبێت کار لەسەر ئەو گرفتانە بکەین بۆ ئەوەی نێوەندێکی چالاک بەرهەم بهێنین لە نێوان ڕۆشنبیران لە لایەک و لە نێوان چالاکەکان لە جیهانی دراو و ڕاگەیاندن لە لایەکی ترەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بەپڕۆژەو کارەکانیان ببن بەنێوەندێک لە نێوان ڕۆشنبیرو ئایدیۆلۆژییەکانی، زیاتر چالاکی و هەنووکەیی بەچنگ بێنێت، بەو ڕادەیەش بەخۆی و بیر و زاراوەکانی ببێتە نێوەند لە نێوانیان لە نێوان کەرەستەو بەرهەم و بازاڕەکانیان، بۆ ئەوەی زیاتر ڕاستگۆیی و تێگەیشتن بەدەست بهێنن.

ئەمـەش حـاڵەکـەیە لە هەمـوو بوارێک لە بوارە چالاکـەکـانی کـۆمـەڵگادا، ناشـبـێت یەکێکیـان بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بێت و یاخود ئەوی تر دووربخاتەوە، بەڵکو ئەبێت هەر کـەسـەو لە ڕوانگەی بەشی کـاری خـۆی و لە بەشی بەرهەمـهـێنانی خـۆی و لە بواری تایبەتمەندی خۆیدا کـار بکات و هەر کـەسـێک مومـارەسـەی چالاکی کـۆمـەڵایەتی خـۆی بکات. بەم مانایە ناکرێت هەر بەرهەمهێنەرێک یاخود داهێنەرێک لە بەشێک لە بەشەکان وێنەیەک بێت لە کـەسـێکی تر: نابێت ڕۆشنبـیـر بەو جـۆرە بێت کـە سـیـاسی و پـیـاوانی ڕاگەیاندن و خاوەن کارەکان ئەیانەوێت. لە بەرامبەریشدا ناکرێت سیاسی و کرێکارانی بەشەکانی دراو و ڕاگەیاندن بەپێی خەونی ڕۆشنبیران کار و هەڵسوکەوت بکەن. جیهـان بەو پێـیـە ناڕوات بەڕێوە کـە ڕۆشنبـیـران و داواچییـەکـان بیـری لێ ئەکـەنەوە، سـەرەڕای زۆربلێـێکانیـان دەربارەی شـێـوەکـانی هۆش و یاسـاکـانی گـەشـەکـردن و مـیـکانیـزمـەکـانی پێشکەوتن و نموونەکانی. ئەوان تا ئێسـتـاش کاریگەرییەکی کەمـیـان لەسەر بەڕێوەبردنی جـیـهـان هەیە، ڕەنگە ئەوەش بەهۆی زیادەڕۆییـیـان بێت لە تیـۆریزەکـردن و بەیاسـاو بەنموونەکردن و بەئایدیۆلۆژیکردن. ئەوان تا ئێسـتـاش لە ڕووداوە بەردەوامەکانی جیهـاندا لاوازترن، ڕەنگە ئەمەش بەهۆیَ زیادەڕۆییـیـان بێت لە تیـۆریزەکـردن و بەتەکنیـککردن، یا بەنموونە و ئایدیۆلۆژیکردن.

لێرەوە ئەو توانایەی کە ئەکرێت هەڵبهێنجرێت ئەوەیە کە بەشەکـانی کۆمـەڵ لە نێوان یەکـتـریدا کـارلێکەری بکەن، هەروەها هەر یەکـێکیـان بەشێـوەیەکی بەهادارو بەپیت ببێـتە نێوەند لەگەڵ ئەوی تردا، بەشێـوەیەک بێت کە لە نێوان کەرەسـتـەو زانیندا و یان لە نێوان زانین و بیر و سوودو نرخ و بازاڕو ڕۆشنبـیـریدا هاوسـەنگییـەکی مـاقـووڵ و گونجاندنێکی خوڵقێنەر دروست بکات.

بەمـانا بنـاغـەییـیەکەی و لەسەر ئاسـتـە ئەنـتـۆلۆژییـەکەی ئەمـەیە ڕەگە نێـوەندە. ئەمـیش تەنیـا بریتی نیـیـە لە نێـوەندی سـیـاسی یاخـود ئایدیۆلۆژی نێـوان چەپ و ڕاست، سەرمایەداری و سۆسیالیسـتی، بەقەدەر ئەوەی دروستکردنی زمان و فەزاو پێوانەو هەموو ئەو شـتـانەیە کە لە ڕێگایانەوە ئەتوانین بەرژەوەندی و چارەسەرکردن دروست بکەین یاخود تێگەیشـتن و گۆڕینەوە فێربین. بەمـجـۆرە لە پێش هەمـوو شـتـێک لەسـەر ڕۆشنبـیـر ئەوەیە بەتایبـەت بەڕووی ئەوانەدا بکرێتـەوە کـە لەبەشـەکـانی تردان و ئەم دووریان ئەخـاتەوە، ئەمەش بەمەبەستی نوێکردنەوەی چەمکەکانی دەستکەوتنەوەی چوستوچالاکـییەکەی، بۆ ئەوەی لە قۆزاخـەی ڕۆشنبـیری خـۆی بێـتە دەرێ و لەگـەڵ ئەو تایبەتمەندییـە لە ڕادەبەدەرو



دابڕانە کـەرتکەرانە ڕووبەڕوو بێـتـەوە، تا بەردەوام نەبێت لە بەرهەمـهـێنانی ناتەواوی و پەراوێزی، واتە بەردەوام نەبێت لە دووبارەکردنەوەی ئەو قەوانەی کە باس لە سەرمایەداری دڕندەو لیبرالیزمی دەسەڵاتدار ئەکات یا بەردەوام ئەو شتانە دووبارە بکاتەوە کە باس لە ترسی شوناسنامە و ڕۆشنبیری و گەشەکردنی تەکنیک و تەقینەوەی زانیاری لە سەردەمی بەجیهانیبوون ئەکەن.

ئێـمـە لە کـۆتاییـدا بەشـێکین لەو گـەمـەیەی لەسـەر شـانۆی نەتەوەکـاندا بەردەوامـە. گەمەکەش لە گەمەچییەکان گەورەترە، ئەو گەمەیە (کۆنترۆڵی) هەموو ئەوانە ئەکات کە تیـایدا بەشدارن، هەروەک[٣١] دکتۆر سامر عەکاش فەلسـەفـەی گـەمەی ئەنتـۆلۆژی لای فەیلەسووف جۆرج گادامیر ئەخوێنێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا گەمەکە داخراو و توندوتیژ نییە بەڵکو بوارێکە بۆ خـوڵقـاندنی ئەو ڕووداوانەی چاوەڕوان ناکـرێت. هەمـیـشـە ڕووداوێک هەیە تووشی سەرسوڕمانمان ئەکات. ئەمەش ئەو جیاوازییەیە لە گەمەکەدا. ئەم گەمەیە بوار بەرامـبەر بەهەر لایەنێک ئەکاتەوە ئەوانەی کە تیـایدا بەشدارن و ئەتوانن کـاری تێ بکەن و کاربکاتە سەر ڕێڕەوی گۆڕینی یاساکانی. ئەمەش ئەو گرەوەیە کە بەرامبەرمانە: لە سـەردەمی بەجیـهـانیـبووندا نابێت وەسـفی کـولتـوور بکـەین و شـوناسنامـە بلاوێنینەوە، بەجیـهـانیـبوون توانایەکی کـراوەیە، واتە بـۆمـان هەیە لەسـەر دەسـتـکەوت و ڕووداوەکـانی کـاربکەین، بەشـێـوەیەک توانای ئەوە هەبێت لەسـەر زەوی و لە نێـو کـولتـووری خـۆمـاندا بیـچـەقـێنین، بەکـردنەوەی بوار بۆ کـارکـردن، یاخـود داهێنانی نموونـەیەک بۆ گـەشـەکـردن، پێـکهـێنانی فـەزایەک بۆ بیـرکـردنەوە بەجـۆرێک لە گـەمـەکـە هاوبەش بین و نەکـەوینە پەراوێزییەوە.

(٣١) لێکۆڵەرەوەیەکی عەرەبە مامۆستایە لە کۆلێژی بیناسازی لە زانکۆی ئەدلاید لە ئوستراليا.

# شار و گۆڕانکارییەکانی

## لە زەمەنی جەستەوە بۆ زەمەنی ژمارەو ڕووناکی

ئەمڕۆ لەسەر ئاستی بیناسازی شار بەدەست قەیرانێکەوە ئەناڵێنێ، ئەو قەیرانەش خۆی لە باڵادەستی مۆدەو شێوازە مۆدێرنەکانی بیناسازیدا ئەبینێتەوە. یان باشترە لەم بوارەشدا باس لە هێرشی پاش مۆدێرنیزم بکەین، لە سیماکانی هێرشی پاش مۆدێرنیزم ڕزگاربوونە لە شێوە و نەمانی سەرچاوەکان، واتە تەقینەوەی نموونە و پرشبوونەوەی شێوەکان، وەک ئەوەی ماهییەتی پاش مۆدێرنیزم بریتی بێت لە دەرچوون لە گشت سەرچاوەیەک بەتێکشکاندنی نموونە و شێوازە جێگیرەکان، ئەم کارەش کاریگەری گەورەی خۆی بەسەر بونیادی شاردا بەجێ دێڵێت، بۆ ئەوەی بەشداری لە گۆڕینی ئادگارەکانی بکات، یان بیرەوەری دارمێنێ بەگوێرەی ئەوەی کە هەندێک گوزارشت لە قەیرانەکە ئەکەن.

لێرەدا ئەو گفتوگۆیەی لە بوارەکانی بیناسازیدا لە نێوان پێبەڵگرانی کۆن و داواچییەکانی مۆدێرنیزم و پاش مۆدێرنیزم ڕووئەدات، بەتەواوی هەر هەمان وتووێژە کە لە بوارەکانی تری وەک شیعرو وێنەو فەلسەفەدا ڕووئەدات. نموونەی زیندووش لەم بارەیەوە، هەروەک ئەوەی لای ئێمە لە لوبنان جار نا جارێ لەو وتووێژو گفتوگۆیانەدا ڕووئەدەن کە دەربارەی پرۆژەی دووبارە بونیادکرنەوەی بەیروتە، شایەدی لەسەر ئەمەش ئەو کۆڕو چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنیی و مێزگردانەیە کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان ئەکرێن.

بۆ ئەوەی فیکر بەسەر خودی خۆیدا دانەخرێت، ئەویش بەخزانە نێو گفتوگۆ بێ ئەنجامەکان، بەهۆی بەکارهێنانی دوولایەنە بەسەرچووەکان ئەوانەی دژایەتی لە نێوان زاکیرەو هاوچەرخێتی، لە نێوان مۆدێرنیزم و پاش مۆدێرنیزمدا بەرپائەکەن چ لە بواری بیناسازیدا یان لە بوارەکانی تری وەک فەلسەفە، ئەکرێ گفتوگۆ بەڕووی ئەو ڕووداوانەدا بکرێنەوە کە جیهانی ئەمڕۆی لێ پێکدێت، بەوەی ئەو گۆڕانکارییانە لەبەرچاو بگیرێن بەهۆی شۆڕش لە تەکنیکەکانی پەیوەندی و شێوازەکانی ڕاگەیاندن کە بەسەر جوگرافیای شارو فەزاکانی شاردا هاتوون، ئەم شۆڕشە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەدی هێناوە لە پەیوەندی نێوان زەمەن و شوێن، ئەم گۆڕانکارییەش بەبەرژەوەندی زەمەن شکاوەتەوە، واتە وای



کردووە ئەو زەمەنە ڕاستەقینەی کە بەخێرایی تیشک ئەڕوات بەهەرسێ مەوداکانیەوە بەسەر شوێنی تەقلیدیدا سەرکەوێت، واتە جێی ئەو زەمەنە ئاساییە بگرێتەوە کە بەخێرایی خاو و بزووتنی میکانیکی ناسراوە.

بەم جۆرە شوێن ناوخۆییەتی خۆی ون کردووەو بچووک کراوەتەوە بەهۆی کاریگەری تەکنیکە ئەلیکترۆنییەکان ئەوانەی بوار بۆ پەیوەندی و بینین و چاوەدێری لە مەودایەکی دوورەوە فەراهەم دەکەن، ئەمەش وای کردووە زەمەنی ئێستا زەمەنی ئامادەیی گشتی بێت، بەڕادەی ئەوەش وای لە شوێن کردووە لەوپەڕی دەرکەوتن و ئاشکرابووندا بن. ئەمەش شتێکی سەیرنییە: شوێن پشت بەتەکنیکەکان ئەبەستێ، واتە پشت بەشێوازەکانی گواستنەوەو ئەدەواتەکانی پەیوەندی و جۆری چەکەکان ئەبەستێ. کاتێک تەکنیکەکان ئەگۆڕێن لەگەڵیاندا بونیادی شوێنیش ئەگۆڕێت، لەهەمان کاتدا لەگەڵ ئەوانیشدا نەخشەی شار لە ڕووی بیناسازیشەوە ئەگۆڕێت. بەم مانایە هەر تەکنیکێکی نوێ جۆری پەیوەندی و شوێنی تایبەتی خۆی هەیەو هەروەها شێوەی شارگوزاری گونجاوی خۆی هەیە.

لەسەر ئاستی تەکنیکی شار بە سێ سەردەمی مەزندا تێپەڕیوە: شارە تۆکمەکراوەکان دەرگادار، زەمەنی کۆن ئەم جۆرە شارانەیان بەخۆیانەوە بینیوە، هەروەها شێوازە کۆنەکانی گواستنەوە بەئەسپ و عارەبانەش باو بووە، هەروەها لەو شارانەدا چەکی سەرەتایی وەک شمشێر و ڕم بەکار ئەهێنران.. ئەم شارە بەخۆی و شووراکانییەوە لەگەڵ هاتنە کایەی سەردەمی نوێوە هەرەسیان هێنا بۆ ئەوەی شارێکی نوێ و کراوە بەخۆیی و کەنارو لەنگەرەکانی و وێستگە و فرۆکەخانەکانیەوە بێنە ئاراوە، ئەم جۆرە شارانە پاش پەیدابوونی شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێل و فرۆکە شێوازەکانی گواستنەوە بازدانێکی گەورەیان بەخۆیانەوە بینی، هەروەها پاش بەکارهێنانی چەکە مۆدێرنەکانی وەک تۆپ و تانک و مووشەکی درێژفرو ئەتۆمییەکان.

ئێستا شارێکی تر لە ئارادایە ئەو شارە شارێکی نوێیە لەگەڵ تەقینەوەی شۆڕشەکانی زانیاری دەستی بەدروست کردن کردووە ئەو شارەش شاری پەیوەندییەکانە، لەم شارەدا تەکنیکە مەزنەکان و شێوازی جۆراوجۆر ڕێگا بۆ پەیوەندی خێرا لە نێوان هەر خاڵێک و خاڵێکی تر لە بۆشایی فراواندا خۆش ئەکەن، جەنگەکان بەبەکارهێنانی تۆڕە ئەلیکترۆنی و سیستەمە ژمارەییەکان یەکلایی ئەکرێنەوە نەک بەبڵاوکردنەوەی هێز لەسەر زەوی.

بەمجۆرە شاری ئێستا لەگەڵ تەقینەوەی تەکنیکەکانی پەیوەندی ئەویش ئەتەقێتەوە ئەمەش بۆ یەکەمین جار ڕێگا ئەدات بەگواستنەوەی دەستکەوتەکانی وەک وێنەو ژمارەو

بەرنامەکان، نەک بەشێوەیەکی یەکلایەنی یاخود یەک مەودایی لە یەکەوە بۆ یەکێکی تر یاخود لە یەکەوە بۆ فرە بەڵکو لە شێوەی وێنەیەکی ئاوێتەبوو و فرە بەکارهێنان، ئەمەش ڕێگا بۆ ئەوە خۆش ئەکات کە پەخش و پەیوەندی لە نێوان فرەو فرەدا لەسەر چەند ئاستێکدا و بێ هیچ نێوەندێکی مومکین بێتەدی، هەروەک ئەو سیمینارە تەلەفزیۆنەکان کە لە نێوان چەندین کەس ئەنجام ئەدرێت، ئەو کەسانەش لە وڵات و شاری جیاوازو دوور لە یەک ئەژین.

بەمجۆرە لە شاری کۆسمۆپۆلیتی خاوەن چەقی شارستانی بازرگانی، کە تیایدا گواستنەوە لە ڕێگای چەقەوە بۆ پەراوێزو دەوروبەر بەئەنجام ئەگات، ئەڕۆین بۆ شارێک لە شێوەیەکی دیکە ئەو شارەش پێی ئەوترێ شاری ئۆمنۆبۆلیتی شاری ئامادەو کارکردن لە دوورەوە، لە ڕێگای تۆڕ و شێوازەکانی ڕاگەیاندنی خێرا کە بوار بۆ دیدو تێڕوانینی باڵا و خێرایی زۆر بەپەلە خۆش ئەکات، ئەویش لە ڕێگای مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمە سیمبولی و نیمچە مادییەکان.

ئەم شارە چەقێتی خۆی لەدەست ئەدات، بەو ئەندازەیەش لەو هەموو ماتەریالە سەنگین و ڕێگرەکانی شوێن ڕزگاری ئەبێت، لێرەوە ئەو شارە چەقەکەی لە هەموو شوێنێکە و بەهەمان ڕادەش لە هەموو جێگایەک نییە. ئەو چەقە چەقێکی مەزنە لەگەڵیا شارو پایەتەختەکان، بەئەندازە تەقلیدییەکەی بۆ تەنیا چەند بازنەیەک و چەند دەوروبەرێ ئەگۆڕێت، ئەویش بەهۆی ئەو پەیوەندییە خێرایانەی سنوورو وڵات و کیشوەر و شوناسنامە و ڕۆشنبیرییەکان بەتوندی ئەبڕن.

ئەم شارە شاری پەیوەندییە ئۆمنۆپۆلیتییە هەروەک پول ڤیریلیو کە پڕشنگدارترین فەیلەسووفی تەکنیکییە و گرنگی بەکاروباری شارەوانی ئەدات ئەم زاراوەی پێ ئەبەخشێت و باسی ئەکات. ئەم شارە شارێکی دانراوە گریمانییە لەبەرئەوەی زەمەنەکەی زەمەنێکی ڕاستەقینەیە واتە زەمەنی ڕووناکییە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ تەنیا وەهمێکە. بەپێچەوانەوە ئەو لە ڕێگای تەکنیکییە زانیارییەکان و سیستەمە ژمارەییە بەپرۆگرامکراوەکان واقیع دروست ئەکات. ئەمەش بەڕاستی ئەو ڕوودانەیە کە پێشکەشی ئەکات، ئەم شارە لەبەر زیادەڕۆیی لە گریمانی و ناواقیعێتیدا، یا چاکترە بڵێین لەبەر مەجازییەتی وەک ڕاستیی لێ دێت. مەجازیش دژە حەقیقەت نییە، بەڵکو ڕوویەکی تری حەقیقەتە. بەڵکو پیشەسازی حەقیقەتە. لێرەوە ئەکرێ ناوی شاری گریمانی بنێین پایەتەختی مەجازی، ئەم شارە بووە بەبوارێک بۆ مومارەسەکردنی ئامادەیی گشتی و



خێرا، بەڕادەی ئەوەش بووە بەبۆشاییەک بۆ بڕین و پیاڕۆیشتن بەجۆرێک لەگەڵیا بەربەستەکان ئەشکێن و سنوورو سەنگەرەکانیان ڕەت ئەکرێت.

ئایا ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە ئێمە ئەبێت بێ بەربەست و پێوانەو بەهایەک، سەرشۆڕی لۆجیکی تەکنیک و بازاڕەکانی زانیاری بین؟ بێگومان نەخێر! نەک تەنیا بەهۆی هۆکارە خوڵقی و بیروباوەڕەکان، بەڵکو لەبەر ئەوەی مرۆڤ خۆی کوڕی ژینگەکەی خۆیەتی، لەگەڵ ژینگەی خۆیدا هۆگری پەیدا ئەکات، بەرادەی ئەوەش بەپەرۆشە بۆ زەمەنەکانی خۆی. گەر بازدان بەسەر ڕووداوە تەکنیکییەکان بێ سوود بێت، کەواتە گرەوەکە بریتییە لەوەی کار بۆ پێکهێنانی نموونە و شێوەکانی بیناسازی بکرێت، یاخود تۆڕی گۆڕینەوەو پەیوەندی بچنن، تا هاوسەنگی نێوان زەمەنی جەستەو زەمەنی ژمارە، نێوان ژینگە زیندوو مێشکە دەستکردەکان، لە نێوان زاکیرەی کەلەپوورو تەکنیکە نوێکراوەکان مسۆگەر بکات، بەجۆرێک کارلێکردن و پێکەوە گونجان لە نێوان ئەندازەی شارو پێویستییە سوودمەندو سیمبولییەکانی نێوان مەودا ئیستاتیکی و خولقییەکان بەرقەرار بێت(٣٢).

بەم مانایە چیتر کارەکە ئەوە نییە کە لە پشتی زاکیرەی بیناسازی ناوبراودا خۆمان حەشار بدەین، بەڵکو کارەکە بریتییە لە دەرچوون لە قۆزاخەی شوناسنامە، بۆ ئەوەی لە شێوەیەکدا بەکاریان بهێنرێت کە دەسکەوتە میراتییەکان، چ کۆن بن یان نوێ لە فەزای سیبرانی شاری نوێدا بەکاریان بێنێت، ئەو شارەی خاوەن تەکنیکی ژمارەیی و توانستە گریمانییەکانە.

شار وەک ئەوە نەماوە کە هەبووەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەروەها لەخۆشی ناچێت، نە لە بواری بیناسازیدا و نە لە ڕووی بیریشەوە: ئەبێ ئەم ڕاستییەش لەبەرچاو بگیرێت کە: شار چیتر ئەو شارەی سوقرات نییە کە لە گۆڕەپانە گشتییەکانیدا ڕاستییەکانی تیا لەدایک ئەبوو ئەمرۆ حەقیقەت هەرکەسە و خۆی دروستی ئەکات و خۆی جێبەجێی ئەکات، هەروەها شار چیتر ئەو شارەی فارابی نییە کە بە بەدووی کامڵبوونی تەواودا ئەگەڕێت چونکە هیچ ئەزموونێک نییە کامڵ بێت، لەبەر ئەوەی شتەکان جیائەبنەوەو لەیەکتری دائەبڕێن، یاخود کار لەیەک ئەکەن و تەواوئەبن؛ هەروەها ئەو شارەی کانت نییە کە ئەرکی ڕۆشنگەری لە ئەستۆدایە لەبەر ئەوەی هەروەک چارەنووسی عەقڵ و

(٣٢) لەم بارەیەوە بگەڕێرەوە بۆ پەرتووکی ڕفعەت چادرچی، دایەلۆگی لەبارەی هونەرو بیناسازی سیمبولیزم و چەمکەکانی، دار الريس للكتب والنشر، بەیروت، ١٩٩٥.

عەقلانیەکان ئاگادارمان ئەکەنەوەو پێمان ڕائەگەیەنن هیچ هیوایەک بۆ مرۆڤ نییە تا بەکامڵبوونی عەقڵ بگات، دواجار شاری ئێستا ئەو شارەی ڕۆشنبیرانی دەستەبژێری سارتەری نییە ئەو سارتەرەی خاوەنی ڕۆڵی پەیامبەری ڕزگاریخوازی بوو، ئەو کەسەی ڕاستی ئەڵێت و بەرگری لە دادپەروەری ئەکات، یا هۆش پەمپ ئەداو شۆڕش جۆش ئەدات. ئەم جۆرە ڕۆڵانە فێڵ و خەیاڵەکانیانیش ئاشکرابوون، لەبەر ئەوەی هەرکەسە بەو ڕادەیە سەربەستی خۆی دروست ئەکات کە مومارەسەی کاریگەری خۆی ئەو دەسەڵاتی خۆی دروست ئەکات.

وا باشترە بڵێین شارەکە هی ڕۆشنبیرە ئەو ڕۆشنبیرەی کە بەداهێنان و تۆمارکردنەکانی جیهانێکی تێگەیشتووانەو ژینگەیەکی فیکری بەپیت دروست ئەکات، واتە ئەبێتە هۆی ئەوەی بواری گۆڕینەوەو تێگەیشتن یاخود ڕووبەرەکانی چاوپێکەوتن و بەردەوامی فراوان بکاتەوە. بەم مانایە ئەوەی لە سوقرات ئەمێنێتەوە دەورەکەیەتی وەک نێوەندێکی چەمکی، هەروەک لە ڕێگای پەیڕەوی بەرهەمهێنەرانە لەشاردا مومارەسەی کردبوو. ئەوەشی لە فارابی ئەمێنێتەوە ئارەزووە جیهانییەکەیەتی ئەویش لە ڕێگای چەمکی (ئاوەدانکردنەوە) کە ئەبێت ئاسۆی کۆمەڵایەتی مرۆیی پێک بهێنێت. ئەوەشی لە کانت ئەمێنێتەوە بریتییە لە پەیوەندی(ڕەخنەیی) لە ڕێگای چەمکی (توانا)وە لەگەڵ عەقڵدا. ئەوەشی لە سارتەر ئەمێنێتەوە دڵنیاییە ئایدیۆلۆژی و هەڵوێستە خەباتگێڕییەکەی نییە بەڵکو نووسین و تێکستەکانێتی کە تیایدا چەمکی ئازادی داڕشتووەو دوای ئەوەی کە توانست و شێوازگەلێکی نوێی خستەڕوو بۆ بیرکردنەوە و گوزارشت.

مانای ئەمەش ئەوەیە چیتر لە توانای فەیلەسوفدا نییە بەو جۆرەی کە ڕاهاتووە مومارەسەی کارەکەی خۆی بکات. لە سەردەمی بەشی نێوەند و کاری پەیوەندی یاخود لە زەمەنی زانیارییە گەردوونی و بازاڕە جیهانییەکان چ بازاڕی بیرەکان بێت یاخود بازاڕی شمەک و کەرەستەکان توانایەکی نوێ بۆ داهێنانی ئەرکی نوێ هەیە. هیچ فیکرێک بێ مەوادو کەرەستەکانی و بێ نێوەند و بازاڕەکان سوودێکی نییە. بەسە ئەوە بەبیری ئەو کەسانەدا بهێنمەوە کە لاساییکردنەوە یەخسیریانی کردووە یا ئەو کەسانەی بڕوایان بەناو و فیکرەکان هەیە، فەیلەسوفێکی وەک هابرماس ئەرکێکی دیکە بۆ فەیلەسووف دەستنیشان ئەکات کە لەسەر نێوەندی دوولایەنە وەستاوە، لە نێوان بەشەکانی مەعریفە لە ئاستێکداو هەروەها لە نێوان ئەم بەشە تایبەتمەندانەو جیهانی ژیان لە لایەکی ترەوە.

بەمجۆرە ئەرکی بیریش لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر شارو گۆڕەپانی گشتیدا



هاتووە ئەگۆڕێت، بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی فەیلەسووفە ئوسوولییەکان و داواکارانی حیکمە ئەوانەی مێشک و ویژدانیان بەمۆری جەهالەت مۆر کرابوو، ئەوان ئەو بیرو چەمکانە نابینن کە دائەهێنرێن و ئەدۆزرێنەوە، بەڕادەی ئەوەش لەگەڵ نوێ و داهێنراودا بەزمانی لاساییکردنەوە و عەقڵیەتی فێرکەر و چاوی مامۆستاو لۆجیکی قوتابخانە مامەڵە ئەکەن.

هەرچۆنێک بێت ئەو شارەی خەریکی پێکهاتنە، چیتر بەکەڵکی ئەوە نایەت بۆ بەرگریکردن لەو شێوەو جۆرو ئەو ئەرکانەی لە سەردەم و قۆناغەکانی کۆندا بڵاوبوون مومارەسە ئەکران. بەڕادەی ئەوەی سیستەمەکانی بەردەوامی ئەگۆڕێت بەو ڕادەیەش مومارەساتی نوێ ئەکرێتەوە، شێوەکانی بیرکردنەوەو ئەرکە فیکرییەکان ئەگۆڕێن. یان وا چاکترە بڵێین ئەو شارەی لە دایکبوونی ئەبینین بووە بەفەزایەک بۆ دۆزینەوەی شێوەو جۆر و یاخود بۆ داهێنانی ڕۆڵ و کردنەوەی بوارو ئاسۆکان، ئەمەش بەبێ ئەنجامدانی دەستەبژێریی و بەرپرسیاری کە ئەم بەسەر ئەویتر یاخود کەسێک بەسەر کەسێکی تردا ئەنجامی ئەدات. فیکرو داهێنان و هۆش و ئازادی و بەشداریکردن لە چاککردنی مەرجەکانی ژیان یان ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ترسناکییەی کە هەڕەشە لە چارەنووسەکان ئەکەن، ئەمانە هەموو پیشەسازی و سیفەتی هەر تاکێکی بەرهەمهێنەرن لە بواری کاری خۆی و، هەر بکەرێکە لە ژینگەو جیهانی خۆی. ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت پێکەوە بەپێی پرنسیپی بەرپرسیاری هاوبەش بیربکەینەوەو پێکەوە کاربکەین، بەجۆرێک هیچ کەسێک لە ڕووی ڕاستی و ئازادی و دادپەروەری و شوناسنامە و زاکیرە لەوی تر باشتر نەبێت.

ئەمەش ئەو شارە ئۆمنوپۆلیتییەیە، کە بەفەزا سیبرانیی و پێکهاتە کۆمەڵایەتییە کراوەو نەرمەکەی بەسەر شوناسنامە و سەربەوبووندا بازئەدات. هەروەک ناوەکەی ئەم شارە ئامادەیەکی مەجازییە وا ئەکات کە دوور نزیک بێتەوە و بەهەمان ڕادەش وا ئەکات نزیک دوور بێتەوە، بەشێوەیەک لەگەڵیا چوارچێوەی لایەنگیری ئەگۆڕێت و بەهەمان ڕادەش دووبارە فەزای گشتی و نێوەندی فیکری پێک ئەهێنرێتەوە. ئەمانەش هەر هەموو ڕووداون تیشک ئەخەنە سەر ئەو وەهمانەی لە نێو عەقڵی هەندێ لە ئەهلی شاردا دەربارەی شارو شوناسنامە و فەلسەفەدا هەیە.

# باسی کۆتاییەکان

# پاشەکشێی مرۆڤی هۆشمەند

## لە نێوان دەسەڵاتی نیشانەو دەسەڵاتی زانینەدا

لەم کاتەدا جیهان لە ژێر کاریگەری ناونیشانە دیارو گەورەکانی وەک شەپۆڵەکانی زانین و تەکنیکە بەدوای یەکەکانی وەک: بەجیهانیبوون و پاش مۆدێرنیزم و ئەندازەی بۆماوەیی بەشێوەیەکی بێ وێنە گۆڕانی بەسەردادێت. گومانی تێدا نییە کە "بەجیهانیبوون" بۆ ئەم گۆڕانەی ئێستا تاکە ناونیشانێکی دیارە. کەواتە ئەم زاراوەیە جێگای سەرنج و ئاڵۆزییە، شوێنی لە پێشینە داگیرئەکات و بووە بەجێی گرنگیپێدان لای ئەو کەسانەی کە لەبواری تێگەیشتەکانیان لەمەڕ دیاردەکە ڕێک نین لەوانەش داواچی و ڕۆشنبیر و زانا و هزرڤانان. ئەم گۆڕانە هەرچەندە ڕەگوڕیشەدارە هەیەو بەو ڕادەیەش مەزنە، ئەم گۆڕانە هەرچەندە بەخێراییە بەو ڕادەیەش بەرفراوانە. شایەدیش لەسەر ئەم وتنەمان وتووێژەکانە کە لەبارەی کۆتاییەکان وتراوەو دەوترێت وەک: کۆتایی مرۆڤ و مێژوو، کۆتایی ڕۆشنبیرو ئایدیۆلۆژیا، یاکۆتایی سیاسەت و جوگرافیا، سەرەڕای بەزۆر قسەکردن لەسەر (پاش)یەکان بۆ نموونە پاش مۆدێرنیزم و پاش پیشەسازی، یان پاش زانست و پاش فەلسەفە، یاخود پاش دەوڵەت و دیموکراسی...

ئەم زاراوانە دەربارەی کۆتاییەکان و (پاش)یەکان بەشێوەیەکی زاراوەیی و ساویلکانە ناخوێنرێتەوە، بەوەی ئەم وشانە بریتین لە کۆمەڵێ دابڕاوی بنبڕ و جیاکەرەوە لە نێوان کۆمەڵێ ئەتواری بوون و نەبوون، ئامادە لە کۆتاییدا ئەو ئامادەیەیە کە دەرئەنجامی ڕابردووە، هەروەها ئایندەش ئەوەیە کە دەرئەنجامی ئێستا ئەبێت. کەواتە ئێمە بەرامبەر کۆمەڵێ دەستەواژەین کە ڕاڤەکردنەکەشی بەم جۆرەیە ئەو جیهانەی ئێستا هەیە ئەوە نییە کە پێشتر هەبووە چ لە ڕووی زەمەن و فەزاکەیەوە یاخود لە ڕووی سیستەم و ڕیتم و یان لە ڕووی هێزو میکانیزمەکانی، سەرەڕای ئەمە لەڕووی عەقلانی و مرۆییشەوە. بازدان و تەقینەوەکانی بواری بیرو تێگەیشتن، هاوشان بوو لەگەڵ تەقینەوە تەکنیکەکان و گۆڕانکارە شارستانییەکان، بۆ ئەوەی نەخشەی پەیوەندییەکان لەگەڵ شتەکاندا تێکبدات و بوار بۆ لەدایکبوونی جۆرێکی نوێی بوون و پێکەوە ژیانی مرۆڤ لەگەڵ یەکتریدا بکاتەوە.



### بازدانە مەعریفییەکان

لەسەر ئاستی بیر دەیان ساڵە مۆدێرنیزم کەوتووەتە بەر ڕەخنە ئەو ڕەخنەیەی هەموو ناونیشان و جێگیرییەکانی گرتووەتەوە بەتایبەت سێینەکانی تایبەت بەعەقڵ و ئازادی و پێشکەوتن، سەرەڕای ئەمەش چەمکی مرۆڤ بەهۆی کەوتنە ژێر زەربەی ڕووداوە لەپڕەکان و بەر تیشک کەوتنی دۆزینەوە مەعریفییە ئاشکراکاندا جێ پێی لەق بووە. فەزای مۆدێرن ئەو تەقینەوانەی کە بەخۆیەوە بینی چ لە بواری بەشە مەعریفییەکان و چ لە بواری مەیدانەکانی مومارەسەدا دەرئەنجامەکەی ئەو چاندنانە بوو کە مۆدێرنیزم چاندی لە بابەتی جێگیری و بەدیهییەکان یا ئەو دروشم و داوایانەی هەوڵی بۆ دان.

کەواتە ئەو ڕەخنەیەی کە لە ڕێگایەوە لە عەقلانی ڕەخنەیی دەرباز ئەبین، بۆ ئەوەی بچینە نێو بۆشاییەکانی پاش مۆدێرنیزمەوە، تەنیا بۆ چاککردنی عەقڵ و تامیرکردنی پڕۆژە ڕۆشنگەرییەکان نییە، بەڵکو بەمەبەستی ڕەخنەگرتنە لەو بیرەیە کە بەهەڵوەشاندنەوەی ئەم پڕۆژەیە دێتە دی بەمەبەستی داماڵینی مەبەستە بۆمرێژکراوەکان لەڕێگای مومارەسەی تاریک و میکانیزمە ناماقوڵەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەگرتن لە عەقڵ پاشگەزبوونەوە لە عەقڵ و دەسکەوتەکانی ڕۆشنگەری نییە، بەڕادەی ئەوەی کرانەوەیە بەڕووی دوورخراو و ناماقووڵ و نەگۆڕاو و نەزانراودا، کرانەوە بەڕووی هەموو ئەو شتانەی کە مۆدێرنیزم لە فەزای خۆی دوورخستۆتەوە، واشی لێ کردووە کە خۆی خۆی تەواو بکات و بگاتە تەڵەزگەی خۆی و تەقینەوەی خۆشی ببینێ.

بەم مانایە ڕەخنەی مۆدێرنیزم مەبەستی دووبارە چاوخشاندنێکی قووڵە بەمەسەلەی حەقیقەت، لە هەمان کاتدا داڕشتنەوەی پەیوەندییەکی نوێیە لە نێوان فیکرو واقیع، هەروەها ئەو زاراوە بەسەرچووانەش تێپەڕێنێ کە جیهانی فیکری مۆدێرنیزمیان لێ پێکدێت و ئەو زاراوانەی تا ڕادەیەکی زۆر کۆنن هەروەک زاراوەکانی وەک ئەوکردن و نوێنەرایەتی، نموونە و نوێنەرایەتیکردن، هاوشێوەیی و چونیەکی، یا ڕاستی و پێویستی، یەقین و جێگیری، پاڵاوتن و پاقژکردن، بنەچەیی و دامەزراندن، جەوهەری فیکری و عەقڵی پەتی، خودی باڵاو بەداهاتی بنەچەیی.

دەربازبوون واتە گواستنەوە بۆ ناوچەیەکی فیکری نوێ، مەشرووعیەتی مەعریفی تیادا

مومارەسە ئەکرێت لە ڕێگای بڕێک تۆڕی نوێی زاراوەی وەک، زانین و هێز، دەق و ڕاستی، یاساکانی وتارو کردەکانی وتن، ئیستراتیژیەتی ڕاڤەکردن و گێڕانەوەکانی عەقڵانی، فیکری پێکهاتەیی و بەردەوامی، سەرەڕای چەمکەکانی وەک ڕێکەوتن و گرەوکردن، گەمەو سەرچڵی (المجازفة)، پێشێلکردن و بڕین، جووڵاندن و ناردن، جیاوازی و گۆڕاناوی، سەرف و گۆڕینەوە......

ئەم پێکهاتە نوێیانەی چەمکەکان، لە پێشێلکردنی فیکری، بونیادگەری، تێپەڕدا بەرجەستە ئەبن، لۆجیکی شوناسنامە و هاوشێوەیی هەڵئەوەشێنێتەوە، چەمکەکانی وەک ئەوکردن و نموونە و نوێنەرایەتیکردن پەراگەندە ئەکات، بەڕادەی ئەوەش پەیوەندییەکانی نێوان ماناو سەرچاوەکەی، چەمک و واقیعەکەی، نموونە و جێبەجێکردنەکانی ئەتەقێنێتەوە، بەمەش وێنەی مرۆڤی هۆشمەندو پێگەیشتوو لە شوێن خۆی ئەهێنێتە لەرزە، ئەو مرۆڤەی بەنوێنەرایەتی خۆی دەست بەسەر واقیعدا ئەگرێ یا بەهەمان شێوە بەسەر حەزەکانیا سەرئەکەوێ، بەمەش پاشەکشێی خۆی تۆمارئەکات بەرامبەر بەسیستەمی نیشانەو پێکهاتەکانی وتار، یا بەرامبەر بەمیکانیزمی حەزو ئامێری دەزگاخوازی، بەرامبەر بەوەهمەکانی ماهییەت و درزەکانی شوناسنامە، سەرەڕای نەخشەکانی ماتەریال و سووتانەکانی ئەزموون.

## دەسەڵاتی نیشانە

جێگای سەرسوڕمان نییە، گەر ئەزموونی مرۆیی سەر بەجیهانی ئاسان و پاقژو تەنک نەبێت و هەروەها بەکەرەستەکانی نوێنەری و دەست بەسەراگرتن و جێگیر و یەقینکردن درکی پێ نەکرێ، ئەم جیهانە جیهانێکی چروپڕی بونیادە جووڵێنەر و پەیوەندی ئاوێتەبوو و تێکەڵکراوە.

. ئەم جیهانە بوارێکە بۆ پێچانەوەو کون و کەلەبەرەکان، یان بۆ جیاوازی و لەیەک نەچووەکان، بۆ لەیەکدان و تێکچوون و، بڕین و شکانەوەو، کون و کەلەبەرەکان، مەحاڵە بۆ مرۆڤ لەگەڵ ئەم جیهانەدا لەگەڵ خودی خۆیدا یەکسان بێت و لەگەڵ ماناکانی خۆیدا جووت بێت، یاخود خاوەن حەزەکانی خۆی بێت و کۆنترۆڵی زمان و شتەکانی خۆی بکات. لەڕاستیدا مەحاڵە بکرێت لە نێوان ڕوانین و دەستەواژە، گرنگی و ڕووداو، وتن و حەز، مەبەست و دروستکردن جووت بوون بێتە دی. کەواتە دەرباز بوون لە هەڵخەڵەتاندنی دەستەواژەو شاردنەوەی ڕوانین مەحاڵە.



ئەمەش دەرئەنجامی دانپیانان بەکاریگەری زمانە، کە لە دۆزینەوەکانی پاش مۆدێرنیزم دێتەدی: زمان چیتر بریتی نییە لە ئاوێنە یان پۆشاک یا زمانحاڵ، بەڵکو زمان خاوەنی بارگەی خۆپارێزییە لە دەسەڵاتی نیشانە و گەمەکانی دەقدا بەرجەستەبووە. دانپیانان بەدەسەڵاتی مانا واتە ئەوەی کە ئەیڵێین کەم و زۆر جیاوازی لەگەڵ ئەو مانایە هەیە کە مەبەستمانە. یان بەوتەیەکی تر: ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ ئەوەی ئەیڵێین هەمیشە نازانین و مەبەستمان ئەوەنییە کە ئەیڵێین. یاخود ئەوەی مەبەستمانە و ئەمانەوێ ئەوە ناڵێین. کرۆکی ماناکەش ئەوەیە ئێمە ئەوەندە هزرەڤانترو پێگەیشتووتر نین لەوەی کە وای بۆ ئەچین ؛ هەروەها کەمتر جێگیرو ڕاوەستاوین لەوەی کە خۆمان ئەزانین و بۆی ئەچین.

## وەهمی وەک ئەوکردن

لە بیرو کاردا ئەوەی مومکین بێت بریتییە لە نوێبوونەوەو گۆڕان یان خولقاندن و هەمەچەشنی، ئەویش بەکارکردن لەسەر دەستکەوت و کەرەستەکان، یان کارکردن لەسەر حەز و قەناعەتەکان، بەشێوەیەک نموونەی بیرکردنەوەو سیستەمەکانی وتار، جۆرەکانی دەسەڵات و سیستەمەکانی پەیوەندی، یا شێوەکانی هۆش و گرنگیدان بەئەرکی نەفس بگرێتەوە. ئەمەش ئەبێتە هۆی گۆڕانی چەمکی ڕاستی و گۆڕینی پەیوەندی نێوان فیکرو واقیع، بەرادەی ئەوەش ئەبێتە هۆی گۆڕینی چەمکەکانی عەقڵ و عەقڵانی و عاقڵبوون و وێنەی مرۆڤی هۆشمەند.

– یەکەم مانای عەقڵ ئەگۆڕێت، چیتر وا لە عەقڵ ناگەین کە جەوهەرێکی میتافیزیکی یان سروشتییە لەگەڵیا جووت ئەبین و ملکەچی سیستەمەکانین، بەڵکو وەکو سیستەمێک بۆ پەیوەندی و دابڕین لێی ئەگەین بەپێی بواری ڕووداوو بنکەی کۆبوونەوەی ئەزموونەکان یاساکانی ئەگۆڕێت، یان بەپێی کاریگەری ڕۆشنبیری لێی ئەگەین کە بەرجەستە ئەبێت لە توانای بونیادنان و گۆڕینی شێوە و نموونە مەعریفی و عەمەلییەکان، ئەویش بەئاشکراکردنی ئەو ناتەواوی و کەمبودی و شاردنەوەو داخراوییە دەبێت کە تێیدایە.

– دووەم چەمکی عەقڵانی ئەگۆڕێت، چیتر ئەو تێگەیشتنە نییە کە بریتی بێت لە جێبەجێکردن و نوێنەرایەتی بابەت و خودەکان، یاخود بریتی بێت لە بەرجەستەکردنی پرنسیبە پێشینەکان یاخود چوارچێوەیەکی تیۆری، بەڵکو وا ئەزانرێت کە بریتی لە کۆمەڵێ لەیەک نزیکردنەوەو مامەڵەکردن و چارەسەرکردن، دووبارە واقیع بەرهەم دێنێ و، بەڕادەی ئەوەش واقیع و سیستەمی خۆی لە ڕێگای دامەزراندنی وتار و سەرچاوەکانی

ماناوه دروست ئەکات، ئەمەش دێتەدی یا لە ڕێگای دەزگاکانی مەعریفەو تەکنیکەکانی زانینەوە، یا لە ڕێگای تۆڕەکانی بەکارهێنان و کەناڵەکانی بڵاوکردنەوەوە.

– سێیەم وێنەی مرۆڤی هزرمەند ئەگۆڕێت، هزرمەندی چیتر ئەو تێگەیشتنە نییە کە بریتی بێت لە داماڵین لە حەزو ئارەزوو و لەناوبردنی ناماقووڵییەکان، بەڵکو ئەو تێگەیشتنەی ئەبێت کە بریتییە لە ڕێکەوتن کە مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیدا دایئەمەزرێنێ، بەباسکردنی ئارەزوو و بڕواکانی بەشێوەیەکی عەقڵانی، یاخود بەشێوەیەکی ئیستاتیکی بیری لێ بکاتەوە و بەشێوەیەکی بەردەوامی و دەساودەسکردن دەری بێنێت.

هەموو ئەمانەش چەمکی حەقیقەت ئەگۆڕن، مەعریفە چیتر بریتی نابێت لە تەسەورکردن یاخود گوزارەیەک دەربارەی واقیع، بەڵکو پەیوەندییەکە لەگەڵ حەقیقەتی بەرهەمهێنەرو چالاک، واتە کاری بونیادنان و داهێنانە، یا بریتییە لە دروستکردن و بەرهەمهێنان، گۆڕینی سێگۆشەیی ڕوو کە بابەتەکانی مەعریفەو خود و بەرهەمهێنان و هەروەها بەتەواوی بابەتەکانی مەعریفە ئەگرێتەوە.

بەوەش خودی مومارەسەی فیکری ئەگۆڕێت، چیتر فیکر بریتی نییە لە جووتبوون لەگەڵ واقیعی ئەزموونی یاخود بریتی نییە لە گەڕان بەدووی بناغەی واقعی، یان بەرجەستەکردنی پرنسیپی پێشینە هەروەها نموونەی بناغەیی نییە، بەڵکو بریتی ئەبێت لە گرەوکردن لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ بیرو مومارەسەکانی خۆی بگۆڕێت و وەکو خۆیان نەمێننەوە، بەجۆرێک بواری بۆ بڕەخسێت کە لە دیاردەو ڕووداوەکان بگات، یاخود ئاشکرابوو و جیاوازییەکان بدۆزێتەوە و، گرفت و قەیرانەکان دەستنیشان بکات، یان لەو تەڵەزگانە دەرچێت کە مرۆڤ خۆی بۆ خۆی ئەیهێنێتە ئاراوە.

بەمجۆرە گواستنەوە لە مۆدێرنیزمەوە بۆ پاش مۆدێرنیزم بەردەوامییەکی عەقڵی نوێیە، لە بونیادی بوونەوەردا درزێکی دروست کردووە، بەمەش لە جیهانی ماناوە بۆ سیستەمی نیشانەکان ئەچین، لە فەلسەفەی شوناسنامە و دووبارەبوونەوە ڕووئەکەینە فەلسەفەی جیاوازی خوڵقێنەر، لە لۆجیکی ڕەسەنکردن و خۆ لەیەکا بینینەوە بەرەو لۆجیکی گۆڕان و لەدایکبوون ئەڕۆین.

## فێڵی نوێنەرایەتی

لە ڕووی مەعریفییەوە ناوبردنی چەمکی نوێنەرایەتی، چەمکی نوێنەرایەتی لەڕووی سیاسیی و چەمکی نموونە لە ڕووی خوڵقاندنەوە ئەشێوێنێ. لەبەر ئەوەی گەر



نوێنەرایەتیکردن وەهمێکی مەعریفی بێت، ئەوا نوێنەرایەتی فێڵێکی سیاسییە، و نموونەش وەهمێکی خوڵقییە. لێرەوە گۆڕینی چەمکی ڕاستی لە هەمان کاتدا واتە گۆڕانە لە چەمکی ئازادی و دادپەروەریدا، بەوەش قۆناغی دیموکراتی نوێنەرایەتی ئەبڕین و بەهەمان ڕادەش قۆناغی ڕەوشتی نموونە و پێشەنگیش ئەبڕین. بەو مانایەی گەر مەشرووعیەتی مەعریفی تەنیا مەعریفەی ڕاستی نەبێت و بریتی بێت لە بەشداریکردن لە دروستکردن لە ڕێگای ڕووداوە مەعریفییەکانەوە، ئەوا مەشرووعیەتی سیاسی پەیوەستدار بەمومارەسەکردنی ئازادییەوە لە ڕێگای پرنسیپی نوێنەرایەتی دیموکراسییەوە نایەتە دی، بەڵکو بەوە دێتە دی هەرکەسە و لەسەر شانۆی بوونی خۆی بتوانێت مومارەسەی کاریگەری خۆی بکات و دەسەڵاتی خۆی پێک بێنێت. هەروەها مەشرووعیەتی خوڵقی تەنیا بەوە نایە تە دی کە تاک یان کۆمەڵێک بەناوی بەهای باڵاوە مومارەسەی نوێنەرایەتی بەسەر خەڵک و مافەکانی خەڵکییەوە بکەن، بەڵکو بەوە دێتە دی هەرکەسە مومارەسەی بەرپرسیاری بەسەر خودی خۆیدا بکات و ئاگاداری سەربەخۆیی خۆی بێت و بەجۆرێک لەڕێی بەشداریکردن لە تەدبیرکردنی گرفتەکان و داماڵینی مانا لە ئەزموونەکانی ژیانی و ئەزموونە ئەنتۆلۆژییەکانی خۆی دروست بکات.

ئەوەش بریتی بوو لە چەند ڕوویەکی گۆڕانکاری و تواناکان کە دۆزینەوەکانی پاش مۆدێرنیزم لە بیرو مەعریفەدا بەدییان هێنا. ئەمەش شەپۆڵێکی نوێیە لە شەپۆڵەکانی مۆدێرنیزم، پێشی شەپۆڵێکی تر ئەکەوێت و بەڕادەی ئەوەش تێکەڵی ئەبێت، ئەم دیاردەیەش دیاردەی بەجیهانیبوونە بەتەکنیک و میکانیزمەکانی.

## بۆمبی ڕاگەیاندن

بەهۆی شۆڕشی پەیوەندی و تەقینەوەی زانیارییەکان لەڕووی تەکنیکییەوە هەندێ گۆڕانکاری ڕاماڵێنەر هەن کە لەسەر ئاستی گەردوونی ڕوو ئەدەن، ئەوانەش لە کۆمپیوتەرو تۆڕە ئەلیکترۆنی و سیستەمە ژمارەییانەدا بەرجەستە ئەبن، هەروەها لە شتەکانی تری وەک تەکنیکە باڵا و نێوەندی ئاوێتەبوو کە بوار بۆ گواستنەوەی دەسکەوت و نیشانەکان یا بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار و سامانەکان ئەڕەخسێنن، ئەیڕەخسێنن لەمەودایەکی زۆر دوورو بەخێراییەکی بێ وێنە، ئەم خێراییەش خێرایی ڕووناکییە بەڵکو خێرایی فیکرە، هەروەک یەکێک لە ئەستێرەکانی جیهانی بەجیهانیبوون کە ناوی بیل گیتسە ئەم ڕایەی هەیە.

بە ڕاستیش ئەم حاڵەتە بەجیهانیبوون بەهێزە تێپەڕەکەی فەراهەمی ئەکات کە چوارچێوەی هۆش و ئیدراک ئەگۆڕێ، بەڕادەی ئەوەش پەیوەندی نێوان کات و شوێن ئەتەقێنێتەوە، چوارچێوەی توانای بێ وێنە ئەڕەخسێنێ بۆ بەگشتیکردنی گۆڕینەوەکان لەسەر ئاستی گەردوونی، چ لە ڕووی پەخشکردنی وێنەو پەیام و یا گواستنەوەی ژمارەو سیمبول و بزواندنی کردەو کەسەکان.

بەمجۆرە ئێمە بەرامبەر بەشۆڕشێکی دوولایەنەین، ئەویش لایەنی ڕاگەیاندن و لایەنی ژمارەییە، پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا ئەگۆڕێت و هەروەها هەلومەرجێک بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی نوێ دروست ئەکات ئەتوانین لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا قۆناغی جیهانی پیشەسازی ڕەتکەین و بەرەو پاش جیهانی پیشەسازی بڕۆین. لە کۆمەڵگای پیشەسازی تەقلیدی و مۆدێرنیزمی کلاسیکیدا مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعدا لەڕێی بەرهەمە ماتەریالی و ئامێرە قور و شێوازەکانی گواستنەوەی ئامێری وەک فڕۆکەو شەمەندەفەر بەڕێوەئەچوو. جیهانیش لە ڕێگای پەرتووک و ڕۆژنامەو بیروبڕواو ئایدیۆلۆژییەکانەوە، هەروەها لە ڕێگای تێکستە نووسراو و بەرهەمە سیمبولییەکانی کۆمەڵە کولتورییەکان دروست ئەکران. لەگەڵ چوونە نێو کۆمەڵگاکانی ڕاگەیاندن و بوارەکانی تەلەفزیۆن، مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعدا بەئەنجام ئەگات لەڕێگای بەرهەمە ئەلیکترۆنییەکانی نیمچە ماددی و هەوایی وێنەو سیمبول و ژمارەو نیشانەکانەوە، ئەمانەش لە ڕێگاکانی ڕاگەیاندنی خێراو زۆرەوە بڵاوئەکرێنەوە بەشێوەیەک لەگەڵیا سنووری نێوان وڵات و کۆمەڵگاکان نامێنێ و پەرژینەکانی بیروباوەڕو زمان و ئەو پەرژینانەی شوناسنامە کولتووری و تایبەتمەندە نەتەوەیی و ئاینییەکان خۆیان تیادا ئەپارێزن ژەنگ هەڵئەهێنن. ئەمانە کۆمەڵێ تێکستی کۆکراوەن، مەزن و تێکەڵن، بەسەر زەویدا بڵاو ئەبنەوە و بەنێو بۆشایی سیبرانیدا گەشت ئەکەن، بەم کارەشیان وا ڕائەگەیەنن کە خوێنراوەیی سەر پەڕاو پاشەکشە ئەکات لە بەرامبەر بینراوی سەر شاشە، هەروەها دەسەڵاتداریێتی کۆمەڵگای وێنە و دیمەن بەسەر کۆمەڵگای بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیا، هەروەها جێگرتنەوەی واقیعی دەستکردی سیستەمە ژمارەیی و نیشانە ڕووناکییەکان لە جیاتی واقیعی فیعلی و بوونەوەرە مرۆیی و زمانە سروشتییەکان.

بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شۆڕشە زانیارییەکان پیشەسازی ئیلغا ئەکەنەوە بەڕادەی ئەوەش ئەم ڕاستییە ئەوە ئەگەیەنێت کە بەرهەمی کەرەستە ماتەریالی و سیمبولییەکان پشت بەبەکارهێنانی کۆمپیوتەرە ئەلیکترۆنییەکان ئەبەستن. لەمڕۆ بەدواوە



چیتر بواری ئەوە نەماوە بێ بەرهەمهێنانی زانینە و بەڕێوەبردن و خوێندنەوەی سەر شاشە بتوانرێت بەرهەمهێنانی شمەک و دەق و، شتومەک و بیرو، خزمەتگوزاری و دەسەڵاتەکان بێنە  بەرهەم. بەمجۆرە بەڕێوەبردنی شتەکان و کاروبارو مرۆڤ ئەمڕۆ پابەند بووە بە بەڕێوەبردنی زانیاری و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ژمارەکان. بەڕادەی ئەوەش مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی فیعلی کۆتاییدار، بەهەلومەرجی واقیعی دەستکردەوە بەندە، ئەمەش توانایەکی زۆر ئەخاتە بەردەست، لە ڕووی کاریگەری و کارەوە، لەگەڵ خەیاڵی دیمەنخوازی و پێکهێنانی بێ کۆتایی ژمارەیی.

بەمجۆرە پەیوەندی لەگەڵ ڕاستیدا هەڵدەگەڕێتەوە. پاش شۆڕشی زانیاری مەسەلەکە مەسەلەی واقیع نییە کە بەدووبارە بەرهەمهێنانەوەی لە ڕێی گۆڕینی بەشمەک و ئەدات و دەق و بیر ئەکرێ چارەسەر بکرێت، بەڵکو مەسەلەی واقیع وا چارەسەر ئەکرێت کە واقعێکی تر دروست بکرێت، واقعێکی نا واقعی، ئەو واقیعەش بەپێی وتەی جان بودریارد (واقعێکی مەزنە). ئەکرێ لە ڕێگای نیشانە ڕووناکییەکان و مەوارده نا ماتەریالییەکانەوە ئەوانەی کە بۆشایی سیبرانییان لێ پێکدێت جیهان بەڕێوە بچێت.

بەمجۆرە ئێمە ئێستا لە نێوان سێ جیهانبینیدا ئەژین: یەکەم جیهانی بیرەکان و دووەم جیهانی فیزیایی هەروەک ئەو جیهانەی کارل بوبەر باسی ئەکات، بەڵام جیهانی سێیەم بەپێی پۆلینکردنی بوبەر جیهانی تاقیکردنەوە خودییەکان نییە، بەڵکو جیهانێکی دانراو و هەواییە تەکنیکەکانی پەیوەندی دروستی ئەکەن. ئەمەش ئەمانخاتە بەر پۆلینکردنێکی جیاوازی جیهانبینییەکان، لەگەڵیا سیاسەتی حەقیقەت و بەڕێوەبردنی واقیع ئەگۆڕێت. لە ئەفلاتونەوە هەتا هیگل مەعریفەی ڕاستی هەمیشە بریتی بووە لە جووتبوون لەگەڵ واقیعا، هەروەها جیهانی گشتییەکان لە نموونە موجەڕەدەکانەوە بیگرە تا بیرە موتڵەقەکان جیهانێکی حەقیقی بووە، واتە بەسەر ئەم جیهانە واقعییە فەرمانڕەوا بووەو ڕێکخەرەشی بووە. بەڵام ئێستا دەسەڵاتدا رورێکخەر برتییە لە جیهانی تارمایی ڕووناکی بەرهەمە ئەلیکترۆنییە نەگیرەکان (غیر الملموسة). ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە حەقیقەت ئەوە نییە کە ئەیزانین بەڵکو حەقیقەت ئەو ڕووداوانەیە دروستی ئەکەین و ئەو جیهانانەیە دایئەمەزرێنین. ئەو جیهانە دەستکردەی کە ئێستا واقیعی پێ بەڕێوە ئەچێت و لەوپەڕی لەرزۆکیدایە، ئەو واقیعە زۆر واقیعیترە لە واقیع، بەڕادەیەک ناتوانرێ کۆنترۆڵ و نوێنەرایەتی بکرێت. ئەمەش ئەو جیاوازییەیە: تارماییەکان چیتر سێبەری ڕاستی نین، بەڵکو ڕاستییان پێ دروست ئەکرێت.

بەمجۆرە کۆمەڵێ تەقینەوەی تەکنیکی هەن کە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ واقیعدا ئەگۆڕن بەڕادەی ئەوەش ئەو پەیوەندییە ئەتەقێنێتەوە کە لە نێوان عەقڵ و کەرەستەکانی و نێوان فیکرو نێوەندەکانیا هەیە، بەم کارەش پاشەکشێکردنی مرۆڤ وەک ناوەڕۆکێکی تەنک یان وەکو منێکی باڵا بەرامبەر بەپیشەسازییەکانی بواری کۆمپیوتەرو تۆڕەکان تۆمار ئەکات.

ئەمە کاریگەرییەکانی (ئەتۆمی ڕاگەیاندن)ە هەروەک چۆن بۆل ڤیریلیۆ بەشۆڕشە زانیارییەکان ئەڵێت ئەتۆمی ڕاگەیاندن، ئەوانەی ڕوخساری ژیان لەسەر زەوی ئەگۆڕن: ئەم شۆڕشە لە دایکبوونی مرۆڤی ژمارەیی ڕائەگەیەنێت، بەڕادەی ئەوەش دوو واقیع دروست ئەکات، ئەو دوو واقیعەش شێوەی بیرو جۆری کار ئەگۆڕن واتە پەیوەندی لەگەڵ ڕاستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەگۆڕن.

## دەسەڵاتی زانینە

یەکەم ئەوەی شۆڕشی ڕاگەیاندن مەبەستێتی بریتییە: لە نەهێشتنی ئەو بۆشاییە کە لە نێوان مرۆڤ و ئامێردا هەیە و وا بکرێت کە مێشکی ئەلیکترۆنی پێشبڕکێی مرۆڤ بکات و لە زۆربەی چالاکییە عەقڵییەکان نوێنەری مرۆڤ بێت، ئەمەش وا لە زۆربەی ئەهلی زانست و زانین ئەکات بەهەمان شێوازی ژمارەی ئامێری لە دیاردەی چالاکی فیکری و دیاردەی هۆش بگەن.

لە لایەکی تریشەوە ڕووخاندنی ئەو نێوانە ئەگەیەنێت کە لە نێوان کاری فیکری و کاری دەستیدا هەیە، بەمەش بەشداری لە خولقاندنی هەلومەرج ئەکات بۆ پەیدابوونی نێوەندی شارستانی و بکەری کۆمەڵایەتی نوێ کە ئەوانە بەرجەستەی ئەکەن کە لە کارەکانیاندا ئەلفوبێی ژمارەیی و خوێندنەوەی ئەلیکترۆنی بەکارئەهێنن، جا ئیتر ئەمە لە بەشەکانی بەرهەمهێنانی ماتەریالی بێت یاخود کولتووری. بەمجۆرە ئەو چالاکییانەی پەیوەستن بەبەرهەمهێنانی زانیارییەکان و ئامارکردن و بەکاربردنیان، کارێک نییە تەنیا تایبەت بەو کرێکارانە بێت کە لە بەشەکانی مەعریفەو ئەو بەشانەی دیکەش کار ئەکەن، بەڵکو ئەمە توانایەکە بۆ هەموو تاکە چالاکە کۆمەڵایەتییەکان ڕەخسێنراوە، ئەو تاکانە سەر بەهەر بەشێک بن، ئەو نووسەر و لێکۆڵەرەوەی کە ئەمڕۆ پێنووس و پەڕاو بەکاردێنێت ئەکرێ وەک نەخوێندەوارێ بێت لە چاو ئەوانەی لە بواری ئەلفوبێی ژمارەیی کارئەکەن و زانیارییەکان بەڕێوە ئەبەن و لە بانک و کۆمپانییە بازرگانییەکان کارئەکەن. ئەمەش



پاشەکشەکردنی عەقڵی بژاردەیە بەرامبەر بەعەقڵی میدیایی و پیاوانی ڕاگەیاندن و کرێکاری سەر تۆڕەکان.

ئەم برە گۆڕانکارییە فرە ڕووانە مومارەسەکردنی مەعریفەی زانستی ئەگۆڕن، بەڕادەی ئەوەش پاشەکشێکردنی عەقڵی ئەکادیمی مۆدێرن بەرامبەر بەعەقڵی بەکۆمپیوتەرکراو و بە بەجیهانیکراو تۆمارئەکەن. مەعریفە هەروەک لە زانکۆو سێنتەرەکانی لێکۆڵینەوە مومارەسە ئەکرا، پشتی بەپشکنین و هەڵهێنجان ئەبەست، یان پشتی بەمیکانیزمەکانی پێواندن و شێوەکانی سەلماندن و بەڵگەکان ئەبەست. توانایەکی نوێ هەیە لەگەڵ شۆڕشی زانیاریدا ئەکرێتەوە، ئەم شۆڕشە بەزۆر شێوازی نوێ بوار بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە ئەڕەخسێنێ، کە لەسەر بناغەی خستنەڕووی ژمارەیی و پێکهاتنی گریمانی ڕاوەستاوە.

گەر پاش مۆدێرنیزم بەبەخشینی دەسەڵات بەنیشانەکان بووەتە هۆی تەقاندنەوەی چەمکی نوێنەرایەتیکردنی مەعریفی، بەجۆرێک وا لە مەعریفە ئەکات، نەک بۆچوونێک بۆ واقیع بێت، بەڵکو لە ڕێگای گۆڕینی ئەو شتەی کە مەبەستە بزانرێت ئەبێتە پیشەسازییەک بۆ واقیع، شۆڕشی ڕاگەیاندن بەبەخشینی دەسەڵات بەتەکنیکە زانیارییەکان تەکنیکی لەیەکچوون ئەبڕێت، بەجۆرێک وا لە مەعریفە ئەکات نەک تەنیا بریتی بێت لە دروستکردنی واقیع، بەڵکو لە ڕێگای پرۆسەی بەکۆمپیوتەرکردن و بەزانیاریکردن و ژمارەکردنەوە بریتی بێت لەدروستکردنەوەی واقعێکی نوێ.

دەربارەی چەمکی نوێنەرایەتیکردنیش بەم شێوەیە: گەر تەوژمی پاش مۆدێرنیزم بەتەقاندنەوەی چەمکی نوێنەرایەتی سیاسی گورزێکی کوشندەی سرەوتبێتە دیموکراسی نوێنەرایەتی، ئەوا بۆمبی ڕاگەیاندن لای خۆیەوە بەتەقاندنەوەی پەیوەندی نێوان هاووڵاتی و نوێنەرەکەی گورزێکی کوشندەی سرەوانەتە ئەم دیموکراسییە، لەبەر ئەوەی عەقڵی میدیایی مرۆڤی ژمارەیی، ناتەواوی گەمەی دیموکراسی ئاشکرا ئەکات، بەڕادەی ئەوەش توانایەک بۆ مومارەسەکردنی سیاسەتێکی نوێ ئەکاتەوە کە لە سنووری هاوڵاتی ئەچێتە دەرەوە، ئەو هاوڵاتییەی تەنیا شایەدێک یان خستنەڕوویەک یاخود خوێنەرێکی شارەزایە. گرەوەکەش ئێستا تەنیا بریتی نییە لە هەڵبژاردنی هاووڵاتی بۆ نوێنەرەکانی خۆی بەپێی ئەو زانیارییانەی کە پێشکەشی ئەکرێت، بەڵکو بەشداریکردنێتی لە بەرهەمهێنانی زانیاری و بەکارهێنانی نێوەندەکان. لەبەرئەوەی خەریکە لە ڕێگای نێوەند و وێنەو ژمارەکانەوە ڕاستی دروست ئەکرێت کەواتە ئەوەی لە دیمەنی ڕاگەیاندندا ئامادە نەبێت، ئەکەوێتە بەر هەڕەشەی هەڵخەڵەتاندن و بەپاشکۆبوونەوە.

## شۆکی ڕۆشنبیران

ئەم تەقینەوە تەکنیکییانە لەم کاتەدا کاریگەری خۆیان ئەکەن، بەمەبەستی شۆک و لەرزین، لای بژاردە ڕۆشنبیرەکان لە لای عەقڵ و بونیادە مۆدێرن و تەقلیدی و لای پارێزەرانی شوناسنامە و هەموو ئەوانەی دیاردەکانی بەجیهانیبوون و بەکۆمپیوتەربوون و بەزانیاریبوون تووشی سەرسوڕمانی کردوون، هەروەک چۆن پێشتر تەوژمەکانی پاش مۆدێرنیزم لە بوارەکانی هونەرو ئەدەب و بیر تووشی سەرسوڕمانی کردبوون، لەمەشدا مۆدێرنیزم و کەلەپوورنیزمەکان، فوندامەنتیلیزم و عیلمانییەکان لە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات ئەچنە یەک ئاست. ئەمەش ئەو گفتوگۆیانەمان بۆ ڕاڤە ئەکەن کە لە نێوان لایەنگران و ڕەخنەگرانی مۆدێرنیزم لە شەستەکانەوە ڕووئەدات و بەردەوامەو توندوتیژتر ئەبێت لە بارەی بەکارهاتنی پڕۆژەی ڕۆشنگەری و کۆتایی مرۆڤ و مەزهەبی مرۆیی، یان لە بارەی ڕاستگۆیی ڕۆشنبیرو سوودی پڕۆژە ئایدیۆلۆژییەکان، یاخود دەربارەی عەقڵ و ڕاستگۆیی و حەقیقەت و پەیوەندیشیان بەسیستەمی وتارو یاساکانی گێڕانەوەو گەمەی دەقەوە، هەروەک ئەو موناقەشانەی لە نێوان ڕیمۆن ئارون و جان پۆڵ سارتەر، لە نێوان سارتەرو میشیل فۆکۆ، یان لە نێوان فۆکۆو یۆرگن هابرماس و نەئۆم شۆمسکی ڕوویان دا، یاخود ئەوەی کە ئەمڕۆ ڕووئەدات لەلایەک لە نێوان فرنسوا لیوتارو جان بۆدریار و ڕیتشارد ڕورتی لە لایەکی ترەوە لە لایەن هابرماس و تیری ئیگڵتۆن و کریستۆفەر نوریس.

ئەمەش دیسانەوە ڕاڤەیەکە بۆ ئەو گفتوگۆیانەی کە لە کۆتایی ئەم سەدەیە ئەتەقێتەوەو بەردەوام ئەبێت لەبارەی کۆتایی مێژوو و ئایدیۆلۆژیا، یا دەربارەی لیبرالیزمی نوێ و سیستەمی جیهانی یا دەربارەی وڵات و کۆمپانیا زەبەلاح و نێوەندە ڕێگاو نموونەکانی گەشەپێدان، دەربارەی زیرەکی مرۆیی و مێشکی ئامێری، بەتایبەتیش دەربارەی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوون و شۆڕشەکانی زانیاری بەسەر شوناسنامە ڕۆشنبیری و بەها خوڵقییەکان، ئەو گفتوگۆ گەرمانەی کە لە نێوان هەردوو سەربازگەکە ڕووئەدەن سەربازگەی لایەنگرو سەربازگەکانی دژ بە بەجیهانیبوون و سیستەمی جیهانی نوێ ئەوانەشی لەم گفتوگۆیانەدا بەشدار ئەبن لەلایەک ڕۆشنبیرانی وەک شۆمسکی و بیاربۆردیۆو سەمیر ئەمین و بنیامین بابەرو جۆن سیرل و سادق جەلال عەزم و محەمەد عابد ئەلجابری لە لایەکی دیکەوە ڕۆشنبیرانی وەک ئەلفین تۆفەرو ئەنتۆنی گیدنزو فرانسیس فۆکۆیاما و تۆماس فریدمان و ڕای کورزیل.



بەمجۆرە بازدانە مەعریفی و تەقینەوە تەکنیکییەکان کە ڕوویان دا، سەرەڕای ڕووخانە سیاسی و ئایدیۆلۆجییەکانی پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵوەشاندنەوەی سەربازگە سۆسیالیستەکان، بارودۆخێکی جیاوازیان خوڵقاند لەگەڵیا ڕووداوەکانی جیهان گۆڕانیان بەسەردا هات، هەر ئەم گۆڕانکارییەش بوو بەهۆی گۆڕان لە نەخشەی ڕووداوەکان و هەروەها هەڵگەڕانەوەیەکی بەدی هێنا لە بزووتنەوەی کۆمەڵگاکان و گۆڕانێکی دروست کرد و لە چارەنووسی شوناسنامەکان، بەهەمان ڕادەش لە بەها و تێگەیشتن و عەقڵیەت و دەزگاو دەسەڵات و پڕۆژەکاندا گۆڕانی دروست کرد بەجۆرێک لەگەڵیا جوگرافیای عەقڵ و پەیوەندییەکانی هێز، سیستەمی مەعریفەو سەرچاوەی سامان، سیستەمەکانی پەیوەندی و شێوەکانی ژیان گۆڕانیان بەسەردا هات.

ئەمەش سیفەتی ڕووداوە گەردوونی و بازدانە شارستانییەکانە: ئەو بەو کودەتاو گۆڕانانەی کە دروستی ئەکاو بەو هێزو وزانەی دەری ئەپەڕێنێ، ئەو ئاسۆو تواناییانەی ئەیانکاتەوە کۆمەڵێ ڕاستی نوێ دروست ئەکات، ئەم ڕاستییانەش پێویستییان بەشێوەو ڕێبازو شێوازی نوێ و جیاواز لە بیرکردنەوە و مەزەندەکردن، یا پۆلینکردن و هەڵسەنگاندن و ڕێکخستن و تەدبیرکردن هەیە.

لێرەوە ئەو شێوەو پڕۆژە فیکرییە نوێیانەی کە پەیوەندییان بەعەقڵ و ڕۆشنگەری و پێشکەوتن و ئازادی و بەمرۆڤبوونەوە هەیە، لە مێشکی مۆدێرن و ڕۆشنگەر و مرۆییەکان گۆڕاوە بۆ شێوەیەک لە دۆگماتیزمی بیروباوەڕو کۆمەڵێ جێگیری موتڵەق یاخود بووە بەسەرەتاییە میتافیزی و گێڕانەوە خەیاڵییەکان، ئەمەش وای کردووە ڕاستگۆیی خۆی بدۆڕێنێ و گرەوکردن لە بارەی تێگەیشتن و دەستنیشانکردن، یاخود بۆ کارتێکردن کارێکی بێ سوود بێت.

بێگومان سەردەمەکانی گەشانەوەی فیکری بەسەرچوون ئەو سەردەمانەی تیایدا دروشمەکانی عەقڵ و ئازادی و پێشکەوتن و سۆسیالیست ڕۆڵی خۆیان لە ڕاڤەکردن و ڕۆشنکردن وجووڵاندن و جۆشدان ئەگێڕا. بەڵام ئێستا کارەکە بەو جۆرە نییە، بەڵکو پێویستی بەڕاڤەکردنە بۆ تێگەیشتن لە تەڵەزگەی پڕۆژە و سەرنەکەوتنەکانی. بەلای کەمەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕووداوە مێژوویی و کودەتا ئەنتۆلۆژییانەی کە ڕووئەدەن، ئێستا کارەکە پێویستی بەدووبارە داهێنانەوە هەیە.

بەم مانایە هەردوو لایەنەکە مۆدێرنیزم و کەلەپوورنیزمەکانیش لە یەک بەرەدان دژ بەو شتەی کە پێی ئەڵێن ترسناکی بەجیهانیبوون، جیهانیبوون بەخۆی و هێزە دەسەڵات و

داگیرکردن و ئەو تەڵانەشی کە ناویەتیەوە. لەم هەڵوێستەدا هەر هەموویان یەکن ڕۆشنبیرانی خاوەن ڕواندنی ناسیۆنالی و ئسوولّی پەیامبەری و ڕەگی مارکسیزم. هەر هەموویان لەگەڵ دۆزینەوە تەکنیکی و بازدانە شارستانییەکان وا مامەڵە ئەکەن گوایە ئەو شتانە بریتین لە کۆمەڵێ کەرەستەی ئەهریمەنی و ئەبنە هۆی لە دایکبوونی خراپەو شەڕو هەڵوەشاندنەوەو شیکردنەوە؛ هەر هەمووشیان ئەو گۆڕانکارییانەی لە بیرو ڕووداوەکاندا ڕووئەدەن وەکو میحنەتی فیکری تەشەنەکردوو ئەخوێننەوە. یاخود گوایە داگیرکردنی کلتووری دڕندەئامێزی ڕۆژئاوایە، یا قۆناغێکی نوێیە لە قۆناغەکانی سەرمایەداری کە لە دەسەڵاتی ئەمریکیدا بەرجەستە بووە.

بەمجۆرە ئەوان گۆڕانکارییەکان نەفی ئەکەنەوە بۆ ئەوەی بڵێین زاراوەکانی ئێمە ڕاستن، بەهەمان ڕادەش ڕووداوەکان بەزمانی شیوەن و لاوانەوەو شکایەتکردن و لۆجیکی ئایدیۆلۆژیاو خەیاڵی و عەقڵیەتی قوربانی و کودەتا ئەخوێننەوە. بەری ئەم کارەشیان بریتییە لە گواستنەوە لە شۆکی پاش مۆدێرنیزمەوە بۆ شۆکی بەجیهانیبوون، گواستنەوەیە لە تیرۆری فۆندەمەنتێلەکانەوە بۆ داگیرکردنی وێنەو زانیارییەکان، سەرەڕای ئەمبەرو ئەوبەرکردن لە نێوان جیهانێتی بەسەرچوو و تایبەتمەندییە خنکێنەرەکان، واتە بەرگریکردن لە جیهانێتی بەسەرچوو ئەو جیهانییەی کە سەردەمی ڕۆشنگەری و شۆڕشە ڕزگاریخوازەکانی تەواوکردووەو، پاشان کودەتای لێ کردوون بەمەبەستی بەرگریکردن لە تایبەتمەندییە ڕۆشنبیرییەکان کە خاوەنەکانیان مومارەسەی دەمارگیری فاشییانەو پاکتاوسازی ڕەگەزپەرستانە ئەکەن، یاخود بەرگریکردن لەو وڵات و ڕژێمانەی کە خاوەنەکانیان وڵاتەکەی خۆیان کردووە بەکۆمەڵێ پرۆژەی گشتی و سەربازگەی ئایدیۆلۆژی.

## خامەنەیی و شۆمسکی

پێ ئەچێت لە جیهانی عەرەبیدا ئەم قەیرانە بەرفراوانتر بێت، لەبەر ئەوەی مۆدێرنیزمی فیکری لەسەر دەستی داواچییەکانیان جێبەجێ نەکراوە، بەو بەڵگەیەی هیچ دەوڵەمەندکردنێک یان گەشەپێدانێکی پێشکەش بەهیچ یەک لەو چەمکانە نەکردووە ئەو چەمکانەی بەکاری ئەهێنن وەکو چەمکی دیموکراسی و عەقڵانی و ڕۆشنکردن و پێشکەوتن و گەشەپێدان... بەڵکو ئەمانە کۆمەڵێ دروشمن بوون بەکۆمەڵێ شتی دەرخکراو و هەر ئەوترێنەوە یان بوونەتە کۆمەڵێ پەرستگاو ئەپەرسترێن. لێرەوە هیچ جیاوازییەکی گەورە



لەرووی لۆجیکی تێگەیشتن و میکانیزمەکانی بیرکردنەوە لە نێوان مۆدێرنیزم و کەلەپووریزم نییە، سەرەڕای جیاوازی دەرپەڕین و دژایەتی خستنە ڕووەکانیان. هەردووکیان بەعەقڵی ئسوولّی مامەڵە لەگەڵ بەدەستەوەدانە فیکری و بەرهەمە ڕۆشنبیرییەکان ئەکەن، کە ئەمەش لەسەر زەوی واقیعی زیندوو لە مین زیاتر هیچ بەرهەم ناهێنێ، بۆیە مەحاڵە لەگەڵ بنەچەدا هاوجووت بێت، جا چ مەسەلەکە پەیوەست بێت بەکەلەپووری ئیسلامەوە یاخود بەمۆدێرنیزمی ڕۆژئاواوە، یا پەیوەست بێت بەعەقڵانیەتی دیکارت یا بەڕۆشنگەری کانت ەوە.

لە ڕاستیدا ئەمە تەڵەزگە ئابڕووبەرەکەی مۆدیرنیزمی عەرەبە، ئەم تەڵەزگەیە سێ ڕووی هەیە: ڕووی یەکەم پاش هەوڵدانێکی زۆری مۆدێرنیزمەکان بۆ بەزانستکردنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگا کەچی فیوندامانتێلە ئاینییەکان گۆڕەپانی فیکرو کاری زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکانیان داگیر ئەکات. ڕووی دووەم: لە کاتێکدا کە ئەهلی مۆدێرنیزم پێ لەسەر بەرپاکردنی شۆڕشێ لە فیکری ئاینیدا یاخود لە بیری لاهووتیدا دائەگرن وەک شۆڕشەکەی لوسەرو ڤۆڵتێرو کانت کەچی ئەوان مۆدێرنیزمی ڕۆژئاوایی ئەخەنە سەر تەختەی هەڵکۆڵین و هەموو ناونیشان و شتە چەسپاوەکانی ئەدەنە بەر ڕەخنەو هەڵوەشاندنەوە پاش ئەوەی تەقینەوە مەفهوومەکانی لە زۆربەی زۆری بەشەکانی مەعریفەو ڕۆشنبیری دەنگی دایەوە هەر لە وێنەوە تا بیناسازی هەر لە فیزیاوە تا فەلسەفە هەر لەماتماتیکە وە تا ڕەخنەی ئەدەبی.

دووایەمین ڕوو: ئەوەیە کە مۆدێرنیزمەکانی عەرەب لەئێستادا لە پیشەسازی و گەشەپێدانا داوای جێپێهەڵگرتنی مۆدێرنیزم ئەکەن، کەچی شۆڕشە زانیارییەکان بەجۆرێک ئەتەقنەوە کە نموونە مۆدێرنەکان لەکاری شارستانی و گەشەپێدان ئەگەنە ئاسۆیەکی بنبەست. ئەمەش بەری مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەزموونە نوێیەکانی وەک نموونەگەلێکی بنەچەیی: واتە بەرهەمهێنانی قەیرانەکانی گەشەپێدان. ئەوەش کە وای کردووە مۆدێرنیزمەکردن مومکین بێت، پەیوەندییەکی ڕەخنەییە لە نێوان فیکرو ئەو سیستم و نموونانەیە کە بەرهەمی دێنێت.

بەمجۆرە ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییە جیهانییەکان لە ڕووی مەعریفی و تەکنیکی، بەعەقڵیەتی فوندەمەنتێل و ئایدیۆلۆژیانەوە ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەهلی مۆدێرنیزم و ئەهلی کۆن لە یەک بەرەدا کۆبکاتەوە، کۆیان بکاتەوە دژ بەو شتەی کە لە وڵاتە عەرەبییەکان پێی ئەوترێت بەڕۆژئاواییبوون و بەئەمریکیبوون و لە ئەوروپاو فەڕەنسا بەتایبەت پێی

ئەوترێت دژ بەجیهانیبوون و بەئەمریکابوون. کەواتە جێی سەرسوڕمان نییە کاتێ کە ڕۆشنبیرەکان ئەوانەی زۆر لە یەکتری دوورن لە ڕووی زمان و ڕۆشنبیری و شوناسنامەوە لەم ڕووەوە یەک بگرنەوە، هەروەک یەککگرتنەوەی عەلی خامەنەیی و نەئۆم شۆمسکی و بیاربۆردیۆ لە هەڵوێستیان بەرامبەر بەڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی و شێوازەکانی ڕاگەیاندن و سیستەمی جیهانی نوێ. کەچی لەهەمان کاتدا نووسەرێکی زمانەوانی دەربارەی داگیرکردنی بەردەوامی جیهان لە لایەن ڕۆژئاواوە کتێب ئەنووسێت، هەروەها زانای فەرەنسی هێرشێکی توند ئەکاتە سەر تەلەفزیۆن، یان سەرۆکی ئێران بەبەردەوام گلەیی لە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی و شێوازەکانی ڕاگەیاندن ئەکات هەروەک چۆن داواچی و زۆربەی پیاوانی ئایینی لە جیهانی ئیسلامیدا ئەم کارە ئەکەن. ئەم بڕە شایەدی لەسەر ئەوە ئەدەن کە ڕۆشنبیران تەنیا ڕوویەکی تری دەسەڵاتن ئەو دەسەڵاتەی داوای بەرگریکردنی ئەکەن، یاخود ئیدیعا ئەکەن کە ئەوان دژ بەدەسەڵاتن.

بەمجۆرە ڕۆشنبیرە مۆدێرنەکان و داواچییە فوندەمەنتیلەکان لە یەک سەربازگەدان بۆ بەرگریکردن لەو بەها و چەمک و پرۆژانەی کە لەگەڵ تەقینەوە مەعریفی و تەکنیکییەکان درزیان تێ ئەکەوێت و هەرەس دێنن. دەرئەنجامی هەڵوێستەکانیان بریتییە لە بەرگریکردنێکی سەرنەکەوتووانە، وایان لێ ئەکات ببنە قوربانی فیکری خۆیان ئەو فیکرەی لە قەیران و تەڵەزگە زیاتر هیچی تر بەرهەم ناهێنێت، ئەم کارەشیان دەرئەنجامەکەی ئەبێتە هۆی ئەوەی بەجیهانیبوون زیاتر بەرفراوانتر بێت و وڵاتە یەکگرتووەکانیش زیاتر دەسەڵاتداربن. جێگای سەرسوڕمان نییە ئەم جیهانەی کە ئەڕواو پێکدێت هیچ یەک لە ڕیفۆرمیستی لۆسەرو عەقلانیەتی سەردەمی کلاسیکی بەکەڵکی خوێندنەوەی ڕووداوەکانی نایەن، هەروەها لیبرالیەتی ڤۆڵتێرو ڕۆشنگەری کانتیش کەڵکیان نەماوە بۆ تێگەیشتنی ئەم ڕووداوە، مێژوویی هیگڵ و مارکس و شۆڕشگێڕی سەدەی بیستەم و ئایدیۆلۆژییە ڕەخنەییە ڕزگاریخوازەکانیش ناتوانن بیگۆڕن. پێش هەموو شتێک ئەو عەقڵ و نموونانەی ڕەگی پەیامبەری و ئایینییان هەیە، بێ کەڵکن بۆ تێگەیشتنی و سەرکەوتن لە گۆڕینیدا.

ئەوەی ڕووئەدات پەیوەندی نێوان ئەم شتانە ئەگۆڕێت: ماناو هێز، مەعریفەو بەها، سامان و دەسەڵات، خودو شوناسنامە، فیکرو واقیع، ڕاستی و بوون. کەواتە پێویستییەک هەیە بۆ ئەوەی ئێمە لە ڕووی بیرو وتن و کارکردنەوە بگۆڕێین، بەجۆرێک هەرچی شتومەکی فیکری و زەخیرەی چەمکی هەیە بیانخەینە بەر پرسیارو



چاوپێخشاندنەوەو ئاشکراکردن، لەوانەش: زاراوەکانی وتارو ئاوێتەکانی تێگەیشتن، میکانیزمەکانی وتن و قاڵبەکانی زانین، نموونەکانی ڕوانین و پرنسیپەکانی پۆلینکردن، پێوانەکانی کار و ڕێگاکانی مامەڵەکردن. لە سەردەمێکدا کە بیرو شێوازو هێزەکان زۆر بەخێرایی ئەگۆڕێن، بۆیە گەر نەتوانین بیرمان بگۆڕین ئەوا ئەو بیرە ئەبێتە ڕێگر یاخود ئەبێتە سەرچاوەی ناتەواوییەکانمان.

ئەوەی ئەکرێت ئەوەیە کە ئێستا تۆڕێکی نوێ ئاوێتە بکەین تۆڕێکی جیاوازو نوێی تێگەیشتنەکان، لەگەڵیا خودی چەمکی گۆڕانیش ئەگۆڕێت، بەو ڕادەیەش پەیوەندی خاوەن پرۆژەکانیش لەگەڵ بیرو کار و واقیع و جیهاندا ئەگۆڕێن. ئەم گۆڕانەش سێ ڕووی هەیە، ئەتوانین بچینە نێویەوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شتەی کە ڕووئەدات، هەروەها هەوڵ ئەدەم لە نزیکبوونەوەکانم دەربارەی شۆڕشی زانیاری لەبەر ڕۆشنایی شێوەیەکی نوێ لە شێوەکانی پەیوەندی مرۆیی ئەمە بخەمە ڕوو، کە ئەمەش بریتییە لە کۆمەڵێ نزیککردنەوەی جۆراوجۆر بۆ مەسەلەی پەیوەندی نێوان شوناسنامە و بەجیهانیبوون، لە ڕێگای ڕەخنەگرتن لە وێنەو شێوەکانی بەمرۆڤبوون هەڵئەهێنجرێ کە ناسراوەو ئەویشە ڕووخانەکانی نێو دەزگاکانی مانا و قوتابخانەکانی فیکر ئەنووسێتەوە، هەروەها کۆتاییە سەرنەکەوتوو و ڕەشبینەکانیش.

# منی بەردەوامی و شوناسامەی زاییێنەر

## سەرچاوەی توانا

هەوڵە ڕەخنەییەکانی ڕۆشنبیری بژاردە ئەوانەی لە پارێزەرانی شوناسنامەن، لایەنگیریکردنی ئەم سەربازگە ئایدیۆلۆژییە دژ بەسەربازگە ئایدیۆلۆژییەکەی دژ ناگەیەنێت، بەتایبەت لەو شەڕە قسانەی دەربارەی بەجیهانیبوون سازی ئەکەن. ئەو کەسەی لەسەر بیر کارئەکات و خاوەن پیشەسازی چەمکەکانە بێ مانایە گەر هاتوو لایەنگر یاخود دژ بەجیهانیبوون بێت و یاخود هەستێ بەداڕشتنی وتارێکی پیاهەڵدان بەسەر تەکنیکەکانی ڕاگەیاندن یا نەفرەتکردن لەو تەکنیکانە. واباشترە ئەو ململانێ ئایدیۆلۆژی و هەڵوێستە خەباتگێڕی، ستایشکەر و هێرشبەرانەدا تێپەڕێنێ، بۆ ئەوەی بۆ دروستکردنی جیهانێکی فیکری نوێ کاربکات، ئەو جیهانەی لەگەڵیا ئەسبابەکانی تێگەیشتن و کەرەستەکانی کار و کاریگەری گۆڕانی بەسەردا دێت.

گەر ئەو گۆڕانە مێژووییانەی کە بەهۆی کاریگەری بەجیهانیبوونی پەیوەندییەوە ڕووئەدات ڕووبەڕووبوونەوەیەک پێک بێنێ بۆ شوناسنامە ڕۆشنبیری و پرۆژە ئایدیۆلۆژییەکان یا بۆ گێڕانەوە فەلسەفییە نوێیەکانی جیهان، کەواتە ئەوەی ئەکرێت ئەوەیە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەکان بگەین و لەیەک کاتیشدا ڕووبەڕووی ببینەوە، یا باشترە بڵێین ئەوەی ئەکرێت ئەوەیە کە زمانێکی تێگەیشتنانەی نوێ بۆ خوێندنەوە و دەستنیشانکردنی ڕووداوەکان داهێنین.

ڕووداو حەتمەتێکی توندوتیژ نییە، بەڵکو بریتییە لە خوێندنەوە جۆراوجۆرو فرە ئەگەرو کراوەکانی ئەو ڕووداوە، واتە بەو پێیە مامەڵەی لەگەڵدا ئەکەین کە کۆمەڵێ توانایی لێ هەڵئەهێنجین. مرۆڤیش هەر وایە: مرۆڤ سەرچاوەی تواناکانە، بەتێکەڵە چەمکی و پێکهاتنە خەیاڵییەکانی بەشێوە عەقڵانی و چارەسەرکردنە کردارییەکان، ئەمەش وای لێ کردووە بتوانێت لە جومگەی ڕووداو و سنووری زەمەنەکان بوەستێت، بۆ بەدیهێنانی بیری تێپەڕو دەستپێشکەرییە خولقێنەرەکان کە لە ڕێگەیانەوە بەشداری لە پێکهێنانی جیهانی خۆی و چارەسەرکردنی قەیرانە ئەنتۆلۆژی و تەدبیرکردنی گرفتەکانی ژیانی خۆی ئەکات،



نەک بەمەبەستی لەیەکچوواندن و جووتبوونی مەعریفی، یا بەمەبەستی لەوچوون و جێبەجێکردنی کرداری، بەڵکو لە پێناوی وەرچەرخان و گۆڕین و ئاڵشتکردنی مەوادو دەستکەوتەکان، ئەم کارەش لە ڕێگای بزووتنەوەیەکی پڕ کار و بەردەوامییەکی گەشەکردووی ئاڵۆز لە پێکهێنان و بیناکردندا ئەبێت.

هەر ئەمەشە کە لەگەڵ دیاردەی بەجیهانیبووندا ڕووئەدات: ئەم دیاردەیە پێویستەکی زاڵ نییە، بەڕادەی ئەوەی کە جیهانێکی جیاواز پێک دێنێت لەگەڵیا کۆمەڵێ توانای نوێ بۆ بیرکردنەوەو کارکردن دێتەبەر لەگەڵیا تۆڕەکانی تێگەیشتنیش ئەگۆڕێت، تا ڕادەیەکیش دووبارە پرۆژە مەعریفی و سیاسی و خولقی و ڕۆشنبیرییەکان دائەڕێژرێتەوە.

ئەو شتانەی لە نزیککردنەوەکانم بۆ دیاردەی بەجیهانیبوون هەوڵی بۆ ئەدەم ئەم شتانەن: یەکەم خوێندنەوەی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان، لە ڕێگای تۆڕێکی نوێی تێگەیشتنەکان، کە ئەوانیش بریتین لە، فیکری پێکهاتەیی، منی بەردەوامی، لۆجیکی گۆڕانکاری، شوناسنامەی زاییێنەر، نێوەندە ڕۆشنبیر، خەیاڵی گەردوونی، مرۆڤی نێوەندی.

## فیکری پێکهاتەیی

مانای فیکری پێکهاتەیی واتە کردنەوەی عەقڵ بەڕووی واقیعی زیندووی ئەو جیهانەی تێیدا ئەژین. واقیعیش گەلێک ئاڵۆز و شڵەژاوە چ لە ڕووی بزووتنەوە و بەردەوامییەکەی، یان لەڕووی زەمەن و کۆبوونەوەکانی، یا بونیادو تێکەڵ و پێکەڵبوونەکانی. لێرەوە ئەو کەسەی بەعەقڵیەتی دۆگمایی ئەیەوێ ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە بێتەوە، ئەوا ئەو کەسە پشت بەچوارچێوە بەستەڵەک و ڕوانینە لە پێشین و موجەڕەدەکان ئەبەستێت، بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم دیاردەیە پێویستی بەفیکری نەرم و عەقڵی جووڵاوەو ئەو کەسانەیە کە سوود لە هەمەچەشنی شارەزایی و بەشەکانی مەعریفە وەرئەگرن، بەو ڕادەیەش بێ دوورخستنەوەو دابڕین بەهەموو ئاست و مەوداکانیەوە بەڕووی ئەزموونە ئەنتۆلۆجییەکاندا ئەکرێتەوە.

ئێمە کە ئێستا لە سەرەتای سەردەمی کۆمپیوتەردا ئەژین ئەوا ئەم سەردەمە واقعێکی مرۆیی نوێیە، بێگومان ئەبێت ئەم دیاردەیە لەبەرچاو بگیرێت بۆ تێگەیشتن لە دیاردە و دیاریکردنی گرفتەکان یا بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەو چارەسەرکردن. بەڵام ئەمە ئیلغا کردنەوەی ئەوەی پێشووتر ناگەیەنێت. کۆمپیوتەر مانای ئیلغا کردنەوەی کارگە نییە بەڕادەی ئەوەی مانای بەکۆمپیوتەرکردنی پیشەسازییە، هەروەها نموونەی هاتنی کارگە

کێڵگەی ئیلغا نەکردەوە بەڵکو توانای فراوان لەبەردەم پیشەسازی کشتوکاڵی کرایەوە.

لەگەڵ دۆزینەوەکانی پاش مۆدێرنیزم بارودۆخەکە بەم شێوەیە: ڕەخنەگرتن لە عەقڵی ڕۆشنگەری پاشەکشێکردن لە عەقڵانیەت و ڕۆشنگەری ناگەیەنێ، هەروەک چۆن لاساییکەرەوانی مۆدێرنیزم و بەرهەڵستکارانی ڕەخنەگرتن بەساویلکەیی لە دیاردەکە بیر ئەکەنەوە، بەتایبەت ئەوانەی پاسەوانی لاوازی خۆیانن و ئەوانەشی دەستبەرداری کەمبوودی عەقڵ نین، بەڵکو ئەم شتە بەدیهێنانی توانای نوێیە بۆ بیرکردنەوە، هەروەها کردنەوەیە بەڕووی ئەوەی کە دوورخرابۆوە یاخود ئەوەی لە لایەنەکانی ژیان و ناوچەکانی بوون نەزانراوبوو، بەشێوەیەک بوار بۆ داڕشتنەوەی عەقڵانیەتی نوێ بڕەخسێت فراوانتر بێتەوە بۆ ئەو شتانەی کە لە نێو عەقڵانیەتی مۆدێرنیزمدا جێگایان نەدەبۆوە.

کەواتە ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت یەکەم: نابێت ئەوەی ک ڕووئەدات نەفی بکرێت و ئیلغا بکرێتەوە، بەڵکو ئەوەی ئەکرێت و سوودی هەیە ئەوەیە کار بۆ جووتکردن و خستنەگەڕو دووبارە بونیادنانەوەو پێکهێنانەوەی ئەو ڕووداوە بکرێت. دووەمیش واتە سەرچاوە فیکری و شێوە مەعریفی و شێوە پراکتیکەکان بریتی نین لە کۆمەڵێ یەقینی جێگیرو بەدەستەوەدانی کۆتایی، بەڵکو ئەمانەش کۆمەڵێ کەرەستەن ئەکەونە ژێر ڕێککردن و بەرەو پێشەوەبردن، هەمیشەش بەردەوام لە ژێر جێبەجێکردن و بەئەنجام گەیاندن ئەبن. مانای هەموو ئەمانەش ئەوەیە لە تێگەیشتن و چارەسەرکردندا ئەبێت لە یەک تەوەری و یەک هێڵی و یەک نموونەیی و یەک پەیڕەوی تێپەڕین.

لێرەوە خاوەن بیری پێکهاتەیی لە ڕێگای شمەکەکانی تێگەیشتنەوە مامەڵە لەگەڵ واقیعدا ئەکات، ئەم کەرەستانەش بریتین لە شێوازی نەرم و نموونە بونیادنراوەکان، بریتین لە سیستەمی پێکهاتەو چوارچێوەی فراوان و، قاڵبە دەستەواژییەکان، سەرچاوە تێکەڵبوو، تۆڕە بەیەکچوو، ڕێککەوتنە کراوەکان، یان بریتین لە عەقڵیەتی گفتوگۆکەرو بەردەوامی داڕێژراو لەسەر فرە هێڵ و قوتابخانەکان، یاخود لەسەر هەمەچەشنی هەڵبژاردن و هەڵوێست، دەوڵەمەندی ئەزموون و شارەزاییەکان.



## عەقڵی بەردەوامبوون

کۆمەڵگای مرۆیی بریتییە لە کۆمەڵێ پەیوەندی کە خەڵکی لە نێوان خۆیاندا ئەیچنن یان بریتییە لەو پەیوەندییەی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و بوونەوەرەکانی تردا بەرپای ئەکات، بەمەبەستی گۆڕینەوەو مامەڵەکردن، یا لە پێناوی گونجاندن و کارلێکردن. ئەمەش مانای بەردەوامی ئەگەیەنێ: بەردەوامیش بریتییە لە پێکەوە ژیانی خەڵکی پێکەوە، یاخود ژیان لەگەڵ نێوەندە سروشتییەکەی خۆیاندا. ئەوەشی وا ئەکات پەیوەندی بەرقەرار بێت، ئەو نێوەندو شێوازانەن کە مرۆڤ دایئەهێنێت لە زمان و تەکنیکەکان، واتە لەو بەرهەمە سیمبولییانەی پەیوەندی و تێکست و پێوانەو بەرهەمە ماددییەکانی وەک شمەک و ئەدەوات و کەناڵەکان بەرجەستە بووە.

گەر ئەمە حاڵی کۆمەڵگای مرۆیی بێت کە بەپێکەوە ژیان و بەردەوامی بونیاد ئەنرێت کەواتە ئەم سەردەمە سەردەمی بەردەوامییە، شۆڕشی زانیارییەکان بووە هۆی زیادکردنی بەجیهانیبوونی پەیوەندییەکان، بەم کارەشی توانایەکی بێ وێنە بۆ گۆڕینەوە لە نێوان خەڵکی و کۆمەڵگاکان کردۆتەوە، ئەم گۆڕانکارییانەش بوار بەمرۆڤ ئەدەن لە ڕێگای ئەو تۆپە شووشەییەوە لە جیهاندا بسووڕێتەوە و، زانیاری دەست ئەکەوێت و کاروبارەکان بەڕێوە ئەبات بێ ئەوەی ماڵەکەی خۆی بەجێ بێڵێت.

هەروەک زۆر کەس تێبینی ئەکەن ڕەنگە کارەکە ڕوویەکی دیکەشی هەبێت، کەرەستەکانی پەیوەندی کە بوار بۆ کارکردن و گۆڕینەوە لە مەودا دوورەکانەوە ئەڕەخسێنێ، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندی زیندوو و ڕاستەوخۆی نێوان خەڵکی بەدوور ئەخاتەوە؛ ڕەنگە پەیوەندی لەگەڵ نزیک ڕەت کاتەوە بۆ ئەوەی بیگۆڕێتەوە بۆ پەیوەندی دووربەدوور، ئەویش لە ڕێگای پۆستە ئەلیکترۆنییەکانەوە، بەمجۆرە پەیوەندی نوێ ئەهێنێتە ئاراوە، پەیوەندییەک سروشتەکەی سیبرانییەو جێگای پەیوەندییە سروشتی و چاوپێکەوتنە گەرموگوڕەکان ئەگرێتەوە.

هەروەها تەکنیکەکان بەپێی ئەو توانایانەی کە لێیان دێتە دەرەوە چیتر بەنێوەند دانانرێن، فرە نێوەندانەکان ئەمڕۆ ئیمکاناتی گۆڕینەوەو مامەڵەکردنی نێوان مرۆڤ زیاد ئەکەن. لێرەوە دروشمی هەنووکە بریتییە لە: بیرکردنەوەو کارکردن لە یەک کاتدا، جێگای دروشمە کۆنەکە ئەگرێتەوە کە ئەڵێت: بەتەنیا بیرئەکەینەوە بۆ ئەوەی پێکەوە کار ئەکەین. گەر (پەیوەندی) هەمیشە (ڕاگەیاندن) نەبێت، ئەو مانایە ئەگەیەنێت کە ئەم کارە ئەبێتە

هۆی هێنانەکایەی ئیمکانیاتی سلبییەوە کە بەرجەستە ئەبێت لە گەمەکردن بەعەقڵەکان یان ساختەکردن لە ڕاستییەکان و چەواشەکردنی ڕای گشتیدا، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئەبێت کەرەستەو شێوازەکانی ڕاگەیاندن بەردەبارانکردن بکرێت، ئەوانە ئەنجامی ئەدەن کە باسی تۆڕەکانی پەیوەندیمان بۆ ئەکەن وەک ئامێرێکی شەیتانی لەقەڵەم ئەدرێن. بەڵکو ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ ئەو نێوەندانەی بەرهەمیان دێنین بۆ ئەوەی ببێت بەنێوەندێک لە نێوانماندا، بەشداری لە ئاگادارکردنەوەمان ئەکات، بەڕادەی ئەوەش بەشداری لە گۆڕینمان ئەکات، ئەم کارکردنەشی لە ڕێگای گۆڕینی شێوەی بژێوی و ڕووەکانی ژیانەوە ڕووئەدەن. تەکنیکەکان وەکو زمانەکان وان. بەو ڕادەیەی زمان دروست ئەکەین ئەویش دروستمان ئەکات، ئەو کەرەستانەی لە ڕێگایانەوە بەیەکتری ئەگەین، بەشداری لە پێکهێنانی جیهانەکەمان ئەکات، بەڕادەی ئەوەش ئەبێتە ماددەیەک یان شێوازێک بۆ بونیادنانی بەردەوام، ئەم پێکهاتنەش دێتە دی بەکردنەوەی بوارو دەرگاکان بۆ دووبارە داڕشتنەوەی هەڵوێست و پڕۆژەکان لەبەر ڕۆشنایی تازەبوونەوەی بەش و کرانەوەی ئاسۆکان.

## لۆجیکی گۆڕانکاری

مانای لۆجیکی گۆڕانکاری لە ڕووی وتن و بیرو کردارەوە، لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ دەستکەوتە میراتی و ئەوانەی وەچە لە دوای وەچە فێری بووین، بریتییە لەوەی کە بتوانین سەرفیان کەین و بیانگۆڕین، نەک جێبەجێ و جووتیان کەین. نیشانەی ئەمەش ئەوەیە کە بونیادی واقیع لەسەر بناغەی جیاوازی و لێک نەچوون، یان لەسەر بناغەی لێکنەچواندن و جیاکاری بونیادنراوە، بەجۆرێک مەحاڵە بتوانرێ خۆ لەیەکا بینینەوە دروست بکرێت لە نێوان ئەوەی بیری لێ ئەکرێتەوەو ئەوەی ئەوترێ، ئەوەی ئەیڵێین و حەزمان لێیە، ئەوەی خەیاڵی ئەکەین و ئەینووسینەوە، ئەوەی مەبەستمانەوەو بەجێی دێنین یاخود لە نێوان ئەوەی کە ئەیڵێین و ئەوەی کە حەزمان لێیەتی، یاخود ئەوەی کە مەزەندەی ئەکەین ویا ئەوەی کە ئەینووسین، ئەوەی مەبەستمانەو ئەوەی کە بەدویدا ئەڕۆین.

هەمیشە جیاوازییەک هەیە ناکرێ بشاردرێتەوە لە نێوان ڕەگەزەکانی ئەزموون و ئاستەکانی واقیع. ئەو جیاوازییانەش بریتین لە جیاوازی نێوان بوون و ماقووڵ، چەمک و لەفزکراو لە نێوان وتراو و ئارەزوو، نیازو بەکارهێنراو.....مانای وایە تیۆرەکان لەسەر پێوانەی ئەو واقیعە نین کە ڕاڤە ئەکرێن، هەروەها فیکرەکان دائەمەزرێن لەسەر بناغەی ئەو شتەی دوریان ئەخاتەوە، هەروەها وتنەکان زیاترو کەمترن لەوەی ئەیانڵێین، کردارەکان



نزمترو ترسناکترن لەوەی کە داوا ئەکرێن و جێبەجێ بکرێن. ئەمەش ئەو شتەیە کە لە میانەی ئەزموون و لەسەر زەمینەی واقیعدا ڕووخانی ئەو پڕۆژەو تەقینەوەی چەمکەکانمان بۆ ڕوون ئەکەنەوە.

کرۆکی مەسەلەکەش ئەوە ئەگەیەنێت کە فیکرەکان ئاوێنەیەک نین بۆ خودی تەنک و سەرکەش، هەروەها وێنەی حەقیقەتی واقیعی نین، بەڕادەی ئەوەی کە بریتین لە کۆمەڵێ تۆڕی زاراوەی گۆڕانکەر، لە ڕێگای فیکرو مومارەسە لەو وەزعە دەرئەچین کە تیایداین و بەڕادەی ئەوەش پەیوەندیمان لەگەڵ زانست و شتەکان ئەگۆڕێت. ئەوەی بەشێوەیەکی بەپێت بیرئەکاتەوە، لە ڕێگای ڕوانینە موتڵەق و میتافیزیقییەکانەوە بیرناکاتەوە بۆ ئەوەی بەمیکانیزمەکانی وەک ئەو کردن دەست بەسەر هاوشێوەکاندا بگرێت یا بەلۆجیکی هاوشێوەیی و خۆ لەیەکا بینینەوە ، بەڵکو بەجیدی و دەگمەن بیر لەو شتانە ئەکاتەوە کە ڕووئەدەن و هەروەها ئەو گۆڕانکاری و جیاوازکارییانەی ئەقەومێن، واتە بیر لە هەموو ئەو شتانە ئەکاتەوە کە لە دەرەوەی سنووری ماقووڵ و وێنەکێشراو و یان لە دەرەوەی سنووری مەشرووع و مەئلوفن، ئەوەش لە پێناوی تێکدان و دەرکردن، یا پێشێلکردن و دەرپەڕاندن، سەرفکردن و گۆڕینەوە، لە پێناوی بەدەستهێنانی توانای نوێ بۆ بوون و ژیان، لە داهێنانی چەمک و شێوازەکان بەرجەستە ئەبێت ئەو چەمک و شێوازانەی لە مەیدانەکانی ئەزموون و کێڵگەکانی زانین بونیاد ئەنرێ و پێک ئەهێنرێ، ئەگۆڕێت و ڕاست ئەکرێتەوە.

ئێمەیەک کە لە ئێستادا بەرەو سەردەمی زانینەی گەردوونی و زەمەنی ڕووناکی ئەڕۆین، کە تێیدا جیهان بەڕێوە ئەچێت و بەخێرایی ئەگۆڕێت، گۆڕانێک بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە خۆی ئەگۆڕێت. کەواتە بەعەقڵی بەستەڵەک و پشت بەستن بەجێگیرەکان مامەڵە لەگەڵ واقیعدا ناکرێت. وا باشترە بەلۆجیکی گۆڕانخوازی ڕووبەڕووی ڕووداوەکان بینەوە کە خاوەنەکانیان لە دووڕیانی گۆڕان و قەیرانەکاندا بوەستن، بەڕادەی ئەوەش کار بۆ بەئەنجامدانی دایەلۆگ بکەن لەگەڵ بیری خۆی هەروەها عەقڵی خۆشی بگۆڕێت، بەشێوەیەک گەر بۆی کرا پێش ئەو ڕووداوانە بکەوێت کە ڕوو ئەدەن، ئەم کارەش لە ڕێگای بەشداریکردن لە خولْقاندنی ڕووداوە مەعریفی و واقیعی فیکری و ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، یان ئابووری و تەکنیکییەکان ئەبێت... ئەو کەسەی بەشێوەیەکی چالاک و گەشاوە واقیعی خۆی دروست نەکات و لە زەمەنی خۆیدا ئامادە نەبێت، ئەو کەسە هیچ لە ڕابردووی خۆی فێرنابێت و ناشتوانی بەچاکی پێشوازی لە هاتووەکان بکات.

## شوناسنامەی زایێنەر

مادام بونیادی واقیع لەسەر جیاوازی و لەیەکنەچوون و، شێوەی بیرکردنەوە لەسەر گەڕانەوەو ئامادەکردن بونیادنراوە، کەواتە جووتبوون لەگەڵ بنەچەدا مەحاڵە، جا چ جووتکردنەکە بریتی بێت لە تێکستێکی پەیامبەری یان وتنێکی فەلسەفی، یان بەرهەمێکی کەلەپووری یان کارێکی گوازراوە.

لێرەوە ئەوەی لە مەسەلەی شوناسنامەی تاک و کۆدا مومکینە بریتییە لە گەڕانەوەو ئامادەبوون، نەک لە پێناوی خۆ داخستن بەکاری پارێزگاری و پاسەوانیکردن، بەڵکو لە پێناوی دووبارە بونیادنانەوەو پێکهێنانەوە بەمەبەستی خوڵقاندن و لەدایکبوون.

بێگومان هەندێک جێگیری هەن ناتوانرێ بەیەکجاری دابڕانی ئەنتۆلۆژی لێی دابڕێین یان دابڕانی گشتی لەگەڵدا بکەین. نموونەشمان لەسەر ئەمە ناو و سیمبولە ئامارکراو و پاشماوە کولتوورییەکانە. بەڵام ئەم کارەش ئەوە ناگەیەنێت کە یەخسیری جێگیرییەکان بین و ببینە قوربانی پاراستنی ئسوولەکان، بەجۆرێک ئسوولەکان بپەرستین و بێدەنگبوونی لێ بکەین و هیچی لەبارەوە نەڵێین. بەڵکو ئەوەی ئەکرێت بکرێت ئەوەیە ئەبێ ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەو ئسوولانەو پرسیاریان لێکەین و لە بارەی ئەو شتانەی کە ئەیانشارێتەوەو ئەوەی کە دووریان ئەخاتەوە بیانهێنینە قسە بۆ ئەوەی جارێکی تر سەرلەنوێ لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکاری و ڕووداوەکان بیانخوێنینەوە و دایانڕێژینەوە، بەجۆرێک لەگەڵیا لە ڕێگای گۆڕینی چەمک و شێوازو ئەرک و پرۆژەکان، کۆمەڵێ پەیوەندی گۆڕانخوازی دەوڵەمەندو ساماندار‌یان لەگەڵ بچنین.

بەم مانایە ئەکرێت بووترێ ئسووڵە جێگیرەکان لقە زۆرو گۆڕانخوازەکان دروستی ئەکەن، هەروەک چۆن خوێندنەوەی بەپیت ژیان بەبەر دەقە بەستراوەکاندا ئەکات، چەقەکان پەراوێزی دوورودرێژو دوور ڕۆیشتوویان لێ ئەبێتەوە. بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ ئسوولەکان بەمەبەستی وەهم و داخراوی، هیچ ئەنجامی نابێت لە تەقینەوەی ناو و شوناسنامەکان زیاتر. گەر لە مەسەلەی شوناسنامەدا ئەمە مومکین بێت: لە ڕێگای لەبەرگرتنەوە جیاوازەکانی گۆڕانخوازە هەمە چەشنەکان دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ماناو دەوڵەمەندکردنی، ئەوا ئەمڕۆ لەسەردەمی پەیوەندی و خێراییدا ئیمکاناتی جیاوازو وەرچەرخان زیادی کردووە، پاش ئەوەی ڕێگرەکانی نێوان کۆمەڵگاکان ڕەوینەوەو، واتە پاش ئەوەی پەیوەندی نێوان ناوخۆیی و گەردوونی تێکەڵ و پێکەڵ بوون، بەجۆرێک وای



لە مرۆڤ کردووە لە سەر سنووری ناوەوەو لەبەر دەرگای دەرەوە ڕاوەستێ، بەڕادەی ئەوەش لەسەر دووڕیانی شوێن و لە نێوان بەینەکانی زەمەندا نیشتەجێ ئەبێت.

لەم جۆرە واقیعەدا ناکرێت شوناسنامەی ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی داپۆشراو مومارەسە بکرێت تەنیا بەمەبەستی نەزۆکی و بەستەڵەکی، یان بەمەبەستی ڕیشەکێشکردنی ئەوی تر، یاخود خۆوێرانکردن نەبێت، شایەدی ئەم حاڵەش ئەزموونی خاوەن شوناسنامە (کوژەر)ەکانە. پاش ئەوەی سنوورەکانی واقیع خاوبوونەوە و کراونەتەوە کەواتە چارەنووسەکان تێکەڵن، بۆیە بەربەستی نێوان شوناسنامەکان بوون بە شتێکی هەڵخەڵەتێنەرو ساختە.

بێگومان کرانەوە قەدەرێکی حەتمی نییە بەڕادەی ئەوەی توانایەکە ئەخرێتە گەڕ یان فرسەتێکە ئەبەخشرێ. بەجیهانیبوون وەک گۆڕانکارییەکی مێژوویی، ئەمانخاتە بەردەم دووڕیانی ڕاستی و هەمەچەشنی تواناو هەڵبژاردنەکانەوە. ڕەنگە بەجیهانیبوون ببێتە هۆی لەدایکبوونی داخراوی و زیادەڕۆیی یاخود ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی پێکەوە ژیان و گۆڕینەوە. بەڵام هەر هەڵبژاردنێک نرخی خۆی هەیە. ئەوەی بەسەر خودی خۆیدا دائەخرێت پارێزگاری شوناسنامەکەی خۆی ناکات، بەڵکو ئەوەشی ئەیەوێ پارێزگاری بکات ئەیدۆڕێنێ، بەڕادەی ئەوەش سستێتی و پەراوێزی خۆی بەرهەم دێنێ.

لەنێوان خودو شوناسنامەکاندا واباشترە بەعەقڵیەتی باس و مامەڵەکردن و ڕەوشتی بەرپرسیاری و بەشداریکردن مامەڵە بکرێت. ڕەنگە وا باشتربێت باس لە شوناسنامەی دووڕەگی زاینەر بکەین، ئەم شوناسنامانە توانای بەرهەمهێنان و خوڵقاندنیان هەیە. دانپیانان بەوەی کە ئێمە خاوەنی شوناسنامەی دوو ڕەگەزین توانای ئەوەمان لەبەردەمدا ئەکاتەوە تا لە تیرۆری ئسووڵ و قورساییەکانی زاکیرە ڕزگاربین، بەڕادەی ئەوەش ئەرکی گرانی ڕیزکردنی بڕواخوازی و دەربڕینی ڕەگەزپەرستایەتی و پاکسازی نەتەوەیی لەسەر شانمان کەم ئەکاتەوە، هەروەها ئەو شەڕانەی دیکەشمان لەکۆڵ ئەکاتەوە کە خاوەن شوناسنامە بێ غەلوغەشەکان لە ژێر پەردەی یەکێتی ناو و یەکێتی بیروباوەڕو نموونەدا مومارەسەی ئەکەن.

## ئەرکێکی سەرنەکەوتوو

گۆڕانکاری لە مامەڵەکردن لەگەڵ عەقڵ و بیرو شوناسنامە ئەبێتە هۆی دووبارە چاوخشاندن بەو ڕۆڵەی کە بە ڕۆشنبیر دراوە ئەو کەسەی وەک پەیامبەری ڕاستی و ڕێپیشاندەر یان وەک پارێزەری دادپەروەری و سەربەستی و قسەبێژێک بەناوی شوناسنامەی ڕۆشنبیرییەوە مومارەسەی میراتگری دەستەبژێریی ئەکات.

ئەم شێوە ئەرکە خەباتگێڕییە، بەکاری دوو هۆکاری هاوکار، خۆی تەواوکردووەو ڕاستگۆیی لەدەست داوە، ئەو دوو هۆیەش بریتین لە: یەکەم تەقینەوە مەعریفییەکان ئەو تەقینەوانەی فەزای نوێ بەخۆیەوەی بینی لە ژێر لێدانە ڕەخنەییە ئەرکیۆلۆژی و هەڵوەشاندنەکان، پارچەی ئەو تەقینەوەیەش لەسەر ئاستی مەعریفی چەمکی نوێنەرێتی و لەسەر ئاستی سیاسیش چەمکی نوێنەرایەتی گرتۆتەوە هەروەها تاڕادەیەکیش پارچەکانی بەر چەمکەکانی عەقڵ و ئازادی و پێشکەوتنیش کەوتوون. لەبەر ئەوەی گەر مەعریفە مەودای دەسەڵاتی خۆی هەبێت ئەوە مانای وایە سیستەمی زانینەکان بریتین لە ئیستراتیژی دەستبەسەراگرتن و داگیرکردن، گەر مەسەلەکە ئەوە بێت بابەتی مەعریفە پاش ئاشکرابوونی ئەگۆڕێت یان ئەو ئامانجەی مەبەستێتی پاش پێگەیشتنی ئەگۆڕێت ئەمە مانای وایە کە مرۆڤ لە پێشێلکردنی مەبەستەکانی خۆی و شڵەقاندنی ئەوەی کە ئەیەوێ بیزانێت زیاتر هیچی تر نازانێت. ئەمەش وا ئەکات پرۆژەکانی ڕۆشنگەری و پێشکەوتن خۆی مینەکانی خۆی بەرهەم بێنێت.

دووەم هۆکار ڕووخانی ئەو پرۆژە ئایدیۆلۆژییە گەورانەیە کە داوای گۆڕانی جیهان و ئازادکردنی مرۆڤ لە کۆت و سەرکوتکردن ئەکەن. پاش سەدەیەک لە هاتنەکایەی ڕۆشنبیری مۆدێرنەوە، لاوازی ئەو بەرگرییانە بەدەرئەکەون کە بەرگرییان لە ڕاستی و ئازادی و دادپەروەری و ئاشتی ئەکرد دژ بەو شتانەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرهەمیان ئەهێنێ وەک میکانیزمەکانی لەیەکنەچوون و جیاوازی، ستراتیژیەکانی فراوانکاری و کۆنترۆڵ و مومارەسەی توندوتیژی و دڕندایەتی، سەرەڕای شێوازەکانی داپۆشین و میکانیزمەکانی سەرلێشێواندن و ڕووکەشی.

بەمجۆرە ئەو تەقینەوە مەعریفی و ڕووخانە ئایدیۆلۆژی و سیاسییانەی ڕوویان دا داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو وێنەیە ئەکەن کە ڕۆشنبیری مۆدێرن بۆ خۆی کێشابووی، ئەو وێنەیەی کە ڕۆشنبیر خۆی وەک کەسێکی خاوەن ڕۆڵی مێژوویی و ڕۆشنگەری و ڕزگارکەرو



پێشکەوتنخوازی گۆڕانخواز ئەبینێ. لەبارەی ڕاستییەوە ڕۆشنبیران لەکەسانی تر لە پێشترنین هەروەها بەتواناتر نین لە کەسانی تر بۆ بەرگریکردنیان لە شوناسنامە. بەڵکو ئەمڕۆ ڕۆشنبیران بەتایبەت لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا لە ڕووی پەیوەندییان بەگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ڕووداوە مێژووییەکانەوە پێدەچێت کاریگەرییان کەمترەو کەمتر جێگای بڕوا و هەنووکەیین. لێرەوە ئەو زەمەنە بەسەرچوو داواچییەک یان تیۆردانەرێ یان فەیلەسووفێک ئەوانەی کە هیچ شتێک نازانن بەردەوامبوونیان نەبێت لە وەهمی فۆندامنتێڵ و وەهمی ئایدیۆلۆژی و ئایندەیی ئەمڕۆ بێن و بڵێین ئێمە تیۆرێک یان پرۆژەیەکمان بۆ گۆڕینی جیهان و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی هەیە، یا خاوەن کۆمەڵێ داوان ئەو داوانەی جێبەجێکردنیان بەسەر کۆمەڵگاکاندا ئەنجامێکی ڕووخێنەری ئەبێ و لەسەر کۆمەڵگاش زۆر ئەکەوێت. ئەم جۆرە کارکردن و بیرکردنەوە دەستەبژێرییە، ڕووداوەکان کۆتاییەکەی ئەنووسنەوە یان چاکتر بڵێین خۆی کۆتایی خۆی ئەنووسێتەوە، چونکە ئەو لەسەر زەوی قوربانی بێکەس و سەرکوتکەرو جەلادەکانی هێناوەتە دنیاوە. بۆ خۆی ئەمەش کۆتایی ئەو کەسەیە کە بڕوای وایە لەجیاتی کەسێکی تر ئەتوانێ بیرکاتەوەو دەربڕینەکانی پێشکەش بکات، یان ئەوکەسەی هەوڵ ئەدات لە ڕێگای خەیاڵ و خەونەکانی خۆیەوە دەست بەسەر واقیعی کۆمەڵگادا بگرێت و هۆشی نەتەوە زەوت بکات.

کەواتە پاش ڕووخانی پرۆژەکانی گۆڕان و ڕووخانی خەونە مەزنەکانی ئازادی و ڕۆشنگەری ئەوەی ئەکرێت بکرێت بریتییە لە دووبارە چاوپێخشانێکی بنەڕەتییانە بەچەمکی گۆڕان لە هەمان کاتدا لەگەڵیشیا پێکهێنانی ڕوانینێکی نوێ بۆ فەزای کۆمەڵایەتی و بواری گشتی. چیتر لە توانای دەستەیەک نییە بەناوی نموونەی باڵا و شێوەی تاکوتەنها مەشرووعیەتی باڵا بۆ خۆی پاوان بکات، یاخود وا لە خەڵکی بکات دەستبەستراوی فیکرێکی موجەڕەد یان ستراتیژییەکی هەمەلایەنی و سەرکوتکەر بن. جووڵەو گۆڕان و دووبارە بونیادنانەوە هەموو ئەمانە دەستکەوتێکی شارستانی بەکۆمەڵن، گشت بەش و چالاکی و دەسەڵاتەکان ئەوانەی کە ڕووبەری کۆمەڵایەتییان لێ پێکدێت بەشداری تێدا ئەکەن و بەڕادەی ئەوەش لە نێوان خۆیاندا پەیوەندییەکی بەرهەمهێنەرو کاریگەر دروست ئەکەن کە لەسەر گۆڕینەوەی سوودو خزمەت و زانین و ئەزموونەکان بونیادنراوە.

ئەمە دەربارەی گشتێتی. چیتر بۆ دەستەبژێرە ڕۆشنبیری و سیاسییەکان پاوان نەکراوە،

بەڵکو ئەمە بوارێکە بۆ مامەڵەکردن کە بکەرە کۆمەڵایەتییەکان بەهەموو بەشە جیاواز و بوارەکانی کارکردنیان توانای ئەوەیان هەیە بەشداری لە پێکهێنان و فراوانکردن و بەرگریکردنی بکەن، ئەویش لە ڕێگای بەشداریکردن لە گفتوگۆ گشتییەکان، جا ئەوە چ بەورووژاندنی پرسیارەکانی واقیعی ئامادە بێت یان بەتیشک خستنە سەر مەسەلەکانی ئەمڕۆ، یا بەپێشکەشکردنی ڕاوبۆچوونی بونیادنەر یان بەخستنەڕووی دەستپێشکەری خوڵقێنەر بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و تەدبیرکردنی قەیرانەکان جا چ ئەمە لەسەر ئاستی بەشەکان بێت یاخود لەسەر ئاستی هەموو کۆمەڵ و ئاستی ئەو مەسەلانەی بەشێوەیەکی گشتی جێگای سەرنجی مرۆڤی هاوچەرخن.

## کرێکارانی مەعریفە

شۆڕشی زانیاری و پەیوەندییەکان ئێستا ئەم شتەمان بۆ مەیسەر ئەکەن: بەشدارییەکی فراوانی کەسانی چالاکی بەشە جۆراوجۆرەکان، لە گفتوگۆ گشتییەکاندا. بەمجۆرە ئەو شەپۆلەی کە خۆی لە بەجیهانیبوونی پەیوەندی و بەگشتیکردنی گۆڕینەوەکاندا ئەبینێتەوە خەریکە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆشنبیری بژاردە خاوەن ڕۆڵی ڕۆشنگەری و ڕزگاریخوازانە دەسەڵاتی خۆی لە دەست بدات، ئەویش بەهێنانە لەرزینی ئەو زەمینە مەعریفییەی کە ڕۆشنبیری لەسەر ئەوەستێت. کەواتە لەگەڵ هاتنە ژوورەوە بۆ نێو سەردەمی زانیارییە گەردوونییەکان، دەستەیەکی نوێ لە خەڵکی پێکدێت، بۆ ئەوە کار ئەکەن تا لە بەشەکانی کۆمەڵگای مادی و سیمبولی، ئابووری و ڕۆشنبیری، زانیاری بەرهەم بهێنن و بەڕێوەشی بەرن یان مەعریفە بەکاربهێنن و گەشەی پێ بدەن.

ئەو دەستەیەش پێیان ئەوترێت (کرێکارانی مەعریفە). ئەم چەمکەش ئاماژەیە بۆ لەدایکبوونی کارتێکەری کۆمەڵایەتی شێوە نوێ، هەر ئەمیشە کۆتایی ڕۆشنبیری دەستەبژێر ئەنووسێتەوە، بە دروستکردنی هەلومەرجێک کە جیاوازیی نێوان کاری فیکری و کاری دەستی ناهێڵێت، هەروەها دووانەی ڕۆشنبیرو دەستەبژێر سست ئەکات. لەسەردەمی بەجیهانیبووندا هیچ کارێک بەبێ مەعریفە واتە بێ لەدایکبوونی مەعریفە هیچ شتێک ناکرێت، هەروەها بێ کارتێکەرە پراکتیکەکان هیچ مەعریفەیەک موجەڕەد نییە. ئەمەش بوار بۆ بونیادنانی پەیوەندییە نوێیەکانی نێوان کرێکارانی مەیانە فیکری و کرێکارانی باقی بەشەکانی تر ئەکاتەوە، ئەنجامی ئەمەش بریتییە لە فیکری کرداری ئیجرائی، یاخود ئەنجامی ئەو کارەیە بەبێ توانای خوڵقاندن و دروستکردن و داهێنان



ناکرێت و جێبەجێ ناکرێت، جا ئیتر ئەمە چ پەیوەندی هەبێت بە بەڕێوەبردنی کار و دارایی یاخود بە بەرهەمهێنانی خزمەتگوزارییەکان و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکان، سەرەڕای کارکردن و بەرهەمهێنان لە بەشەکانی زانین و بوارەکانی ڕۆشنبیری.

بەمەش بکەری مرۆیی نوێ دائەمەزرێت کە پەیوەندی مومارەسەی خۆی ئەکات لەگەڵ حەقیقەت و ئازادی و دادپەروەری لە ڕێگای چوونە نێو بەرهەمهێنانی زانین و سامان و ماناو بەهاو دەسەڵات و هێزەوە. یا ئەوەتا مرۆڤ ئەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکات یەکێکی تر ڕاستییەکانی پێ بڵێت یان لە بیرکردنەوەو بڕیاردان نوێنەرایەتی بکات، یان یەکێکی تر بەرگری لە ماف و بەرژەوەندییەکانی بکات و مەسەلەو داواکانی بۆ دابڕێژێ، ئەمەش مانای وایە ئەو کەسە ئەبێ بەناتەواوی و کەمبوودی بمێنێتەوە و بوار بۆ کەسانی تر بڕەخسێنێ تا بەسەریا زاڵ بن و گەمە بەعەقڵی بکەن.

لێرەوە هەروەک هەندێ لە ڕۆشنبیران ئەیڵێن کۆتایی ڕۆشنبیر، مەرگی خەون ناگەیەنێت، بەتایبەت ئەوانەی لە ڕەخنە ئەترسن. شتێکی تا بڵێی بێ مانایە گەر باس لە لەناوچوونی خەون بکرێ. مرۆڤ چی شاعیر بێت یان قەساب، فەیلەسووف بێت یان کەناس واز لە بیرکردنەوە لە ئایندەی خۆی ناهێنێت، بەڵکو ئەو شتەی خەریکە بەرەو کۆتایی ئەڕوات، شێوەیەکە لە شێوەکانی دەستتێوەردان لە کاروباری گشتی، ئەو دەستتێوەردانەی کە ڕۆشنبیر بەدووی جەماوەرێکدا ئەگەڕێ و لەجیاتی ئەوان بیر ئەکاتەوەو خەونیش ئەبینی، یاخود هانی ئەو جەماوەرە ئەداو ڕێنوێنییان ئەکات، یان مامۆستاییان بەسەرەوە ئەکاو ئەبێتە نوێنەریان. ئەمەیە مانای دوولایەنەی جەماوەرو دەستەبژێر. گەر نزیککردنەوەی ئایدیۆلۆژی بەڕێ کەین و بەرەو نزیککردنەوەی ئەنتۆلۆژی بڕۆین: ڕۆشنبیران جەماوەرێکیان ئەوێ تا لە جێگایان بیرکاتەوەو بەسەریاندا زاڵ بێ. ئەم جۆرە دەورە سەردەمی بەسەرچووە. ئەوانەی ئەمڕۆ بۆ فەلسەفەو ئایدیۆلۆژی و پاڵەوانێتی سەردەمی مۆدێرنیزم و پیشەسازی ئەگرین، لە ڕاستیدا ئەوان بۆ ئەو سەردەمە ئەگرین کە تێیدا دەستەبژێری ڕۆشنبیر و سیاسی و بیروکراتی لە جێگای زۆرایەتی بیری ئەکردەوەو خەونی ئەبینی و بڕیاری ئەدا، ئەو زۆرایەتییەی کە وازی لێ ئەهێنرا بۆ بەئەنجامدانی کاری دەست و هێزی جەستەیی و ماسوولکەیی، بەڕادەی ئەوەش وەک بابەتێک بۆ هۆشیارکردنەوەو کۆنترۆڵکردن بەکارئەهێنرا.. لەگەڵ شۆڕشی زانیارییەکان مەسەلەکە ئەگۆڕێت، واقعێکی نوێ دروست ئەبێت لەسەر هەرکەسێ لەهەر بەشێکدایە پێویستە بەرپرسیارو داهێنەر بێت، بەڕادەی ئەوەش بواری ئەدرێتێ تا بیری بخاتە کار و وزە

فیعلییەکانی بەکاربێنێت، ئەمەش کۆتایی ڕۆشنبیر ئەگەیەنێت، هەروەها بەهەمان ڕادەش زاراوەی جەماهیر لاواز ئەبێت ئەو جەماوەرەی کە پێویستی بەهۆشیارکردنەوەو ڕزگارکردن و ڕۆشنکردنەوە هەیە.

ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنبیری دەستەبژێر و ئەندامی ئەوە ناگەیەنێت ئەڵتەرناتیفەکە بریتییە لە ڕۆشنبیری تەکنیکی دابڕاو لە نێو بازنەی پسپۆڕییەکەی خۆیدا، هەروەک کەسانێک وا ئەڕواننە ئەو ڕەخنەگرتنە ئەوانەی عەقڵیان بەمۆرکی بەستەڵەکی و نەزۆکی مۆرکراوە. ئەم ڕەخنەگرتنە بەو ڕادەیەی ئەوە ئەگەیەنێت ئەوەش ئەگەیەنێت کە چوونە نێو سەردەمی بەجیهانیبوون و نێوەندە جۆراوجۆرەکان توانای دیکە ئەخوڵقێنێ بۆ بونیادنانی سیستەمی نوێی بەیەکگەیاندن و جیاکردنەوە، هەروەها جۆرێکی نوێ لە جۆرەکانی تری ژیان و گۆڕینەوە لە نێوان مرۆڤدا بەرجەستە ئەکات، بەڕادەی ئەوەش بوار بۆ پێکهێنانی خەیاڵێکی جیهانی نوێ یان لەدایکبوونی بکەری مرۆیی نوێ دروست ئەکات.



# پاش مرۆیی
# یان
# بەرەو بکەری مرۆیی مۆدێرن

ئەو شتەی شەپۆڵەکانی بەجیهانیبوون و پاش مۆدێرنیزم ئەیڕەخسێنن، لەدایکبوونی شێوەیەکی نوێی بوونی مرۆڤ و شێوەکانی بژێوییانە، بەمەش نموونەی لاهووتی بونەوەرە گوناهکارەکان بەجێ دێڵێت ئەوەی چاوەڕوانی ڕۆژی ئاخیرە بۆ ئەوەی لەسەر کارەکانی بەرەو ڕووی لێپرسینەوە بێت، هەروەها شێوەی میتافیزیکی ئەو بوونەوەرەش بەجێ دێڵێت کە لەدەرەوە هۆکاری بوونی خۆی و پرنسیپەکانی ڕەوشتی خۆی دەست ئەکەوێت. میتافیزیکی و ڕۆحانییەکان بەدرێژایی مێژووی خۆیان لە کۆمەڵێ وتاری شڕو وڕ زیاتر هیچیان بەرهەم نەهێناوە کە نییەتە فووتێکراو و مەبەستە پێشێلکراوەکانە ئەبنە هۆی لەتوپەتکردنی، هەروەها پەردەیەکی تەنک نەبێت کە وەرچەرخانە سروشتی و خۆدزینەوەی ئارەزووەکان دەرئەخات.

– هەروەها شێوەی نوێ من تێئەپەڕێنێ ئەو منەی کە بریتییە لە کرۆکی فیکری لەگەڵ خودی خۆیدا خۆی ئەبینێتەوە و موماره‌سەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر سروشت و شتەکاندا ئەکا، هەروەها لە سنووری مرۆڤی باڵا دەرئەچێت ئەو مرۆڤەی کە بەوپەڕی عەقڵ و بەتەواوی هۆشییەوە بیرئەکاتەوە یان بەپێی ئیرادەی خۆی و بەوپەڕی سەربەستییەوە کار ئەکات. تاکی مرۆڤ وەک مەزەندە ئەکرێ کەمتر خاوەن ماقوولییەت و عەقڵە. ئەوەی بەشێوەیەکی چالاک بیرکاتەوە ئەو کەسە بەشکاندنی جیاوازییە ناماقووڵەکان لە عەقڵی خۆی ئەگا، یان زرنگییەکەی دەرئەکەوێت، ئەویش بەدۆزینەوەی ڕێکەوتنێ لەگەڵ حەزەکانیا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام و دەست بەدەست بیخاتە دەرەوە. بەڵام ئەوەی وا ئەزانێت کە عەقڵی کامڵ بووە، ئەوا لە مینرێژکردنی عەقڵی خۆی بەناماقووڵی زیاتر هیچی تر بەرهەم ناهێنێت. بەڵام ئەوەی خودی خۆی بەباڵاتر ئەزانێ لە حەزو ئارەزووە بژێوییەکان، لە بەش و ئەزموونەکان، ئەو کەسە هیچییەکان و مەرجداری ئەشارێتەوەو بەڕادەی ئەوەش توانەوەو نقومبوونی خۆی ئەشارێتەوە.

– کەواتە شێوەی نوێ زاراوەکەی نیتشە بەجێی دێڵێت کە پەیامێکی درۆزنانەیە لە بارەی مرۆڤی باڵاوە. کەواتە دروشمەکە بریتی نییە لە (خوتبە) مادامەکی مەحاڵە مرۆڤ بتوانێت لەگەڵ خودی خۆی یەکسان بێت یان دەست بەسەر واقیعی خۆیدا بگرێت و ئارەزووەکانی سیخناخ بکات بەڵکو ئەم جۆرە دروشمانە ئەنجامەکەی بریتی ئەبێت لە هەڵگیرساندنی جەنگ دژ بەوی تر یان میحنەتی تاکەکەسی و وێرانکردنی خود یان ئەوی تر. ئەو دروشمەی ئەکرێ بێتەدی بریتییە لە: هەوڵ دە پێچەوانەی ئەوە بە کە هەیت، ئەویش بەدەرچوون لە زاکیرەت و پێش خودی خۆت کەوەو سنوورەکانت ببڕە و سەنگەرەکانت پێشێل کە.

– هەروەها ئەو بەم کارەی زاراوەی مرۆڤی باڵا تێئەپەڕێنێ، و بەڕادەی ئەوەش لە هەمان کاتدا زاراوەی مرۆڤی خوایی ئەبڕێت ئەو زاراوەی کە لۆک فرای داوای ئەکات. ئەم زاراوەیش هەر بریتییە لە داوایەکی هەڵخەڵەتێنەرو پەیامێکی درۆزنانە. کەواتە مەسەلەکە ئێستا ئەوە نییە کە مرۆڤ بکرێ بەپیرۆز و پیرۆزییەکانیش بەمرۆڤ، ئەم دوو شێوە پیرۆزی و مرۆیی، باڵایی و خوارەوە هەردووکیان دوو ڕوون بۆ مومارەسەکردنی یەک پیرۆزی، هەر بەناوی ئەمانەشەوە جەنگ بەرپائەکرێت و خوێن ئەڕژێنرێت، هەروەها لە پێناویانیشدا سروشت بەسارا ئەکرێ و بوونەوەرەکان تەفروتوونا ئەکرێن. دوایین و نەک دواجار، ئەو شێوەی کە مومکینە بریتی نییە لە دەرچوون لە دووانەی خوا و شەیتان، بەپێی لۆجیکی ئایینی شەیتانیش بوونەوەرێکی خواییە و بێ ئەویش جیهان ناڕوا بەڕێوە، تا کۆتایی مرۆڤ و مێژوو خوا دەسەڵاتی وەسواسی و ئاژاوەگێڕی بەخشیوە شەیتان بۆ ئەوەی بەسەر مرۆڤدا جێبەجێی بکات.

کارەکە پەیوەستە بەبکەری مرۆیی نوێوە لەگەڵیا توانای ڕزگاربوون لەو وێنەو خەیاڵ و وەهمانەی کە دەربارەی مرۆڤن فەراهەم ئەبێت، چ لەسەر ئاستی بیرو بەهاکان یا لەسەر دەسکەوت و پلەوپایە و لەسەر زەمینەی واقیعی زیندوو لە قووڵایی ململانێکاندا ئابڕووچوون و عەیب و کەلێنەکانی دەرکەوتوون، ئەمەش سەرپۆشی سیمبولی و داپۆشراوی پیرۆزو یاخود پەردەیەکی شەرعی و ئەخلاقی واتە مرۆیی بوو بۆ هەرچی ئەو شتانەی ڕوویان داوەو تا ئێستاش ڕووئەدەن وەک کاری چاوچنۆکی و پەلاماردان و هاربوون، هەڵبژاردن و جیاوازی، زۆرداری و دەسەڵات، دڕندایەتی و توندوتیژی، سەرەڕای داگیرکردن و دزی، بەساراکردن و پیسکردن، واتە ڕووپۆشێ بوو بۆ هەموو ئەو شتانەی کە ڕۆحخوازە بەخوابووەکان و عیلمانییە بەمرۆڤبووەکان یاخود خاوەن ئایدیۆلۆژییە



ڕۆشنگەری و بیروباوەڕە ڕزگاریخوازەکان گلەیی لە دەست ئەکەن.

بەمجۆرە ئەو شێوە نوێیەی کە دیاردەی بەجیهانیبوون و تەقینەوەکانی پاش مۆدێرنیزم فەراهەمی ئەکەن، هەوڵێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی شێوە باوەکانی کۆن و نوێ ئەوانەی ڕەگی ئایینی و لاهووتییان هەیە یان ئەوانەی سەرچاوەی عیلمانی و ناسوتین، بێگومان ئەمەش لە پێناوی تێگەیشتن لە تەڵەزگەی مەزهەبە مرۆییەکان و ئاشکراکردنی شتە خراپەکانی پڕۆژە ڕزگاریخوازەکان بوو، ئەو پرۆژانەی کە ڕۆشنبیرو داواچییەکان بەرجەستەی ئەکەن جا ئیتر تەقلیدی بن یان مۆدێرنیزم ڕۆژهەڵاتی بن یا ن ڕۆژئاوایی، ئیسلامی بن یان ئەوروپی، نموونەی ئەمانەش لای شۆمسکی و حەسەن حەنەفی، لای بیاربۆردیۆو عەلی خامەنەئی، یان ناسر حامد ئەبوزەیدو شێخ قەرزاوی بەرچاومان ئەکەون.

کەواتە مەسەلەکە بریتی نییە لە هەڵبژاردن لە نێوان پڕۆژەیەکی هەمەلایەنی و پڕۆژەیەکی تر، بەڵکو ئەبێ لە قورسایی ئەو پڕۆژانەو ئەو بەسەرهاتە خەیاڵییانە کەم کەینەوە ئەوانەی پەیامی ڕزگارکردنی مەزنمان پێ ئەدەن. ئەوەی لەم جیهانەدا ڕووئەدات وەک زوڵم و زۆرداری و خراپەکاری و مومارەسەی ڕەگەزپەرستانەی فاشیزمانە، هەروەک لە واقیعیشدا جێبەجێ کراوە لە کاری ڕیشەکێشکردنی ئەوی ترو دوورخستنەوەی ڕەگەزی ڕەش و پاکتاوسازی هندییە سوورەکان، ئەم کردارانە بریتی نین لە پێشێلکردنی خودی مرۆڤی یەکسانی، هەروەها نیشانەیەک نین لە نیشانەکانی کرۆکی مرۆیی بێ خەلوخەش، هەروەها ئەمەش کارێکی سلبی بۆ مرۆڤایەتی مرۆڤ نییە، لەلایەن کەسانێکەوە کە هۆشی مرۆڤایەتییان لەدەست داوە، بەڵکو ئەم کارە بەتەواوی بەرجەستەکردنی مرۆڤایەتی مرۆڤە، واتە بەرێکی خراپی ئەو سیستەمی ماناو پەیژەو بەهایە کە مرۆڤ بەرهەم و بەکاری هێناوە. ئەمەش باری ئەو مرۆڤەیە کە تا ئێستاش هەر ئەیناسین: ئەو مرۆڤەی لەوە زیاتر نازانێت کە خۆی تووشی سەرسوڕمان بکات بەو کارو مومارەسانەی کە ئەنجام ئەدرێن، جا ئیتر ئەو کار و مومارەسەکانە بەرهەمی پرشنگدار بن یان ڕووداویماڵوێرانکەر.

لێرەوە ئەو گفتوگۆو وتووێژانەی لە نێوان عیلمانی و ئسوولییەکان ڕووئەدات، سەرەڕای لایەنی توندوتیژییەکەی، سەربە سەردەمێکی مرۆییە خەریکە بەسەر ئەچێت، لەبەر ئەوەی مەسەلەی ئێستا مەسەلەی هەڵبژاردن لە نێوان بەئاینبوون و بەعیلمانیبوون، یا لە نێوان خۆزگەی نوێ و کۆن نییە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە ئەبێت واز لە بەپیرۆزکردنی بیرەکان بێنین بۆ ئەوەی بەشداری لە دروستکردنی فەزایەکی فیکری نوێ بکەین، لە ڕێگای ئەو فەزایەوە واز لە هەردوو عەقڵیاتەکە بێنین عەقڵخوازی کۆن و مۆدێرن ئەو

عەقڵخوزازییانەی کە چیتر توانای تێگەیشتنی ڕووداوەکان و توانای دروستکردنی جیهانیشیان نییە. مرۆڤ چیتر تاقەتی پەرستنی ئسووڵ و نموونە و تێکستەکانی نەماوە، ئەوەی ئەمڕۆ مرۆڤ پێویستێتی بریتییە لە دەرچوون لە سەردەمی پیرۆزخوازیی، چ کۆن بێت یان نوێ، ئەو سەردەمەی ئەوی گەیاندووەتە ئەم کۆتاییە پڕ ئابڕووچووەی کە بەدڕندەیی و توندو تیژییەکەی هەرچی شتە سووتاندوویەتی.

بێ دوودڵی و کەمتر مرۆڤایەتی ئەتوانین بڵێین، مێژووی مرۆڤایەتی سەرنەکەوتوو، کۆتاییەکی دۆڕاوی مرۆڤی بەمرۆڤکراو ئەنووسێتەوە، واتە مرۆڤی نموونەی باڵاو بڕوا ڕاستی و بیرە موجەڕەدەکان. مانای کۆتاییش پێکهاتنی توانای نوێیە کە بوار بەبوونەوەری چالاک ئەدات، بەو جۆرە لەگەڵ خودی خۆیدا مامەڵە نەکات بەو سیفەتەی ئەو پەیامبەری ڕاستی و ئایەتی حەق و پارێزەری ئازادی و دادپەروەرییە، یا سەرگوڵی نەتەوەو مرۆڤایەتییە. تا ئەو کاتەی مرۆڤ لەژێر باری بەها پیرۆزەکان شەتەک ئەبێت، ئەو بەهایانەی کە بەئارەزووی دوژمنخوازی و نێرسسیەت و هەڵبژاردەیی مینرێژ کرابوون. ئەو بوونەوەرە پیرو بەتەمەنە، ئەوەی کە ئێستا پێویستێتی بریتییە لە ڕزگاربوون لە قورسایی ئەو وەهمانەی کە مۆرکێکی لاهووتی و میتافیزیکی و باڵاییان هەیە، چیتر مرۆڤ تواناو ئارەزووی ئەوەی نییە، ڕەنگە پێویستی بەیارمەتییەکانیشی نەبێت. گەر وانەبێت ئەی چۆن ڕاڤەی ئەوە ئەکرێ کە خاوەن بیروڕا ڕاست و پڕۆژە ڕزگاریخوازەکان، لە پێشێلکردنی ئەو شتەی کە بانگەشەی بۆ ئەکەن زیاتر هیچی تر نازانن، بەهەڵگەڕانەوەیان دژ بەیەک و لەناوبردنی یەکتری؟

وا باشترە کەسانی خاوەن بەسەرهاتە مەزن و داوا خەیاڵییەکان پێش هەموو شتێک لەگەڵ خودی خۆیان مامەڵە بکەن، بەو سیفەتەی ئەوان پێکەوەو لەگەڵ یەکتری بریتین لە کۆمەڵێ کارئاشنا و نێوەند، لەو بوارەدا کاری سەرەکییان بریتی نییە لە بەرجەستەکردنی نموونە ئەزەلی و لەپێشینەکان دەربارەی ئازادی و کەرامەت و دادپەروەری، بەڵکو بریتییە لە خولقاندنی ئەو بوارەی کە ڕێگا خۆش ئەکات بۆ دروستکردنی توانا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکان و کەوتنە پێشی شتە نادیارەکان، بەجۆرێک تواناکانی تاک فراوان و دەوڵەمەند بکات، بەڕادەی ئەوەش کەسانی تر لە نێوان ئەو و پێویستی و حەزەکانی ئەودا ببن بەنێوەند، واتە لە ڕێگای پەیوەندییەکانی گۆڕین و مامەڵەکردن ئەوەی لەگەڵ کەسانی وەکو خۆی دروستی ئەکا، بەو ڕادەیەش لە دروستکردنی خودی خۆی و گۆڕینی بەدەستەوەدانەکانی سەرکەوتوو ئەبێت. بەم مانایە کاری مرۆیی تەنیا بریتی نییە



لە بەرجەستەکردنی بیرێکی ئامادە، بەڵکو گۆڕانە گۆڕانی کەسی هۆشمەند لە عەقڵییەوە، بەدروستکردنی ئەو شتەی وا لە بیری ئەکات ببێتە باژەنکردنێکی تواناکان، یاخود ئەوەی کردارەکانی بۆ ئاسۆی پەیوەندی و گۆڕینەوەکان ئەگۆڕێت. بەمجۆرە شێوەی نوێ ئەو بوونەوەرە تێئەپەڕێنێ کە پڕۆژە نوێیەکانی پەکیان کەوتووەو بەڕادەی ئەوەش لە ژێر باری گرانی شتە کۆنەکاندا نالاندوویەتی، واتە ئەو مرۆڤە مرۆڤی مرۆڤایەتی نییە کە خاوەنەکانیان تووشی سەرسوڕمانی شتە چاوەڕوان نەکراوەکان ئەبن، بەڵکو شێوەیەکە لەگەڵ ڕەخنەی مرۆڤدا لەدایک ئەبێت، لە ڕێی هەڵوەشاندنەوەی بەمرۆڤبوونە بەسەرچووەکان دروست ئەبێت ئەو مرۆڤانەی خاوەن وەهمی هەڵخەڵەتێنەر و مەبەستە مین ڕێژکراو و وەهمە وێرانکەرەکانن.

## نێوەند نەک بەرپرسیار

مرۆڤی نێوەند ئەو مرۆڤەیە کە خۆی لە بوونەوەرەکانی دیکە بەباشتر نازانێ، بەڵکو خۆی بەو کەسە دائەنێت کە لە نێوەندی سروشتدا ئەژی و بەشێکە لە پێکهاتەکانی و، لە نێوان تاکەکانیدا لەسەر بناغەی دروستکردنی نێوەند و خولقاندنی نێوەندەکان پەیوەندی دروست ئەکات، ئەمەش لە پێناوی پەیوەندی و پێکەوە ژیان. مادەم مرۆڤ هەمیشە خۆی ئەو پرنسیپ و بەهایانە پێشێل ئەکات کە خۆی پیرۆزی ئەکات و هەوڵی جێبەجێکردنی ئەدات. بۆیە ئەم جۆرە ئەرکە نێوەندییە باشترو لە پێشترە لە ئەرکەکانی پەیامبەری و نێردراوی و باڵایی. ئەم ئەرکە ئەرکێکە حەزەکانی دوژمنایەتی کەم ئەکاتەوە ئەو حەزەی کە مرۆڤی بەها باڵاو نموونە موجەڕەدەکان مومارەسەی ئەکەن.

ئەم شێوە بکەرە مرۆییە، نە باڵایە و نە پایین، نەخواییەو و نە شەیتانی، نە مەزنە و نە دزێوو، نە تاکە ڕەهبەرە و نە کەسێکی نێو ڕەشە خەڵکە، بێگومان نە ماتەریالییەو نە ئایدیالیستی، نە پاڵەوانی بێ وێنەیە و نە پەککەوتەی دەست و پەل شکاو. ئەم شێوە وێنە دژبەیەکانە هەریەکەیان ئەوی تر بانگ ئەکات، بەڕادەی ئەوەش هەریەکەیان ئەبێتە هۆی لەدایکبوونی ئەوی تریان. کەواتە مرۆڤی باڵا بەرهەمی مرۆڤی پایینە یان بەپێچەوانەوە لەبەر ئەوەی بێ گرنگەکان سوپەرمانەکان بوونیان نابێت، ئەمەش حاڵی مەزن و گەورەو بەناوبانگەکانە، بەڵام ڕەنگە بوونیان بەو جۆرە نەبێت کە هەن، بۆیە، بکەری مرۆیی نوێ، ناڵێت من ڕزگارکەرو ئازادکەری مرۆڤایەتیم هەروەها چاوەڕوانی ئەوە ناکات یەکێک ڕزگاری بکات، بەڵکو ئەو وا هەڵسوکەوت ئەکات کە بەرامبەر بەخودی

خۆیی و ئەوانی تریش بەرپرسیارە، هەروەها هەوڵ ئەدات لە ڕێگای توانای داهێنان و خوڵقاندن پارێزگاری سەربەخۆیی خۆی بکات.

داهێنەر نەبڕوا و نە وتار کۆیلەی ناکەن و شوناسنامە و وێنەکانیش یەخسیری ناکەن، ئەسڵ و فەسڵ و ناو و نموونەی تاک داگیری ناکەن. بەڵکو داهێنەر لەگەڵ خودی خۆی و کەسانی تر، لەگەڵ شت و واقیعەکەیدا مامەڵە ئەکات، لە پێناوی ئەوەی کە ئەو حاڵەی تێیدایە و لە ڕووی بیرکردنەوەو کارکردن بگۆڕێت، ئەمەش بەدروستکردنی ئەو بوارە ئەبێت کە ڕێگای تازەکردنەوەی شێوازو نوێکردنەوەی نێوەندەکانی بۆ خۆش ئەکات، بەڕادەی ئەوەش بواری بۆ ئەڕەخسێنێ تا ڕۆڵی بگۆڕێ و ئەرکەکانی داهێنێ.

مرۆڤی نێوەندی لە نێوەند جیهانێکدا کە بەردەوام و بێ ڕاوەستان خەریکی پارچەپارچەبوون و قڵیشبوون و گۆڕان و پەلەکردن و بڵاوبوونەوەو فراوانکارییە. ئەو مرۆڤەیە کە توانای دروستکردنی دەلالەت و کۆپیکردنی مانای، گۆڕینی وێنەو ڕوخسارەکانی هەیە، توانای شکاندنی قاڵب و نموونە و، داهێنانی شێوەو نموونەکان، خوڵقاندنی چەمک و شێوازەکانی هەیە. بەمجۆرە کارەکە پەیوەست نییە بەو بوونەوەرەی کە ئەسیری سروشتێکی جێگیرو ڕاستییەکی باڵاو بیرێکی ئەزەلییە. هەروەها ئەو نموونەیەک نییە لە نموونە باڵاکان یاخود ئەسڵێکی هەڵبژێردراو یا نموونەیەک نییە کە پەیڕەو بکرێت، بەڵکو بوونەوەرێکە لەپڕ لەدایک بووە، ڕەنگە لەناویش بچێت، بەڵام بەسودفە لەناوناچێت، بەڵکو لە ئەنجامی کارو کردەوە مەرگبارەکانی خۆی لەناوئەچێت. ئەم جۆرە بوونەوەرە لەسەر سنوورەکانە یان لە دووڕیانەکاندا، لە نێوان هەڵوێست و هەڵبژاردنەکاندا وەستاون، واتە لە نێوان هەڵسووڕێنەری تواناکان دوودڵە. ئەمڕۆ بەشێوەیەکی بێ وێنە لەگەڵ گەشەکردنە گەورەو مەزنەکاندا تواناکان لە زیادبووندان، بەتایبەت لە ڕووی تەکنیکی پەیوەندی و سیستەمەکانی ژمارەیی کە بوار بەمرۆڤ ئەدەن لە ڕێگای گەمەی ژمارەکانەوە ئەو ژمارانەی کە بەڕووی پێکهاتنە بێکۆتاییەکان کراونەتەوە، کۆمەڵێ جیهانبینی گریمانی دروست بکەن ئەم کارەش بەمەبەستی چالاکی و هەنووکەیی مەرجێکە بەمەبەستی مومارەسەکردنی بوون.

بەمجۆرە، شێوەی نوێی پەیوەندی مرۆیی بەڕادەی ئەوەی پەیوەندیەکی بەردەوامییە پەیوەندییەکی ژمارەییشە. هەروەها بەڕادەی ئەوەی پەیوەندییەکی گۆڕانکارییە بەو ڕادەیەش نێوەندییە، بەم مانایە توانای دۆزینەوەی شێوازو نێوەندانەی هەیە کە لە



میانەیاندا کاریگەری و چالاکی خۆی لە نێو جیهانی خۆی و بەسەر خودی سروشتدا مومارەسە ئەکات. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو بۆ ئەوە کار ناکات تا لەگەڵ ئەو سیستەمەی بەسەریا سەپێنراوە بگونجێ و دەقاودەق لەو بچێت، وەک ئەوەی سروشت و توانا بێت، بەڵکو بۆ ئەوە کار ئەکات تا توانای خۆی لە ڕێگای دۆزینەوەو دروستکردن بۆ پێشئامادە و بڕین دەستنیشان بکات بەجۆرێک تا سنووری خودی خۆی ببڕێت و دەستکەوتەکان بگۆڕێت، یاخود خۆی لە شتە پێشینەکان ڕەهاکات بۆ ئەوەی پێش ئایندەی خۆی بکەوێت، نەک بەمەبەستی بەردبارانکردن و پەیامبەرێتی بەڵکو بەمەبەستی خوڵقاندنی واقیع و دروستکردنی ڕاستییەکان.

ئەوەی مرۆڤ دروستی ئەکات جێبەجێکردنی نەخشەیەکی توندوتۆڵ نییە کە وا لە واقیع بکات مومکین بێت، بەڵکو شتێکە سنوورەکەی تێئەپەڕێنێ بەو ڕادەیەش کە سنووری خودی خۆی تێئەپەڕێنێ، هەروەک ئەو پەیوەندییەی لە نێوان مرۆڤ و ئەو تێکست و کەرەستە و کار و ڕووداوانەیە کە دروستی ئەکات، ئەم بەرهەمانە کەم و زیاد ئەکەن، یا جیاواز دەبێت لەوەی کە مەبەستێتی. ئەمەش وا لە مرۆڤی خوڵقێنەر ئەکات، ببێ بەسەرچاوەی توانا، بەهەمان ڕادەش تەسلیمی سودفە و لەپڕەکانی ئەکات، بەجۆرێک وای لێ ئەکات لە نێوەند ئەو ئەگەرانەی بەڕووی باشترو خراپتردا ئەکرێنەوە بیرکاتەوەو کار بکات، بەمەبەستی سەرسەختی و جەربەزەیی، ئەمەش بەمەبەستی بەرهەمهێنانی ڕێگر و قەیران، یا بەرەو داهێنانی چارەسەر و چاککارییەکان. قەیرانەکانی بارودۆخی مرۆیی بریتییە لەوەی: کە مرۆڤ ئەو بوونەوەرە دوودڵەیە لە نێوان سەرکەوتن و ژێرکەوتن، وێرانەو گەشەکردندا.

ئەم شێوە نوێیە کە هەندێ کەس ناوی لێ ئەنێن مرۆڤی ژمارەیی یا مرۆڤی گەردوونی یان مرۆڤی بەجیهانیکراو، دوایین مرۆڤ و مرۆڤی ڕێبوار(٣٣)، ناوی مرۆڤی نێوەند یا منی بەردەوامی لێ نراوە، ئەو مرۆڤەی کە ئیمکانیاتی نوێ بۆ پەیوەندی بەبوونی خۆیەوە دائەهێنێت و بەو توانایەش جومگەی باڵاو پایین یان شاری پیرۆزکراو و شەریعەتی جەنگەڵ تێئەپەڕێنێ، بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندیی لە نێوان خەڵکانێکدا کە

(٣٣)هەولێکی گرنگ هەیە تیشکی ئاشکراکردن ئەخاتە سەر شێوەی مرۆیی نوێ، کە دەستی بەدروستبوون کردووە؟ بۆ ئەم مەبەستە بگەڕێوە بۆ فرانک تینلاند، مرۆڤی ڕێبوار (L˜Homme Aléatoire) بڵاوکراوەکانی زانکۆی فەرەنسی، پاریس ١٩٩٧

لایەنی ئاسۆیی و گۆڕینەوە تیایاندا زاڵە بەسەر لایەنی ستوونی و دەسەڵاتداری، بەڕادەی ئەوەش ئەو ئاسۆیە واڵا ئەکاتەوە کە یارمەتیدەربێت بۆ دەربازبوون لە سنووری مرۆڤی مرۆڤخوازی و، چوون بەرەو سەردەمی پاش مرۆیی.

بێگومان لێرەدا مەبەست لە زاراوەی (پاش مرۆیی) مەبەست لە مانا حەقیقییەکەی نییە، بەڵکو مەبەست مانا مەجازییەکەیەتی، لێرەدا مەسەلەکە پەیوەندی بەبوونەوەری نوێوە نییە، بەڕادەی ئەوەی پەیوەندی بەبوونێکی شێوە نوێ هەیە کە تەکنیکی زانیاری و تەقینەوە مەعریفییەکان فەراهەمی ئەکەن.[٣٤] ئەمەو لەگەڵ ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان هەردوو چەمکەکەی کۆتایی و چەمکەکەی فۆکۆیامادا هەیە، لای فۆکۆیاما زۆرجار بۆ بەکارهێنانی کۆتایی لایەنی زاڵ لایەنی سیاسی و ئابوورییە دەسەڵاداترە لەچاو لایەنەکانی دیکە، هەر ئەمەش وای لەو زاتە کردووە بڵێت ئاسۆی گەشەکردنی مرۆڤ لە لیبرالیەتی دیموکراتی و بازاڕی ئازادا دێتەدی، تا ئێستاش ئەو هەر بەرگری لەم چەمکە ئەکات، ئەو پێی وایە ئەو ڕووداو و گەشەکردنانەی لەم دە ساڵانەی دواییدا ڕوویان داوە بەو مانایەی کە ئەم چەمکەیان تێدا بەکارهاتووە، پێویست بەوە ناکات چاوی پێدا بخشێنرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا من بەمانایەکی تر زاراوەکانی کۆتایی ڕۆشنبیر یان پاش مرۆیی بەکارئەهێنم، بەوجۆرەش بونیاد ئەنرێ کە لە ئاسۆی مۆدێرنیزم بەهەردوو لایەنە فیکری و سەربازگە ئایدیۆلۆژییەوە بڕواتە دەرێ و، هەنگاو بەرەو ئاسۆیەکی نوێی چەمک و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ بنێت.

(٣٤) ڕەنگە ئەندازەیی بۆماوەیی لە نەوەکانی داهاتوودا هەروەک زیندەوەرزانان پێشبینی ئەکەن بوار بدات بەگۆڕینی شێوەی سروشتی مرۆڤ، لە ڕێگای دەستکاریکردنی نەخشەکانی بۆماوەیی مرۆڤەوە، بەجۆرێک ئەنجامەکەی بەرهەمهێنانی مرۆڤێکی نوێی تێکەڵە ئەبێت، جۆرێکی نوێیە لە بوونەوەرەکان. ئەم جۆرە ئەگەرە کراوە و ترسناکانە وایان لە فۆکۆیاما کرد کە چاوێکی ڕەخنەیی بخشێنێتەوە بەدەستەواژەکەی لەمەڕ کۆتایی مێژوو، بەوەی کە بڵێت من چەمکی (کۆتایی)م وەک مانا هیگڵی و مارکسیستییەکەی بەکارهێناوە بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، واتە لە خودی ئاسۆیی مرۆڤایەتییەوە بەکارم هێناوە. بەڵام کۆتایی ڕاستەقینەی مرۆڤ و مێژوو پێکەوە بەهۆی تەکنیکە بیۆلۆژییە مەزنەکانەوە دێتەدی ئەوەی کە ڕەنگە مرۆڤ ڕەفزکاتەوە بۆ دامەزراندنی مێژوویەکی نوێ لەگەڵ ئەو مێژووەدا سەردەمی پاش مرۆیی دەست پێ ئەکات. لە چاوەڕوانی ئەم کۆتاییە ترسناکەدا، ئەوا دەستەواژەی (پاش مرۆیی) بەتەواوی و بەپێی ئەوەی لەم کۆتاییەدا بەکارم هێنا لە دەلالەتە مەجازییەکەی خۆی ناچێتە دەرەوە.



بەهەرحاڵ بەجیهانیبوونی من لە ژێر کاریگەری شۆڕشی زانیاری و ژمارەییەکان، بوار بەوریاکردنەوە لە سڕبوونی مرۆڤایەتی ئەدات، بەڕادەی ئەوەش بەرەو نێو سەردەمی پاش مرۆیی مرۆڤخوازیمان ئەمانبات، ئەویش بەهەڵوەشاندنەوەی وێنە و شێوە کۆن و مۆدێرنەکان، ئەو شێوەو وێنانەی ئەبنە هۆی هێنانەکایەی مەینەتی مەعنەوی و قەسابخانەی مرۆیی سەرەڕای کارەساتە سروشتییەکان.

گەر دروشمی مرۆڤی مرۆڤخوازی بریتی بێت لە دروشمی (خوتبە) ئەوا دروشمی پاش مرۆیی بریتییە لە: خۆت مەبە، کەسی کەش مەبە، تەنانەت لە کەسی تریش مەچۆ، بەڵکو (لەو حاڵەتە دەرچۆ کە تیایدایت) بۆ ئەوەی بتوانی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی نێوان خۆت و کەسانی تر بکەی، بەمەبەستی داهێنان و خوڵقاندن، بەدیهێنانی ئەمەش بەزمانی باسی و وتووێژ چارەسەرکردن ئەبێت، یا بەعەقڵیەتی بەشداریکردنێکی چوست و چالاک و بەرپرسیاری ئاڵوگۆڕخوازی (المتبادلة). ئەمەیە مرۆڤی نێوەندی بەشوناسنامە بەرهەمهێنە و بەها گۆڕانکاریخوازەکەی، بەبیری پێکهاتوو عەقڵی پەیوەندیدارەکەی، بەلۆجیکی وەرچەرخان و هەستە کردارییەکەی. واتە بەهەموو ئەو توانایەی بەکاری دێنێت بۆ دەرچوون لە حاڵەتی نێرسیسیەتی وێرانکەر چوون بەرەو (بەکەونبوونێک) کە پڕ لە بەرپرسیاری بێت، بریتی بێت لە لێبووردن و ئاشتیخوازی، بەجۆرێک هەڵسوکەوتەکەی وا دەرکەوێت کە بەرپرسیارە بەرامبەر بەخودی خۆی و جۆرەکانی خۆی و، بەرپرسیارە بەرامبەر بەسروشت و بوونەوەرەکانی سروشت.

# فەرهەنگی زاراوەکان

هەندێک زاراوە لەم کتێبەدا هاتوون پێویستییان بەڕوونکردنەوەو شیکردنەوە هەیە جا ئیتر ئەو زاراوانە وەرگێڕاوبن یان بابەتی بن.

* سیبرانی: Cybernétique

سیبرانی بریتییە لە زانستی کۆنترۆڵکردن و دیسپلینکردن. سیبرانی بریتییە لە وەسفکردنی واقیعێ یان جیهانێک کە دەرئەنجامی شۆڕشەکانی زانیارییە بەهۆی تەکنیکە مەزن و ئاڵۆزەکان و پەیوەندی و چاوەدێری و کۆنترۆڵکردن لە مەودای دوورەوە ئەڕەخسێ.

* سیبرانی، فیرتواڵ، ڕوانینخوازی Virtuel

ڕوانینخوازی وەسفکردنی کۆمەڵێ زاراوەی جیهانی سیبرانی و ڕووداوەکانێتی، هەر لە وێنەو پەیام و ژمارەو تێکستەکانەوە تا ئەگاتە کالای ئەلیکترۆنی ئەوانەی سروشتێکی ڕووناکی شەپۆڵئامێزیان هەیە، ئەو شەپۆڵە ڕووناکییەی لەسەر زەوی و لە بۆشاییەوە بەخێرایی تیشک ئەنێردرێ و بلاوئەکرێتەوە لە پونتێکەوە بۆ پونتێکی تر. بەدەستەوەدانە سیبرانییەکان، وەک ئەوەی کۆمەڵێ بەرهەمی ئەلیکترۆنین، نە زەینین و نەڕوانین، بەڵکو بریتین لە کۆمەڵێ شت دروست ئەکرێن و ئەخولقێنرێن، ئەکرێت لە ڕێی تۆڕو کۆمپیوتەرەوە ببینرێت و بخوێنرێتەوەو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. کەواتە سیبرانی بوونێکی بینیاری و واقیعی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لەگەڵ بوونە واقیعی و هەستپێکراوەکان هەیە. سیبرانی ئەوەندە نەرم و نیان و لەرزۆکە هەر ئەڵێی شتێکی ناماتەریالییە.

لێرەوە سیفەتی بەرهەمی (ناسکیان) پێ بەخشراوە، هەروەها بەبەراوردکردنی لەگەڵ ئەو شتانەی لە جیهانی واقیعیدا هەن پێشیان وتووە (نا گیر)..(شتێکە دەست ناگیرێت...وەرگێڕ). بەم مانایە زیاتر لەو شەپۆڵە ڕووناکییانە ئەچێت کە لە بۆشاییدا بلاوئەبنەوە. ئەمەش وای لێ کردم وشە فەڕەنسییەکە بەوشەی (ڕوانینخوازی) وەرگێڕم. لێرەشدا فیرتواڵ واتە ئاسمان و بۆشایی. هەروەها لە ماناکانی دیکەی فیرتواڵ واتە شتێک زۆر ناسک و نەرم و نیان بێت، هەروەها نێوەندێکە لە کۆندا ئەو بڕوایە هەبوو ئەم نێوەندە ڕووناکی و کارەبا ئەگوێزێتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو توانایەی کە هەیبوو بۆ چوونە



نێو شوێنە جۆراوجۆرەکان و هەروەها توانای گواستنەوە هەموو جۆرە شەپۆڵە ڕێبرەکانیشی هەبوو. بەمجۆرە واقیعی سیبرانی، نە واقیعی شتە بینیارییەکانە نە واقیعە زەینییەکان، بەڵکو لە نێوان جیهانی ماتەریالی و جیهانی ئایدیالیستییە. لەگەڵ ئەمەش زاراوەکانی دیکەی تریش بەدوور ناگرم وەک: دانراوی و دەستکرد و گریمانی و خەیاڵی و هەروەها ئەو زاراوانەی دیکەی تریش کە بۆ وەسفکردنی هەندێ لە سیفەتەکانی جیهانی سیبرانی بەکاردێت.

* زەمەنی واقیعی:

ئەو زەمەنەیە کە بەخێرایی تیشک ڕێ ئەکات.

* کرێکارانی مەعریفە: Travailleurs de la Connaissance

کرێکارانی مەعریفەو کرێکارانی ڕاگەیاندن ئەو زاراوانەن لە ئەدەبیاتی بەجیهانیبوون و بەزانستبووندا بەکاردێن. ئەم زاراوەیە ئاماژەیەکە بۆ بکەرێکی کۆمەڵایەتی نوێ بەبەکارهێنانی بەرنامەی زانیاری و چارەسەرکردنە ئەلیکترۆنییەکان کارئەکات و بەرهەم دێنێت.

* مەزن مەزن واتە دوایین سنوور لە ڕووی هێزو کاریگەری و خێرایی و گواستنەوە.

* واقیعی مەزن: Hyperreel

واقیعی مەزن زاراوەیەکە جان بودریار بۆ وەسفکردنی جیهانی سیبرانی و دەستکەوتەکانی جیهانی سیبرانی داڕشتووە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جیهانە، بەهۆی ئەو نەرمونیانی و ناگرەرەی کە هەیەتی لە جیهانێکی نا واقیعی ئەچێت، ئەم جیهانە، بەهۆی ئەو هەموو پشتپێبەستنەی کە لە بەڕێوەبردنی جیهان و شتەکان پێی ئەبەسترێت لە واقیع واقیعیترە.

* تێکستی مەزن Hypertexte

تێکستی مەزن ئەو تێکستە پێکهاتەیە کە سێ سیستەمی پەیوەندی تێدا کۆئەبێتەوە ئەو سیستەمانەش بریتین لە سیستەمی نووسراو و بینراو و بیستراو.

* سێنتەری مەزن Hypercentre

سێنتەری مەزن زاراوەیەکە پۆل ڤیریلیۆ بەکاری هێناوە بۆ وەسفکردنی ئەو گۆڕانەی کە

لەپاش شۆڕشی پەیوەندییەکاندا بەسەر واقیعی شاردا هات، لە فەزای سیبرانیدا شاری هاوچەرخ خەریکە ئەبێتە دەوروبەر، تێیدا سێنتەرێ بۆ پەخشکردن و وەرگرتن دروست ئەبێت، لە هەموو شوێنێک هەیە و بەهەمان ڕادەش لە هیچ شوێنێک نییە. لێرەوە ئەو شارەی خەریکە پێکدێت ڤیریلیۆ ناوی لێ ئەنێت، شار/ جیهان یاخود شاری گریمانی فێرتوالی.

* میدیا

میدیا بەشێکی زانستییە گرنگی بەلێکۆڵینەوە دەربارەی شێوازەکانی ڕاگەیاندنی گشتی ئەدات. ڕێژەکەش بریتییە لە میدیاو نێوەندایەتی. گومانی تێدا نییە ئەم سەردەمە بەوە وەسف ئەکرێت کە سەردەمی میدیاو نێوەندەکانە. لەگەڵ ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە ڕیجیس دوبریە بەشی میدیای کردەوە، بەو سیفەتەی گرنگی تەنیا بە شتەکانی واقیع و ناوچەکانی واقیع نادرێن، بەڵکو بە پەیوەندییەکانی نێوانیشیان ئەدرێت وەک پەیوەندی نێوان ئامادەکاری و کاڵا، هەستەکان و ئامێر، ئایدیالیست و ماتەریالییەکان.

* بەڕاگەیاندنبوون Informatisation

بەزانیاریبوون واتە بەخشینی سروشی ڕاگەیاندن بەژیان، بەڕادەی ئەوەش بریتییە لە خستنەگەڕی توانای شۆڕشی زانیاری لە هەموو چالاکییە مرۆییەکاندا. لێرەوە کۆمەڵگای ئێستا بەوە وەسف ئەکرێت کە کۆمەڵگای ڕاگەیاندنە لە بەراوردکردنی لەگەڵ کۆمەڵگای پێشوو ئەو کۆمەڵگایەی کە پیشەسازی بوو.

* بەکۆمپیوتەربوون

بەکۆمپیوتەربوون واتە بەکارهێنانی بانکی زانیاری و زاکیرەی ئەلیکترۆنی لە مەیدانەکانی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی کاروبار.

* بەژمارەبوون

بەژمارەبوون واتە گۆڕینی شتێک بۆ بونیادێکی ژمارەیی. ئەمەش بناغەی شۆڕشی پەیوەندییەکانە.

* بەمرۆڤبوون

بەمرۆڤبوون بریتییە لەو بڕوایەی کە مرۆڤ سەنتەری گەردوونە و گەورەی سروشتەو



بوونەوەرێکی باڵایە لە ڕووی بەهاوە بەسەر هەموو بوونەوەرەکانی دیکە ئەسەپێنرێت، هەروەها بۆ حەز و ئارەزووەکانی خۆی بەکاریشیان ئەهێنێت.

* بەگەردوونبوون

بەگەردوونبوون بریتییە لە نەزعەیەکی دژ بە بەمرۆڤبوون، ئەو مانایەی کە مەبەستێتی لە نێوان هەموو ماناکاندا ئەوەیە کە مرۆڤ بەشێکە لە بوونەکانی سروشت و بەرپرسیارە بەرامبەر بەپارێزگاریکردنی ژینگە و بوونەوەرەکانی تر.

* بەخواکردن Divinisation

بەخواکردن یان بەیەزدانبوون بریتییە لە لێکچوواندن و خۆوەسفکردن وەک خوا.

* مرۆڤی ژمارەیی Homme

هەر قۆناغێکی شارستانی و سەردەمێک مرۆڤی خۆی هەیە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ناوی مرۆڤ و شێوە مرۆییەکان زیادیان کردووە و فرەبوون، پێشتر ئەوترا مرۆڤی دروستکەر، و مرۆڤی پیرۆزبوو مرۆڤی ئابووری، و مرۆڤی تەکنیکی. ئەمڕۆش ئەوترێ مرۆڤی ژمارەیی، پاش ئەوەی هەر شتەو لە بواری ژمارەوە بەراوردکردنێکی بۆ کرا.

* ئینتەرنێت

بەبێ هیچ زیادکردنێک ئەکرێ بەعەرەبی بوترێ ئەنتەرنێت ئەمەش دەلالەتە بۆ تەکنیکی پەیوەندییەکان، کۆمپیوتەرو تەلەفزیۆن و فیدیۆ و ئامێرەکانی تەلەفۆن و فاکس و باقی شێوازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن هەر هەموویان پێکەوە پەیوەست کراون.

* هاووڵاتی ئینتەرنێت یان هاووڵاتی نێوەندی Internaute

هاووڵاتی ئینتەرنێتی لەسەردەمی ڕاگەیاندندا بریتییە لە بکەرێکی مرۆیی. ئەو هاوڵاتییە لە زەمەنی ڕاستەقینەدا ئەو زەمەنەی بەخێرایی تیشک ئەڕوات هاوڵاتییەکی ئینتەرنێتییە، لەم زەمەنەی ئێستادا کە لەبەر بەرژەوەندی سێنتەری مەزن لە ئەنجامی حەقیقەتی سیبرانی پەیدابووە، شار سێنتەرێتی خۆی لەدەست داوە. لێرەوە ئەمڕۆ چەند کۆمەڵەیەکی نوێ دروست ئەبێت، هاووڵاتی ئەو کۆمەڵانە بریتین لە هاوڵاتییە نێوەندییەکان ئەوانەی لەسەر سنووری وڵات و لە دووڕیانی شوناسنامە و پێکداچوونی کولتوورەکاندا نیشتەجێن.

* منی پەیوەندی Moi Communicationnel

لێرەدا (پەیوەندی) بەمانای چالاکییە زمانەوانییەکەی بەکارناهێنم، ئەو پەیوەندییەی بوار بە بەشداریکردنی گشتی لە فەزایەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا ئەڕەخسێنێ. بەڵکو ئەم زاراوەیە پاش حەواڵەکردنی بۆ شۆڕشی پەیوەندییەکان بەکارهاتووە. بەم مانایە ئەکرێ بوترێت مرۆڤی پەیوەندی بەپلەی یەکەم بریتییە لە کرێکارێک لە کرێکارەکانی مەعریفە، بەپلەی دووەم بریتییە لە هاوڵاتییەکی نێوەند؛ بەپلەی سێیەم نزیکترە لە نێوەند تا لە دەستەبژێر و پێشەنگ.

* پاش مرۆیی Podthumain

لێرەدا ئەم زاراوەیە بەکارناهێنرێت بەمانا بایەلۆژییەکەی، بەڵکو بەکارئەهێنرێت بەمانا ئەنتۆلۆژییەکەی، واتە ئاماژە بەبوونەوەرێکی جۆری نوێ ناکات، بەڕادەی ئەوەی ئاماژەکردنە بەشێوەیەکی مرۆیی نوێ.

* نێوەند Medium

ئەم زاراوەیە هەروەک چۆن بەمانا مەفهومییەکەی بەکاری ئەهێنم هەرواش بەمانا بەردەوامییەکەی بەکاری ئەهێنم، لەبەرئەوەی ئەو چەمکانەی ئەهلی بیر بەرهەمی ئەهێنن تواناکانی تێگەیشتن دەوڵەمەند ئەکەن، بەڕادەی ئەوەش تواناکانی چاوپێکەوتن و بەردەوامی زیادئەکەن. دەربارەی ئەم چەمکە بگەڕێوە بۆ کتێبەکەم: وەهمەکانی دەستەبژێر، چاپی دووەم، سێنتەری کولتووری عەرەبی ,١٩٨٨

* لۆجیکی دۆخگۆڕین Logique Transformationnelle

بەپێی تێگەیشتن و داڕشتنم لۆجیکی گۆڕانکاری، بریتییە لە لۆجیکی تێگەیشتن بەڕادەی ئەوەش شێوەیەکە بۆ مومارەسەکردنی فیکری. زاراوەی (وەرچەرخان) واتا بیری زیندوو و بەپیت توانای ئەوەی هەیە بگۆڕێت و ببێتە شتێکی دیکەو لەخۆی نەچێت، بەڕادەی ئەوەش توانای گۆڕینی پەیوەندییەکانی خۆی بەواقیعەوە هەیە. لێرەوە زاراوەی (تۆڕە وەرچەرخێنەرەکان)م بۆ پێناسەکردنی چەمک و بیر بەکارهێنا. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بگەڕێوە بۆ کتێبەکەم: بەهاداری و پەیوەندی، بەرەو لۆجیکی گۆڕانکاری، سەنتەری ڕۆشنبیری عەرەبی، ١٩٩٨ .



ڕێز و پێزانینم بۆ یارمەتیدانی هەردوو برای بەڕێزم:
عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی و محەمەد سالار عەلی کە یارمەتییان دام لە پێداچوونەوە و چارەسەرکردنی زاراوەکان.

# ناوەڕۆک


پێشەکی: بەجیهانیبوون ڕووداوی سەردەمە ........ 5
I- ڕەخنەی شـوناسنامـە ........ 13
١- بەجیـهانیبوونی شوناسنامە یاخود دژە داگیـرکردن ........ 15
٢- شۆکی بەجیهانیبوون لە وتاری دەستەبژێردا (١) ........ 30
٣- شۆکی بەجیهانیبوون لە وتاری دەستەبژێرەکاندا (٢) ........ 42
٤- شوناسنامە لە نێوان سێیینەی بەئیسلامبوون و بەمرۆڤبوون و بەجیهانیبوون. ........ 62
II- بەجیـهانیبوون و گرەوەکانی ئاینده. ........ 105
١- دیاردەی بەجیهانیبوون و ئایندەی جیهان: یەک شارستانییەت و فرە ڕۆشنبیرییەکان. ........ 107
٢- بەجیهانیبوون و ئایندەی کولتوور یاخود فیکر و هۆکارەکان. ........ 133
٣- خـوێندراو ڕووبەڕووی بینراو، کـتـێب لە نێـوان زەمـەن و هۆکـارەکـانی. ........ 151
٤- لە سیستمەوە بۆ نێوەند یاخود نێوەندە ڕێگا لە سەردەمی هۆکارەکان. ........ 168
٥- شارو گۆڕانکارییەکانی: لە سەردەمی جەستەوە بۆ زەمەنی ژمارەو ڕووناکی. ........ 179
III- باسی کۆتاییەکان ........ 185
١- پاشەکشێی مرۆڤی هۆشمەند لە نێوان دەسەڵاتی نیشانەو دەسەڵاتی زانینەدا ........ 187
٢- منی بەردەوامی و شوناسنامەی زایێنەر ........ 203
٣- پاش مرۆیی یان بەرەو بکەری مرۆیی مۆدێرن ........ 216
فەرهەنگی زاراوەکان ........ 225